7
ئابی 2017

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

گفتوگۆ لەبارەی ڕیفراندۆم وسەربەخۆییەوە، ڕیفراندۆم و مافی خەڵک و بارزانی و ناسیۆنالیزم، ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و سیاسەتی کۆمۆنیستی، کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان، گفتوگۆ لەبارەی مەسەلە و کێشەکانی ژنانەوە، ڕەخنە لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، چاوخشاندنێك بە هەژاری فەلسەفەی مارکسدا، بەڵگەنامەکان

عوسمانی حاجی مارف،
محسن کەریم،
خـەسرەو سایە،
ڕێبوار ئەحمەد،
ئاسۆ کەمال،
بەهار مونزیر،
گۆنا سەعید،
جەمال موحسین

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

ژمارە ٧ / ساڵی دووەم / ئابی ٢٠١٧

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم،**

**خـەسرەو سایە، ڕێبوار ئەحمەد، ئاسۆ کەمال، بەهار**

**مونزیر، گۆنا سەعید، جەمال موحسین**


پەیوەندی:

0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**


www.hkkurdistan.org

## ناوەڕۆک:


★ **سەبارەت بە ڕیفراندۆم،**
گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان حاجی مارف ................................ ٢

★ **سەبارەت بە ڕیفراندۆم،**
گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم ................................ ١١

★ **ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!**
ڕێبوار ئەحمەد ................................ ٢٠

★ **ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!**
خەسرەو سایە ................................ ٢٨

★ **کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان،**
ئاسۆ کەمال................................ ٥٠

★ **سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان،**
گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و گۆنا سەعید................................ ٦١

★ **پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا (6)
خەسرەو سایە ................................ ٨٠

★ **چاوخشاندنێك بە هەژاری فەلسەفەی مارکسدا،**
جەمال موحسین ................................ ١٠١

★ **بەڵگەنامەکان:**
بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەبارەت بەڕیفراندۆم ................................ ١٢٠

# پێشەکی ژمارە:

سەرنجی خوێنەرانی خۆشەویست بۆ ئەو ڕائەکێشین کە تەوەری سەرەکی ئەم ژمارەیە سەبارەت بە ڕیفراندۆمە. لەم ڕووەوە جگە لە بەیانی حزب کە دەرخەری سیاسەتی ڕەسمی حزبە لەسەر پرس و پرۆسەی ڕیفراندۆم، هەندێ گفتوگۆ و وتار هاتوون کە لە ڕاستای ئەم سیاسەتەدا تەوەرەکە پڕ ئەکەنەوە. ئەگەرچی هەندێ بابەت کە لێرەدا هاتووە پێشتر لە هەندێ وێبلاگدا بڵاوکراونەتەوە بەڵام دیدگای سۆشیالیستی بە پێویستی زانیوە دووبارە دایانبگرێتەوە بە هەمان ئامانجی ئەوەی کە لە پەیوەند بەم سیاسەتەی حزبەوە وەڵام بە هەندێ گۆشەی پرسی ڕیفراندۆم ئەدەنەوە.

هەر لەم ژمارەیەدا بەشی شەشەم و کۆتایی زنجیرە باسی: پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێ دەڵێت؟ ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیۆنالیزم لە بەرگی چاکسازیدا هاتووە. سەرنجی خوێنەران جارێکی تر بۆ ئەوە ڕائەکێشینەوە کە ئەم باسە لە ژمارە ٢ ەوە دەستی پێکردووە و لە ژمارە ٧ دا باسەکە تەواو ئەبێ.

بەشێکی تر لەم ژمارەیە گفتوگۆیەکی دیدگایە سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان.

وەک هەر ژمارەیەک لێرەشدا هەوڵمانداوە بابەتێی فیکری دابنێین کە چاوخشاندنێکە بە کتێبی هەژاری فەلسەفەی کارڵ مارکسدا.

جەمال موحسین
سەرنووسەر
٧ ی ئاب ٢٠١٧



عوسمانی حاجی مارف

# سەبارەت بە ڕیفراندۆم،
# گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

**دیدگای سۆشیالیستی:** لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا حزب بەیاننامەیەکی سەبارەت بە ڕیفراندۆم دەرکرد کە تیایدا ئاماژەی بەوە دا بوو کە ئەمە یاریەکی سیاسیە و یەکێتی و پارتی و حزبە بۆرژوازیەکان بە جەماوەری ئەکەن و هوشداری دا بە خەڵک لەمبارەیەوە. بەڵام لە بەیاننامەی حوزەیرانی هەر ئەمساڵدا هەڵوێستی حزب جۆرێکی ترە و بانگەواز بۆ ڕیفراندۆم ئەکات. ئایا ئەو ئالوگۆڕ و زەمینانە چین کە لە ماوەی ئەم دوو مانگ و نیوەدا هاتوونە تە پێشەوە و ڕیفراندۆمی کردووە بە مەسەلەیەکی واقعی کە ڕووئەدات تاکو هەڵوێستی حزب گۆڕانی بەسەردا بێت؟

**عوسمان حاجی مارف:**
ئەوەی پێویستە سەرنجی بدەین هەڵوێستی حزبمان دەربارەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان هەمان ئەو سیاسەت و هەڵوێستەیە کە لەبەرنامەی حزبدا نوسراوەو هەمان ئەو تەرحەیە کەلەساڵی ١٩٩٥وە هەوڵمان بۆ داوەو کارمان لەسەر کردووە، ئەم مەسەلەیەش لە چوارچێوەی کێشەو هەلومەرجێکی سیاسی کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە مەترەح کراوە. ئاشکرایە ئەو کێشەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و ناونانی بە وڵاتێکی عەرەبی، پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی بونە و ئەبێت بە ناساندنی خەڵکی کوردزمان بە دەرەجە دوو،

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

وەهەر لەم چوارچێوەیەشدا سەرکوتکردنی خەڵکی کوردزمان و دان نەنان بە مافەکانیاندا مانای هێشتنەوەی ئەم کێشەیە و بەردەوامیەتی. لە هەمان کاتدا بۆرجواناسیۆنالیستی کورد بەئاقاری بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆی هەمیشە توانیویەتی ئەم مەسەلەیە بەکار بهێنێ و سات و سەوداو مامەڵەی پێ بکات.

وە ئەوەی ئەم تەرحە لە ساڵی ١٩٩٥دا بوو بەبەشێک لە سیاسەت و هەڵسوڕانی جدی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ئەوە بوو کە لە دوای شەڕی کەنداو، کوردستان بوو بە ئۆردوگایەک و لەچارەنوسێکی هەڵواسراودا ڕاگیرا. هەرچەندە لە ماوەی ئەم٢٢ ساڵەدا چەندین ئاڵوگۆڕ لەهەلومەرجی سیاسی کورستان و ناوچەکەدا بەدیهات، وەک داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکا، ڕوخاندنی حکومەتی بەعس، هاتنە کایەی شەڕی تائیفی و قەومی، توند بونەوەی زیاتری گێژاو و ناجێگیری سیاسی، بەهێز بونی پێگە و دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی و بوژانەوەی ئابوری کوردوستان، داوتر بەدوایدا شۆڕشەکانی تونس و میسر و کارکردی لەسەر ناوچەکە و تێکچونی باری سوریا تا دەگاتە هێرشەکانی داعش و بوونی ناوچەکە بە مەیدانی شەڕی جەمسەرە جیهانیەکان لە وێنەی نێوان ڕوسیا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان، کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و کارکردی لەسەر هەلومەرجی سیاسی عیراق و ناوچەکە و گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکان، بەهەموو ئەم دیاردە و ئاڵوگۆڕانەوە ئەوە ڕاستە کە زوڵمی نەتەوەیی نەماوە، بەڵام مەسەلەی چارەنوسی کوردستان و کێشەی نەتەوایەتی کورد لە شوێنی خۆیدایە و بێ چارە مایەوە، کەبەردەوام وەرەقەیەک و گەمەیەکی سیاسی بووە بەدەست حیزبەکانی کوردستانەوە. توانیویانە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە چاوەڕوانیدا ڕابگرن بە هێژمونی و زاڵکردنی بیری نەتەوە پەرستی و بۆتە هۆکارێک بۆ دانی پەردەیەکی ڕەش بەسەر کێشمەکێشی چینایەتیدا. بەمانایەک چارەنوسی کوردستان و کێشەی نەتەوایەتی بەهەردەردەسەری و بەڵایەک کە بەسەر دانیشتوانی کوردستان دا هاتوەو دێت، پێویستە بە ئاکامێکی عەمەلی و کۆتایی و ئەرێنی بگات. لەگەڵ ئەوەی لە تەواوی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا فرسەتی ئەوە هاتوە ئەم کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام حیزبەکانی کوردایەتی لەسەربنەمای بەرژەوەندیەکانی خۆیان سات و سەودا و مامەڵەیان بەم کێشەیەوە کردوە و بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەمیشە لە پێش بەرژەوەندی و خواست و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و خواستی سەربەخۆیی کوردستانەوە بووە.

واقعیەتێک لە ئێستا دا بەدوای کۆتایی شەڕی موسڵ دێتە ئاراوە و پێشبینی ئەوە دەکرێت کە کێشمەکێش و شەڕی ووڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە هەلومەرجێکی نالەبارتر و ئاڵۆزکاوتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، دابەش بونی عێراق بە سێ ناوچەی تەواو لێکترازاو، بەردەوامی لە ناجێگیری سیاسیدا، هەروەها پەیوەندیە ئابوری و بازرگانیەکانی حکومەتی هەرێم لە پەیوەند بە جیهانی دەرەوەی خۆی لە ئاستێکی باڵادا مەترەح بووە، بۆ ئەمەش بۆرجوا ناسیۆنالستی کورد پێویستی بەوەیە چوارچێوەیەکی سیاسی گونجاوتر ڕێکبخات تا لە چوارچێوەی پەیوەندی پێشوی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئاڵوگۆڕ بە دەستبهێنێت. هەرلەم بارودۆخەوەیە بۆ زیاتر بەهێز کردنی هێز و پێگەی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەدوای دابینکردنی سەربەخۆیی ئابوری و

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

داراییەوەیە، بەمانای دابڕینی ئەو ڕێککەوتن و بڕیارانەی کە پێشترلەگەڵ حکومەتی عێراقدا بوویەتی. هەر لێرەوەیە بۆرجوا ناسیۆنالستی کورد باس لە سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم دەکات. پێویستی بە دابینکردنی شێوازێکی تر هەیە لە حوکمرانی، بۆ ئەمەش دەتوانین لە لێکدانەوەماندا دوو ئەنجامگیری لێ دەربهێنین یەکەم : تەواوی ئەو ڕێککەوتن و بڕیارانەی پێشتر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بویانە هەڵبوەشێتەوە بە ڕێککەوتن و بڕیاری تازە پەیوەندی بگرن تا دەستکەوت و ئیمتیازاتی زیاتر بسەپێنن. دووەم: لە ڕێگای سەقامگیربون وسەربەخۆیی دەسەلاتی بۆرجوازی کورد مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت دەکاتە فشارێکی جیهانی و ناوچەیی تا ئاستی ئیمکانی جێبەجێ بونی. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئێمە دەڵێین بۆرجواناسیۆنالیستی کورد پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکە لە چۆنیەتی دەسەلاتی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوری و سیاسیانەی لەناوچەکەدا بەڕێوەیە، هەوڵ دەدات فرسەتی سەربەخۆیی ئابوریەکەی بە شیوازێکی تر بسەپێنێ و خۆی لەگرفت و کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕزگارکات. بۆیە دەتوانم بڵێم دەربارەی ڕیفراندۆم جدین و کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش ئیمکانی ئەوە دەڕەخسێنێت کە چارەنوسی کوردستان و کێشەی نەتەوەیی لە کوردستاندا بەلایەکدا بخات. هەر بەو مانایەی لەو دووخاڵەی باسم کرد و لە بەیانی پێشتری حزبانماندا کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە یاری بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان نەکەن، ئەوەیە پێشتر بارزانی و پارتی، یەکەم؛ وەک بانگەوازێک زیاتر بۆ هەڕەشە و فشارلە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا باسیان لە ڕیفراندۆم دەکرد. دووەم؛ باسکردن لە ڕیفراندۆمێک بوو کە دیاریان نەکردبوو کەی دەیکەن و بۆچی دەیکەن و چۆن دەیکەن و بەکاری دەهێنن. بە ئاشکرا سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی دەیانووت ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەلام دواتر وەک دیمان بارزانی بەهەر ئەماو ئەگەرێکیش بێت ڕایگەیاند کە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە و کاتەکەشی دیاری کردوە، بۆیە لە وەلامی پرسیارەکەی ئێوەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لەهەردوو بەیانی حزبدا یەک ناوەرۆکی سیاسی و یەک ئاراستەی سیاسی دەردەبڕێت. جیاوازییان نییە تا باس لە ئاڵوگۆڕی زەمینەی سیاسی لە دوو مانگی ڕابردودا بکەین، بەڵکو ناوەڕۆکی هەردوو بەیانەکە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات ڕیفراندۆم جدیتر عەمەلی بکرێتەوە، لەهەمان کاتدا ئسوڵی پیادەکردنی ڕیفراندۆممان لە هەردوو بەیانەکەدا ڕۆشن کردۆتەوە. بۆیە جیاوازیەک نییە لە نێوان هەڵوێستی سیاسی بەیاننامەی یەکەم و دوەمی حیزبدا، بەڵکو بەیانی دوەم پێداگری لەسەر ئەوەدەکات کاتێ حیزبەکانی کوردایەتی دێنە پای ڕیفراندۆم و ڕۆژی بۆ دیاری دەکەن مانای ئەوەیە دەیانەوێت ڕیفراندۆم بەڕێوە بچێت. بەیانی دوەمی ئێمە جەخت کردنە لەسەر چۆنیەتی چونە پای ڕیفراندۆمێکی ئازاد و تەبلیغە بۆ دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان و دیاری کردنی چۆنیەتی ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای هاوولاتی بون. لەهەمان کاتدا پێداگری و فشارهێنانە بۆ ڕێزگرتن لە ئەنجامی دەەنگدانی خەڵک و جێبەجێ کردنی ئەنجامەکەی.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئایا ئەم هەڵوێستە و بەیانی حیزب لە ئێستادا لەبەرامبەر سیاسەتێک کە

# سەبارەت بە ڕیفراندۆم

پارتی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی  لە کوردستان دا ڕەواجی پێدەدا وەک خۆشتان پێشتر ئاماژەتان پێکرد ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستان بەتایبەتی پارتی بەگوێرەی ئاڵوگۆڕێک کە بەڕێوەیە هەوڵدەدات بەرژەوەندی یەکانی خۆی بیگونجێنێت و مەسەلەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی تەنها لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بۆرجوا ناسیۆنالستی کوردو پارتی و بنەماڵەی بەرزانیەوە مەترەح دەکات، ناکاتە پاشکۆبوونی حیزب بە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی پارتیەوە؟

**عوسمانی حاجی مارف:**

ئێمە هیچ گومانێکمان لەوە نییە نەک تەنها پارتی بەڵکو هەموو ئەحزابی بۆرجوازی دنیا لە پەیوەند بە پاراستنی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرجوازی و چەوساندنەوەی کریکاران هەنگاوە سیاسیەکانی دەباتە پێشەوە. ئێستاش سیاسەتەکانی پارتی و بارزانی لەپەیوەند بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە هەر بەو ئامانجە و بەو جۆرە مامەڵەدەکات کە چەند پێگە و مەوقعیەتی سیاسی خۆی دەباتە سەرەوە. بەڵام ئەوەی لە بەیانەکە و سیاسەتی ئێمەدا مەبەستە ئەوەیە کە کێشەیەک لە ئارادایە چەندین ساڵە خەڵکی کوردستانی تێوە گلاوە و سەرقاڵیان کردووە، حیزبەکانی کوردایەتی لەسەروهەموویانەوە پارتی ئەم مەسەلەیە لەسەرەتای دروست بونیانەوە بەکاری دێنن و نانی لێ دەخۆن. ئەوە ڕاستە کە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەدوای دەسەڵاتی بۆرجواناسیۆنالیستی کورد لە کوردستانی عێراقدا نەماوە، بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی بە ناجێگیری سیاسی و ڕاگرتنی کوردستان بە حکومەتی فیدڕالی لەپاڵ دەوڵەتێکی  عێراقی ناسراو بە دەوڵەتی عەرەبی، دیارنەبونی چارەنوسی کوردستان و دانەمەزراندنی دەوڵەت و هەلومەرجی نالەباری سیاسی لە عێراق و شەڕی قەومی هەمیشە پانتایی کێشەی نەتەوایەتی کوردی ڕاگرتووە. هەروەها ئەحزابی بورجواناسیۆنالیستی کورد وەک ئایدیۆلۆجیا و وەهم وخورافەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر ژیان وگوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشدا بەکاریان هێناوە.

زۆر پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێم کە جیابونەوەی کوردستان و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بەڕێگای نەخشەو سیاسەتی حیزبەکانی بۆرجواناسیۆنالیستی کورد  بەهیچ جۆرێک وەڵام بە هەژاری وبرسیەتی، ژیان و گوزەرانی خەڵک ناداتەوە، هەروەها بەمانای هیچ جۆرە خۆشگوزەرانی وئاسودەییەک نییە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەڵکو سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەت لەسایەی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی دا تەنها وەڵام و دەربازبونە لە کێشەیەک کەچەندین ساڵە کابوسێکە و مایەی دەردەسەری و بەڵایە بەسەر خەڵکی کوردسانەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەڵوێست و سیاسەتی ئێمە بەو مانایەی کە فرسەتێکە لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکەوە ئێستا هاتۆتە ناو شانۆی سیاسی کوردستانەوە جا هەر لایەنێک مەترحی کردبێت، داوادەکەین خەڵکی کوردستان برۆن دەنگ بدەن بە جیابوونەوە. هەڵبەتە پرۆسەی بەجێ گەیاندنی ئەم ڕیفراندۆمە و هەر ڕیفراندۆمێکی تریش بێ کێشە و بێ دەردی سەری نییە. لە ڕەوتی چوونە پێشەوەیدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە ڕیفراندۆمێکی گونجاو بە دابینکردنی هاتنە مەیدان و دەورو دەخالەتی خەڵک و چاودێری خەڵک و بێ کێشە و کارەسات بەڕێوە بچێت. هەر لادانێک بەمانای پێشێلکردنی

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

ئیرادەی خەڵک و یاری کردن بەچارەنوسی خەڵک مەحکومە و دەبێت بەری پێ بگیرێت و پوچەڵ بکرێتەوە، ئەم ڕێگەچارەیەش دەرهێنانی ئەو بیانوەیە لە دەستی بۆرجواناسیۆنالیزمی کورد کە چەند ساڵە لەسەری ئەژین.

**دیدگای سۆشیالیستی:** باشە هاوڕێ عوسمان ئێوە پێتان وایە کە مەسعود بارزانی ئەچێتە پای جێبەجێ کردنی سەربەخۆیی کوردستان لەکاتێکدا ئەوە دەبینین کە لێدوانەکانی بارزانی لەوبارەیەوە بەپێی ڕۆژ دەگۆڕێت هەتا ئەوەبوو لەسەرەتادا وتیان ڕیفراندۆم دەکەین بەڵام شەرت نیە جێبەجێیکەین، ئێستاش دەڵێن لە ڕێگای دانوسان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەو کارەدەکەین یاخود دەڵێن کارێک ناکەین دەوڵەتانی دراوسێ نیگەران بکەین، هەندێ جاریش دەڵێن ئێمە ئەم کارەدەکەین هەرچی دەبێت بابێت، بۆیە لەم بارەیەوە ئەو سەرنج و ڕەخنەیەی لەسەر پارتی هەیە گوایە جێی متمانە نییە کە جێبەجێی بکات و ڕێزی دەنگدەران بگرێ لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟

**عوسمانی حاجی مارف:**
لە ڕاستی دا بۆ خۆم متمانەم بە هیچ سەرکردە و حزبێکی بۆرجوازی نییە لە پەیوەند بەوەڵام بە کێشە و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گوزەرانی خەڵکەوە، وە ئەم بێمتمانەییەم لەبەرامبەر حیزبەکانی کوردایەتیدا زۆر زیاترە. ئەوەش ئاشکرایە کەلایەنی لاوازی ئەم ڕیفراندۆمە لەوەدایە کە لەلایەن حزبەکانی دەسەڵاتدارەوە مەترەح کراوە، چونکە بەڕاستی ئەزمونی ٢٧ساڵەی دەسەڵاتی ئەم حزبانە هەر تاڵان و بڕۆ و گەندەڵی و گیرفان پڕکردن بووە و هیچ کات بیریان لە ژیان و گوزەران و ئایندەی کوردستان نەکردۆتەوە، ئێستاش نەک هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئاراستە و چەپەڵی نەخشە و سیاسەتەکانیاندا نەبووە، بەڵکو چاوبرسیترو مەترسیدارترن. بەڵام وەک لە بەشی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بە دوای کۆتایی شەڕی موسڵ لەئارادایە، کە حزبەکانی کوردایەتی پێویستیان بە ئارایشێکی تازە لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە، هەر بەو مانایەش هاتونەتە پای ڕیفراندۆم و ئامادەن کاری لەسەر بکەن. سیاسەتێک کە ئێستا بەرامبەر ئەم ڕیفراندۆمە ئێمە مەبەستمانە لەسەر بنەمای متمانەو هیچ ڕێککەوتنێک نیە لەگەڵ هیچ لایەنێکدا، لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە بارزانی و پارتی یا یەکێتی ئاکامەکەی جێبەجێ دەکات یان نایکات. لەم بارەیەوە خلافم هەیە لەگەڵ ئەو لایەن وکەسانەی لەکوردستاندا بەو شێوەیە بەشداری لە ڕیفراندۆمدا لێکدەدەنەوە کە ئایا بارزانی ئاکامی دەنگەکانی ڕیفراندۆم جێبەجێ دەکات یان نا، هەڵبەتە دەبێت پێداگری لەسەر ئەوەبکەین کە ئاکامی دەنگەکان دەبێت جێبەجێبکرێت، ئەمە کاری خەڵک و ئێمەیە دەبێت شەڕی لەسەر بکەین. بەڵام ئێستا ئەمە نابێتە مەرجی بەشداربون یان بەشدار نەبون لە ڕیفراندۆمدا، بەو مانایە سیاسەتی ئێمە بۆ داواکردن لە بەشداربونی خەڵک لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە بارزانی ئاکامەکەی جێبەجێی ئەکات یان نا، بەڵکو ئەوە دەوری ئێمەیە چۆن کاری لەسەر دەکەین. وە خودی ڕیفراندۆم کە تەرحی ئێمەبووە، ئێستاش لە لایەن پارتیەوە مەترەح کراوە و کاتەکەشی دیاری کراوە، واتە خودی ئەم تەرحە ناکرێت حزب و

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

لایەنەکان لە کوردستان وەک تەماشاکەرێک هەڵوێستی لێوەربگرن و مەحکومی بکەن، چونکە مەسەلەکە پارتی نیە، مەسەلەکە ڕیفراندۆمە کە دەبێت ئێمەش وەک لایەنی بەرپرس و خاوەنی مەسەلەکە بچینە پێشەوە و کاری لەسەر بکەین. وەک فرسەتێک دەوربببینین لەبردنە پێشی تەرحەکانی خۆمان. لەهەمان کاتدا وەک لایەنی بەرپرس هەوڵبدەین کار لەسەر بەڕێوەچونی ڕیفراندۆمیکی سالم و ئازاد بکەین، کار لە سەر جێبەجێ کردنی ئەنجامی دەنگەکان و سەربەخۆیی کوردستان بکەین، ڕیسوای سیاسەتی ئەو لایەنانە بکەین کە دەیانەوێت بەربە ڕیفراندۆم بگرن یا یاری پێ دەکەن، ڕیسوای لایەنە عێراقیە قەومی و تائفیەکان بکەین کە دەیانەوێت بە ناوی یەکپارچەیی عێراقەوە ڕیفراندۆم و مافی خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە قەبوڵ نەکەن.

**دیدگای سۆشیالیستی:** باشە هاوڕێ عوسمان حزب چەند مەرجێکی داناوە تاکو ڕیفراندۆمێکی ئازادانە بەڕێوە ببرێت، گەر ئەو مەرجانە یانی زۆرینەیان نەهاتنە دی ئایا ئەو ڕیفراندۆمە موعتەبەرە؟ بەتایبەتی هەمووان ئەحزابی بۆرژوازی کورد و لە سەروهەموویانەوە پارتی ئەناسن کە ئەندازیاری ساختەکارین و سەپاندنی خۆیانە بەسەر دەنگی خەڵکدا.

**عوسمانی حاجی مارف:**

هەڵبەتە هیچ گومان لەسەر ئەوە نییە کە حزبەکانی کوردایەتی مامۆستا و داهێنەری ساختەکارین، بە تایبەتی لە هەر توندپێچی و کێشەو قەیرانێکدا کە دەرگیریان ئەبێت. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کردووە بۆ ئەم ڕیفراندۆمەش پێمان وانەبێ کەبەو جۆرەی ئێمە دەمانەوێت لەسەدا سەد جێبەجێ بکرێت و ئەوەی لە بیرکردنەوەو ئایدیای ئێمەدایە بەرێوە دەچیت، ئەوان بەرژەوەندی سیاسی خۆیان هەیە و هەموو هەوڵێک ئەدەن بەو شێوەیەی بۆیان دەگونجێ کاری لەسەر بکەن. هەر ئێستا لایەنەکان لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان هەر یەکەیان لە ئاراستەی بەرژەوەندی هێز و نفوزیانەوە مامەڵەی ئەم ڕیفراندۆمە دەکەن نەک بۆ چارەنوسی کوردستان. بەڵام ئێستا مەسەلەی ڕیفراندۆم مەترەحە، جا ئێمە مەترەحی کەین یا هەر لایەنێک مەترەحی بکات هەموو ئەو کێشانە لەپرسیارەکانی ئێوەدا هەیە و هەمو ئەو نیگەرانیانەی کە ئێستا بۆتە هۆی بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم لەلایەن کەسانێکەوە واقعین، ئەتوانم بڵێم نیگەرانیەکان جێگای خۆی هەیە لە هەر کاتێکدا ڕیفراندۆم مەترەح کرابێت یان هەر لایەنێک تەرحی ڕیفراندۆمی کردبێت، هەڵبەتە ئەو نیگەرانیانە لەبەرامبەر پارتیدا زیاترە.

ئەوەی پێش هەمو شتێک پێویستە ڕەچاوی بکەین ڕیفراندۆم هەر لایەنێک تەرحی بکات مافێکی ڕەوای خەڵکە بۆ بەشداری و دەخالەتی ڕاستەوخۆ بۆ دەنگدان لەسەر دیاری کردنی چارەنوسی کوردستان. واتە با پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر بکەین، بارزانی و پارتی ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی مەترەح کردووە، بە هەموو دەورو بەرژەوەندیەکانی پارتی و کەموکوڕی و نیگەرانیەکانمانەوە پێویستە ئێمە چی بکەین؟ ئایا وەستانەوە لەبەرامبەر ڕیفراندۆمدا، ئەمانخاتە بەرەی دژی پارتی و دەچینە پاڵ خەڵک؟ یان بە پێچەوانەوە بەشداری لە پرۆسەی ڕیفراندۆم و

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

کارکردن لەسەری و هەوڵدان بۆ جێ خستنی لایەنی زۆری ئەو مەرج و ئایدیالانەی ئێمە دەمانەوێت، ئایا دەمانکاتە پاشکۆی پارتی و لەبەرامبەر خەڵکدا رامان دەگرێت؟ بۆیە وەلامدانەوە تەنها بە بەڵێ یان نەخێر رۆشن نابێت. بە بۆچونی من رێگای دروست لە ئێستادا کارکردن و هەوڵدان و دەخالەتە لە ناو پرۆسەی ریفرانۆمدا وەک خاوەنی ئەم مەسەلەیە بۆ دەرکێشانی کوردستان لە ناجێگیری سیاسی و یەکلایی کردنەوەی کێشەی نەتەوایەتی. هەرکات لەو پرۆسەیەدا مامەڵە بەریفراندۆم لەرێگەی واقعی خۆی لایدا و دەور و جێگاورێگای خەڵک وەلاخراو مەرجەکانی ریفراندۆمێکی ئازاد ژێر پێ خرا، بەڵگە نەویستە کەدەبێت ریسواو مەحکوم بکرێت. بەلام کارو دەوری ئێمە ئەوەیە بچینە ناو پرۆسەکەوە و بەر بە گرفتەکانی بگرین و هەوڵبدەین لە فەازیەکی سالم و ئازاد و بێ فشار ریفراندۆم بەرێوە ببرێت. داوتریش رێگە نەدەین بێ ئعتباری بە ئاکامی دەنگی خەڵک بکرێت. بەکورتی ئێستا لەسەر پێشداوەری ئەوەی ئەوان ئەندازیاری ساختەکارین و مەرجەکان جێبەجێ ئەکەن یان نایکەن هەڵویست نەگرین. دوپاتی دەکەمەوە ئەو جۆرە هەڵویستە بۆ کەسان و لایەنێکە کە خۆیان لەدەرەوەی ئەو مەسەلەیە دەبینن و دەخالەتگەر نین، وەک تەماشەکەرێک یا چاودێرێکی سیاسی لەمەسەلەکان دەروانن و تەنها پارتی بە خاوەنی مەسەلەک دەزانن و لەروانگەی کێشەو شەری لەبەرامبەر پارتیدا هەڵویست دەگرن، لەسەر ئەو بنەمایە و ئەو چاوەروانیانەی پێشبینی دەکەن کە پارتی چی دەکات هەڵویستی سیاسی بەیان دەکەن. ئەوەی دەبێت خۆیان چی بکەن قسەیەکیان نییە، هەر ئەوەندەش دەسەلاتیان هەیە و دەستیان دەروات کە هەر لەئێستاوە بەخەڵک بڵێن بەشداری لەم ریفراندۆمەدا مەکەن. ئێمە بەو مانایە باس لەبەشداری ئەکەین کە هەوڵ ئەدەین بە قازانجی دەورو دەخالەت و هاتنە مەیدانی خەڵک بروات پێشەوە. لەهەمان کاتدا خواست و نارەزایەتی و شەری خەڵک لەبەرامبەر پارتی و دەسەلاتی حزبەکانی کوردایەتیدا بۆ یەک سات راناگیرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی:** بۆچونێک هەیە دەڵێت لەبەر ئەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق و کوردستان ئالوگۆری جدی بەسەردا هاتووە، هەروەک ئێوەش لەوەلامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان بەو ئالوگۆرانەدا، ناکرێت کۆپی هەمان ئەو ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٥دا مەترەح کراوە. هەر لەسەر بنەمای ئەو ئالوگۆرانەو مەوقعیەت و دەسەلاتی بۆرجوا ناسیۆنالستی کورد لەبەرامبەر چینی کرێکارادا ئەم ریفراندۆمەی ئێستا رەت دەکاتەوە.

**عوسمانی حاجی مارف:**
پێم وایە کەسێک نییە کەنەک ئەو ئالوگۆرە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی لە جیهان و عیراق و ناوچەکەو کوردستاندا پێشهاتووە نەبینێت، بەڵکو سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی باس لەو پێشهاتانەش دەکرێت کە دوای شەری موسڵ ئالوگۆری تر و کێشەو سیناریۆی تر بە رێوەیە. بەلام پرسیار ئەوەیە کاتێک باسەکە دێتە سەر ئەوەی کە تەواوی ئەو ئالوگۆرانەی رویانداوە، ئایا

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

مەسەلەی نەتەوایەتی کورد و کێشەی ناجێگیری سیاسی و نەبونی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا بەلایەکدا کەوتووە و کۆتایی هاتووە، واتە نادروستی ئەو لێکدانەوەو هەڵوێستەی لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕەکان باس لەم ڕیفراندۆمە دەکات، ئەمان گەیەنێت بەو ئاکامەی کە نەک تەنها نابێت کۆپی تەرحی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کورستانی ١٩٩٥ نەکەین کە مەسەلەکەش بۆ خۆی کۆپی نییە و بەکارهێنانی تەعبیری کۆپی بۆ دەوروهەڵوێست و هەوڵمان لەم ریفراندۆمەدا دروست نییە، بەڵکو ئەو باسە بەوەمان دەگەیەنێت گەر لەسەر بنەمای ئەم ئاڵوگۆڕە جدیانە هەڵوێست لەسەر ئەم ڕیفراندۆمە وەرگرین ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا زەمینەکانی تەرحی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان کۆتاییان پێ هاتووە یا ماوە؟ گەر نەماوە ئیتر پێویستیەکمان بە پرسی ڕیفراندۆم نیەو پێویستە لەبەرنامەی حزبدا دەریبکێشین، چونکە ناکۆکی ئەو جۆرە باس و لێکدانەوەیە لەوەدایە کاتێ لەلایەک ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەکاتە بنەما بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕیفراندۆمە و بەشداری کردن لەپرۆسەی ئەم ڕیفراندۆمە و دەنگدان بە سەربەخۆیی بە کۆپی ڕیفراندۆمی ١٩٩٥ پێناسەی دەکات، لەلایەکی ترەوە لە سەر بنەمای بەرزبونەوەی ئاستی مەوقعیەت و پێگەی دەسەڵاتی بۆرجواناسیۆنالستی کورد، بەتایبەتی پارتی کە بە دەورو کێشمەکێشی پارتی لەبەرامبەر خەباتی چینی کرێکارو چەوسانەوەی کرێکاران و خەڵکدا ئەم ڕیفراندۆمە مەحکوم دەکات. واتە دەبێت بە ئاکام و سیاسەتێکی تر لەبەرامبەر بە کێشەو چارەنوسی کوردستان بگات، نەک سوڕانەوە لەبازنەی " ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی مافی خەڵکی کوردستانە" چونکە سەیر لەوەدایە ئەو بۆچونە لەهەمان کاتدا ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بە مافی خەڵکی کوردستان دوپات دەکاتەوە و ڕەسمیەتی پێ ئەدات، بۆیە ئەم جۆرە لە لێکدانەوەو لەهەڵوێست جگە لە ناکۆکی و سەرەگێژی و ناڕۆشنی، سیاسەتێکی عەمەلی نادات بەدەستەوە، کاتێک باس لەمافی خەڵی کوردستانە واتە بە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوەو خاڵبەندی دەکرێن، کێشەی نەتەوایەتی کورد و چارەنوسی کوردستان و ناجێگیری سیاسی لە شوێنی خۆیدا باقیە پێویستە وەڵام وەرگرێتەوەو بە ئاکامێک بگات، لەهەر کات و فرسەتێکدا بێت.

هەڵەبەتە ئەوە ئاشکرا و بەرچاوە کە پارتی و هەر حزبێکی بورجوازی لە هەر کاتێکدابێت لە ڕاستای بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بۆرجوازی و هێزەکانیان دەچنە دوای کێشەکان و هیچ کات بە خواست و ئایدیاڵی ئێمە نایکات، هەر بەو مانایەش تەرحی ڕیفراندۆم بۆ پارتی شتێکی جیا نییە لە تەواوی بەرژوەندیەکان و گونجاندن و ڕەچاوکردنی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا، ئەوەش ئاشکرایە هەمو کات لایەنێک یا چەند لایەنێک ڕیفراندۆم مەترح دەکەن، بەڵام کاتێک دەچێتە بواری عەمەلی و سایە بە سەر فەزای سیاسی و کۆمەڵگەدا دەکات، هونەری سیاسی و پرسیار ئەوەیە چی ئەکەین و دەورمان چیە؟ پێویستە هەڵوێست گرتن لەم ڕیفراندۆمە لە ڕوانگەو مەوقعیەتی دەورو دەخالەت و بەرپرسیاریەتی و خۆ بە خاوەن زانینی کێشەکە وەڵام بدەینەوە و بچینە پای، قسە تەنها لەسەر دروستی یا نادروستی ئەو هەڵوێستە نییە کە لەڕوانگەی گۆڕانکاریەکان یا پێگەو مەوقعیەت و

بەرژەوەندی پارتی  هەڵوێست دەگرێت، بەڵکو ئەو جۆرە هەڵوێستە  لە مەوقعیەتی تەماشاکەر یا چاودێرێکی سیاسی بەدەر نییە کە بە لێکدانەوەکانی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت ئاخۆ ئەم پرۆسەیە بە تەرح و دەور و ساتوسەوداو مامەڵەی پارتی سەردەکەوێت یا شکست دەخوات، یا بەقازانجی پارتیە، دەوری خەڵک و حزب دەخاتە ناو چاوەڕوانیەک و دەستی قەدەرەوە. ئەتوانم بڵێم بێ دەخالەتی و نەهاتنە مەیدانە بۆ گۆڕینی ئەو پرۆسەیە بە قازانجی خەڵک.



موحسین کەریم

# سەبارەت بە ڕیفراندۆم،
# گفتوگۆ لەگەڵ محسن کەریم

**دیدگای سۆشیالیستی :** دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ٢٦ ساڵە ئامادە نییە بژێوی و گوزەرانی جەماوەری هەژار و برسی دابین بکات و بە پێچەوانەوە لەژێر بیانووی قەیراندا هێرشەکانی بۆ سەر قوتی خەڵک زیاتریش کردووە، کەچی هێشتا ئەیەوێ جەماوەر بۆ ڕیفراندۆمێک کە خۆیان بۆ ئامانجێکی تر بەکاری ئەهێنن هەڵخڕێنێ. پرسیار ئەوەیە کە ئەم بانگەوازەی دەسەڵات چ بەهایەکی هەیە کە بژێوی و ژیانی جەماوەری بەرینی بێبەش ڕۆچۆتە ناو هەژاری و برسێتی و نەبوونیەوە و تەواوی خزمەتگوزاریەکان و پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵگا پایەماڵ کراون؟

**موحسین کەریم:**
گومان لەوەدا نیە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو پارتەکانی، بەتایبەتی دوو پارتی دەسەڵاتداری سەرەکی یەکێتی و پارتی، بەپێی بەرژەوەندی سیاسی خۆیان دەست بۆ هەر کارێک دەبەن و مەسەلەی ریفراندۆمیش هەمان پێودانگ حوکمی بەسەردا دەکات. واتە ئەگەر ئەو هێزانە بزانن پێشنیاری ریفراندۆم و ئەنجامدانی لە بەرژەوەندی سیاسی و درێژەکێشان و جێگیربوونی دەسەڵاتەکەیان ناشکێتەوە، ئامادەنین ئاماژەشی پێبکەن. هەروەکو چۆن ساڵانێکی زۆر کاتێک

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

حزبی ئێمە ئەو خواستەی بەرزکردەوەو ڕێگاچارەی خۆی لەوبارەوە خستە بەردەم خەڵکی کوردستان، ئەو حزبانە نەک هەر چاویان لێ پۆشی و بێدەنگەیان هەڵبژارد، بگرە بە مەترسی بۆسەر "ئاسایشی نەتەوەیی کورد"یان لەقەڵەم داو دژی وەستانەوە.

کەواتە گومان لەوەدا نیە کە هەریەکە لە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەی بۆرژوازی کورد بە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەوە ئەوەندە ریفراندۆمیان بۆ گرنگە کە بەرژەوەندیەکانی خۆیان جێبەجێ بکات. ئەوەتا کێشەو ململانێی نێوانیشیان لەسەر ئەم پرسەو لایەنگری و دژایەتیکردنی، ڕاستەوخۆ گرێدراوەتەوە بەوەی کە هەرکامیان چ پێگەو جێگایەک بەدەست دەهێنن لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا، بەشیان چەند دەبێت لە دابەشکاری سیاسی و دەسەڵاتدا! بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان ئەم مەسەلەیە مانایەکی دیکەی هەیە. ئەو مانایەی هەیە کە کێشەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی گرێخواردووی کۆمەڵگای کوردستان و عێراق یەکلابکاتەوە؛ مەسەلەی نەتەوەیی کوردو کۆتاییهێنان بەو بارودۆخە سیاسیە ناجێگیرو شڵەقاوەی کۆمەڵگای کوردستانی لەناو خۆیدا نقوم کردوەو تووشی کێشەو گرفتی نەبڕاوەو بەردەوامی کردووە. ناوبەناویش گرفت و سەرەگێژەیەکی تازە بۆ خەڵک دروست دەکاتەوەو بەردەوام لەرووی سیاسی و فکریەوە ئاسۆی فکری و سیاسی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لێڵ دەکات و گیرۆدەی خۆی دەکات.

لەو ڕوانگەیەوەیە کە دەبێ مەسەلەی ریفراندۆم مامەڵەو تەماشا بکرێت. ئەگەر کەسێک پێیوایە دوای ریفراندۆم و دروستبوونی دەوڵەت(دەوڵەتی کوردی یان هەرجۆرە دەوڵەتێکی بۆرژوایی کوردی) کوردستان دەبێت بە بەهەشت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەناو خەیاڵاتی خۆیدا دەژی. هەروەکو چۆن کاتی خۆی خەڵک بەوە خۆشباوەڕ بوون کە ئەگەرلەدەسەڵاتی سەرکوتگەری بەعس رزگاربین، ئیتر دەرگای بەهەشتیان لەژێر سایەی حکومەتی خۆماڵی کوردیدا بۆ دەکرێتەوە. کەچی ئەزمونی ژیانی ڕاستەقینەو مادی خەڵکی کوردستان پێچەوانەکەی سەلماند. هەروەکو ئێوەش دەڵێن، ٢٦ ساڵە ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی کورد ژیانی لەو خەڵکە کردوە بە دۆزەخ و خەڵکیش ئەمە دەزانێ و بە خوێن و ئێسکی خۆیان تاقییان کردۆتەوە. ڕەنگە ئێمە کۆمۆنیستەکان دەیان ساڵ بەخەڵکمان بوتایە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد تەنها کۆپیەکی کوردیی دەسەڵاتی چینایەتی و چەوسێنەرانەی بۆرژوازی عەرەبی دەبێت، بەرادەی ئەوە کاریگەری لەسەر هوشیارکردنەوەو قەناعەت پەیداکردنی خەڵک دانەنایە کە ئەو ٢٦ ساڵە لەدەسەلاتی بەکردەوەی بۆرژوازی کوردی هاوخوێنی کرێکارو زەحمەتکێش دایناوە.

دیسانەوە ئەزمونی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵک ئەوەی سەلماندوەو پێویست کردوە کە سەرباری ئەو ڕاستیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بەڵام هێشتا بۆرژوازی کورد دەتوانێ کاریگەری فکری و سیاسی خۆی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و لەسەر خەڵک رابگرێت و گیرۆدەیان بکات. گرفتێک ماوە ڕێگای لەوە گرتوە کە پرۆسەی بەرامبەر وەستانەوەی چینایەتی لە کوردستان لە نێوان بۆرژوازی و کرێکارو زەحمەتکێشی کورد دا بەپێی پێویست شەفاف و روون بێت. ڕێگای گرتوە لە گەشەو پەرەسەندنی بیروبۆچوونی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی لەناو کرێکاری کورد و خەڵکی چەوساوەی کوردستاندا. ڕێگای گرتوە لە ڕێکخراوبوونی چینایەتی و ریزبەستنی سیاسی

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

– هوشیارانەو سەربەخۆی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش. هەمیشە روبەرێک دەهێڵێتەوە بۆ تێکەڵبوونی بەرژەوەندیە جیاوازە چینایەتیەکان و لێڵ کردنی! دەبێ ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێبێت، دەنا ئەم بارودۆخە بۆ دەیان ساڵی دیکە رەنگە هەر بەوجۆرە درێژەی هەبێت. ئەویش مەسەلەی کۆتایی هێنانە بە مەسەلەی کوردو دەرکێشانی کوردستانی عێراقە لەچوارچێوەی فیدرالیزمی نەتەوەیی و دەسەڵاتی میلیشیایدا.
سەرەنجام دەمەوێ دوای ئەم رونکردنەوەیە ئەوە بڵێم کە پرسی ریفراندۆم و ئەنجامدانی مەسەلەیەکەو خەبات بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دەسکۆتاکردنی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانەی بۆرژوازی شتێکی دیکەیە، نابێ بۆ ساتێکیش رابوەستێ و نابێ بیانووی ریفراندۆم ئەو مافە و ئەو سەنگەرە لەخەڵک بسەنێتەوە. جەماوەر دەبێت خۆی لەمەیدانا بێت بۆ باشکردنی ژیان و نابێ چاوی لە بەرنامەو سیاسەتی هیچ حزبێکی بۆرژوایی بێت. بەڵام هاوکات دەورو نەخشی هەبێت لەوەی کە چارەنوسی سیاسی کوردستان لەم فەوزای دەسەڵاتی میلیشیایی و فیدرالیزمە قەومیەدا دەربکێشێ. هەوڵ بدات مۆری خۆی بدات لە پرۆسەی ریفراندۆم. ئەوەندەی پێی دەکرێت دەوری هەبێت لە سازکردنی ئەو زەمینە سیاسی و فکریانەی باشترین فرسەت دەکاتەوە بۆئەوەی ریفراندۆمێکی ئازاد و لە کەشوهەوایەکی ئارام دا ئەنجام بدرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی** : بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنەکەی مەسعود بارزانی و حزبەکانی کە کۆی کردبوونەوە بۆ سازدانی ڕیفرانۆدم لە ٢٥ ی ئەیلولی ٢٠١٧ دا، ئەمریکا و ئەڵمانیا و تورکیا و ئێران و ڕوسیا و بەریتانیا و... هتد پشتگیری خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دووپات کردەوە. دوای ئەوە بەرپرسانی پارتی رایان گەیاند کە کار بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم ناکەن. لە دوا لێدوانیدا مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی قسەیەکی دیکە دەکات و دەڵێت:" دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم دانوسان لەگەڵ بەغدا دەکەن بۆ جێبەجێکردنی". ئێوە ئەو هەڵوێست گۆڕینانەی پارتی چۆن لێک دەدەنەوە و پێتانوایە کاریگەری ئەو هەڵوێستەی ئەو دەوڵەتانە لەسەر خودی بەرپاکردن و پرۆسەی ریفراندۆم چی دەبێت؟

**موحسین کەریم:**
گومان لەوەدا نیە کە پارتی بە پلەی سەرەکی و یەکێتی و حزبە سەرەکیەکانی دیکەی بۆرژوازی کورد پێویستیان بەوەیە ریفراندۆم ئەنجام بدەن، چونکە بارودۆخی سیاسی دوای داعش ئاڵوگۆڕی جدی بەخۆوە دەبینێ. کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی یەکێک دەبێت لە کێشەو پرسە هەرە گەرمەکانی شانۆی سیاسی عێراق. مەسەلەی خاوەندارێتی"ناوچە کێشە لەسەرەکان" دیسانەوە دەبنەوە بابەتی گرێکوێرەیی پەیوەندی نێوان هەرێم و ناوەند. ئەوەی کە لەماوەی شەڕی داعش کەوتوتە ژێردەستی هێزەکانی پارتی و یەکێتیەوە، بە تەواوبوونی شەڕی داعش دوبارە فایلەکەی دەکرێتەوەو حکومەتی عێراق داوای مافی خاوەندارێتی دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگی کێشەو بگرە سەردەکێشێتە بارگرژی و جەنگ لەنێوان دەسەڵاتدارانی

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

بۆرژوازی کورد و حکومەتی ناوەندی کە ئێستا لەلایەن هێزە بۆرژوا- ئیسلامیەکانی عەرەبیەوە بەڕێوەدەبرێت! لەم حاڵەتەدا هێزەکانی بۆرژوازی کورد و یەکێتی و پارتی کە حوکمڕانی راستەقینەی کوردستان و ئەو ناوچانەشن کە کێشەیان لەسەرە، دەبێت شەرعیەتێکی جەماوەری بۆخۆیان و سیاسەتەکانیان پەیدا بکەن تا لە پێگەیەکی سایسی بەهێزترەوە رووبەرووی حکومەتی ناوەند و هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عەرەبیەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا ببنەوە. لەو روانگەیەوە ریفراندۆم بایەخی سیاسی هەیە. دەتوانرێ لەلایەن پارتی و یەکێتی و بۆرژوازی کوردەوە بەشێوەیەکی فراوانتر بەکاربهێنرێ بۆ شەرعیەتدان بە دەعواکانی خۆیان چ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و چ لەگەڵ دەوڵەت و ناوەندە نێوەدەوڵەتیەکاندا بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەکانیان.

هەڵبەتە تائێستا بەشێک پروپاگەندەی پارتی ئەوەبووە کە دەوڵەتان دژی ئەو خواستەی خەڵکی کوردستان ناوەستنەوەو بگرە پشتیوانیشی لێدەکەن بەهۆی ئەو دەورەی کە "پێشمەرگە وکورد" هەیانبوە لە شەڕی دژی داعش دا. خوێندنەوەی پارتی بۆئەو هەڵوێستەی دەوڵەتان و هەروەها پێداویستی سیاسی ئەو پرسە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسیەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی لەدوای تەواوبوونی شەڕی سەربازی لەگەڵ داعش، مەسەلەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هێنایە پێشەوەی ئەجندای سیاسی پارتی. بەو ئاراستەیەشدا هەوڵی دا حزبەکانی دیکە قایل بکات، ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی بە دوودڵیەوە چوەتە پشتی ئەو سیاسەتەی پارتی و حزبەکانی دیکەش هەریەکەو بەجۆرێک نیگەرانی و دوودڵی خۆیان بەیان دەکەن.

کاتێک پێویست بوو ئەو دەوڵەتانە هەڵوێستی سیاسی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلەیەکی پێشنیارکراو بخەنەروو، ئیتر ئەوان هەڵوێستی راستەقینەی خۆیان خستەروو لە پەیوەند بەو پرسەوە. ئەوەش پارتی و بارزانی بەو ئاکامە گەیاند کە بڵێت ئێمە مەرج نیە کار بە ئاکامی دەنگدانەکە بکەین! چونکە پارتی لە پەیوەند بە چارەسەری کێشەی کوردەوە خۆی بە سیاسەتی ئیمپریالیستیەوە بەستۆتەوەو لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەواندا بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەگەرێ، نەک چارەسەرێکی عادیلانەو مرۆیی کە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بنەما بێت! ئەو قسەیەی بارزانی بۆ خاترجەم کردنی ئەو دەوڵەتانەیە تا پێیان بڵێت کە پێچەوانەی بڕیاری ئەوان هەنگاو نانێت! بەڵام راگەیاندنەکەی دواتری بەجۆرێک ئەوە پیشان دەدات کە دەستبەرداری سەربەخۆی نابن و بۆئەو مەبەستە دوای ئاکامی دەنگدان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی گفتوگۆ و دانوسان دەکەن. ئەم قسەیەی دوەمیان بۆ رازیکردنی خەڵک و هێزەکانی دیکەیە کە وەکو باسم کرد بە دوودڵیەوە شوێن پرۆژەکەی بارزانی کەوتون! ئەگەر کار بە ئاکامەکەی ناکەیت ئیتر بۆچی دەنگی خەڵک وەردەگریت!؟ ئەمە پرسیارێکی لۆجیکیە کە خەڵک دەیکات و پارتی دەبێت وەڵامی بداتەوە! ئەو قسەیەی بارزانی بۆئەوەیە کە بڵێت ئێمە ریفراندۆمی خۆمان دەکەین و دواتر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی وتووێژ لەسەر جیبەجێکردنی بڕیارو ئاکامەکەی دەکەین. بەم قسەیەی، بارزانی دوو مەسەلەی پێکەوە گرێداوەتەوە. یەکەمیان تەئکیدکردن لەسەر پابەندبوونی بە سیاسەتی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەوە و دوەمیش رازیکردنی

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

خەڵک و پارتە سیاسیە سەرەکیەکانی بۆرژوازی کورد تا لەپەیوەندبەم سیاسەتەیەوە لەگەڵیدا بڕۆن.
دەربارەی کاریگەری ئەو هەڵویستەی دەوڵەتان لەسەر پرۆسەی ریفراندۆم، بە دڵنیاییەوە هەر ئەوجۆرە بادانەوە یاریکردنە سیاسیەی بارزانی ئەوە دەردەخات کە کاریگەری نەرێنی دەبێت. دەنگی حکومەتی عێراق دلێرتر دەکات بەرامبەر بە پرسی ریفراندۆم و توندکردنەوەی فشارەکانی بۆ شکست پێهێنان و ترساندنی خەڵک لەو پرۆسەیە. بەیاننامەکەی حکومەتی عێراق دەربارەی ریفراندۆم بەروونی دەیەوێ خەڵک بترسێنێ و سیناریۆیەکی پڕکارەسات دەخاتەبەردەم خەڵکی کوردستان ئەگەرهاتوو دەنگ بەجیابونەوە بدەن!
لە هەلومەرجێکی لەوجۆرەدا کە ریفراندۆم ئەنجام بدرێ و سەربەخۆیی رابگەیەنرێ و هیچ دەوڵەتێک و ئۆرگانێکی نێوەدەوڵەتی بەرەسمی نەناسێت و حکومەتی ناوەندیش مافی هاوڵاتیبوون لە هاوڵاتیانی کورد بسەنێتەوە وەکو لە بەیانەکەدا ئاماژەی پێکردوە، ئەوکاتە هاوڵاتیانی کوردستان روبەرووی کارەساتێکی جدی دەبنەوە کە وەکو زیندان لەناو جوگرافیایەکی گەمارۆدراودا دەمێننەوە! ئەم سیناریۆ تەلخەی دەخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری خەڵک. بە دوودڵیەوە بەرەو ریفراندۆم دەچن و ناتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە دەنگ بدەن.

**دیدگای سۆشیالیستی** : بارزانی دەربارەی هەڵوێستی وولاتانیش دەڵێت" کەس دژی ریفراندۆم نیەو تەنیا کێشەیان لەگەڵ کاتەکەیە و "ئەگەریش دژی ریفراندۆم بن ئەوە پێچەوانەی بانگەشەکانی خۆیان دەربارەی دیموکراسی دەوەستنەوە". بە بڕوای ئێوە لە حاڵەتی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمدا پەرچەکرداری ئەم دەوڵەتانە چۆن ئەبێ؟ تا چ رادەیەک ئەو قسەیەی بارزانی دەتوانێ بەڵگەیەکی گونجاو بێت لەدژی کاردانەوەی نێگەتیڤی ئەو لایەنانەو سەرەنجام چی ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان ئەبێتەوە؟

**موحسین کەریم:**
ئەو قسەیەی بارزانی بەرواڵەت رووی لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکایە کە ئەو پشتی پێبەستوون بۆ جێبەجێکردنی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی وەکو پاداشتێکی بەشداری "کورد" لە شەڕی داعشدا. وەکو خۆیان دەڵێن بە نوێنەرایەتی ئەوان "کوردو پێشمەرگە"دژی داعش جەنگاون و جێگای رێزو ستایشی ئەو وولاتانە بوون! بەڵام بەبڕوای من ئەو قسەیەی بارزانی هیچ پەیام و مانایەک ناگەیەنێ، چونکە گومان لەوەدا نیە کە وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا دژی سەربەخۆیی کوردستان ناوەستنەوەو لەشکرکێشی ناکەنەسەری و گەمارۆی ئابوری نادەن، تا وەکو ئەو دەڵیت"پێچەوانەی بانگەشەی خۆیان بێت دژی دیموکراسی".

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئەگەر کەمیک زیاتر روونی بکەیتەوە کە چۆن دژی سەربەخۆیی کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەت ناوەستنەوە؟ ئایا بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و بگرە ئەجندای

## گفتوگۆ لەگەڵ موحسین کەریم

ستراتیژیان لەم ناوچەیەدا تووشی گرفت و کێشە نابێتەوە؟

**موحسین کەریم:**
من باسی دژوەستانەوە دەکەم لەڕێگای بەکارهێنانی زۆرو هێزەوە، دەنا لەڕووی سیاسیەوە ئەوان ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە لەگەڵ ریفراندۆم دا نین لەکاتێکدا ریفراندۆم مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی پەیوەندی سیاسی- ئیداری خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا. من پێموایە ئەو دەوڵەتانە پێویستیان بەوە نیە هیچ زەحمەتێک بکێشن دژی "دەوڵەتی کوردستان" ئەگەر هاتوو بڕیاری لێدرا و ڕاگەیەنرا. هێزو دەوڵەتە هەرێمیەکانی دۆستی ئەوان کە خۆیان بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیان لە سەرکوتی خەڵکی کوردستانی عێراق لەژێرپێنانی ئیرادەو بڕیاری ئەواندا هەیە ئەو ئەرکە بۆ ئەوانیش جێبەجێ دەکەن. بۆیە دەوڵەتانی ئەمریکاو ئەوروپاو...تاد. پێویستیان بە هێزنواندن نییە بەرامبەر بەم کەیسە. زۆر بەسادەیی ئەوان دەڵێن ئەو کێشەیە مەسەلەیەکی ناوخۆییەو ئێمە هیچ دەستێوەردانێک ناکەین و داواکارین حکومەتی هەرێم و ناوەند کێشەکانی خۆیان بە دانوسان چارەسەر بکەن! ئەوەش شتێکی نامۆ نییە بۆ دەوڵەتانی وەکو ئەمریکاو ئەوروپاو بەوجۆرەش ئەوان ڕێز لەیاسای نێودەوڵەتی دەگرن! بەدەر لەوەی چەندە ڕێز لە دیموکراسیەکەی خۆیان دەگرن و دەیان نمونە لەبەردەستدایە کە دیموکراسیەکەیان بەپێوانەی بەرژەوەندی خۆیان کورت و درێژ دەکەن! ئەو هەڵوێستەی ئەمریکاو ئەوروپا خەڵکی کوردستان و بڕیارەکەی دەخاتە بەردەم ڕەحمەتی سیاسەتی شۆڤێنیستی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و دەستیان دەکاتەوە بۆ گەمارۆدان و بگرە کاردانەوەی دیکە لەدژی خەڵک.
کەواتە کێشەکە لە هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی دەوڵەتی ئێران و تورکیاو عێراق و سوریا و هێزە میلیشیاییە نەتەوەپەرست و ئیسلامیەکانی ئەو ناوچەیەیە کە چ هەڵوێستێکی دوژمنکارانە دژی خەڵکی کوردستان دەگرنەبەر. گومانی تێدا نیە هەرچیەکیان پێ بکرێت لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق دەیگرنەبەر. ئەوەتا هەریەکە لەو دەوڵەتانە بەجۆرێک دژایەتی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاگەیاندوەو توندترینیان هەڵوێستی دەوڵەتی عێراقە کە دەڵێ ئەگەر کوردستان جیا بکەنەوە ئەوکاتە هاوڵاتیانی کورد زمانی دانیشتووی شارەکانی عێراق "جنسیە"ی عێراقیان لێ دەسەنرێتەوە. بەوپێیە ئەو هاوڵاتیە کوردزمانانەی لە شارەکانی دەرەوەی هەرێم دەژین وەکو "موقیم" مامەڵە دەکرێن!

**دیدگای سۆشیالیستی** : نیگەرانیەک هەیە لەناو خەڵکدا کە پێیانوایە ریفراندۆم لە بەرژەوەندی پارتیەو ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆش پێک بێت ئەوا دەوڵەتی پارتی دەبێت. بەوجۆرە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و سەرکوتگەری پارتی بۆ هەتا هەتایە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێ و بێمافی و برسێتی و هەژاری و پێشێلکردنی ئازادیەکانیان لەئێستا زۆر خراپتردەبێ. بۆیە مانەوەی هەلومەرجی سیاسی ئێستا بە گونجاوتر دەزانن. ئێوە لەوبارەوە بۆچونتان چیە؟ ئایا ئەم بارودۆخە دەکرێ هەتا هەتایە بەمجۆرە بمێنێ؟ ئایا ئەو نیگەرانیەی خەڵک ڕاستی و هەقانیەتی تێدایە؟ ڕێگاچارە

# سەبارەت بە ڕیفراندۆم

چیە؟

**موحسین کەریم:**

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەم بارودۆخەی ئێستا تاسەر بەوجۆرە نامێنێتەوە، چونکە خۆی بەرهەمی هەلومەرجێکی سیاسی ناجێگیرە کە لە ئاکامی شەڕی ئەمریکاو روخانی رژێمی بەعسەوە بەهۆکاری ئەو جەنگەوە هاتوتە ئاراوە. هێزو بزوتنەوە سیاسیەکان و هاوسەنگی نیوانیان بەوجۆرە نامێنێتەوە وئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. بێجگە لە دەستێوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری سیاسی عێراقدا کە ئەوانە هیچیان پاشەرۆژو ئاسۆیەکی سیاسی روناک ناخەنە بەردەم خەڵکی کوردستان و بگرە عێراقیش بەگشتی! ئەو هەموو بێمافی و نەبونی و هەژاریەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە بەرهەمی هەلومەرجی ئێستایە نەک هەلومەرجێک کە هێشتا روی نەداوە! خەڵک ئێستای بەدڵ نیەو لێی نارازیە. دەسەڵاتی ئیستا تەنها قۆرخی پارتی نیە، بەڵکو یەکێتی نیشتمانی شەریکی سەرەکی و حزبەکانی دیکەی بۆرژوازی کوردیش هەریەکەو بەجۆرێک شەریکە بەشی پارتین و بەشدارن لە دەسەڵاتەکەیدا. بێجگە لەوەی کە ئەم هەلومەرجە سیاسیەی کوردستان بیانوی بەردەوامی داوەتە دەست هەر خودی ئەو حزبانەی کەخەڵک لێیان توڕەیە تا خەتای بارودۆخەکە بخەنە سەر یەکتری و خۆیانی لێ بێبەری و پاکانە بکەن. هەموشیان خەتاکە دەخەنەسەر دەوڵەتی ناوەندی و بەوجۆرە خۆیان پاک دەکەنەوە لە هەموو گوناهێک! بۆیە ئەم هەلومەرجە هیچ خاڵێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنی تێدا نیە لەرووی ژیان و گوزەران و بەرفراوانبوونەوەی ئازادیەکان و بەرژەوەندی خەڵکی بێبەش و چەوساوەی کوردستانەوە. ناکرێ مرۆڤ دڵی پێ خۆش بکات و پێداگری لەسەر هێشتنەوەی بکات، ئەوە بێجگە لەوەی کە خۆی قابیلی مانەوە نیە وەکو ئاماژەم پێدا.

هەڵبەتە لەلایەکی دیکەوە ئەو نیگەرانیەی خەڵک تارادەیەک راستی تێدایەو هەقیانە گومان لەوە بکەن کە دەسەڵاتی بنەماڵەو حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستاو پارتی بە پلەی سەرەکی دەستی باڵا پەیدا دەکەن لە ئایندەی راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتدا.( هەڵبەتە من کاتێک ئەم قسانە دەکەم وا دادەنێم پارتی و حزبە بۆرژوازیەکانی کورد بەراستی ریفراندۆم ئەنجام دەدەن و کوردستان جیادەکەنەوە و دەوڵەت رادەگەیەنن، نەک ئەوەی کە وەکو کارتێکی فشار بەدەستیەوە بگرن بۆ سواڵی سیاسی لە دەوڵەتان و حکومەتی ناوەندی!). بەداخەوە ئەو هۆکارەی وایکردوە پارتی و حزبەکانی دیکەی بۆرژوازی کورد لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا یاریزانی سەرەکی بن و ئایندەی سیاسی کوردستانیش بە پلەی سەرەکی لەلایەن ئەوانەوە دیاری بکرێ، لاوازیی هێزی رێکخراوی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکارو دەورو نەخشی ئەوانە لە مەیدانی کێشەو ململانێ سیاسیەکانی کوردستاندا. ئەو لاوازیە هۆکاری زاڵبوونی گوتاری ناسیۆنالیستی و بۆرژوایە لەئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەم گرفتەیە وایکردوە داهاتوی سیاسی کوردستانیش زۆرتر مۆری ئەوانی لێبدرێ! پارتی وەکو هێزی سەرەکی بۆرژوازی کورد لەناو هێزەکانی دیکەدا پلەیەکی بەرزتری هەیە، ئەوەش وایکردوە کە سیمای دەوڵەتەکەی داهاتوو، ئەگەر دابمەزرێ، رەنگو روخساری پارتی و بارزانی پێوە دیاربێت.

کەواتە لەنێوان دەستگرتن بە ئێستاوە لەگەڵ قبوڵکردنی داهاتودا کە دەوڵەتێکی تێدا دابمەزرێ ڕەنگە پارتی تێدا باڵادەست بێت، چ ڕێگایەک دەمێنێتەوە بۆ خەڵک!؟ بە بڕوای من چارەسەر ئەوە نیە کە دژی پرۆسەی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بوەستینەوە. دەبێ چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەشی کوردستان و سەرجەم هێزو لایەنە سۆشیالیست و کۆمۆنیستیەکان هەوڵ بدەن لە پرۆسەی ریفراندۆمدا مەرجەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەچوونی رایفراندۆمیکی واقعی و ئازاد بسەپێنن. دەبێ نەخشمان هەبێ لەوەی ریفراندۆم هەرچی زیاتر ئیرادەی جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و سیکولار لە کوردستان بەرجەستە بکات، نەک شەرعیەت بدات بەو دەسەڵاتەی کە ئێستا هەیە. ئەوەش بە هاتنە مەیدانی رێکخراوو هوشیارانەی جەماوەر مومکینە و هیچ ئاسۆیەکەی دیکەی بەدەر لەوە نیە! دەورو نەخشی جەماوەر لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بەجۆرێک کە مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ ڕێگری لەوە دەکات کە سبەینێ پارتی و حزبەکانی دیکەی بۆرژوازی کورد سوار بن و خەڵکیش پیادە! ئەو مەرجانەی کە دەبێ خەڵک و هێزە سیاسیە شۆرشگێڕو پێشکەوتنخوازەکان پێداگری لەسەر بکەن ئەوەیە کە:

**یەکەم:** ریفراندۆم لە هەلومەرجی شەڕ و هەڕەشەو تۆقاندن دا ناکرێت و دەبێ هەلومەرجێکی ئارام بۆ خەڵک دابین بکرێ تا ئازادنەو دوور لەهەر فشارو زەخت و ترسێک دەنگی خۆی بە ئازادانە بدات. کەواتە دەبێ هەم دەوڵەتی عێراق و هەم پارتی و لایەنەکانی دیکە ناچار بکرێن بە دابینکردنی هەلومەرجێکی لەو جۆرە.

**دووەم:** پێویستە هەموو ئەو ناوچانەی کورد نشینن ریفراندۆمیان تێدا ئەنجام بدرێ، نەک تەنها هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتی عێراق ڕایگەیاندوە. دوای ئەوە لە ریفراندۆمێکی تایبەت بەخەڵکی ئەو ناوچانە مەسەلەی هاتنیان بۆسەر کوردستانی سەربەخۆ یان مانەوەیان لەناو دەوڵەتی عێراقدا یەکلایی بکرێتەوە.

**سێهەم:** دەبێ فرسەتی گونجاو بۆ خەڵک فەراهەم بکرێت کە بە بەرنامەی هێزو حزبە سیاسیەکان ئاشنا بن لە پەیوەند بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانەوە. نابێ میدیا لە دەستی ئەو حزبانەدا قۆرخ بکرێت کە داهاتی کوردستانیان تاڵان کردوەو میدیای زەبەلاحی خۆیان هەیە. پێویستە هەلومەرجێکی گونجاو برەخسێنرێ بۆ بیستنی هەموو جۆرە بۆچوون و سیاسەتێک لەو بارەوە.

**چوارەم:** دەبێ هەوڵ بدرێ لایەنی نێو دەوڵەتی رازی بکرێن بۆئەوەی سەرپەرشتی پرۆسەکە بکەن. سەرپەرشتی لایەنێکی وەکو (UN) یان هەر دەزگایەکی دیکەی جیهانی وەکو یەکێتی ئەوروپاو ...تاد بۆ پرۆسەکە، مەشروعیەتی پێدەدات و بەرپرسیان دەکات لە بەرەسمی ناسینی ئەنجامەکەی. بەوەش تارادەیەکی باش دەستی دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی ناوچەکە دەبەستێتەوە لە ئەنجامدانی پلان دژی خەڵکی کوردستان.

**پێنجەم:** بڕیاری خەڵکی کوردستان هەرچی بێت دەبێ هەموو لایەک پێوەی پابەند بن و جێبەجێی بکەن نەک وەکو کارتی فشار لەلایەن پارتی و هێزەکانی دیکەوە بەکاربهێنرێ بۆ بەدەست هێنانی

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم

ئیمتیازاتی سیاسی لە حکومەتی ناوەندی ....



ڕێبوار ئەحمەد

# ریفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!

زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە دوو حزبی بورژوا ناسیۆنالیستی بنەماڵەیی، یەکێتی و پارتی، بە رابەری تاڵەبانی و بارزانی کۆمەڵگای کوردستانیان لە ناو سەرگەردانی و گێژاوی فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەی قەمیدا راگرتووە. لەم چارەکە سەدەیەدا دەرد و بەڵا و بێدەرەتانی و نەهامەتی نەما بەسەر خەڵکی کوردستاندا نەیهێنن، تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیان و بەهرەمەندبوون لە بەشە دەسەڵات و سامانی بەتاڵانبراوی ئەم کۆمەڵگایە. زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە چارەنوسی چەند ملیۆن خەڵکیان کردوەتە پاشکۆی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و دەستەمۆیی خۆیان بۆ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و جیهان. یاریکردنی ئەم حزبە بنەماڵەییانە بە چارەنوسی خەڵک، ڕێگایەک بوو بۆ نقومکردنی هەردوو بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانیان لە سەروەت و سامانی بێسنور و لە حیساب نەهاتوو. لەم چارەکە سەدەیەدا گەلێک دەریچە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایە کرایەوە؛ بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان دامەزرێ و گرێکوێرەی مەسەلەی کورد کە قورساییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگا پێکهێناوە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دووبەرەکیە بێت کە لەسەر بناغەی قەومی دروستکراوە و بە فیدرالیزمی قەومی قوڵتر کراوەتەوە، بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتی لە رەوتێکی خێرادا پەرەبگرێت و دەسەڵاتی بورژوا ناسیۆنالیستی کورد بەرەو سەرەولێژی و داڕوخان ببرێت و دەسەڵاتێکی ئازادیخوازانە و پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک بەرپابێت و مافی هاوڵاتی بوونی بە رەسمی ناسراو

# ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا مسۆگەربێت. بەڵام لەم چارەکە سەدەیەدا لە جیاتی تێپەڕین بە ناو ئەو دەریچانەدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، تاڵەبانی و بارزانی بەردەوام سوێندیان بە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق خوارد و خواستی سەربەخۆییان بەتاوان لەقەڵەمداوە و کردیان بە قوربانی بەرژەوەندی کۆنەپەرستانە و سات و سەودای خۆیان.

دوای چارەکە سەدەیەک لەم یاری کردنە بە ژیان و چارەنوس و مافەکانی خەڵکی کوردستان، ئیتر ناکرێ و نابێت بواری ئەو فریوکاریە بدرێت کە ئەم سەرکردە سیاسیە هەمیشە شکستخواردوانە، خۆیان بکەن بە نوێنەری خەڵکی کوردستان و پاڵەوانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستا ملیانداوە بە بەرپاکردنی ریفراندۆم، بەڵام بە دروست بێباوەڕی و متمانە نەبوون بە بارزانی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە ئاستێکی فراوانی جەماوەریدا خۆی نیشان دەدات. بەڵام ئەمە هێشتا لەو ئاستەی بەدەرکەوتووە ناتوانێ زەمانەتی ناکام کردنەوەی یاری بارزانی و ئەحزابی ناسیۆنالیست و ئیسلامی بێت بەم پرسە گرنگە. لە راستیدا نەبوونی متمانە بەوان پێویستە بگاتە ئاستی دابڕانی یەکجاری جەماوەری کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە سیاسەت و ئاسۆی نەتەوەپەرستی کۆنەپەرستانەی ئەم حزبانە و دەسکۆتاکردنیان لە یاری کردن بە چارەنوسی خەڵک، پێویستە بگاتە ئاستی پێداگری توند لەسەر نەبوونی هیچ جۆرە شەرعەیەتێکی دەسەڵاتی ئەم حزبانە و خۆهەڵخستنیان وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان.

نابێ هیچ گومانێک لەوە بکرێت کە ئەگەر ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی دیلی سیاسەتی بارزانی و حزبە دەسەڵاتدارەکان بێت، ئەوە بە سەد و یەک شێوە هەم ریفراندۆم و هەم جێبەجێ کردنی ئەنجامەکەی لەلایەن ئەوانەوە دەکرێتە کارتی ساتوسەودا، دەکرێتە بەهانە و پاسا و بۆ فریودانی خەڵک و خۆ گێلکردن لە خواستەکانی جەماوەری ستەمدیدە و راگرتنی دەسەڵاتی میلیشیاییان بەسەر خەڵکەوە. لە کاتێکدا کە ریفراندۆمێکی واقعی کە گوزارشت لە ئیرادە و بڕیاری هوشیارانەی خەڵکی کوردستان بکات، دەشتوانێ سەرەتای رەوەندێک بێت بۆ هەڵگیرانەوەی دۆخی کارەساتباری ئێستا و چونەپێش لە رێگای لە کارخستنی دەسەڵاتی میلیشایی و تالانچی ئەم حزبانە. لەم بارەیەوە جەختکردن لەسەر چەند خاڵ پێویستە؛

*/ ریفراندم بۆ راپرسی بە خەڵکی کوردستان دەربارەی مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوە، مافێکی رەوای خەڵکی کوردستانە کە لە دەیان سالی رابردوودا کەوتۆتە بەر درندانەترین زوڵم و ستەم. بەمپێیە ئەوە دژایەتی دەیان ساڵەی ئەحزابی ناسیۆنالیست و خودی بارزانیە لەگەڵ ریفراندۆم و جیابونەوە و دواخستنی تا ئێستای کە خەتایەکە و دەبێ بکەوێتە بەردەم نەفرەت و ناڕەزایەتی خەڵک، نەک ملدانی ئەمرۆیان بە ریفراندۆم بە هەر هۆکارێکەوە بێت. ٢٢ ساڵ پێش ئێستا لە جەرگەی دۆخی ئەوکاتەی کوردستاندا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەم مەسەلەیەی وەکو رێگاچارەیەکی گونجاو کارساز خستوەتەڕوو، هەروەها ٨ ساڵ لەمەوبەر (بەیانی سەربەخۆیی کوردستان) لە رۆژی دامەزرانی ئەم حزبەوە، وەکو بەڵگەنامەیەکی گرنگی ئەم حزبە پەسەندکراوە. لە هەموو مێژووی کۆمەڵگای کوردستاندا و بەر لە کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ حزب و سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی کورد وشەی ریفراندۆم بەسەر زمانیدا نەهاتووە و

## ڕێبوار ئەحمەد

ڕەنگە زۆربەیان هەر نەیانزانیبێت مانای چیە. هیچ کات هیچ یەک لەم دوو حزبەی کۆمۆنیزمی کرێکاریش لە بەڵگەنامەکانی خۆیاندا باسیان لە هیچ جۆرە مەرجێکی ئەوتۆ نەکردووە کە بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان بخرێتە گرەوی ئەوەوە کە ئەحزبی ناسیۆنالیست لەدژی بن یان لەگەڵی. بەڵام هەمیشە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەوڵیانداوە و گوشاریهێناوە بۆ ئەحزابی تر تا ئەم مافەی خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسن. بۆیە خودی ملدانی ئەو حزبانە بە ریفراندۆم خۆی لە خۆیدا نەک سلبی نییە بەڵکو پێویستە وەکو دەریچەیەکی خەباتی جەماوەری سەرنجی بدرێ و بەدەستەوە بگیرێ بۆ کۆتاییهێنان بەمەسەلەی کورد و دەسکۆتاکردنی ناسیونالیزمی کورد و سیاسەتی ساتوسەوداکردن بەم مەسەلەیەوە، کە جارێک بەناوی ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزیەتەوە و جارێک بەناوی فیدرالیزمەوە خەڵکیان پێی چەواشەکردووە. بەڵام دیسانیش لە روانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە کۆمەڵێک پرەنسیپ راگەیەنراون کە پێویستە پرۆسەی ریفراندم بەپێی ئەوانە بەڕێوەبچێت، هەر ئەو پرەنسپانەش بنەمان بۆ هەڵوێستگرتن لە ریفراندۆمێک کە بەرپادەبێت، نەک ئەوەی کام لایەن پشتیوانی لێ دەکات و کام لایەن مخالەفەتی پێ دەکات.

*/ نابێ هیچ خۆشباوەڕیەک بەوە هەبێت کە ریفراندۆم و سەربەخۆی وەکو پرۆسەیەک خۆی لە خۆیدا خەڵکی کوردستان لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەی چینایەتی و بێکاری و نەداری و دەیان نەهامەتی تر کە لە ئێستادا یەخەیان بە خەڵک گرتووە، رزگار ناکات. چەوسانەوەی چینایەتی و هەژاری و هەڵاواردنی جنسی و پێشێلکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان ...و...هیچ یەک لەوانە خۆبەخۆ بە ریفراندم و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ناوناچن. ریفراندۆم بڕیارە کێشەیەکی دایاریکراو چارەسەر بکات کە دەیان ساڵە کۆمەڵگای عێراقی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، کێشەیەک کە بوەتە هۆکاری ستەم و هەڵاواردن و ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان خەڵکی ستەمدیدە و کرێکاران لەسەر بناغەی ئەو شوناسە قەومیەی کە داویانە لە ناوچەوانیان. خودی ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق ناسنامەیەکی قەومی و ئیسلامی پێدراوە و ئەم ناسنامەیەش لە دەستوری عێراقیدا جێگیرکراوە، دەستەبەندی هاوڵاتیان و کێنەتۆزی قەومی قوڵکردوەتەوە، بە جۆرێک کە نەک هەر ئەنتیگراسیۆن و پێکەوەژیانی ئازادانەی خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی عێراقی گەلێک دژوار کردووە، بەڵکو هاوکات زەمینەیەکی لەباری هێشتۆتەوە تا فایرۆسی ناسیونالیزم بەردەوام لەسەر کێشەی نەبڕاوەی قەومی گەراکانی خۆی بترۆکێنێ. ریفراندۆم جگە لەوەی وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەو کێشەیە، هاوکات هەنگاوێکی پێویستە بۆ دەرهێنانی کوردستان لە گێژاوی فیدرالیزمی شکستخواردووی ئێستا و هەڵتەکاندنی کۆسپێک لە بەردەم خەباتی چینایەتی کرێکاران و رەوتی شۆڕشی کرێکاری. ریفرامدۆم پێویستە بۆ ئەوەی بەهانەی مەسەلەی قەومی لە دەستی ناسیۆنالیزم دەربێت کە دەیان ساڵە حزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ فریودانی خەڵک و هەڵخڕاندنیان لە دەوری ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان و بەکارهێنانیان وەکو لەشکری پیادەی کێشمەکێشەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەوەی کە ریفراندۆم و پاشان پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ چەندە کاریگەری دەبێت لە رێگای باشترکردنی ماف و

## ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!

خزمەتگوزاری و ژیانی خەڵکی ستەمدیدە، ئەوە گرێی خواردوە بەوەوە کە کۆمۆنیزم و ئەو جەماوەرە چ رۆڵێکیان دەبێت لەو پرۆسەیە و لە رەوتی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا و چ جۆرە دەوڵەتێک لە کوردستانی سەربەخۆدا دادەمەزرێ؟

*/ لە جیاتی دلساردی و گومان لە بەرپاکردنی ریفراندۆم بەو هۆیەوە کە پارتی و بارزانی تازە بە تازە هاتونە پای ئەوەی بانگیشەی بۆ بکەن، پێویستە پێداگری لەسەر پرەنسیپەکانی ریفراندۆمێک بکرێت کە گوزارشت بیت لە ئیرادە و رای خەڵکی کوردستان دوور لە هەرجۆرە زەخت و فشارێک. هەروەها بە دیاریکراوی پێوسیتە هەم لە ناوخۆی کوردستان و هەم لە ئاستی جیهاندا بە هەڵخراندنی رای گشتی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بخرێتە ژێر گوشارێکی توندەوە بۆ ئەوەی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بە رەسمی بناسێت، سەرپەرشتی بەرێوەچونی بکات و وەکو هەر ریفراندۆمێکی تر کە لە دنیادا بەرپا کراوە و دەکرێت، ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەنجامەکەی. بێ دەربەستی نیشاندان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەرامبەر ریفراندۆم لە کوردستان، پێویستە وەکو هەڵوێستێکی نا بەرپرسانە و فەرامۆشکردنی راو ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەوێتە بەرامبەر نارەزایەتی فروانی رای گشتی لە ناوە و لە دەرەوەی کوردستان.

*/ پێویستە پێداگری لەسەر پیادەکردنی دەم و دەستی ئەنجامی ریفراندۆم بکرێت. وەکو لە دوو وتاری پێشووترم کە لە "بڵاوکراوەی بۆپێشەوە"دا بڵاوکراونەتەوە باسم کردوە، دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە بارزانی و ئەحزابی دەسەڵاتدار یاری بە ئەنجامی ریفراندۆمەوە بکەن و لە جیاتی پیادەکردنی ئەنجامەکەی وەکو کارتی فشار بەکاری بهێنن بۆ داسەپاندنی مەرامەکانی خۆیان. ئەمانە لەوە بودەڵەترن کە بەرامبەر تەحەدیاتی جیابونەوە راوەستن، لەوەش بەکرێگیراوترن کە جەسارەتی هەنگاوێکی وا گەورەیان هەبێت بەبێ رەزامەندی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە. بارزانی لە کۆتا لێدوانیدا باسی لەوە کردووە کە دوای ریفراندۆم بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی لەگەڵ بەغدا و تاران و ئەنقەرا و دەوڵەتانی زلهێزی دنیا دەکەونە گفتوگۆ. ئەم قسەیە مانای ئەوەیە بەبێ رەزامەندی ئەوان هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵناگرێ. سیناریۆیەکی لەم بابەتە دەبێ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە وەڵامی توند وەرگرێتەوە و دوچاری ناکامی بێتەوە. بریاردەری ئەوەڵ و ئاخر لەسەر چارەنوسی کۆمەڵگای کوردستان تەنها خەڵکی کوردستانە، ریفراندۆم دروستکەری بریاری ئەم خەڵکەیە و پێویستە بێ هیچ ئەما و ئەگەرێک جێبەجێ بکرێت بەبێ گوێدان بەوەی هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان چی دەبێت. بارزانی لە ئێستاوە بە سپاردنی جێبەجێکردنی ئەنجامی ریفراندۆم بە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتان، نیشانیداوە کە رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناگرێت، هەر بەم پێیەش مەرجێکی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دەسکۆتاکردن و لەکارخستنی رۆڵی بارزانی و حزبەکەیەتی. بەم جۆرە ئەو راستیەی بەرجەستە کردووە کە؛ خۆی و حزبەکەی نەک هەر پاڵەوانی ئەم پرۆسەیە نین بەڵکو خاڵی لاوازین.

## ڕێبوار ئەحمەد

بەڵام تا ئەو جێگایەی بە خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەگەر ریفراندۆمێکی واقعی ئەنجام بدرێت و بڕیار لەسەر جیابونەوەی کوردستان بدرێت، ئەوکات تەنانەت ئەگەر بارزانی و ئەحزابی ناسیۆنالیست وەکو خاڵی لاوازی ئەم پرۆسەیە نەچنە ژێرباری جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش، هێشتا تازە ئەم کۆمەڵگایە لەم ریگایەدا پێ دەنێتە برگەیەکی تازەوە کە تیایدا دەرگا بەرووی توندبوونەوەی بەرامبەرکێی خەڵکی ئازادیخواز و ئەحزابی ناسیۆنالیست لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرێتەوە و کوردستان هەنگاوێک لە سەربەخۆیی نزیک دەکاتەوە.

*/ هەڵوێستی جەمسەرەکەی تری ناسیۆنالیزمی کورد کە لە گۆڕان و بەشێک لە ئیسلامیەکان و بەشێک لەو هەموو باڵ باڵێنەی ناو یەکێتیدا خۆی دەبینێتەوە، بە هەمان رادە دوور و بێبەریە لە هەر جۆرە بەرژەوەندیەکی خەڵکی کوردستان، بە هەمان رادەی سیاسەتی پارتی یاریکردنێکی فریودەرانەیە بە ژیان و چارەنوس و هەستی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان. هەڵوێستی ئەوان بە هیچ جۆرێک پێداگری نیە لەسەر خەمخۆری بۆ ئایندەیەکی باشتری ئەم خەڵکە، بە پێچەوانەی ئەو ریاکاریەی کە هەڵیدەڕێژن، مەبەستیان ئەوە نیە کە ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی بخرێتە سەر رێچکەیەکی دروست، بەڵکو ئەوان دەیانەوێ ئەم پرسە گرنگە و چارەنوسی خەڵکی کوردستان بکەن بە قوربانی داسەپاندنی مەرج و بەرژەوەندیە حزبی و کۆنەپەرستانەکانی خۆیان. ئەوەی ئەوان وەکو مەرجی بەرپاکردنی ریفراندۆم پێداگری لەسەر دەکەن، واتە "کاراکردنەوەی پەرلەمان بە دەستەی سەرۆکایەتی ئێستاوە "بە ئەندازەی تاڵە مویەک پەیوەندی بە خستنەکاری ئیرادەی خەڵک و بەرژەوەندیەکانی ئەوانەوە نییە. پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی و خەباتی پەرلەمانی لە کوردستاندا هەمیشە چەواشەکاریەک بووە بۆ رتوش کردنی دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیەی بورژوازی کورد. پەرلەمان وەکو دەزگایەکی کارتۆنی نەک هیچ رۆڵێکی نەبووە لە بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵک و هەرگیز ئەجەندایەکی وەهای نەبووە، بەڵکو رۆڵی زۆر گەورەی بینیوە لە قەبڵاندنی دەسەڵاتی میلیشیایی بە خەڵکی کوردستان بە ناوی دیموکراسیەوە. لە ماوەی چەند خولی پەرلەماندا، بەو خولانەشەوە کە گۆڕان و ئیسلامیەکان سەنگیان تیادا هەبووە و بانگەوازیان بۆ "ئارام راگرتنی شەقام "کردووە بۆ ئەوەی پەرلەمان بە "باشی رۆڵی خۆی بگێرێت"، هەروەها بەو دەورانەشەوە کە حکومەتی بنکە فراوان لەسەر کاربوو، نە تەنیا هیچ خواست و ئامانجێکی رەوای خەڵکی کوردستانی دەستەبەر نەکردووە، بەڵکو دروست لە دەورانی حکومەتی بنکەفراوانی هەموو لایەنە بورژوازیە قەومی و ئیسلامیەکاندا بوو کە بۆسەیان بۆ وردکردنی ئیرادەی خەڵک و برینی موچە و تەفروتوناکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریەکان نایەوە. ئەوەی کە بە ئەندازەی تاڵە مویەک لە بڕیاردان لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رۆڵی نەبێت "کاراکردنەوەی پەرلەمانە ."لەوەش زیاتر دژایەتی کردنی ریفراندۆم بە بەهانەی "بەکارنەخستنەوەی پەرلەمان " جگە لە بە فیداکردنی چارەنوسی خەڵک لە پێناو بەدەستهێنانەوەی بەشە دەسەڵات و بەشیان لە سامانی بە تاڵانبراو هیچی تر نیە. بە گشتی ئەو بۆچونەی کە راوەستانی بارزانی و پارتی لە پشتی ریفراندۆم دەکاتە بەهانەیەک بۆ دژایەتی کردنی ئەم پرسە، هەڵوێستێکی تەسکی ئەنتی پارتیە و پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵک و ئایندەیەکی باشتر بۆ کۆمەڵگاوە نییە.

## ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!

*/ هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی عەرەب کە خۆی لە لێدوانەکانی حکومەتی عەبادی و لایەنە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکاندا دەبینێتەوە، بە دەر لەوەی کە بەهانە و پاساوەکانیان چیە، لەو روانگە شۆڤێنیستیە عەرەبیەوە سەرچاوەی گرتووە کە عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی و بەشیک لە دنیای عەرەب دەزانن و پاراستنی یەکپارچەییەکەی بە هەر نرخێک بیت پیرۆزیەکی نەتەوەییە بۆ ئەوان. ئەمە هەمان روانگەی رژێمە سەرکوتگەرە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە لە دەیان ساڵی رابردوودا کە رژێمی سەرکوتگەری بەعس یەکێک لەوان و راستیدا هارترین و شۆڤێنیستترینیان بوو. هەڵویستی حکومەتی عەبادی و لایەنە بۆرژوازیە عێراقیەکان لە بابەت سەندنەوەی هەموو مافێک لە هاولاتیانی کوردزمان بەوانەشەوە کە لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکاندان، هەروەها خستنەکاری گوشاری ئابوری و نانبرین، جەخت لەسەر پێویستی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان دەکەنەوە نەک بە پێچەوانەوە. جەخت لەسەر ئەو راستیە دەکەنەوە کە لە سایەی عێراقی ژێر دەسەڵاتی ئەم هێزانەدا دەرفەتێک بۆ مانەوەی خەڵکی کوردستان بە دوور لە هەرجۆرە جیاکاری و هەڵاواردنێک لە ئارادا نییە. دیارە هیچ کاتێک هەڵوێستێکی جیاواز لەمە لە ناسیۆنالیزمی عەرەب چاوەڕوان ناکرێت. هەمیشە و لە هەموو دەورانێکدا رەنگە بەهانە و پاساوەکانیان بگۆڕێ بەڵام پێشبینی گۆڕانی هەڵوێستی شۆڤێنیستی ئەم بزووتنەوە کۆنەپەرستە ناکرێت. هەڕەشە و گوشارەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب و حکومەتی عێراق دەبێ وەکو بەشێک لە لەمپەر و تەحدیاتەکانی بەردەم بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان چاویان لێبکرێت کە دەبێ هەڵتەکێنرێن و ناکام بکرێنەوە. لەم بارەیەوە ئەوە ئەرکێکی گرنگی جەماوەری کرێکار و ئازادیخوازی عێراق و کۆمۆنیزمە کە رۆڵی پێشڕەوانە بگێرن بۆ بەگژاچونەوەی ئەم شۆفێنیزمە و بەرجەستەکردنی ئەو هەڵوێستە ئوصولی و ئازادیخوازانەیە کە بێ هیچ قەید و بەندێک مافی خەڵکی کوردستان بۆ ریفراندۆم و جیابوونەوە بە رەسمی بناسرێت و پەیگیرانە بەرگری لێ بکەن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان جگە لە هەڵوێست و بانگیشەی ناسیۆنال-شۆڤێنیستی عەرەب، دەنگێکی تر لە روانگەیەکی ئازادیخوازانە و سۆسیالیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستیەوە ببینن و ببیستن بۆ بەرگری لە مافێکی رەوای خەڵکی کوردستان. تەنها و بەتەنها ئەم هەڵوێستەیە کە دەتوانێ بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەو ئاراستانەی قڵشت و دووبەرەکیان لە نێوان کرێکاران و خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمانەدا سازکردوە، کاریگەری دابنێت و گیانی هاوپشتی چینایەتی ببوژێنێتەوە. ئێستا کاتی ئەوەیە کە کرێکار و کۆمۆنیستی عێراق، لەدژی ناسیۆنالیزمی عەرەب و حکومەتەکەی عەبادی بێنەدەنگ و رێگە نەدەن سیاسەتی گەمارۆی ئابوری و نەعرەتەی شەڕ و پەلاماردان لە دژی خەڵکی کوردستان بکرێتە رێگایەک بۆ مانەوەی بە ناچاری خەڵکی کوردستان و راگرتنی ئەو زەلکاوەی کە دەستە و تاقمی قەومی ئیسلامی و تایەفەگەری وەکو مێشومەگەز لەسەری دەلەوەڕێن.

*/ بارزانی و ئەحزابی دەسەڵاتدار زۆر ئاشکرا دەیانەوێ بە گەرم کردنی شایی و لۆغانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، فەزای ناڕەزایەتی فراوانی خەڵک تێکبدەن کە لە دژی بڕیاری قەرەقوشیانەی "پاشەکەوتی موچە "و بەرەو سفر چونی خزمەتگوزاریەکان و پێداویستیە سادەکانی

## ڕێبوار ئەحمەد

ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە ئارادایە. بێگومان دوای ریفراندۆمیش کوتانی دەهۆڵی جیابوونەوە دەکەن بە پاساوێک و ئەگەر بۆیان بلوێت چارەکە سەدەیەکی تریش بەم هۆکارە بێدەرەتانی خەڵک پاساو دەدەن و هەوڵدەدەن نارەزایەتیەکان دەمکوت بکەن. لە کاتێکدا هیچ شتێک لەوە ئاشکراتر نییە کە ئەو سامانەی بە تالان بردویانە بەشی دامەزراندنی چەند دەوڵەت دەکات نەک یەک دەوڵەت. بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم سیاسەتی برسی و بێدەرەتان کردنە، پێویست نییە خەڵکی ئازادیخواز و ستەمدیدە دەست لە خواستی ریفراندۆم و جیابونەوە هەڵگرن، لە هەموو هەلومەرجێکدا ناسیۆنالیزمی کورد هەر هەوڵی خۆیدەدات بە خراپ کەڵک لە فەزای ریفراندۆم وەرگرێت و مەسەلە و کێشەکانی تری کۆمەڵگای پێداپۆشێت. لە بەرامبەردا پێویستە هێزی جەماوەری ستەمدیدە هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر ریفراندۆم، بەردەوام لە مەیدان راوەستی و دەسەڵات بخاتە ژێرگوشاری توندەوە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازیەکان؛ بە تایبەتی هەڵوەشانەوەی دەستبەجێی بڕیاری "پاشەکەوتی موچە"، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان..و..هتد. بەرپاکردنی بزووتنەوەی دژی هەژاری کە هەر ئێستا دەستی بەکارکردووە، باشترین وەڵامە بۆ هەوڵەکانی ئەحزابی دەسەڵاتدار بە مەبەستی ونکردنی خواستەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ناو فەزای ریفراندۆم و باسی جیابونەوەی کوردستاندا. هەردوو ئەم مەیدانە واتە خەبات بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمێک کە بە راستی گوزارشت لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات لەگەڵ خەبات بۆ داسەپاندنی داخوازیە ئابوری و سیاسیەکانی جەماوەری خەڵک و لابردنی باری قورسی هەژاری لەسەر شانی خەڵک، نەک ناکۆک نین لەگەڵ یەکتری، بەڵکو تەواوکەری یەکترین لە پێناو بوژانەوەی ئیرادەی شۆرشگێرانە و دەرگا ئاوەڵاکردن بۆ ئاڵوگۆری هەمەلایەنەتر لە کوردستاندا. لەوانە کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیۆنالیست و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی پشتبەستو بە ئیرادەی خەڵک.

*/ سیاسەتی تەخوین سیاسەتێکی ریسوا و ملهوڕانەیە و پێویستە خەڵکی ئازادیخواز و لایەنە سیاسیەکان بە توندی سەرکۆنەی بکەن. پرۆسەی ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان پرسێکی گرنگ و چارەنوسسازە، ناوەرۆکی ئەم پرۆسە شتێک نییە جگە لە بواردان بە دەربڕینی رای ئازادانەی خەڵک لەسەر ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە. ئەوە مافی هەر هاوڵاتی و هەر لایەنێکی سیاسیە کە بەوپەڕی ئازادیەوە رای خۆی لەسەر ئەم پرۆسەیە و چۆنیەتی چونەپێشی دەربڕێ، هەرکەس و لایەنێک دەتوانی لایەنگر یان دژی بێت، مافی هەرکەس و لایەنێکە رەخنە لە هەڵویستی کەس و لایەنەکانی تر بگرێت. هەرجۆرە سنورداركردنێکی ئازادی رادەربڕین پێچەوانەی ناوەرۆکی ریفراندۆمە و مەشروعیەتی پرۆسەکە دەخاتە ژێر پرسیاری گەورەوە. ئەو سیاسەتی تەخوینەی پارتی دەستی بۆ بردووە، دیسان بەڵگەی ئەوەیە کە بارزانی و حزبەکەی خاڵی لاوازن، هۆکاری نابوتکردنی بەهای پرۆسەکەن، بە دەستی ئەوان بێت لە جیاتی ریفراندۆمی واقعی بۆ راپرسی بە خەڵکی کوردستان، هەر وەکو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان سیناریۆی گاڵتەجاڕانە بۆ وەرگرتنی بە زۆری پەنجەمۆری خەڵکی کوردستان بەرپا دەکەن. تاوانبارکردنی هەرکەس کە پێچەوانەی سیاسەتی پارتی هەڵویستی خۆی دەردەبڕێت بە "خائین"، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە سزای "خائین 'لە

## ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین!

فەرهەنگی ئەم حزبانەدا چیە، هیچ مانایەک بۆ ریفراندۆم ناهێڵێتەوە. پێویستە بارزانی و پارتی بخرێنە ژێر گوشاری توند و پەشیمان بکرێنەوە لەم خەتا گەورەیە.

٦-٧-٢٠١٧



خەسرەو سایە

# ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

## وەڵامێک بەهاوڕێ سامان کەریم

هەر لە تەوەری سەبارەت بە ڕیفراندۆمدا ئەم وتارەی خەسرەو سایە بڵاودەکەینەوە کە وەڵامە بە هەندێ مەسەلەی پەیوەست بەم بابەتەوە و هاوکاتیش هەندێ نەزەری سامان کەریم کە بابەتەکەی بە دوو بەش بڵاوبۆتەوە، خوێنەر دەتوانێ لە ڕێگای ئەم دوو بەستەرە جیاوازەوە، دەقی وتارەکان بە دەست بهێننێت:

**دیدگای سۆشیالیستی**

http://www.hawpshti.com/ku/?p=12788
http://www.hawpshti.com/ku/?p=12934

بەرلەوەی بچمە ناو باسەکەوە هەڵوێستەیەک بەپێویست دەزانم:

لەم وەڵامەدا ئەوەی مەبەستم نییە پێی هەستم، دەستبردنە بۆ وەڵامدانەوەیەکی شەخسی و

# ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

هەمەلایەنەی هەموو ئەو بابەتانەی کە هاوڕێ سامان لەپەیوەند بەمەسەلەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆییەوە، باسی لێوەکردوە و لەژێر ناوی "سیاسەتی کۆمۆنیستی"دا کۆی کردونەتەوە، بەڵکو ئەوەی مەبەستی منە، بەر لەهەرشتێک بەشداریکردنە لەڕۆشنکردنەوەی لایەنەکانی سیاسەتێکی کۆمۆنیستی و هەوڵدان بۆ یەکگرتووکردنی هێزەکانی حزب و جولانەوەکەمان لەدەوری. بەمجۆرەش بۆچونی فەردی من لەچاو سیاسەتی حزبدا لاوەکیە. بە مانایەکی تر من وەکو کۆمۆنیستێک کە لەڕابەری حزبێکدام، بۆچونی شەخسیم تا ئەو ئاستە گرنگی هەیە کەکۆمەک بە حزب بکات تا سیاسەت یان تاکتیکێکی دروست هەڵبژێرێ، چونکە حزب ئامڕازی کارە، بۆیە بەرلەهەرشتێک هەموو هەوڵی من بۆ بردنە پێشەوەی ئەم ئاڕاستەیەیە، نەک بەر لەم هەوڵە لە بیری ئەوە دابم بۆچونی خۆم بەیان بکەم. ئەمە بەشێکە لە سوننەتی حزبی و تەحزوب.

بەداخەوە ئەوەی لەئێستادا دەیبینین ئەوەیە کەجیاوازی بۆچوونەکان لەسەر مەسەلەیەکی تاکتیکی، ئەو سوننەتەشی بەرهەمهێناوە کە بەرلەوەی حزب هەڵوێستی ڕەسمی خۆی ڕاگەیاندبێت، کەسایەتیەکان لەڕابەرایەتیدا دەستیان داوەتە  نوسینی وتارو نەزەری شەخسی خۆیان لەپێش حزبەوە داناوە وهەر کەسەش لەباخێک دەخوێنێت. ئەمە لەباتی ئەوەی هەوڵبدرێ بۆ گەیشتن بەسیاسەتێکی یەکگرتوو کە جولانەوەکەی پێ ڕابەری بکرێ .. ئایا سونەتێکی ئاوا لەگەڵ ئەوپرسیارەدا بەرەوڕومان ناکاتەوە کە هەر کەسە لەئێمە چەندە لەمەوقعی بەرپرسیارێتیەوە بەرامبەر بەحزبەکان و جولانەوەکەمان خەریکین سیاسەت ڕۆشن دەکەینەوە و هەر لەم پەیوەندەشدا بۆچونە شەخسیەکانی خۆشمان بەیاندەکەین؟. ئایا خۆمان بەبەرپرسیار دەزانین بەرامبەر بەمەترسی چەندەستە بوونی حزب لەمەڕ مەسەلەیەکی تاکتیکی کەبایەخی لەچاو یەکپارچەیی حزبەکاندا سەد بەرابەر لەخوارەوەیە؟ ئایا ڕای شەخسی گرنگتر و لەپێشترە یان حزب وجولانەوە؟ ئایا باشتر نییە دروستر نییە بەرلەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری حزب ڕای شەخسی خۆی بڵێت، حزب لەدەوری سیاسەتێک کۆبکاتەوە وپاشان گەر نەزەرێکی تایبەتیشیان هەبوو بیدەن؟ ئایا بەیانکردنی نەزەری شەخسی بەم شێوەیە حزب بەهێزدەکات یان ئەگەری زەربەدان لە یەکگرتووبوون وتێکدانی ئینسجامی دەرونی بزوتنەوەکەمان دەڕەخسێنێ؟ بەتایبەتی لەکاتێکدایە کەدەرگای باسێکی گرنگ کراوەتەوە وئەگەر لەمەوقعیەتی بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکەین، موکینە بەزیانی گەورە تەواوبێت!. هیوادارم هاوڕێ سامان پەی بەم بەرپرسیارێتیە بردبێ..

بەڵام هەرلێرەدا ئەوەش بڵێم شێوازێک لەباسکردن کەهاوڕێ سامان گرتویەتیە بەر، شێوازێکی تەمومژاوی، دورودرێژ وماندوکەر، تێکەڵکردنی چەندین باس، کەسەرەڕای گرنگیان، بەڵام ناپەیوەند و ڕێ لێ ونکەر.. هەموو ئەمانەش بەرامبەر بەمەسەلەیەکی سیاسی کە دەکرا لەچارەکە ژمارەی ئەولاپەڕانەدا کەبۆی ڕەشکراوەتەوە بەیان بکرایە.. بەم هۆیەوە من ناچارم لەزۆر مەسەلە خۆپاریزی بکەم و وەڵامەکەشم بەجیاکردنەوەی باسی ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی وهێنانە پێشەوەی ئەو بابەتانەی کەبەهەریەک لەم دوو تەوەرەیەوە پەیوەستە، ئیکتفا بکەم تا منیش هەم خوێنەر ماندوونەکەم وهەم وەڵامەکەشم ڕۆشنبێت. ئەوەش بڵێم کە لە قەڵەمدانی هەڵوێستی حزبی

## خەسرەو سایە

کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەهەڵوێستێکی ناسیونالیستی لەلایەن هاوڕێ سامانەوە، هۆکاری سەرەکی بوو لە دەست بردنم  بۆ ئەم وەڵامە.

### تەوەرەی ڕیفراندۆم

### ئەنتی پارتی بوون، بنەمای دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم لای هاوڕێ سامان کەریم:

خاڵی بنەڕەتی لێوەهەستانی دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم وسیاسەتێک کەهاوڕێ سامان لەبەرامبەریدا، بەسیاسەتی کۆمۆنیستی ناوی بردووە، ڕیفراندۆمێکە کەلەلایەن بارزانی و پارتیەوە بانگەوازی بۆکراوە، هەر ئەم خاڵەش ئەوی وەک کۆمۆنیستێکی ڕەخنەگر، لەفۆڕمێکی ڕادیکاڵ وئۆپۆزسیۆنێکی پەڕگردا لەبەرامبەر پارتیدا، داناوە. لەکاتێکدا بنەمای سیاسەتی کۆمۆنیستی دەخالەتگەری و بەرپرسیاریەتیە لەبەرامبەر ئەو کێشە و گرفتانەدا کەبەرۆکی بەکۆمەڵگاو جەماوەری زەحمەتکێش گرتووە، بەئاڕاستەی گرتنەپێشی ڕێگاچارەی واقعی بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەوکێشەو گرفتانە.

هاوڕێ سامان لەگەڵ ئەوەدا کەدان بەبوونی مەسەلەی کورددا دەنێت و هاوکاتیش ڕیفراندۆم وەک ڕێگایەکی سیاسی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بەدروست دەزانێت، بەڵام بەو هۆیەوە کەبارزانی و پارتی ڕای گەیاندووە، ڕیفراندۆم ڕەت دەکاتەوە و بەسیاسەتێکی پارتی دەیناسێنێ. بەم پێیەش بنەمایەک کەئەو لەسەری وەستاوە دژایەتی کردنی پارتی و بارزانییە نەک ڕاوەستان لەسەر گرفتێکی سیاسی کە ساڵەهای ساڵە بۆتە برینێک بەجەستەی کۆمەڵگاوە وکۆسپێکی سەر ڕێگای خەباتی چینایەتی بەرەو سۆشیالیزم. بۆ کەسێک کە بیەوێت لە مەوقعیەتی دەخالەتگەرانە و بەرپرسیارێتیەوە بەرامبەر بەژیانی کۆمەڵگا، ڕۆڵبگێڕێ، دەبێ خودی کێشەکە خۆی بەبنەما وەربگری و لەدەرەوەی ململانێی حزبەکان و ئەوەی کەکام لایەن بەرژەوەندی چییە و بۆچی هاتۆتە پای بۆ گرفتەکە بڕوانێ، گرفتێک کەدەیان بەڵاو موسیبەتی بۆسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا زیاد کردووە. بەداخەوە ئەنتی پارتی بوون و بنەمایەک کەهاوڕێ سامان لەسەری وەستاوە ئەوە نابینێ کە خودی دەستکێشانەوە لە فیدراڵیزم و هاتنە پای پارتی و بەرزانی بۆ ڕێگای ڕیفراندۆم، جا بەهەر مەبەست و ئامانجێکەوە بێت، نەک هەر بەزیانی چارەسەری ئەم کێشەیە نییە، بەڵکو کاڵ بوونەوەی بەربەستێکە کەخودی حزبە ناسیونالیستەکان لەسەر ڕێگای دەستبردن بۆ ئەم ڕێگایە دایان ناوە، ئەمەش دەرگای فرسەتێکی بۆ دەخاڵەتگەری کۆمۆنیستی لەبوعدی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا، لەدژی خودی پارتی وگشت ناسیونالیزم کردۆتەوە. بێگومان بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان وەڵامدانەوە بەهەر ستەم و نابەرابەری و گرفتێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیزمە، بەڵام لەغیابی دەمو دەستی ئەم شۆڕشەدا، ڕیفراندۆم ڕێگاچارەیەکی سیاسە بۆ مەسەلەی کورد، ئەمەش بەپێویست ئێمە کۆمۆنیستەکان بەواقعیەتێکەوە گرێ دەدات کەچۆن لەکرانەوەی فرسەتەکاندا، ڕیفراندۆم وەک مەیدانێک بۆ دەخالەتگەری سیاسی وچارەسەری ڕیشەیی کێشەکە بەدەستەوە بگرین وجەماوەری بۆ بهێنینە مەیدانەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە هاوڕێ سامان ئەنتی پارتی بوونەکەی تا ئاوئاستە بۆتە بنەماو پێوانە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم وجیابوونەوە، کەهەم

# ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

"ڕیفراندۆم دەباتە نێو مێژووی پارتی و بارزانیەوە" وە هەم جیابونەوە وپێکهێنانی دوڵەتیش بۆ کۆتاییهێنان بەمەسەلەی قەومی نازانێ! ئەوەتا لەهەردوک ئەمبارەوە دەڵێت:

"باسی ئەم ڕیفراندۆمە دیاریکراوە لە پایەیەکی سەرەکیدا، باسی پارتی و بارزانی و مێژووی ئەم هێزەیە، هەر لایەن و هێزێک مێژووی ئەم هێزە و سیاسەت و پراتیکی وەک هێزێکی بورژوایی کورد لە بەرچاو نەگرێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، لە بەرانبەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردوستاندا"-بەشی یەکەم-

" سەربەخۆیی و جیابونەوەی کوردوستان هیچ پەیوەندی نیە بە باسی مان و نەمانی ئەم کێشەیەوە. لە ڕوانگەی منەوە بە گریمانەی ئەوەی کە کوردوستان جیادەبێتەوە پارتی باڵادەستە و بارزانی ڕابەریەتی" "مەبەستم ئەوەیە باسێکی لەو چەشنە کە گوایا دوای دەوڵەتی کوردی" کێشەی نەتەوەیی" نامێنێت لە خەیالیش کەمترە "،" بەڵام کەی وە لەکوێ دەوڵەت و سەربەخۆیی ئەم کێشەیەی چارەسەر کردوەو؟! " بەشی دووەم- هێڵەکان هی منن-

لەڕاستیدا ئەم بنەمایە لەئەنتی پارتی بوون وئەم میتۆدەی کەهاوڕێ سامان بۆ مامەڵەکردن بەڕیفراندۆم و چارەسەری کێشەی کوردەوە گرتویەتیەبەر، جگەلەوەی نوێنەرەوەی بۆچونێکی ناسیاسی و ناکۆمەڵایەتیە، هاوکات پەیرەوی لێکردنی حزب و جوڵانەوەکەمان وەک ئەحزاب وجوڵانەوەیەکی لاوەکی و نا دەخاڵەتگەر لەڕیزی ئەحزابێکی ناڕازی بەپارتیدا دادەنێ کە هوشیارانە مەوقعی ڕەخنەگریان هەڵبژاردووەو نایانەوێت مەسەلەو گرفتە سەرەکیەکەی سەر ژیانی خەڵک خۆی ببینن وڕێگای نەمانی بگرنەبەر. هاوڕێ سامان لەگەڵ ئەوەدا کە دەیان لاپەڕەی ڕەشکردۆتەوە و تێکۆشاوە ئەم میتودە تیۆریزە بکاو ئەنجامەکانی بەسیاسەتی کۆمۆنیستی بناسێنی، بەڵام بەداخەوە لەئاکامدا بەکۆمەڵێک ناکۆکی سیاسی و تیوەریەوە سەری لەهەڵەیەکی بەرجەستەدا دەرهێناوە.. کەلەدوتوێی ئەم وەڵامەدا هەوڵدەدەین ڕاستیەکەی دەرخەین.

## ڕیفراندۆم بەمەرجەوە

لەگەڵ ئەوەدا کەبەدرێژایی هەردوو بەشی باسەکەی هاوڕێ سامان لیستێکی دوورودرێژ لەڕەخنەگرتن لەپارتی و ئامانجەکانی بارزانی لەپشتی ئەم ڕیفراندۆمەوە خراوەتەڕوو لەنمونەی ئەوەی کە:

"ئەم ڕیفراندۆمە هەنگاوێکی سیاسی زیرەکانەی بارزانیە بۆ قۆرغکردنی مافی دانیشتوان"، "وەرەقەی کەسایەتی بارزانیە تائاستی سەرکردەی (ڕزگاری بەخش)"،"وەرەقی گرنگی هەڵبژاردنی داهاتوە"، "بۆ کەوجکردنی خەڵکو داپۆشینی وەزعی نالەباری خەڵکە"، "بۆ تێپەرکردنی ئەزمەی ناوخۆییە"،" ریفراندۆم یان سیاسەتی پیادەکردنی ریفراندۆم ، سیاسەتی سەرنج لابرنە لەسەر ئەم کێشانە و شاردنەوەیەتی لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بارزانی دەتوانێت وەک وەرەقەیەکی جۆکەر لە هەر کات و هەلومەرجێکی سیاسی دا بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و هێزە موخالیفەکانی و

حکومەتی بەغداو هێزە ئیسلامی و قەومیە عەرەبیەکان بەکاریبهێنێت. ئەوانە ئامانجی سەرەکیین"..

لەمانەش زیاتر لیستەکە هێندە درێژ دەبێتەوە خەریەکە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم پێمان بڵێ کە"ڕیفراندۆم خۆی بارزانیەو بارزانی خۆی ڕیفراندۆمە" ئەوەتا دەڵێت:

" لەم سیاسەتەی پارتی دیموکراتی کوردوستان بەسەرۆکایەتی بارزانی، ڕیفراندۆم خۆی سیاسەتە. یەکێک لە کۆسپ و تەنگەژەکانی ئەم سیاسەتەی بارزانی ئەوەیە کە ڕیفراندۆم هەر خۆی کراوەتە سیاسەتێک"، "باسی ئەم ڕیفراندۆمە دیاریکراوە لە پایەیەکی سەرەکیدا، باسی پارتی و بارزانی و مێژووی ئەم هێزەیە"...

وەرن با ببینن بەم هەموو ڕەخنانەوە کەچی هاوڕێ سامان هێشتا ڕیفراندۆم بەگشتی ڕەت ناکاتەوەو مەرجی هەیە بۆی. یانی ئەگەر مەرجێک کەئەو دایناوە قەبوڵ بکرێت وبۆ سەر فۆرمی دەنگدان زیاد بکرێ ئەوا ئامادەیە بێتە پای. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تۆ ڕیفراندۆم بەدەلیلی ئەوەی بارزانی هاتۆتە پای لەبەنەرەتەوە ڕەت دەکەیتەوە، یان میکانیزمێکە بەناتەواو دەبینی ومەرجت بۆی هەیە؟ ئەگەر بەڕاستی هاوڕێ سامان هەرسورە لەسەر بەشی یەکەمی ئەم پرسیارەو ڕیفراندۆم ڕەت دەکاتەوە، ئیتر بۆچی بەو سەردا با دەدەیتەوە ومەرج دێنیتە کایەوە؟! ئایا ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هەموو ئەو قسانەی هێناوتنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم ناڕاستن وشوێنی خۆیان نەگرتووە؟ خۆ ئەگەر هاوڕێ سامان لای دووهەمی ئەم پرسیارە وەردەگرێ (کەوەری گرتووە) ودەیکاتە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیفراندۆمێکدا کەخراوەتە ڕوو، ئەوا بەپێویست ئەو سەنتێزگرتنەی لەڕیفراندۆم گرتویەتی وئەو لیستە لەڕەخنەگری دەستی بۆ بردووە، لاوەکی وزێدەڕەویە. بەتایبەتی کە مەرج هاتەکایەوە ئیتر دەرگا بۆ چاڵنجێکی سیاسی دەکرێتەوەو ئیتر نە"ڕەتکردنەوەی بنەڕەتی" ونە پاساوەکانی مانایەکی ئەمێنێت. لەحاڵەتێکی ئاواشدا ئیتر هاوڕێ سامان مافێکی ئەوەی نییە کەپێمان بڵێت" هەر لایەن و هێزێک مێژووی ئەم هێزە و سیاسەت و پراتیکی وەک هێزێکی بۆرژوایی کورد لە بەرچاو نەگرێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، لە بەرانبەر زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردوستاندا".. چونکە ئەگەر جدیە لەسەر قسەی خۆی ئاوا بەمەرجەوە ڕیفراندۆمەکەی بارزانی قەبوڵکردووە. تەنانەت مافی ئەوەی نییە کە بەئێمە کۆمۆنیستەکان بڵێت: "ڕاستەوخۆ هوشیارانە یان ناهوشیارانە دەبێتە سیاسەتی دواکەوتنی پارتی...".

بەڵام بەدەر لەم ناکۆکیە کەهاوڕێ سامان تێیکەوتووە با بزانین چ مەرجێکی هەیەو چۆن هەڵوێستی لێدەگرێ؟ ئەو دەڵێت:

"خەڵکی کوردوستان، پێویستە بەشداری ئەم یاری یە نەکەن، وە هوشیارانە ڕوبەڕووی ئەم سیاسەتە ببنەوە و لەمبارەوە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەگەر دەیانەوێت ڕیفراندۆمێک بکرێت کە ڕیفراندۆمی خۆیان بێت و ئەنجامەکەی بەپێی دەنگی ئەوان بێت و نەکرێتە وەرقەیەکی سیاسی بۆ بەند و بەست و سازانی ژێر بەژێری سیاسی ئەوا پێویستە: لەم ڕیفراندۆمەدا بە مەرجەوە بەشداری بکەن، مەرجێکی ڕۆشن ئەویش ئەوەیە کە: لە فۆرمی دەنگداندا خاڵێک زیاد بکرێت بەم شێوەیە: دەست بەجێ ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە دەخرێتە

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

بواری جێبەجێکردنەوە، ئەنجامی ڕیفراندۆم هەر چیەک بێت، ئەوە لەماوەی ٦-١٢ مانگدا ڕادەگەیەنرێت. واتە ئەگەر خەڵک دەنگیان دا بە جیابوونەوە لە عێراق ئەوە لەو ماوەیەدا سەربەخۆیی و دەوڵەت لە کوردوستان ڕادەگەیەنرێت". –هێڵی ژێر نوسینەکان هی منن-

زۆرباشە.. گریمان ئەم مەرجە واقعیەو دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام ئەگەر هاوڕێ سامان لەسەر ئەم بۆچونەی خۆی جدیەو چاوی لەبەرژەوەندی خەڵک بڕیوە وچیتر نایەوێت وەک ڕەخنەگرێک دەرکەوێ دەبێ پێمان بڵێ کەچی بکرێ تا ئەم مەرجە جێگیر بکرێ؟.

لەوەڵامدا هیچمان پێناڵێت!!. تەنها ئەوە نەبێت بەخۆیی و مەرجەکەیەوە لەسەرو هەموو خەڵکی کوردستان و حزب و جوڵانەوەکەمانەوە وەستاوە و خێرا خێرا دووبارەی دەکاتەوە کەئەگەر ئەو مەرجەی من دامناوە بەدی نەیەت ئەوا ئیتر "ڕیفراندۆمێک هەر لە ئارادا نییە"!!.. با بڵێین مەرجەکەشی بەو جۆرە پیادەکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی زامن کرد!! بەڵام ئەو لیستێک کێشەی تری ڕیز کردوە و وەک فاکتێک لەبەرامبەر ڕیفراندۆمدا بۆ بەلاڕێدا بردنی سەرنجی خەڵک وگەوجاندنیان بەکاری هێناوە. ئەی بۆ ئەوانە چی دەڵێت!؟. بەڕاستی ئینسان نازانێ کام قسەیە بەجدی وەربگرێ ئایا بکەوێتە شوێن ئەم لیستە لەڕەخنەگری، یان مەرجێک کەبۆ ڕیفراندۆم پێشنیارت کردووە!.

لەواقعدا ئەگەر ڕیفراندۆم وەک میکانیزمێک بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی وەک مەسەلەی کورد وەربگرین ئەوا دانانی مەرج پێویست نییە بۆی، چونکە ڕیفراندۆم خۆی وەڵامە بەپرسیارێکی سادەو سەرەکی، "ئایا دەمانەوێ لەعێراق جیاببینەوە یان نا".(هەرچەندە هاوڕێ سامان هەر خۆشی دەڵێت"بۆ ڕیفراندۆم مەرج دانانرێت- کەبۆی داناوە-!!"). لەم پەیوەندەشدا، ئەوەی گرنگە زامنکردنی هەلومەرجێکە کەبڕیاردانی گشتی وئازادانەی خەڵک و وەڵامدانەوە بەپرسیارێکی بنەڕەتی، بەدور لەزەغت و زۆر وپشێوی بۆ هەموان دەسازێنێ. ئەم هەلومەرجەش لەڕوانگەی هەر حزبێکەوە دەتوانرێ لەچەند خاڵدا بەیان بکرێ. (بۆ نمونە بەیاننامەی حزب بەڕۆشنی لەم بارەوە چەند مەرجێکی ڕاگەیاندووە). بەڵام ئەوەی هاوڕێ سامان دایناوە دیاریکردنی هەلومەرجێک نییە لەبەردەم خەڵکدا تا ئازادانە لەڕیفراندۆمێکی گشتیدا بەشداری بکەن، بەڵکو هەڵبڕینی شمشێرێکە هەم بۆ ئەوەی "لەئارادابون ونەبوونی خودی ڕیفراندۆم"ی پێ لەمەنگەنە بدات وەهەم ئەوانەشی باس لەبەشداری کردن لەڕیفراندۆمدا دەکەن بەم مەرجە لەقاویان بدات. ئەمە ناوەڕۆکی سیاسەتێکی کۆمۆنیستیە کەئەو خستویەتیە پێش پای بزوتنەوەکەمان. بەڵام پێدەچێت کێشەی هاوڕێ سامان لەشوێنێکی تربێت، ئەویش "هەویەتی" ڕیفراندۆمێکە کەئەو خوازیاریەتی!.

## "ڕیفراندۆمی بەرزانیەکان" و "ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکان"

هاوڕێ سامان نایەوێت بەخەیاڵاتی وردە بۆرژوازیەوە "ڕیفراندۆم لەسەرو چینەکانەوە" ببینێ، چونکە لەسەربنەمای ئەوەی کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا هەموشتێک ڕەنگو بۆی چینایەتی هەیە وڕیفراندۆمیش لێی بەدەرنییە، بۆیە ئەو لایەنگری "ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکانەو دژی "ڕیفراندۆمی بارزانیەکانە"!.. لەمبارەوە دەنوسێت:

**خەسرەو سایە**

"چۆن ڕیفراندۆمی 1995خاوەنەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، وە تا ئێستا باسدەکرێت و لە هەموو بەیان و نوسینەکاندا هەیە، بەهەمان شێوە خاوەنی ئەم ڕیفراندۆمە وڕابەرەکەی بارزانی و پارتی یە. "

"ئەگەر ئەمساڵ ٢٠١٧ ئەو ریفراندۆمە لە جیاتی پارتی ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێشنیازی بکردایە، هێزی هەبوایە کە دەتوانێت لایەنی کەم بیکاتە هێزیکی کۆمەڵایەتی، ئەنجامەکەی هەر چۆنێک بوایە ئەوکات باسەکە بەتەواوی دەگۆڕا". -هێڵەکان هی منن-

هاوڕێ سامان ڕێک بەپێچەوانەی هەموو ئەم قسانەی خۆی کە لەسەرەوە خراونەتە ڕوو، هەر خۆی لەوتارێکدا بەناونیشانی "جیابونەوەی کوردستان، سیاسەتێکی کۆمۆنیستی!" -16/7/2014 – ئەم جیاکردنەوەیەو ئەم دابەشکردنەی ڕیفراندۆم ڕەت دەکاتەوە، کەپێم وابێت باشترین وەڵامە بە بۆچونەکانی ئێستای. ئەو نوسیویەتی:

"لە کۆتاییدا چەند دێرێک لەسەر ئەوەی کە جیابونەوە و ریفراندۆم سیاسەتی ناسیونالیستەکانە یان پارتییە!! مومکنە وابێت من تا ئێستا وای نابینم ، پارتی خەریکی پێکهێنانی حکومەتە لە بەغداو لە ١٥ی مانگەوە هێزە ئیسلامی و قەومیەکان ڕێککەوتون لەسەر پێکهێنانی حکومەتی بەغدا . بەڵام گریمان وایە. ئەوکات یەکەمجار نابێت لە مێژوودا کە سیاسەتی کۆمۆنیستی و سیاسەتی بورژوایی لە پۆینتێکدا یەکبگرن".. -هێڵەکان هی منن -

ئێمە نازانین کام حوکمە وکام بۆچونە بەئەسڵ وەربگرین، چونکە هاوڕێ سامان لەبەرامبەر یەک دیاردەدا، دو تیۆری دارشتووە وهەریەکەشیان هەڵوێستێکی جیای لێوەرگرتووە!.
هەروەک ئاماژەمان پێدا ڕیفراندۆم میکانیزمێکە بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی ودابەشکردنی بەسەر جۆرەکانی بۆرژوایی وکۆمۆنیستیدا، مەوزوعیەتی نییە، تا ئینسان لایەنگری ئەمیان بێ وئەوی تریان ڕەتکاتەوە. تەنانەت هەروەک وتمان هەڵوێست لەڕیفراندۆم لەوێوە نییە کەچ حزب ورەوتێک بانگەوازی بۆ کردووە، بۆرژواکان، یان کۆمۆنیستەکان. بەتایبەتی کەلە مێژووی وڵاتاندا بەدەگمەن ڕیفراندۆمێک ببینینەوە بەبانگەوازی کۆمۆنیستەکان وبەڕابەرایەتی ئەوان سازدرابێت، بەپێچەوانەوە تەواوی ڕیفراندۆمەکانی دونیا لەسەر کێشە سیاسیەکان، لەسەر دەستی دەوڵەتان وئەحزابی جیاوازی بۆرژوازی وبەڕابەری ئەوان سازدراوەو کێشەکانیش یەکلا کراونەتەوە. هەروەک وتمان ئێمە کۆمۆنیستەکان لەهەر ڕیفراندۆمێکدا بەشوێن ئەو هەلومەرجەوەین کەبڕیاردانی گشتی و ئازادانەی خەڵک بەبێ گوشارو ئیمتیازادان، زامن دەکاو بەدەر لەتوندوتیژی هەنگاو بەرەو چارەسەری گرفتەکە دەگرێتەبەر. چونکە پێمان وایە ئەوە مامەڵەو دەرکێکی ناکۆمەڵایەتی و نا سیاسیە کە بڵێین نا بۆ ڕیفراندۆمی ناسیونالیستەکان وبەڵێ بۆ ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکان. کارێکی وا بەرخوردێکی ئایدیۆلۆژیگەرییە وکۆمەڵگاو ژیانی خەڵک بەدیار کارەساتەکانی کێشەی قەومیەوە دەهێڵێتەوە وفرسەتی زیاتریش دەدات بەدەست ئەحزابی ناسیونالیستیەوە تا یاری سیاسی خۆیانی پێوە بکەن.
هاوڕێ سامان کەبەتەنها ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکان بەڕیفراندۆم دەزانێ وئەوانەی تر

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش بەو حاڵەوە کە "کۆمۆنیستەکانی 2017 هێزی سێهەمی 1995 نەماون" ولەمەوقعی ڕابەریکردنی ڕیفراندۆمدا نین، بیەوێت یان نا کەوتوتە بازنەی سیاسەتێکی نا مەسئولانەو چاوەڕوانییە. سیاسەتێکی چاوەڕوانیە چونکە ڕوو دەکاتە ئێمەو خەڵکی کوردستان وپێمان دەڵێت: "بۆ ئەوەی نەبنە پاشکۆی ناسیونالیزم و ڕیفراندۆمەکەی مەسعود بارزانی چاوەڕێ بن تا کۆمۆنیستەکان کاتی ڕابەرایەتیان دێت! نامەسئولانەیە چونکە گرفتو کێشەکە بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ودرێژە بەدۆخی مەوجود دەدات. گریمان کەسانێک کۆمۆنیزمیان کردوە بە ئایدۆلۆژی خۆیان و لە ڕوانگەی وەفاداریان بە دینەکەیانەوە ڕیفراندۆمیان بەڕابەری کۆمۆنیستەکان لاپەسەندە، بەڵام بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتێکیش کە بەم مانایە کۆمۆنیزمیان هەڵنەبژاردوە، بە چ بەڵگەیەک دەبێ لەسەر ڕیفراندۆم بە ڕابەری کۆمۆنیستەکان ڕاوەستن؟ لەم بارەشەوە هاوڕێ سامان هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەوان ڕون نەکردوەتەوە!.

لەیەک ووتەدا هاوڕێ سامان ڕیفراندۆمی پۆلێن کردووە بۆ ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان، ئەمەش پۆلێنکردنێکی ئایدۆلۆژیە و ئەم جۆرە پۆلێنکردنە سیاسی و واقعی نیە. ڕیفراندۆم بە زەمینە و زەرورەتەکەی، بەو پرسیارەی دەیخاتە ڕوو، بە ئەلتەرناتیڤەکان کەخەڵک هەڵیدەبژێرێ، بەو پرەنسیپانەی کەبۆ بەڕێوەبردنی دەگیرێتەبەر و بەم جۆرە قابیلی هەڵسەنگاندنە، نەک ئەوەی کێ بانگەوازی بۆ کردووە وکێ هاتۆتە پای ..

هاوڕێی ئازیزم سامان زۆر بەسادەیی بیهێنە پێشچاوی خۆت وا فەرزکەین ڕۆژێک بارزانی وتاڵەبانی بەهەر نیەت و بەرژەوەندیەکەوە بێت بڕیاربدەن وبێنە پای ئەوەی بیمەی بێکاری وەیا بیمەی دەرمانی بەڕەسمی بۆ بێکاران وبیمارانی ئەم وڵاتە دەناسێنن، سائیتر بەهەر کەمو کوڕیەکیشەوە بێت، ئایا هەڵوێستی کۆمۆنیستی ئێوە ئەوە دەبێت کەبەخەڵکی بڵێین وەری مەگرن چونکە بارزانی وناسیونالسیتەکان مەبەستیان تێدا هەیە!..یان بەڕابەری کۆمۆنیستەکان نەدراوە؟ ئایا دروستە بەخەڵک بڵێین بۆ ئەوەی نەکەونە داوی پرۆژەی ناسیونالیستەکانەوە، چاوەڕێکەن تا کۆمۆنیستەکان ڕابەریان دەکەوێتە دەست؟ یان دورستر ئەوەیە ئەم هاتنە پاو ئەو بەڕەسمیەت ناسینە بەفرسەتێک بۆ دەخالەتگەری کۆمۆنیستی وەربگرین و تا ئەو شوێنەی پێمان دەکرێ وزۆرمان دەشکێ بۆ داسەپەندنی ئاستێکی گونجاو لەبیمەکان تێبکۆشێن وجەماوەری بۆ هەڵخرێنین، تابتوانین خەمێک لەبێکاران وئاهێک لەبێدەرمانی نەخۆشەکان کەمکەینەوە؟..

## ڕیفراندۆم، لە دوو بەیاننامەی جیای حزبدا،
## گرفتی هاوڕێ سامان لە کوێدایە؟

هاوڕێ سامان بەمەبەستی دۆزینەوەو نیشاندانی ناکۆکی لەسیاسەت وهەڵوێستەکانی حزبدا، لەمەڕ پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کەوتۆتە شوێن بەیاننامەکانی حزبەوە ولەمبارەوە نوسیویەتی:

"لەسەرەتای هاتنە پێشەوەی ئەم باسەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردوستان لە بەیاننامەی "ڕیفراندۆم، پرۆژە و هەوڵێکە بۆ جڵەوکردنی نارەزایەتی جەماوەری

کوردستان! بە دروست دژ بە ڕیفراندۆمی پارتی دەوەستێتەوە، دوای ئەوە کەمتر لە دوو مانگ تەواوی هاوکێشەکان لای حزب دەگۆڕێت لە دژەوە دەبێت بە بەشێک لەم پڕۆژەیە. حزب دەبێت بە خەڵک بڵێت لەکام هەلوێستیاندا ڕاستە و لەکامیاندا هەڵەیە." - هێڵەکان هی منن-

*بەدوای گەڕانەوەم بۆ ئەرشیفی بەیاننامەکانی حزب، لەڕاستیدا بەیاننامەیەکم نەبینی بەناوی "ڕیفراندۆم، پڕۆژە و هەوڵێکە بۆ جڵەوکردنی نارەزایەتی جەماوەری کوردستان!" هەروەک ئەوەی هاوڕێ سامان تایتڵی بۆ داناوە، بەڵام پێدەچێت مەبەستی ئەو هەر ئەو بەیاننامەیە بێت کەحزب لەمانگی نیسانیدا (7/4/2017) لەژێر ناوی" یاری کردن بەماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستان، مەحکومە!" دا، بڵاوی کردۆتەوە. بەتایبەتی کەئەو لەو تێکستەی سەرەوەیدا ئاماژە بە بەیاننامەیەک دەدات "کەمتر لەدوومانگ" لەچاو دواین بەیاننامەی حزبدا کەلە ناوەڕاستی حوزەیراندا بەناوی " بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە: ئەنجامدانی ڕیفراندۆم! " بڵاوکراوەتەوە". بەدەر لەم بەیاننامانە شتێکیتر وجودی نییە. بەدڵنیاییەوە مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە کەبڵێم ئەم نادەقیقیە لەناوهێنانی بەیاننامەکانی حزبدا، بۆ مەبەستێک بووە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە ڕاستی ئەو حوکمدانە نیشان بدەم کەهاوڕێ سامان داویەتی: واتە حزب لەبەیاننامەی یەکەمی خۆیدا "دژ بە ڕیفراندۆمی پارتی دەوەستێتەوە" وهەر"دوای ئەوە کەمتر لە دوو مانگ" لەبەیاننامەیەکی تردا، "تەواوی هاوکێشەکان لای حزب دەگۆڕێت، لە دژەوە دەبێت بە بەشێک لەم پڕۆژەیە"!.. ئایا ئەم حوکمدانەی هاوڕێ سامان ڕاست و واقعیە یان هەڵگەڕانەوەیەکە بەمەبەست، وەیاخود پەی نەبردن و دەرک نەکردنی جیاوازی نێوان هەلومەرجەکانی نێوان ئەو بەیاننامەیەیە؟. بەتایبەتی کە هێشتا دۆکۆمینتەکان لەبەردەستدا ماون. من نامەوێت تۆمەت ببخشمەوەو بڵێم "تەحریفێکی ئامانجدارانەیە" کەلە جەدەلی سیاسیدا زۆر جار پەنای بۆ دەبرێ، بەڵکو ئینتخاب ولێکدانەوەیەکی دڵخوازانەیە وەک ئەوەی ویستویەتی نەیارو پێچەوانە بە بۆچون و هەڵوێستەکانی خۆی بخاتە بەرامبەر بەخەڵکەوەو نوقمی زەلکاوی "بوون بەبەشێک لەپڕۆژەی پارتی"بکات. بەداخەوە هاوڕێ سامان نەیویستووە و نایەوێت کات و سەردەمی جیاوازی هەردوو ئەو بەیاننامەیەی کەئەو بەپێچەوانەو دژ بەیەک خویندنەوەی بۆ کردووە ببینێ. نایەوێت ئەوە ببینێت کەلەنێوان نیسان و حوزەیراندا- کەمتر لەدوومانگ وەک خۆی دەڵێت- چی گۆڕدراوەو هەڵوێستی لایەنەکان لەپەیوەند بەبابەتەکەوە کەپرسی ڕیفراندۆمە بەکوێ گەیشتووە، تا بەدورستی دەرک بە مەبەست و ئاڕاستەی دیاریکراوی هەریەک لەبەیاننامەکان بکات. کەوایە بۆچی حزب دوو بەیاننامەی لەسەر هەمان بابەت لەماوەی "کەمتر لەدوومانگدا" دەردەکات؟ ئایا بەڕاستی ناوەرۆکی ئەم دووبەیانە ئەوەندە دژ بەیەکن کە هاوڕێ سامان بینیویەتی؟*

بەیاننامەی یەکەم مانگی نیسان لەپەیوەند بەگەرم بوونەوەی دەنگۆی سازدانی ڕیفراندۆم وهەلایەکەوە بوو کەپارتی کەوتبووە پڕوپاگەندە بۆی. ئەوکات لە دەمی چەندین کەس لە ڕابەرانی پارتیەوە ڕاشکاوانە دەوترا کە ڕیفراندۆم بۆ جیابونەوە نیە و تەنها دەمانەوێ ڕای میللەتەکەمان بزانین.. حزب بەمەبەستی هوشیارکردنەوە وئاگادار کردنەوەی جەماوەر و بۆئەوەی ڕێگا نەدەن

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

یاری بە ئایندەیانەوە بکرێ ئەم بەیاننامەیەی دا. هەر لەوێشدا حزب پرسی ڕیفراندۆم وەک سیاسەتێکی پێشووی خۆی پێداگری لەسەر دەکاو پێشنیارەکانی خۆی بۆ سازدانی ڕیفراندۆم دەخاتەڕوو. ئەمە کورتەی مەبەست و ئاراستەی بەیاننامەی نیسانە. بەڵام لەپەیوەند بەبەیاننامەی حوزەیرانەوە دۆخەکە دەچێتە ئاستێکی تر، ئیتر "دوای کەمتر لەدوو مانگ" حزب وریفراندۆم دەکەوێتە"بازنەی کاتو شوێنی دیاری کراوەوە" بۆیە مانای تایبەتی خۆی وەردەگرێ، ئەویش ئەوەیە کەمەسعود بارزانی وپارتی راستەوخۆ لە ژێر گوشارێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا، کەئێمەش تیا بەشداربووین، لەدژی ئەوەی کە"ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە نییە"، هاتە پای سازدانی ڕیفراندۆم و بەپۆستەکەیەوە 25ی سیبتەمبەری دیاری کرد. دواتریش هەموو حزبەکان جگەلە ئێمەو گۆڕان و کۆمەڵ، پابەند دەکات بەم ڕاگەیاندنەی خۆیەوە، هەروەها دەزگای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوەو بڕیاری بودجە بۆ سازدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەدات. لەمەش زیاتر بارزانی ڕای گەیاند کە ڕیفراندۆم لەهەموو ناوچە کوردنشینەکاندا بۆ وەڵامدانەوەیە بەپرسیاری جیابونەوەو سەربەخۆیی ئا یان نا... پاشان ڕیفراندۆمێکی تر بۆ ناوچە جێناکۆکەکان کەئایا لەگەڵ عێراق دەمێننەوە یان لەگەڵ کوردستانی سەربەخۆ.. هەموو ئەم گۆڕانکاریە تازانە بوونە بنەما بۆ بەیاننامەی حوزەیرانی حزب. بەڵام دیسانەوە ئایا ناوەرۆکی ئەم بەیانە لەگەڵ ئەوی پێشوتر جیاوازیان هەیە؟. هەر دوو بەیانەکە لەڕووەوە کە لایەنگری بۆ ریفراندۆم وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد وخستنەڕووی هەلومەرجێک بۆ سازدانەکەی هاوبەشە، بەڵام بەیاننامەی حوزەیران بەوجۆرەی دۆخەکە چۆتە ئاستێکی تر کە ئاماژەمان پێدا، وردتر وڕۆشنتر، هەڵوێست دەگرێ وبەم جۆرەش تەجاوازی بەیانی پێشووتر دەکات، چونکە لەم بەیانەدا حزب دەبێ واوەتر لەئیفشاگەری و ئاگاهیدان زیاتر بڕواو بەڕۆشنی هەڵوێستی خۆی لەسەر جیابوونەوە یان مانەوە، واتە ئەو پرسیارەی کە لەڕیفراندۆمەکەدا مەترەح کراوە، بەخەڵک ڕابگەیەنێ وبنەماکانی ڕوونکاتەوە... ئەمە کورتەو هەقیقەتی هەردوو بەیانەکەیە. بەڵام هاوڕێ سامان بۆ چی ئەم دوو بەیانەی خستۆتە بەرامبەر بەیەکەوە؟ گرفتی ئەو لەکوێدایە؟

واقعیەت ئەوەیە کەهاوڕێ سامان لەبەیاننامەی نیساندا، "ئەنتی پارتی" و "ڕیفراندۆمی بارزانی" دەبینێ و لەوەی حوزەیراندا، ئەم"کۆکا کۆلایەی خۆی" نادۆزیتەوە، هەربۆیە پێمان دەڵێت بەیاننامەی نیسان "<u>دروست دژ بە ڕیفراندۆمی پارتی دەوەستێتەوە"</u>، بەلام "<u>دوای ئەوە کەمتر لە دوو مانگ تەواوی هاوکێشەکان لای حزب دەگۆڕێت لە دژەوە دەبێت بە بەشێک لەم پرۆژەیە</u>.".

کەوایە گرفتەکە دانی دوو بەیاننامە نیە، تەنانەت بە جیاوازیەکانیشیانەوە، بەڵکو گرفتی هاوڕێ سامان ئەوەیە کەئێمە لەیەکەمدا ڕیفراندۆم بەپرۆژەی بارزانی دەزانین و کەوتوینەتە شوێن "ڕیفراندۆمی کۆمۆنیستەکانەوە"و لەوەی دوەمدا پەشیمان بوینەتەوەو "ڕیفراندۆمی بارزانیەکانمان" هەڵبژارادووە! لەمەدا ئیتر ئێمە گوناهێکمان نییە. چونکە ئێمە ڕیفراندۆم ناخەینە خانەی ئەم دابەش بوونەوە..

## خەسرەو سایە

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، هاورێ سامان لەگەڵ ناکۆکیەکی تر بەرەورووو دەکاتەوە

هاورێ سامان بەرلەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەڵوێستی ڕەسمی خۆی لەسەر ڕیفراندۆم وجیابوونەوەی کوردستان ڕاگەیەنێت، ئەو لەپێشەوە نەزەری شەخسی خۆی بەیانکرد وحوکمی ناسیونالیست بون و پاشکۆیەتی بۆ بارزانی بەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا دەرکرد. بەڵام پاش دووهەفتە تێپەڕبوون بەسەر بڵاوبونەوەی بەیاننامەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا لەسەر ڕیفراندۆم وجیابوونەوەی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە 12ی تەموزی 2017دا ، بەیاننامەیەکی لەم پەیوەندەدا بڵاوکردەوە کە لەدوو سەرەوە پێچەوانەیە بەحوکم و بۆچونەکانی هاورێ سامان :

لەسەرێکەوە بەیانەکەی حزبی عێراق نەک هەر حوکمی ناسیونالیست بوون وپاشکۆیەتی بۆ ارزانی لەبەرامبەر هەڵوێستێکدا کەحزبی کوردستان لەڕیفراندۆمێکدا گرتویەتیەبەر، دەرنەبڕیوە، بگرە ڕاشکاوانە هاوپشتی لێبڕاوانەی خۆی بۆ حزبی کوردستان ڕادەگەیەنێ:

" كما ونعلن عن تضامننا الاممي الحازم مع الحزب الشيوعي العمالي في كوردستان وجماهير العمال والكادحين وجميع الشيوعيين في كوردستان في نضالهم ضد البرجوازية القومية الكوردية واحزابها الحاكمة في جميع ميادين النضال الطبقي. ".
هێڵەکان هی منن-

وە لەسەرێکی ترەوە بەیانەکە بەڕۆشنی وڕاشکاوانە، پێچەوانە بەو بۆچونەی هاورێ سامان دەدوێ کەدەڵێت: "ئەم ڕیفراندۆمە هی پارتیە وپەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە نیە"، وە ئەنجامگیری مەنتقیش لەم قسەیەی ڕەت کردنەوەی خودی ریفراندۆمە!، کەچی بەیاننامەکەی حزبی عێراق دوبارە بەڕۆشنی پێچەوانەکەی دەڵێت:

" ان حزبنا يؤكد على ان الاستفتاء حق من حقوق العمال والجماهير في كوردستان ونحترم راي الجماهير في كوردستان وندافع عنه مهما كانت نتجية الاستفتاء: استقلال او لا. يضاف الى ذلك نقف ضد جميع الافكار الشوفينية التي تروج بالضد من تمتع الجماهير بحق الانفصال واجراء الاستفتاء ونتصدى لمساعي القوى الاسلامية والقومية والحكومة المركزية لوضع العوائق امام اجراءه او الالتزام بنتائجه."- هێڵەکان هی منن-

ئەم دەربڕینانە کەلە پەیوەند بە ڕیفراندۆمێکی دیاریکراوە خراوەتەڕوو، نەک ریفراندۆم بە گشتی، بەپێویست هاورێ سامان دەخاتە بەرامبەر بەهەڵوێست وبۆچونی حزبەکەیەوە، یان وردتر بڵێم هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق دەخاتە بەرامبەر بەخۆیەوە. ئایا کرێکارو زەحمەتکێشێک کام سیاسەت و بۆچون بەکۆمۆنیستی وەربگرێ، بۆچون وهەڵوێستە شەخسیەکانی هاورێ سامان یان حزبەکەی؟. بەڵام من نازانم ئەوە ناوبنێم چی: خۆت نەزەرێکی شەخسیت هەیە وکردوتە بەپێوانە بۆ سادرکردنی حوکمی ناسیونالسیت بوون وپاشکۆیەتی بەسەر ئەوانی تردا، کەچی هەرخۆشت لەپشت بەیاننامەیەکەوە ڕادەوەستیت، کەبەعەکسی نەزەرە شەخسیەکانتەوە هەڵوێستی گرتووە!!.

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

### تەوەرەی سەربەخۆیی:

هاوڕێ سامان هەروەک لەسەرەتای بەشی دووەمی باسەکەیدا، ئیعلانی کردووە، کەمەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، بەلای ئەوەوە پێویستی بە پرۆسەیەکی دووبارە سەرنجدانەوە هەیە لە "تێزو تەوەرەکانی کە پەیوەندیان هەیە بەم باسەوە یان لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەگشتی وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ باس دەکرێن بە قازانجی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی"، لەم ڕاستایەشدا دەست بەگەشتێک دەکاو گەلێک بابەتی هەستیار وگرنگ هەڵدەکرۆزێنێ: "لەبارەی "هەلومەرج و قۆناغی دیاریکراوی مێژوویی"، "قۆناغی ئینقالی"،"پرسی دەوڵەت، دەوڵەتو سیادەت"، "لینین ومافی دیاریکردنی نەتەوەکان بۆ چارەنوسی خۆیان"-( کامانانە نەتەوەکان! و کام مافی چارەنوسەی خۆیان، ئایا لەئێستا دونیا لەگەڵ تەعمیمدانی چەمکێکی ئاوادا بەرەورووو ماوەتەوە، یان مەسەلەکە تەنها کێشەی کوردە!)- "دابەشکردنەوەی ناوچەکە وجیهان"، ئاڕاستەی سەرمایەو سەرمایەی گلۆباڵ.. چی بەقەڵەمەکەیدا هاتووە خستویەتیە سەر کاغەز وسەرەنجام ئەو حوکمە گشتیەی لێدەرکێشاوە کە"سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەت لەم قۆناغەدا ناسیونالیستیە"!! بەڵام ئەمە چۆن، بەداخەوە شتێکی ئەوتۆمان پێنالێت.. بەدڵناییەوە حوکمێکی ئاوا، نمونەی تیۆریەکی خۆڵەمێشی بێ پەیوەند بەواقعیاتی کۆمەڵگاو کێشەو گرفتەکانیەوە نیشاندەدات، هاوکات دانانی"سەربەخۆیی" و"دەوڵەت"پێکەوە، بەوشێوە ڕەهاییە لەخانەیەکی ناسیونالیستیدا، ڕێگا دەبەستێ لەوەی کە سەربەخۆیی لەچارەسەر کردنی کێشەیەکی نەتەوەییدا بەدروست و ئوسوڵی بزانرێ. بەڵام بەدەر لەم قسانەش، ئەگەر سەربەخۆیی بتوانێ وەک ڕێگایەکی واقعی بۆ چارەسەری کێشەیەکی قەومی وکۆتاییهێنان بەرقەبەری وخوێنڕێژی قەومی هەتا ئەگەر بەپێی مەنتیق دەوڵەتێکی ناسیونالسیتیشی لێبکەوێتەوە، چ خراپیەکی هەیە وبۆچی دەبێ حوکمی ناسیونالیست بوونی بەسەردا بدرێت. ئایا تیۆرێکی ئاوا بەزیانی کۆمەڵگاو خەڵک نابێت؟.

لەمەسەلەی فەلەستیندا، ئەگەر ڕۆژێک بڕیاردرا ڕیفراندۆمێک بکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی فەلەستین، ئایا خواستی سەربەخۆیی ودامەزرانی دەوڵەت ناسیونالیستیە؟ ئەگەر نا ئەدی ڕێگاچارە چیە؟ ئەگەر نا ناسیۆنالسیتانە نیە کەوایە حوکمێک کەهاوڕێ سامان تەعمیمیداوە، چ کەڵکیکی هەیە. بەڵام هاوڕێ سامان پێویستی بەم تیۆرو حوکمە نەسەلماوانە هەیە، چونکە بۆ ڕەتکردنەوەی مەسەلەی کورد پێویستی پێیەتی. بەتایبەتی کەئەو دواتر لەپەیوەند بەکوردستانەوە حوکمەکەی بەدەستەوە دەگرێ و دەپرسێ " کەواتە هەموو ئەم باسانە پەیوەندی چییە بە "مەسەلەی سەربەخۆییەوە" لە کوردوستان؟! ئایا ئاڕاستەی سەرمایە لەم هەلومەرجە دیاریکراوەدا شتێکی دیکەی جیاواز دەخاتە سەر باسەکانی مارکس وە لینین یان مەنسور حیکمەت.".. هەرخۆی وەڵام دەداتەوە:

"لەم بارەوە پرسیارگەلی دیکە دێتە پێشەوە بەتایبەت ئەگەر باسی مەنسور حیکمەت وەک دوا باسێکی گونجاوی مارکسیستی لەم بارەوە لە قەڵەم بدەین. 22 ساڵ لەمەوبەر

## خەسرەو سایە

باسەکەی مەنسور نوسراوە، ئەوکات جیهانی سەرمایەداری بە کام قۆناغی خۆیدا تێپەڕ دەبوو، وە ئێستا چۆنە؟! ئایا ئاڵوگۆڕە گەورەکانی ئەم دوو دەیە کامانەن کە کاریگەری دەکەنە سەر ئەم باسەی ئێمە و پەیوندییان هەیە پێوەی؟! وە ئایا کاریگەری دەخەنە سەر باسی "مەسەلەی نەتەوەیی" یان "مافی دیاریکردنی چارەنوس" و "سەربەخۆیی" لە کوردستانی عێراق... ؟! هەروەها ئایا پەیوەندی نێوان "نەتەوە" و " ناسنامەی نەتەوەیی" و هەروەها پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و نەتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە کوردستاندا؟! لەم چوارچێوەیەدا پۆینتی کۆنکرێت و دیاریکراو لە باری مێژوویی یەوە چیە کە ئێمە ناچار دەکات هەڵوێستە و تێرامانێکی زیاتر بکەین لەم هەلومەرجەدا بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی عیراق؟!"

باسی "میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی" مەنسور حیکمەت، باسێکی تیۆری سیاسی چڕووپڕە لە پەیوەند بە کێشەی نەتەوەیی و"مافی دیاریکردنی چارەنوس" کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ درکی ڕۆشن نیشان دەدات لە تێگەیشتنی هەلومەرجی ئەوکاتەی سەرمایە و سەرمایەداری و جێگا و ڕێگای سەربەخۆیی و جیابوونەوە و پێکهاتنی وولاتی نەتەوەیی بۆ سەرمایە لە ئاستی جیهانیدا. "

ئەم قسانەی سەرەوە لەگەڵ ئەوەدا ئێمەی لەگەڵ کۆمەڵە پرسیارو تێرامان و گومانێکدا بەرەوڕوو کردۆتەوە، کەچی بەبێ ئەوەی خودی هاوڕێ سامان خۆی وەڵامیان پێبداوەتەوە یەکسەر دێتە باسی مەنسور حیکمەت ودەڵێت: "سەربەخۆیی ئەمڕۆ دژە سەربەخۆیی مەنسور حیکمەت"ە! ئەمەش حوکمێکی قەتعیترە! بەڵام دیارە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ" سەربەخۆیی کوردستان وەک وەڵامێک بەمەسەلەی کورد لەعێراقدا، ناسیۆنالسیتی وبەسەرچووە!.. کەوایە بابزانین چۆن لەم حوکمە قەتعیەیدا مەنسور حیکمەت وخواستی سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەت لەکوردستانی عێراقدا دەخوێنێتەوە؟

### مەنسور حیکمەت و هێزی یەکەم و هێزی سێهەم:

هاوڕێ سامان تێگەیشتنێکی هەڵە لە مەنسور حیکمەت، سەبارەت بەخواستی سەربەخۆیی، داوە بەدەستەوە، چونکە پێیوایە مەنسور حیکمەت لەسەر بنەمای گۆڕینی هێزی سێهەم بۆ یەکەم داکۆکی لەم خواستە کردووە، ئەوەتا بەڕۆشنی دەڵێت:

"باسی مەنسور ئەگەر باسی گۆڕینی هێزی سێهەم بۆ یەکەمی لێدەربکێشێت، نامێنێت، یان ئیتر باسی ئەو نیە، بەڵکو باسێکی دیکەیە کە سەربەخۆیی خوازە. پەیوەندی نامێنیت نە بە مەنسور حیکمەتەوە ونە بە ساڵی 1995 وە. مەنسور حیکمەت بەبێ بوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی وەک هێزی سێهەم وە لە هەمانکاتدا و بە پێچەوانەی ئێستاوە، سیاسەتێک بوو کە ڕاستەوخۆ یەخەی هێزەکانی ناسیونالێزمی دەسەلاتداری کوردی دەگرت و دەیهێنانە خوارەوە، بەبێ ئەو واقعیەتە و پایە کۆمەلایەتیەکانی، لە ڕوانگەی مارکسستیەوە تاکتیکی سەربەخۆیی پێشنیاز نەدەکرد" – هێڵەکان هی منن –

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

هەروەها وا دەبینێت لەئێستادا کەهێزی کۆمۆنیستی لاوازەو "ئەو پایە گرنگە- واتە هێزی سێهەمە" لەئارادا نییە ئەوا، سەربەخۆیی وجیابوونەوە داوایەکی ناسیۆنالیستیە و" هەڵەیەکی کوشندەی سیاسیە و برەو بە ناسیۆنالیزم دەدات، لە ڕێگای پاشکۆکردنی کۆمۆنیزمەوە بە هێزێکی ناسیۆنالیستی"..

ئەم خوێندنەوەیە سەرلەبەر هەڵەیە بۆ تەرحێک کە مەنسور حیکمەت لەسەر کێشەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی بەناوی کێشەی کورد کردویەتی. ئەوە ڕاستە کەباسی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، لەلای حیکمەت لەگۆشەیەکی خۆیدا، پەیوەندی هەیە بەتاکتیک و گۆڕینی هێزێکی کۆمۆنیستی بۆ هێزی یەکەم. بەڵام لەمەشدا بەو جۆرە نییە کەسامان باسی لێوە دەکات، بەڵکو بۆ حیکمەت لەبنەڕەتەوە مەسەلەی گۆڕینی هێزی سێهەم بۆ یەکەم بەمانای دەرکێشانی حزبێکی ئیفشاگەر و ڕەخنەگری ناسیۆنالیزمە بەرەو حزبێک سیاسی، بەمانای تێپەڕینە لەگروپی فشارەوە بۆ حزبێکی کۆمەڵایەتی، کەلەپەیوەند بە وەڵامدانەوە بەمەسەلە وگرفتە سیاسیەکانی کۆمەڵگاوە وبەگرتنەبەری ڕێگاچارەی واقعی ئەتوانێ ئیستراتیژی گەیشتن بەسۆشیالیزم بباتە پێشەوە. لەمەش زیاتر مەنسور حیکمەت هەرگیز باسی ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی نەخستۆتە گرەوی ئەوەوە کەدەبێ حزب ببێت بەهێزی یەکەم ئەوجا تەرحێکی کۆمۆنیستیە، ئەگەر نا ئەوا ناسیۆنالیستیە، هەروەک هاوڕێ سامان بەحرسەوە پێداگری لەسەر دەکات، بەڵکو بۆ حیکمەت <u>وەک ڕێڕەوێک</u> بۆ بەهێز بوونی ڕەوتی کۆمۆنیستی وحزبەکەی سەیرکراوە. تەنانەت مەنسور حیکمەت لەهیچ شوێنێک نەی وتوە دەبێ ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی بەڕابەری کۆمۆنیستەکان بکرێت ئەوجا سیاسەتێکی دروستە، چونکە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لەژێر حوکمی تەوازنی هێزە چینایەتیەکانی کۆمەڵگاو ڕۆڵی حزبەکاندایە. سەرەنجام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کەهاوڕێ سامان لەداشکاندنی باسی سەربەخۆیی مەنسور حیکمەتدا گرتویەتیە بەر و بەتەنها بۆ باسی"تاکتیک وهێزی یەکەم" هێناویەتیە خوارەوە، مەسەلەی بەرپرسیارێتی کۆمۆنیزم بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی سەر ژیانی خەڵک، پێشڕەوی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەباتی چینایەتی.. ئەمانە بنەما و پێوانەی دەخالەتگەری حیکمەتن لەداکۆکی کردنیدا بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق. هاوڕێ سامان کەریم دەبێ چی بڵێت کاتێک حیکمەت بەهەمان شێوە لەبەرامبەر چارەسەری کێشەی فەلەستیندا، داکۆکی لەخواستی سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەلەستینیەکان دەکات، لەکاتێکدا نەک هێزی سێهەمێکی کۆمۆنیستی، بەڵکو حەوتەمو دەهەمیش وجودی نییە؟

بێگومان منسور حیکمەت وەکو ڕابەرێکی کۆمۆنیست لە خستنەڕوی هەر سیاسەت و تاکتیکێکدا، لە بیری ئەوەدا بووە کە چۆن حزبەکەی پێ بەهێز بکات، بەڵام ئەو دور لە ئایدۆلۆژیگەری، پێی وابوو کە کۆمۆنیزم لە ڕێگای وەڵامی گونجاو بە کێشەکانی کۆمەڵگاوە دەتوانرێ، وەکو ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی، لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. ئەو پێی وابوو ڕێگای گونجاو و کارساز بۆ ئەوکاتەی کوردستان جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەدەر لەوەی کە پێگەی هێزی کۆمۆنیست لە ساحەکەدا چۆنە؟ هاوکات ئەوەشی دەبینی کە کۆمۆنیستەکان باسی تەبدیل بوون بە هێزی سێهەم

دەکەن، ئەو وتی ئێستا ئێوە خۆتان هێزی سێهەمن، بەڵام ئەمە وەڵامدەرەوەی دۆخەکە نیە، ئێوە دەبێ ببن بە هێزی یەکەم، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ وەڵامێکی کارساز بەگرفتی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان بدەنەوە، بەم جۆرەش واتای بەهێزبونی کۆمۆنیزم و جیابونەوەی کوردستان لە روانگەی ئەوە لێکهەڵپێکران، بەڵام بە هیچ جۆریک ئەم دوو بابەتە لازم و مەلزومی یەکتر نەبون بەوجۆرەی هاورێ سامان باسی دەکات. بەڵگەی رۆشنتریش لەم پەیوەندەدا، ئەوەیە کە ریفراندۆم و مافی جیابونەوە بەندێکی بەرنامەییە لە بزوتنەوەی ئێمەدا، رەنگە لە هەلومەرجی جیاجیادا پێشنیاری ئێمە بۆ خەڵکی کوردستان بگۆردرێت کە لە ریفراندۆمدا خەڵک دەنگ بەچی بدەن؟ بەڵام خودی ریفراندۆم مافی جیابونەوە بەدەر لە هەلومەرج لە جێگای خۆیەتی.

## مەسەلەی کورد و خواستی جیابوونەوە.. چی گۆڕدراوە؟

هاورێ سامان بەدروست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: "ئەمرۆ لەم قۆناغەدا ئەگەر واز لە تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی دیکە بهێنین، لەهاوین و پایزی 2017دا، هیچ پایەیەک لەو پایانەی مەنسور حیکمەت بوونی نەماوە". واتە نەستەمی نەتەوایەتی و نە سەرگەردانی سیاسی. لەلایەکی ترەوە ئەو باس لەو فاکتۆرانە دەکات کە روویان داوە لەوانە شەڕی داعش، سیاسەتەکانی ئەمریکا، بەهێزبوونی پارتی... بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەموو گۆرانکاریانە مەسەلەی کوردیان کۆتایی پێ هێناوە یان نا؟ لەوەڵامدا هاورێ سامان نەک هەر بڕوای وایە کەهێشتا کێشەی کورد هەر ماوە بەڵکو "کێشەکە بەفراوانی ماوە"، کەوایە ئیتر هەر ئاڵوگۆڕێک هاتبێت، ناتوانێت خۆبەخۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی رەت بکاتەوە  ولە دەستوری کۆمۆنیستەکانی دەرکێشێت. بەواتایەکی تر کاتێک دەتوانرێ بڵێین زەمینەی ریفراندۆم و سەربەخۆی نەماوە، <u>کەخودی کێشەکەی کورد نەمابێت</u>، لەم حاڵەتەشدا ئەکرێ بڵێین کەریفراندۆم و سەربەخۆیی، مەوزوعیەتیان نەماوە. بەڵام مادام ئاڵوگۆڕەکان مەسەلەی قەومیان چارەسەر نەکردووە ئیتر ناکرێ هەر بڵێیت ئاڵوگۆڕ رویداوە وریفراندۆم وسەربەخۆیی شوێنی نەماوەو بۆتە سیاسەتێکی ناسیونالیستی! ..لەنەزەر کۆمۆنیستەکانەوە ریفراندۆم وسەربەخۆیی وەک رێگا چارەیەک بۆ کێشەی قەومی هەموکاتێک مەترەحە تا ئەوکاتەی مەسەلەی قەومی لەئارادا مابێت.. ئێمە لەم هەلومەرجەدا کەباس لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین باسیش لەوە دەکەین کەچی گۆڕاوە ولەسەر ئەو بنەمایەش داکۆکی لەسیاسەتەکەمان دەکەین، ئێمە رۆشن وتومانە ستەمی میللی نەماوە بەڵام ناکۆکی و رق و کینەو کێشمەکێشی میللی و ناسیۆنالسیتی قوڵتربۆتەوە، هەروەها سەرگەردانی نەماوە بەڵام گێژاوی فیدراڵیزمی قەومی ماوە کە ئەلگۆیەکە بۆ بە ئەبەدی کردنی شەڕو کێشەی قەومی لەسەر هەموو بستە زەوی و تەپۆڵکەیەک. (دواتر لەمبارەوە زیاتر دەدوێم) بۆیە ئەم کێشەیە چارەسەری دەوێت و چارەکەشی ریفراندۆم و لە ئێستادا جیابونەوەیە. بەڵام ئەوە هاورێ سامانە کەهەر دەڵێت گۆڕاوە، گۆڕاوە!.. بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت چ شتێک لەمەسەلەی کورد گۆڕاوە تا گۆڕان لەسیاسەتماندا بگرینەبەر؟!.  تەنها قسەیەک کەئەو لەم پەیوەندەدا دەیکات ئەوەیە کە:

" ئەگەر ئەمساڵ ٢٠١٧ ئەو ریفراندۆمە لە جیاتی پارتی، <u>حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی</u>

پێشنیازی بکردایە، (وەکو ئەوەی هەرگیز پێشنیازی نەکردبێت!) هێزی هەبوایە کە دەتوانێت لایەنی کەم بیکاتە هێزیکی کۆمەلایەتی، ئەنجامەکەی هەر چۆنێک بوایە ئەوکات باسەکە بەتەواوی دەگۆرا. ".. بۆیە ئامادەشم هەر" بەم مانایە .. بەهەردە پەنجە واژۆی بۆبکات!!..
– هێڵەکانو نوسینی ناوکەوانەکەن هی منن–

بەم جۆرە هاوڕێ سامان لەگەڵ ئەوەدا دەڵێت بنەماکانی مەنسور حیکمەت نەماوە وگۆران ڕویداوە، جارێکی تر ئێمە وخەڵک بەرامبەر بەکێشەیەک کەبوونی هەیە، هەواڵەی "ڕابەری کۆمۆنیستی" دەکاتەوە!. ئەمە جەوهەری سیاسەتی کۆمۆنیستی ئەوە بەرامبەر بەسەربەخۆیی و مەسەلەی کورد؟

بەلام بەدەر لەو بێ ئەلتەرناتیڤیەی کەهاوڕێ سامان تێیکەتووە، پرسیاری ئەوەی کەچی گۆڕاوە، وە ئایا هێشتا خواستی سەربەخۆیی وەک وەلامێکی دروست بەمەسەلەی کورد لەشوێنی خۆیدا ماوە؟ بەپێویست نەزەری ئێمەش دەخوازێ:

بێگومان بەدەر لەنەمانی ئەو بنەمایانەی کەپێشتر بۆ باسی سەربەخۆیی خراونەتەڕوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کەبۆرژوازی کورد بەدەسەلاتی خۆی گەیشتووە وڕاستەوخۆ هاولاتیانی بندەستی خۆی دەچەوسێنێتەوە، بەلام دیسانەوە مەسەلەی کورد لەشوێنی خۆیدا باقیە ودەبێ وەلام وەربگرێتەوە. مەسەلەیەک کەلەپەیوەند بەدەولەتی عێراق وفیدرالیزمێکی قەومی و دابەشبوونە تایەفەگەریە دینیەکانەوە، کێشمەکێشی نێوان ناسیونالیزمی کوردو عەرەبی لەحالەتێکی تەقلیدیەوە گۆڕیوە بۆ زەلکاوێک لەتەفرەقەی قەومی کەهەردوولا لەسەر حسابی ژیان و ئارامی کۆمەلایەتی خەڵک لەسەری دەلەوەڕێن. ستەمی قەومی نەماوە، بەلام ناکۆکی قەومی لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدرالی قەومی کەدابەشبونی قەومی و ناسنامەی عروبی/ئیسلامی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالسیتەکانی لەهەر دوو سەرەوە خستۆتە جەنگ و دەعوای نەبڕاوەی قەمیەوە، بەپێویست ئینتگراسیۆن وپێکەوە ژیانی ئارامی نێوان هاولاتیانی کوردو عەرەب زمانی لەبەین بردووە. سەرگەردانی نەماوە بەلام گێژاوی سیاسی فیدرالیزمی قەومی لەئارادایە، ئەمە بەمانای ئەوەی کەکوردستان لەچوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی گرێ دراوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەبەرئەنجامی جەنگو ململانێی هێزە دینیو قەومیەکان، بەکردەوە خەڵکی عێراقی بەسەر ناوچەکانی کوردو سوننەو شیعەدا دابەشکردوە وناسنامەی قەمی بەنێو چاوانی خەڵکی کوردستانەوە چەسپاندووە. لەلایەکی تروە جێگاو ڕێگای کوردستان، ئەگەرچی لەڕووی قانونیەوە بەشێکە لەعێراق، بەلام لەسەر ئەرزی واقع، دووفاکتۆ سەربەخۆیە، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا، دەوڵەتێکی بەڕەسمیەت ناسراو بێت، بەڵکو هەمیشە وەک تابع وبەشێک لەدەوڵەتێکی فیدرالی شکستخواردوو، چاوی لێدەکرێ... ئەم واقعیەتانەش نەک هەر کۆمەلگای کوردستانی لەگێژاوێکی سیاسیدا چەقاندووە، بەلکو ژیانو چارەنوسی خەڵکەکەی سپاردووە بە دیبلۆماسی ودەلالی وقاچاغچێتی حزبە ناسیونالیستەکان. لەسەر ئەم بنەمایانەیە کەئێمە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بەڕێگا چارەی مەسەلەی کورد دەزانین. .. بەلام بەداخەوە هاوڕێ سامان نەک هەر بەلای ئەم واقعیەتانەدا ناچێت، بگرە هێندە دۆخەکە تیۆریزە دەکات، کەئیتر

**خەسرەو سایە**

جێگایەک بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی، لای کۆمۆنیستەکان نەماوە، وەهەر ئەمەشمان بەعینوانی  سیاسەتی کۆمۆنیستی دەربارەی مەسەلەی نەتەوەیی پێشکەش دەکات.

**ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی، دوێنێ و ئەمڕۆ هاوڕێ سامان خۆی گۆڕراوە!**

سێ ساڵ بەر لەئێستاو لەبەرواری 16/7/2014، دا هاوڕێ سامان وتارێکی بەناوی "جیابونەوەی کوردستان، سیاسەتێکی کۆمۆنیستی!"، بڵاوکردەوە. ئەوکات کەسەرەتای هەڵایسانی شەڕی داعش وداگیرکردنی موسڵ بوو، ئەو لەپەیوەند بە باسی ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستانەوە، کۆمەڵە بۆچونێکی خستەڕوو، کەئەگەر بەدەر لە هەلومەرجی ئەوکات کە جەنگەکەو داعش هێنابویە کایەوە وەرگرین، ئەوا بەتەواوی بۆچونگەلێکی دروستن وجێگای پەسەندی کەسانێکی وەک منیشە. گرفتی ئەوباسەی ئەوکاتەی هاوڕێ سامان لەوەدایە کە ئەو دۆخەکەی نادیدە گرتبوو، کە تێیدا ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ بارزانی ڕوپۆشی هودنە و تەفاهومێک بوو لەگەڵ داعش بە نێوانگیری تورکیا و ئۆردۆگان کە بەو جۆرەی ئەوکات بارزانی تەعبیری لی کردو وتی "داعش لەگەڵ کورد کێشەی نیە و ئێمەش لەگەڵ داعش کێشەمان نیە، داعش ناوچەگەلێکی گرتوە و ئێمەش لەم فرسەتەدا ناوچە کێشە لەسەرەکان ئازاد دەکەین و ئیتر مادەی ١٤٠ کۆتایی پێدەهێنین." لە چوارچێوەی ئەم هودنەیەدا شنگالی پێشکەش بە داعش کرد و بە هێزی پێشمەرگەش کەرکوکی کۆنترۆڵکردەوە. واتە ئەوکات بە پێچەوانەی ئێستاوە کە دەڵێ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە ڕای ئازادانەی خۆیان چارەسەر دەکەین، ئەوکات بە هێزی چەک یەکلای کردەوە.

جگەلە مەش، ئەو بابەتانەی کە ئێستا هاوڕێ سامان کردویەتی بە بەڵگەی ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و دەڵێ بارزانی بۆ گەوجکردنی خەڵک ئەم کارتە بەکار دەهێنی، ... بە زیادەوە هەمووی لەوکاتەدا لەئاردا بوون: لە کەپیتاڵیزمی گلۆباڵەوە تا دەورەی ئینتقالی و ڕەوتی مێژوو، تا برسێتی و نارەزایەتی خەڵک، هەروەها ئەو ڕیفراندۆمەی ئەوکاتیش کەهاوڕێ سامان لایەنگری بوو هەر بارزانی و پارتی بانگەوازیان بۆ کردبوو. هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن کەبارزانی و پارتی ئەوکات و ئێستاش هەر یەک بابەتن... ئێستا بەدوای ئەم سەرنجانە باشترە بەشێک لەو بۆچونانە بخەمەڕوو کەلەزۆر ڕووەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێستای بەڕیزیاندا، ناکۆک ودژایەتی هەیە. سەرەتا هاوڕێ سامان لەو وتارەدا دەڵێت:

"<u>دوو بیرکردنەوە</u> لە نیو بزوتنەوەی " کۆمۆنیزمی کرێکاریدا" یان دوو جۆر لە باسکردن لەم ماوەیەدا سەرنجی ڕاکێشام لە <u>پەیوەند بە باسی ریفراندۆم و جیابونەوەوە</u>. کە پێم وایە بەشیکی زۆری نارۆشنیەکان وە دواجار دەرهاویشتە سیاسیەکانی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت:

یەکەم: <u>باسی جیابونەوەی کوردوستان و ریفراندۆم دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا و مانای دابەشکردنی عێراقە بەسەر سوننە و شیعەو کورددا.</u> (ئەم بۆ چونە ئێستا هاوڕێ سامان خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی خواستی جیابوونەوە پەنای بۆبردوە!!) ئەم ڕوداوانە زۆر لەباسی جیابونەوە گەورەترن و پەیوەندی هەیە بە دوبارە

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

دارشتنەوەی خەریتەی سیاسی ناوچەکەوە. دەبێتە هۆی لغاو بەربونی ڕەوتە کۆنەپەرستە قەومیو ئیسلامیەکان .هتد

دووەم: من جیابونەوەم ناوێت بە مەرج نەبێت(هاوڕێ سامان هەرخۆشی بەمەرجەوە باس لەسیاسەتی کۆمۆنیستی دەکات!) ئەمەش تیروانیەیکی دیکەیە واتە جیابونەوەی کوردوستان کاتێک جێگای قبولە کە دەوڵەتێک بێتە کایەوە کە سکولار، موتەمەدن، مافەکانی کرێکار و ژنان بپارێزێت و دەوڵەتی " هاوولاتی" بێت یان "دەوڵەتی کوردی " نەبێت.. یان ئەمە سیاسەتی ناسیونالیستەکان و پارتییە! - هێڵەکان و نوسینی نێو دوو کەوانەکان هی منن-

دواتر هاوڕێ سامان وەڵامی بۆچوونەکان دەداتەوە:

"پۆینتی لێوە هەستانی هەردوو بۆچوونەکە، لەباری تێڕوانینی سیاسیەوە هەڵەیە. .."

" ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بە بڕوای من دیسان جیابوونەوەیە.. بەڵام پێش ئەوە با برێک لە سەر بۆچوونی دووەم قسەیەک بکەین. باسی دەوڵەت و ناوەرۆکی دەوڵەت باسی ریفراندۆم نییە،.( بەلام ئەمساڵ باسەکە لای هاوڕێ سامان بۆتە - ڕیفراندۆمی پارتیو دەوڵەتی کوردی!!)، باسی دەوڵەت و ناوەرۆکی دەوڵەت باسێکە وە کارێکە لەدەرەوەی ریفراندۆم و پەیوەندی هەیە بە هاوسەنگی هێز لە پێش و دوای ریفراندۆم. ئەوەی کە دەوڵەت لە کوردستان دەوڵەتێکی کوردی یان کوردی کۆنەپەرستە، یان دەوڵەتێکی موتەمەدن و عەلمانی و دەوڵەتی هاوولاتییە واتە دەوڵەتی هەموو ئەوکەسانەیە کە لە کوردستان دەژین و دەستورەکەی دەستورێکە کە کە لە جیاتی نەتەوە ناوی زمانەکان دەبات و هەموو زمانەکان بەرەسمی دەناسێت و دین جیایە لە دەوڵەت. یان دوای ریفراندۆم ڕاستەوخۆ تەنانەت پێش ئەوەی ناوەرۆکی هیچ دەوڵەتێک دیاری دەکرێت شۆڕشی کرێکاری دەکرێت، یان نا دەوڵەتێکی ئیسلامی پێک دێت. هەموو ئەمانە پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزەوە هەیە. هاوسەنگی هێزی چینایەتی نێوان چینی کرێکارو چینی بۆرژوایی، دواتر هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزە بۆرژواییەکان خۆیاندا، هەروەها لە ئاستی ناوچەیدا. ریفراندۆم مەرجی لەگەڵدا نییە (بەداخەوە بەڕێزتان ئەمساڵ بۆ ڕیفراندۆم مەرجتان بۆ داناوە!!) و کێشانی باسی ریفراندۆم بۆ ماهیەتی دەوڵەت هەڵەیەکی سیاسییە و پەیوەندی نییە بە میکانیزمێکەوە بۆ چارەسەری کێشەکە. لەم باسەدا دیسان لاوازی خۆمان دەبێتە خاڵێک بۆ هەڵوێستی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە (بەداخەوە ئەمساڵ لاوازی خۆمان بنەمای هەڵوێستگیریەکانتانە لەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی!!)"

هاوڕی سامان پێشبینی دەکا ودەڵێت:

"باسەکە ئەوەیە گریمان لە چەند مانگی ئایندەدا بۆرژوایی کورد ریفراندۆم دەکاتە واقعێک کە من بەدوری دەزانم (پێشبینەیەکەت ڕاست دەرچوو، هاوڕێ سامان بۆرژوازی کورد دوای 3 ساڵ هاتۆتە پای ڕیفراندۆم).. لە دوا لێکدانەوەدا هەڵوێستی کۆمۆنیستی چییە

لەسەری؟! مەبەستم ئەوەیە پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە ململانێ و خەباتی سیاسی تێپەر دەبێت لەسەر ریفراندۆم رەخنەگرتن لە کەموکورییەکان.. دوای ئەوە چی؟! یان بەڵێ و بەشداریکردنە بەو سەرنج ورەخنانەی کە بوتە پێشتر یان " نا " و رەتکردنەوەی ریفراندۆمە و موقاتەعەکردنیەتی لەوە تێناپەرێت.( زۆر ڕاستە.. بەڵام ئێستا وانەماوە!) لە حاڵەتی بەشداریکردندا دیسان بەڵێ و نایە  بۆ جیابونەوە یان بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا لە هەموو ئەم بەڵێ و نایانەدا باسی ناوەرۆکی دەوڵەت نییە.
باسی پەیدا بوون یان نەبوونی وولاتێکی تازەیە. لە مانگی سێپتمبەردا لە ئیسکۆتلەندا ریفراندۆم دەکرێت کەسێک باسی ئەوەی نییە کە ناوەرۆکی دەوڵەتێک کە مومکنە پێک بێت چی یە!! باسی جیابونەوە یان مانەوەیە لەگەڵ بەریتانیا. باسەکە دەبێتە ئەوەی کۆمۆنیستەکان سیاسەتیان چی بێت ئەگەر ریفراندۆمێک بکرێت و گریمان لە ٦ مانگی داهاتودا؟ دیارە ئەوە گریمانەیە. سیاسەت مانەوە بێت لە چوارچێوەی عێراقی ئێستادا؟ یان جیابونەوە بێت؟ هەموو باسەک ئەوەیە. کامیان بە قازانجی کرێکارە وەکو چینێک؟! رزگار بونی بەشێک لە چینی کرێکار لە ئاگری تیرۆر کارێکی خراپە، ئەگەر نەتوانێ هەمووی رزگار بکەیت؟! کۆتاییهێنان بە هەراو شەڕو توندکردنەوەی نەتەوەپەرستی کارێکی خراپە؟
(ئەی هاوڕێ سامان ئەمساڵ بۆچی جیابوونەوە خراپە بۆ کۆتاییهینان بەهەراو شەڕو توندکردنەوەی نەتەوەپەرستی!!)
من پێم وابیت نابێت کۆمۆنیزم چاوەڕێی ئەوە بێت کە ناسیۆنالستەکان جاڕی ریفراندۆم بدەن، دەبێت وە هەر ئێستا کار بکرێت بۆسەر خستنی پرۆسەی ریفراندۆم و کردنی ئەم پرسە بە پرسی ڕاستەوخۆی خەڵک و دەرکێشانی لە دەست ناسیۆنالیستەکان، (بەڵام هاوڕێ سامان ئەی بۆ ئەمساڵ ئەم جۆرە هەوڵادانە بۆتە خۆشخەیاڵی وردە بۆرژوازی.. یان ئەوەی لای ئێوە کەسێک لایەنگری بەشداری کردن بێت بۆتە پاشکەوتنی بارزانی و ناسیۆنالیستی!! پێدەچێت بەڕای هاوڕێ سامان لەم دوو ساڵەی دواییدا زەمینەو پێوسیتی باسی جیابونەوەی منسور حیکمەت نەمابێت!!) بە" بەڵێ" یەکی گەورەوە بۆ جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەت تیایدا. بەتایبەت کۆمۆنیستەکان پێس نزیکەی ٢٠ساڵ ئەم پێشنیارەیان بووەو لەسەر ئەمە دادگایی کراون و دەرگیری شەڕ بوون.
لە کۆتاییدا چەند دێرێک لەسەر ئەوەی کە جیابونەوە و ریفراندۆم سیاسەتی ناسیۆنالیستەکانە یان پارتییە!! مومکنە وابێت من تا ئێستا وای نابینم، پارتی خەریکی پێکهێنانی حکومەتە لە بەغداو لە ١٥ی مانگەوە هێزە ئیسلامی و قەومیەکان ڕێککەوتون لەسەر پێکهێنانی حکومەتی بەغدا . بەڵام گریمان وایە. ئەوکات یەکەمجار نابێت لە مێژوودا کە سیاسەتی کۆمۆنیستی و سیاسەتی بۆرژوایی لە یۆینتێکدا یەکبگرن.
باسەکە ئەوەیە پارتی ئەم سیاسەتەی بۆ چییە، وە تۆ وەک کۆمۆنیستێک بۆ چیتە؟! ئەو بەکام شێوازە لە کار سیاسەتەکەی دەباتە پێشەوە تۆ بەکام شێواز؟ هەموو باسەکە ئەوەیە ئایا ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان توانیومانە ئیرادە بگەڕێنینەوە بۆ خەڵک  - هێڵەکان

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

ونوسینی نێو کەوانەکان هی منن-

بێگومان هاوڕێ سامان ئازادە لەوەی دوێنی چۆنی بیرکردۆتەوەو ئەمڕۆش چۆن بیردەکاتەوە، تەنانەت ئەو ئازادە دووبارە سەرنجدانەوە، نەک هەر لەبەرامبەر بۆچوونەکانی خۆیدا بگرێتەبەر، بەڵکو بەهەموو باوەڕەکانی مەنسور حیکمەت وکۆمۆنیزمی کرێکارێدا بچێتەوە، ئەمە هیچ گرفتێکی تێیدا نییە، بەڵکو ئەوەی گرفتە دانی دوو سیاسەتی جیاوازو دژبەیەکە، لە ماوەیی سێ ساڵدا لەسەر یەک بابەت بەبێ ئەوەی بنەماکانی ئەم سیاسەت گۆڕێنەو ئەم دژایەتیەمان بخاتە بەردەست!. ئایا ئەمە نابێتە مایەی سەرەکێژەو دردۆنگی لەئاست جوڵانەوەکەماندا؟ لەمەش زیاتر کەسانێک کە بەورد بینیەوە لەقسەو هەڵسوکەوتی ڕابەرانی جوڵانەوەکەمان دەڕوانن هەقیانە بپرسن، ئایا سێ ساڵ لەمەوبەر کاتێک باس لە ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی و سیاسەتی کۆمۆنستیتان کرد، "ئاڕاستەی سەرمایە"،"سەرمایەداری گلۆباڵ" ،"دەورانی ئینتقالی"، هەربەپێی ئەو تێگەیشتنەی کەخودی خۆتان داوتانە، شتێکی لەناوەرۆکدا جیاوازی هەبوو، تا بۆ سیاسەتی ئەمڕۆتان پەنای بۆبەرن؟ ئایا ئەو کات وەک ئەمڕۆ مێژوو لەقۆناغێکی تردا بوو وا چارەسەری مەسەلەی کوردی مومکین کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ هەواڵەی سۆشیالیزم بکرێ "ئەویش لەقۆناغە پێشکەوتوەکەیدا"؟ ئایا سێ ساڵ لەمەوبەر "دەوڵەت وسیادە"، "میلیشیاو زۆنەکانی سەوزو زەرد"، لەگۆڕدا نەبوون وا بەسادەیی باسی ڕیفراندۆمتان کردوەو وتوتانە "ناوەرۆکی دەوڵەتی داهاتوو بە هاوکێشەی هێزەوە پەیوەندی هەیە نەک ڕیفراندۆم".. کەچی ئەمڕۆ بوونەتە پاساو بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی پێچەوانە؟ ئایا ئەو کات ڕیفراندۆم، لەدەرەوەی سیاسەتی ئەمریکاو دابەشکردنەوەی ناوچەکەدابوو .. ئایا ڕیفراندۆم ئەوکات "ڕیفراندۆمی بارزانی  بۆ دەوڵەتی کوردی" نەبوو، وا بەسیاسەتی کۆمۆنیستی ناساندوتانە؟.. لەراستیدا من نازانم هاوڕێ سامان چۆن ئەم دوو هەڵوێستگیریەی ڕوندەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەجیاوازی تێکستەکانی دوێنێ و ئەمڕۆیدا لەمەڕ ڕیفراندۆم وسەربەخۆییدا بەبەرئەنجام وەردەگیرێ ئەوەیە کەئەو خۆی گۆڕاوە، نەک مەسەلەی کورد. تائەو کاتەش ئەم کێشەیەش بمێنێ، لەهەر کۆمۆنیست و کرێکارێک چارەسەر دەخوازێ.

### لەکۆتاییدا، سیاسەتی کۆمۆنیستی و ناکۆکیەک کەهاوڕێ سامان تێی کەوتووە:

سەرەنجام هاوڕێ سامان لەدواین بەشی باسەکەیدا سەرخەتێک وەک سیاسەتی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر ڕیفراندۆم وسەربەخۆیدا، ڕادەگەیەنێ و دەنوسێت:

"لەبەرانبەر ئەم سیاسەتە و ئەم ڕیفراندۆمەی پارتی لەم هەلومەرجەدا ئەگەر پیادەبکرێت...1) پێویستە لە ئێستاوە ئەم سیاسەتە و ناوەرۆکەکەی ئاشکرا بکرێت. 2) وە پێ بەپێی ڕاگەیاندنی بارزانی و پارتی و حزبەکانی دیکە، وەلامی دروست بدرێنەوە. 3) لە هەمانکاتدا بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە"نا" یەکی گەورە بۆ ئەم جیابونەوەیەی پارتی و بارزانی. 4) خەڵکی کوردوستان پێویستە خەباتی خۆی دژ بە نەدانی موچە و دژ بە برسێتی و بێکاری و.. بەهێزتر و ڕێکخراوتر بکات.. - هێڵەکان وخاڵبەندیەکان هێ منن-

## خەسرەو سایە

بەم جۆرە هاوڕێ سامان بەدوای تێپەڕکردنی حەرەکەتێکی زیکزاکانەدا، بەوە گەیشت کە "بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ بەشداریکردن ودەنگدان بە"نا"یەکی گەورە بۆ ئەم جیابوونەوەیەی پارتی و بارزانی"!، حەرەکەتێک کە دەرمان خست چۆن لەسەرەتاوە ولەبەشی یەکەمی باسەکەیدا داوا لە"خەڵکی کوردستان دەکات کە "پێویستە بەشداری ئەم یارییە نەکەن، وە هوشیارانە ڕوبەڕووی ببنەوە"، چونکە ڕیفراندۆم هی بارزانیەو بەڕابەری ئەو بانگەوازی بۆدراوە. دواتر پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی یاری بەدەنگی خەڵک نەکرێت دەبێ بەمەرجەوە بەشداری لەڕیفراندۆمدا بکەن!، لەنێوەخنی باسەکەشیدا پێمان دەڵێت "من ڕێفراندۆمم بەڕابەری کۆمۆنیستەکان، پێ قەبوڵەو بەهەر دەپەنجە واژۆی بۆدەکەم"، ئینجا لەڕەوتێکی دووبارە سەرنجدانەوەی مێژوو، ئالوگۆڕەکان، دەورەی ئینتقالی، ئاڕاستەی سەرمایەو سەرمایەداری گلۆباڵ، دەوڵەت و سۆڤەرێنتی، ئەمریکاو جەمسەرەکان و دابەشکردنەوەی دونیا وناوچەکە.. بەوە دەگات کە دەوڵەت و سەربەخۆی نەک هەر "مەسەلەی نەتەوەیی"، "میلیشیا و زۆنەکانی زەردو سەوز"... چارەسەر ناکات، بگرە سەربەخۆیی و دەوڵەتسازی لەسەرمایەداری ئەمرۆدا ناسیۆنالیستیە.. سەرەنجام پاش ئەم هەموو هەڵبەزو دابەزین وهێنان و بردنە پێمان دەڵێ: "بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە <u>"نا" یەکی گەورە بۆ ئەم جیابونەوەیەی پارتی و بارزانی"!!</u> ، و ئەمەشمان بەسیاسەتی کۆمۆنیستی پێ دەناسێنێت!. بەڕاستی جێگای تێڕامانێکی گەورەیە، بۆ کەسێک بەم هەموو سەرسەختیەوەو بەم هەموو پاساوە تیۆریەوە، لەدژی ڕیفراندۆمێک کەڕاگەیندراوە، بووەستێتەوەو دەریایەک تۆمەت و حوکمی نادورست لەجۆری "ناسیونالسیت بوون، پاشکەتویی بۆ بارزانی، بوون بە"کۆمۆنیزمی قەومی".. بخاتە پاڵ هاوڕێکانی، لەکاتێکدا، دەیتوانی بەسادەیی پێمان بڵێ بەشداری لەریفراندۆمدا بکەن، بەڵام دەنگی نا بدەن بۆ جیابوونەوە. ئایا هاوڕێ سامان ئەو ناکۆکیە چۆن چارەسەر دەکات کە لەلایەکەوە ڕیفراندۆم ڕەت دەکاتەوەو سەراپا بە بارزانی و پارتی ڕەنگو بۆی دەکا و دەڵێت "خۆ ڕیفراندۆمێک لەئارادا نییە"، کەچی دواتریش وەک ئەوەی هیچی نەوتبێت و دەڵێت "بانگەواز بکرێت بۆ بەشدرای کردنی خەڵک"؟!. ئایا ئەمە سەرەگێژەیە یان سیاسەتی کۆمۆنیستی؟.. بەڵام مەسەلەکە هەربەوەندە تەواو نابێت، بەتایبەتی کاتێک کە"نا یەکی گەورە" بەرامبەر بەجیابوونەوە بەناوی سیاسەتی کۆمۆنیستیەوە پێشنیار دەکات، ئەم هەڵوێستەش بیەوێ یان نەیەوێ مانایەکی نیە جگە لە ڕاگرتنی کوردستان لە دۆخی ئێستادا. واتە مانەوەی لە پەیوەندیەکی فیدراڵی قەومیدا لەگەڵ عێراق. بەواتایەکی تر "نا یەکی گەورە" کە ئێوە لەبەرامبەر جیابوونەوەی کوردستاندا هەڵتان بڕیوە، بەمانای داکۆکی کردنە لەمانەوەی خەڵکی کوردستان لەچوارچێوەی هەمان فیدراڵیزمی قەومی وهەمان دۆخێکدا کەعێراق وکوردستان و وپەیوەندی نێوانیان چەندین ساڵە گیرۆدەیەتی. بەداخەوە هاوڕێ سامان هیچ بەڵگەیەکمان پێناڵێت کەبۆ ئەم هەڵوێستە باشترو کۆمۆنیستی ترە لەجیابوونەوە!!، تەنانەت پێمان ناڵێت کەمانەوە لەگەڵ عێراق بەو دۆخەوە کەهەیەتی، چ مەسەلەیەک پێچەوانە دەکاتەوە لەو مەسەلانەی کەبۆ ڕەتکردنەوەی جیابوونەوە بەڕوویی ئێمەدا داویەتی؟ ئایا مانەوە لەگەڵ عێراق لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان وچینی کرێکارە، چ لەئاست لۆکەڵی و ناوچەییداو چ لەئاست جیهانیدا؟ ئایا ئەم هەڵوێستە "تەبایی

## ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!

نەتەوەکانی بەدواوەیە" ورق وکینەبەری قەومی و دەستەبەندیە تائیفی وقەومیەکان کۆتایی پێدێنێ؟. ئایا کێشەی کەرکوک، ناوچە دابڕاوەکان، کێشەی ئاو و کارەبا و موچە.. لەڕێگای مانەوەوە چارەسەر دەبێ؟ ئایا کوردستان و عێراق لەبازنەی سیاسەتەکانی ئەمریکا، ئێران، تورکیا و.. ڕزگاری دەبێ؟ من نامەوێت وەک هاوڕێ سامان ئەو حوکمە دەرکەم کە ئەو بەهۆی هەڵوێستێکەوە کەهەیەتی لەکەنار کێدا ڕادەوەستیت، تەنانەت نامەوێت بڵێم حزبی ئێمە لەعێراق کەوتۆتە هاوشانی ناسیونال شۆڤێنیست ودەستەجاتە شیعی وسونییەکانەوە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم کەهاوڕێ سامانی ئازیز مانەوە لەعێراقدا بەو مێژووە تاریکە و ڕووداوە کارەساتبارەوە کەهەمووومان ئاشناین پێیی، کارێکی هەروا سادە نییە دژایەتی ڕیفراندۆم وجیابوونەوەی پێکرێ. بۆ کەسێکیش کەهەست بەبرین و ئازارەکانی جەستەی کۆمەڵگایەک دەکات، کەسێک کەدەیەوێت لەمەنفەعەتی کۆمەڵایەتیەوە چاو لەچارەسەرکردنی گرفت وکێشەکانی سەر ڕێگای ژیانی خەڵکی چەوساوەو بێدەرەتان بکات، ئاسانە ڕێگای واقعی وکۆمەڵایەتی بۆ کێشەیەک بگرێتەبەر کەساڵهای ساڵە قوربانی وەردەگرێت..

30/7/2017

### تێبینی:

*/ دەقی بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەڕێگای سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە لەم لینکەوە بخوێننەوە.

http://www.hkkurdistan.org/

*/ وتارو جیابوونەوەی کوردستان، سیاسەتێکی کۆمۆنیستی، سامان کەریم کە لەڕێگای ئەم لینکەی خوارەوەدا بەدەستدێت:

**http://www.hawpshti.com/ku/?p=2210**



ئاسۆ کەمال

# کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

سەربەخۆیی کوردستان مەسەلەیەکی تاکتیکیە بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کە خوازیاری گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداریە بە سیستەمێکی سۆشیالیستی. بەڵام لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکی زیندووی چینی کرێکار و چەوساوەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دەیەوێ لەڕێگەی چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایتیەکانیەوە ئەم بەدیلەی کۆمۆنیستیەی خۆی بەرجەستەبکا و وەک ڕزگاریبەخشی نەک تەنیا چینی کرێکار بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگە دەرکەوێ.
لە کوردستانیش کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بەشێوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی و کۆمەلایەتی خۆی نیشانداوە ، جا لەدەورانێکدا بزوتنەوەی شورایی ڕێکخستوە و لەدەورانیک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و لە سەردەمانێکدا ڕیکخراوەی جەماوەری و ناڕەزایەتیەکان بۆ خواستەکانی باشبژێوی و خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوبات و لە هەندێ کاتی تردا کاری لەسەر مەسەلەی ژنان و سێکولاریزم و رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان کردوە. ئەم بزوتنەوە ناڕازیە کۆمۆنیستیە هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە ڕێی لێگیراوە و مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی پێ نەدراوە و هێرشی چەکداری کراوەتە سەر بنکەکانی و هتد..بەکورتی بەهێزبوبێ یا لاواز بوبێ هیچی لەو ڕاستیە نەگۆڕیوە کە بەشێک لە مێژووی نوێی کوردستانی پێکهێناوە.
لە ئێستادا کە کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەم هەلومەرجێکی ناجێگیری سیاسیە بەهۆی شکستی فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی عێراق و گۆڕانکارە ناوچەییەکان و دەوری ململانێی هێزە جیهانی و

# کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

ناوچەییەکانەوە، مەسەلەی رفراندۆم و جیابونەوە لە عێراق هاتۆتە ئاراوە. هەڵویست گرتنی بزوتنەوە جیاوازە سیاسیەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە ناکۆکی و دوبەرەیی دروستکردوە لەکوردستان و هەڵوێستی جیاوازی هێزە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە و جیهانیشی بەرانبەر دەربڕدراوە. لێرەدا گرنگە بەلامانەوە کە سەرنج بدەینە هەڵویستی کۆمۆنیستەکان و جیاوازیەکانیان سەبارەت بەم مەسەلەیە.

بەڕای من ئەوە ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵاتیە گەورەکانن کە کۆمۆنیزم وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و حزبی بەرجەستە دەکا نەک نوسین و قاڵبی ڕێکخستن و ئایدیۆژیا، لەبەرئەوەی کۆمۆنیزم بزوتنەوەی زیندوی ئینسانەکانە کە دەیانەوێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دابنێن و بەو ئاراستەی دەیانەوێ کۆمەڵگە بگۆڕن. هەربۆیە هەرچەند مەسەلەی رفراندۆم و سەربەخۆیی تاکتیکێکە بەڵام ڕوداو و پراتیکێکە کە شکڵ و شیوەی کۆمۆنیزم دیاریدەکا. هەرچۆن تاکتیکی دژی شەڕی یەکەمی جیهانی ئیمپریالیستی کۆمۆنیزمێکی جیاوازی لە کۆمۆنیزمی سوشیال دیموکراتی ئەنتەرناسیونالی دوەم دروستکرد. جیاوازی و ململانێکانی نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیش لەسەر تاکتیکی رفراندۆم و سەربەخۆیی کۆمۆنیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دێنێتە مەیدان کە جیای دەکاتەوە لە کۆمۆنیزمی ناسیاسی و حاشیەیی.

ئێمە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازیانە دەبێ بچینە سەر مەسەلە سیاسیەکە کە رفراندۆم و سەربەخۆییە و جیاوازی هەڵویستە سیاسیەکان لەسەری.

## سەربەخۆیی بۆ ڕێگاچارەیە؟

تێڕوانینی کۆمۆنیستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان مەسەلەکانی ژیان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان بە بنەمای هەڵوێستگیریەکەی داناوە. هەربۆیە سنوردیاریکردن و زەوی و سەرچاوە سروشتیەکان،وەک نەوت، زمان و کلتور و مێژوو هیچ کام لەمانە لای ئێمە بنەمای مانەوە یاخود جیابونەوەی خەڵک و کۆمەڵگەکان لە یەکتر دیاری ناکا. ئێمە دژی ناسیونالیستەکانین کە خەڵک بەپێی ئەم بنەمایانە لەیەکتر جیادەکەنەوە و سنورەکان پیرۆزدەکەن یان دروست دەکەن. بۆ ئێمە سنوری عێراق پیرۆز نیە هەروەک سنوری کوردستانیش پیرۆز نیە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ژیان و خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بەمانەوە یان جیابونەوە لە عێراق باشتر و سەرکەوتوتر دەبێ. دیفاعکردن لە مانەوە لەعێراق بەهەر نرخێک کۆنەپەرستانەیە وەک سەربەخۆبون لە عێراق بە بیانوی ناسیونالیستانەی جیاوازی زمان و کلتور و مێژوو ڕەد دەکەینەوە. بۆ ئێمە بونی نەوت نابێتە هۆی جیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە

عێراق. بۆ ئێمە بونی زمانی جیاواز و کلتوری جیاواز و مێژووی جیاواز نابنە هۆکاری جیاکردنەوەی خەڵک بەڵکو جیاکردنەوەی خەڵک لەسەر ئەم بنەمایانە دژی یەکسان بونی ئینسانەکانە و کۆنەپەرستانەیە.

هەربۆیە جیابونەوەی کوردستان لە عێراق لەسەر هیچ کام لەم بنەما ناسیونالیستیانە نیە. لەمەسەلەی کوردستانی عیراقدا بنەمای خواستی ئێمە بۆ جیابونەوە بونی کێشەی کوردە. کێشەیەکی چارەسەرنەکراو کە کاریگەری لەسەر ژیان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و سەرجەم کۆمەڵگە داناوە و لە سەدەی ڕابردوەوە ڕوبەڕوی بێ مافی و کوشتار و نائارامی کردوە و لە ئێستاشدا لەسایەی فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی عێراقدا هەمان دژایەتی و ململانێ و نائارامی دروستکردوە. لە ٢٦ ساڵی ڕابردودا ئەم ڕێگاچارەیە دەیتوانی خەڵکی کوردستان لەو هەلومەرج و بارە گرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەی دەربازبکا. بەڵام مانەوە لەسایەی ئەم بەدیلە فیدرالیەدا ڕێگەی پێ نەدا و خەباتی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگە بۆ باشترکردنی گوزەران و ئازادیە سیاسیەکان لەبەرانبەر حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکاندا توشی ناکامی کرد. لە ئێستاشدا کە ئەم عێراقە فیدرالیە لەسایەی دەسەڵاتێکی شیعی عەرەبیدا بەڕیوە دەچێ هەمان سیاسەت و دەستور و مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە و فیدرالیزم ناوێکە بۆ حکومەتی عێراق کە پەردەپۆشی ئەم دەسەڵاتە مەرکەزیە عروبی و ئیسلامیەی پێ بکا.وە لەسایەی قوتبەندی ناوچەکەدا ئەم دەوڵەتە شیعە عەرەبیە خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی لە عێراقدا ئامادە دەکا و لە ئێستاشەوە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزدەکا ئەگەر کوردستان ڕفراندۆم بکا و بیەوێ جیابێتەوە لەژێرناوی دەرچون لە یاسا و دەستوری عێراقی. بۆ ناسیونالیزمی کوردیش فیدرالی تا ئێستا بیانویەک بوە کە دەستی چەوری خۆیان بەسەر بەغدادا پێ بسڕن و گەندەڵی و سەرکوتی خۆیانی پێ پاساو بدەن. ئەم فیدرالیزمە کۆمەڵگەی کوردستانی بەتەواوەتی لە عێراق جیاکردۆتەوە و هەردولا زەمینەی ئەوەیان هەیە کە هەر کاتێک شەڕوکێشە لەسەر نەوت و ناوچە و سنورو بودجە و هەر بیانویەک هەڵگیرسێنن. ئەمە ئەو کێشەیە کە لەم ١٤ ساڵی فیدرالیەدا ڕێگای خەباتی هاوبەشی نێوان کرێکاری کورد و عەرەبی نەهێشتۆتەوە لە عێراقدا و ژیانی هەردوولای خستۆتە گێژاو و مەترسیەوە. ئەمە پێویستی بەڕێگاچارەیە، کە ئەویش جیابونەوە لەم فیدرالیەتەی عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە لە کوردستان.

بەداخەوە هاوڕییانێکی کۆمۆنیست سەریان کردۆتە ناو لم و ئەم واقعیەتە تاڵە نابینن کە ٢٦ ساڵە و بگرە زیاد لە چەندین دەیەیە لە عێراق پێکهاتوە بەهۆی ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردیەو سیاسەتی شۆڤینستانەی دەوڵەتەکانی عێراقەوە و پێیان وایە بە بانگەوازێکی ئەنتەرناسیونالی ئەم دۆخە دەگۆڕێ. بەبێ ئەوەی لەباری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە هیچ بزوتنەوەیەکی سەراسەری و

## کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

ئۆرگانێکی سەراسەری چینی کرێکار لەعێراقدا لە ئارادابێ تا ئەم ڕێگایە لە ڕێگای شۆڕشێکی سەراسەریەوە چارەسەری فەوری بکا. سەرەڕای ئەمەش دژی جیابونەوەی کوردستانن لە عێراق وەک ئەوەی پاراستنی سنوری عێراق و مانەوەی کوردستان لە عێراقدا ئەرکێکی کۆمۆنیستی بێ و ئەوە بهێنێ کە خەڵکی کوردستان باجی مانەوە لەم فیدرالیەتە شکست خواردوەدا بدا و دانیشێت بەدیار بەهێزبونەوەی دەوڵەتی شیعەی قەومی عەرەبی ئێستاوە. وەنابێ کۆتایی بهێنرێ بە ڕۆچونی ئەم ململانێیەی فیدرالیەی ئێستای هەولێر و بەغداد بۆ شەڕ و پێکدادان. تەنانەت پێیان وایە کە سەربەخۆیی کوردستان کاریگەری خراپی لەسەر خەباتی ئەنتەرناسیونالی کرێکاری کوردستان و عێراق هەیە و هەربۆیە دەبێ دژی سەربەخۆیی کوردستان بین. لەکاتێکدا کاتێک کرێکاری کورد و خەڵکی کوردستان کێشەی کورد و دەوڵەتی عێراقیان نەما، کە فشار و هەڕەشە بێ لەسەریان و کێشەی فیدرالی نەما کە ناسیونالیزمی کورد پاساوی گەندەڵی پێ بکا و پەردەپۆشی چەوسانەوەی خۆماڵی پێ بکا، ئەوکات خەباتی ئەنتەرناسیونالی دەچێتە جێگای ناکۆکی قەومی ئێستا. بۆچی خەباتی ئەنتەرناسیونالیستی هێنراوەتە ئاستی پیرۆزڕاگرتنی مانەوە لە چوارچیوەی دەوڵەتی قەومی عەرەبی ئیسلامی شیعەی عێراقدا و جیابونەوەی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان لە عێراق بوەتە ناسیونالیستی؟ ئەمە ناسیونالیزمی عێراقیە یان ئەنتەرناسیونالیزمە؟ بۆچی بە پشتیوانیکردن لە مافی خەڵکی کوردستان لە رفراندۆم و سەربەخۆیی ئێمە دەکات بە پارتی و ناسیونالیست ؟ ئەوەی داوای جیابونەوە لە عێراقێکی فیدرالی قەومی عەرەبی و ئیسلامی شیعە بکات وداوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکات نابێت بە ناسیونالیست. هەروەها هەموو ناسیونالیستێکیش داوای دەوڵەت ناکا ، هەروەک حزبە ناسیونالیستەکان،یەکێتی و پارتی ٢٦ ساڵە فیدرالی قەومیان هەڵبژاردوە و دەوڵەتیان نەویستوە. ئێمەی کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتمان کردوە لەبەرئەوەی ئەمە بە ڕێگاچارەی خەڵکی کوردستان دەزانین و ئەوە بەعەمەلیش سەلما کە ڕێگاچارەی فیدرالی قەومی حزبە ناسیونالیستەکان شکستی هێناوە و ئێستا ئەوانیش داوای سەربەخۆیی دەکەن لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەو پێنج ملیۆن ئینسانەی لە کوردستاندا زۆربەی خواستی سەربەخۆیی هەیە هەموو ناسیونالیست نین، بەڵکو خەڵکی ناسیونالیست ، کۆمۆنیست ، ئیسلامی، لیبرال وئازادیخوازی تێدایە. سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی نیە ڕێگاچارەی سیاسیە. کاتێک خەڵک دەگاتە ئەو باوەڕەی ئەم ڕێگاچارەیە دروستە ئەوە هەڵدەبژێرێ و هەربۆیە سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆ موڵک و تاپۆی ناسیونالیستەکان نیە هەرچۆن موڵک تاپۆی کۆمۆنیست و ئیسلامی و لیبراڵ و هیچ ئایدیۆلۆژیەک نیە. ئاشکرایە هەر بزوتنەوەیەک بەرژەوەندی خۆی لەم ڕێگاچارەیەدا هەیە بەڵام

## ئاسۆ کەمال

هیچ کام لەم بزوتنەوانە بە هۆی ئەم ڕێگاچارە و تاکتیکەوە پێناسە ناکرێن و کۆمۆنیستەکان نابنە پارتی و پارتیەکانیش لە سەرکوتگەرەوە نابنە شۆڕشگێڕ.
ئەوەی لە لێکدانەوە و پراتیکی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزمی ناسیاسی و پاسیڤیست ونە و جێگای نیە، ئەوەیە کە ئێستا خەڵکی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان بۆچی پێویستی بە سەربەخۆییە؟ ئەوان تەنیا کۆمۆنیزم لە ڕووی نوسینەوە دەزانن و کۆمۆنیزم بۆ ئەوان کۆمەڵێک حوکم و یاسایە کە دەبێ واقیع ملکەچی بێ. کۆمۆنیزم وەڵامی ڕزگاری کرێکار و کۆمەڵگە نیە لە کێشەکانی. هەربۆیە کێشەکانی نابینن و چارەسەریان پێ نیە. ئەوەندە دەزانن کە سەربەخۆیی و دەوڵەت ناسیونالسیتی و کاری بورژوازیە و پرۆلیتاریا کاری شۆڕش و ڕوخانی دەوڵەتە. بێگومان ئەمە کەمی زانیاری نیە بەڵکو نەبونی پەیوەندیە لەنێوان ئەم تیۆریانە و بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەباتی سیاسی و ئابوری ئەم چینەدا. هەربۆیە لە کوردستان کە ٢٦ ساڵە لە هەڵواسراوی سیاسی و نەبونی هیچ دەوڵەت و شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیدایە و بەم پێیەش ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەریەک هەڵوەشاوە و هیچ چوارچیوەیەکی یاسایی و سیستەمێکی دەولەتی نیە کە خەبات لەدژی دەسەڵاتی حزبەکان بچێتە پێش ئەوان بە کێشەی نازانن و ناکامی هەموو ئەو نارەزایەتی و خۆپیشاندان و ڕیکخراوبونانە بە ئاکامی ئەم هەلومەرج و کێشەی نەبونی دەوڵەتە نازانن و کاریان تەنیا وتنەوەی شیعاری ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە و زۆرتریش لە ئێستادا ئەنتی پارتی بون بوەتە سیاسەت و ناسنامەی سیاسیان.

### ناسنامەی ئەنتی پارتی

بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وەک بەشێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکار و ئازادیخواز لە کوردستاندا هەمیشە دژی دەسەڵاتی پارتی و سیاسەتەکانی و کردەوەکانی بوە. بەڵام ئەنتی پارتی بون خەسڵەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی نەبوە چونکە ناسنامەی ئەنتی پارتی بون دەتوانێ بتکاتە یەکێتی یان گۆڕان یان ئیسلامی. ئێمە ئەنتی دەسەلات بوین و بەم پییە ئەنتی پارتی و یەکێتی بوین نەک تەنیا ئەنتی پارتی یان ئەنتی یەکێتی. بەشێک لەو هاوڕێیانەی لەدژی ئەم رفراندۆمە لە ڕوانگەی ئەنتی پارتی بونەوە هەڵوێستیان گرتوە تەنیا لەوەدا نەماونەتەوە کە بچنە ژێر چەتری ئەنتی پارتی بونی گۆڕان بەڵکو دژایەتی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانیشیان کردوە. گۆڕان ئاشکرایە کە دەستی باڵای هەیە لە دروستکردنی ئەم جەوە ئەنتی پارتیەدا تاکو پارتی ناچاربکا پۆستەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە و مانەوەی لەدەسەڵاتدا مسۆگەر بکا. هەروەک لە ١٧ شوباتدا ڕێگەی بە ئەنجومەنی سەرای ئازادی نەدا کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح

## کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

بکا تاکو گۆڕان بەرهەمی ١٧ شوبات بکاتە کارتی فشار لە مفاوەزات و وەرگرتنی پۆستەکانیدا و دواتر ئەنتی پارتیەکەی کرد دیاری بەناوی "ئارامی بۆ ماوەی ٤ ساڵ". لە ئیستاشدا دەیانەوێ نارەزایەتی خەڵک دژی پارتی بەبارمتە بگرن و خەڵک دژی رفراندۆم هانبدەن و داوای دواخستنی دەکەن تاکو بەشیان لەدەسەڵاتدا مسۆگەر دەکەن و دواتر دێنەپای قبوڵکردنی رفراندۆم.

ئەنتی پارتی بونی هاورییانێکی کۆمۆنیست بێگومان بۆ وەرگرتنی پلەوپۆست نیە.بەڵام هەڵوێستێکی ناسیاسیە لەوبارەوە کە دنیا و سیاسەت بە پێی پارتی بون و ئەنتی پارتی بون دابەش دەکا و هەر شتێک و رفراندۆمی ئێستاش هەر لەبەرئەوەی پارتی پێشنیاری دەکا رەتی دەکاتەوە. لەکاتێکدا تاڵەبانی کە لەژێر فشاری نارەزایەتی دژی ژنکوژیدا رایگەیاند کە کوشتنی شەرەف لە یاسای باری کەسێتی لادەبەن هیچ کام لەم هاورێیانە دژی نەبو و نەکراین بە یەکێتی. پەیەدە یاسای جزیرەی بە قازانجی ژنان گۆری بە پشتیوانیکردنی نەبوین بە پەیەدە. ئەم هاورێیانە خۆیان هیچ بەدیلێک بۆ رفراندۆم ناخەنە بەردەم کە ئایا بۆ چ کاتێک دوابخرێ و مەرجەکانی رفراندۆم چیە؟ هەربۆیە ئەم هاورێیانە بەم هەڵوێستە ئەنتی پارتیەیان زیاتر چونەتە ئەو بەرەیەوە کە "نا"ی "گەورە" بە رفراندۆم دەڵێن و رەفزی دەکەنەوە. بەمەش ناسیاسی بون و پاسیڤ بونی بۆچون و هەڵویستەکەیان دەسەلمێنن و پێیان وایە کە کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان رفراندۆم مەسەلەی نیە و تەنیا پارتی خاوەنی رفراندۆم و سەربەخۆییە. بەڵام بابزانین بەڵگەکانیان چیە؟

### رفراندۆم بە قازانجی پارتیە!

سەرەتا دەڵێن ئەمە سیاسەتی پارتیە و هەربۆیە پارتی بە قازانجی خۆی هێناویەتی و بۆ سەربەخۆیی نیە و دەیەوێ کێشەی ناوخۆ و نارەزایەتی پێ کپ بکاتەوە.

ئێمە دەڵێین باشە پێشتر رفراندۆم سیاسەت و رێگایەک بوە کۆمۆنیستەکان خستویانەتەروو تاکو رێگا چارەی جیابونەوەی پێ جێبەجێ بکرێ و لەناو کۆمۆنیستەکاندا دژایەتی نەکراوە. دواتر بزوتنەوەی رفراندۆم بە شیوەیەکی نافەرمی ئەنجامی دا و کۆمۆنیستەکان دژی نەبون. لە ئێستاشدا پارتی و یەکێتی وەک دەسەڵات بوەتە سیاسەتیان، ئەمە چی لەوە دەگۆرێ کە رفراندۆم ئامرازێکی گونجاوە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستان؟ ئایا هەمان رفراندۆم نیە و هەمان پرسکردن بە خەڵکی کوردستان نیە کە ئایا دەیانەوێ سەربەخۆبن یان نا؟ ئایا دەکرا لە ١٩٩٥ کە کۆمۆنیستەکان پێشنیاریان کرد خەڵکانی یەکێتی و پارتی و ئیسلامی بڵێن لەبەرئەوەی پێشنیاری کۆمۆنیستە قبوڵمان نیە و ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێ؟ نەخێر، ئەم حزبانە گوێیان لە داوای رفراندۆم نەگرت چونکە فیدرالی لە قازانجیان بوو. ئێستا رفراندۆم بە قازانج

## ئاسۆ کەماڵ

دەزانن بۆیە دەیانەوێ بەرپای بکەن، بەڵام ئەمە لە رفراندۆم ناگۆڕێ چونکە بڕیارە خەڵک لەو رفراندۆمەدا وەڵامی پرسیارێک بداتەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی. ئەگەر پێمان وایە سەربەخۆیی لە قازانجی خەڵکی کوردستانە و خواستی ئەم خەڵکەیە کەواتە ئەم رفراندۆمە پێویستە و لە قازانجی خەڵکە ئەنجام بدرێ. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە کە رفراندۆم بڕیاری خەڵک لەسەر چارەنوسی کوردستان دیاری دەکا و لە قازانجی خەڵکە هەڵوێست لەسەر ئەم رفراندۆمە دەگرین نەک لەسەر ئەوەی ئایا بە قازانجی حزبە دەسەڵاتدارەکانە یان نا؟ هەڵوێستی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە نیە کە ئەگەر رفراندۆم بەقازانجی دەسەڵات بوو ئێمە دژی بین، چونکە ئەم هەڵوێستە بێ ئەملاولا دژایەتی رفراندۆم دژایەتی قازانج و بەرژەوەندی خەڵکیشە. لەو وڵاتانەدا کە ئەم رفراندۆمانە کراون پیوەرەکە ئەوەنەبوە کە ئایا ئەمە ئەگەر بەقازانجی حزبە دەسەڵاتدارەکان بێ ئێمە دژی دەبین بەڵکو پیوەرەکە ئەوەبوە ئایا کێشەی خەڵک چارەسەر دەکا و لەبەرژەوەندی ئەوانە یان نا؟ پێم وانیە لەهیچ کام لەو شوێنانەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کراوە دژی بەرژوەندی حزبە دەسەڵاتدارەکان بوبێت،بەڵام لەهەمان کاتدا کۆمۆنیستەکان پشتیوانیان کردوە چونکە کێشەکە لە ڕێگەی رفراندۆمەوە چارەسەر بکرێ بەقازانجی خەڵکە وەک لەڕێگەی شەڕو نائارمیەوە.

### رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نیە!

لەوەڵامی ئەوەی دەڵێن بۆ سەربەخۆیی نیە . کەمتر کۆمۆنیستەکان ئەم ڕەخنەیە دەگرن چونکە ئەو جۆرە کۆمۆنیستانەی لە ڕوانگەی ئەنتی پارتی بونەوە ڕەخنە دەگرن دەیانەوێ ڕادیکاڵتر خۆیان نیشان بدەن و هەربۆیە سەربەخۆیی ڕەت دەکەنەوە. وەڵامی ئەم جۆرە ڕەخنەیەی گومانی لە هۆی ئە م رفراندۆمە هەیە وەڵامێکی عەمەلیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ فشاری جەماوەری دروستکرێ لەسەر دەسەڵات کە ئەنجامی رفراندۆمەکە جێ بەجێ بکا. هەربۆیە چارەسەر ئەوەنیە کە رفراندۆمەکە نەکرێ. چونکە وتنەوەی هەرئەوەی گومانمان هەیە خۆسپاردنە بە نادیار. دەبێ بڵێی چۆن ئەم گومانە دەڕەوێتەوە کە دەسەڵات یاری بە ئەنجامی رفراندۆمەکە نەکات؟

ئێمە دەڵیین مەرجی ئێمە بۆ رفراندۆم ئەوەیە کە خەڵک ئازادانە دەنگ بدا و بەشداری بکا. ئەگەر خەڵک نەتیوانی ئازادانە بەشداری رفراندۆم بکا و فشار و ڕیگری لەسەر بوو بۆ بەشداری ئەوکات هەڵوێستی ئێمە ڕەتکردنەوەی ئەو رفراندۆمە دەبێ. بەڵام ئەگەر زۆربەی خەڵکی کوردستان بەشداری ئەم رفراندۆمەی کرد ئەوا لەلای ئێمە پەسەندکراوە و پیویستە لە ڕیگەی فشاری جەماوەریەوە هەموو لایەک ناچاربکرێن، دەسەڵات لە کوردستان و حکومەتی عێراق و دەوڵەتان دانبنێن بە ئەنجامەکەیدا و جێبەجێ بکرێ.

## کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

ئێمە لە ئێستاوە هەوڵدەدەین کە نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا بەشداری بکەن و سەرپەرشتی بکەن وئەمە دەتوانێ فشار لەسەر پارتی و یەکیتی دادەنێین کە ئەنجامی رفراندۆمەکە جێبەجێ بکەن. فشار بۆ ئەو نێوەندە نیودەوڵەتیانە گرنگە بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە کارێکی ئاسان نیە و بەرژەوەندی وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکیتی ئەوروپا لە بەرەسمی ناسینی مافی رفراندۆم و سەربەخۆییدا نیە و ئەوان بەئاشکرا ئەمەیان ڕاگەیاندوە. هەربۆیە لای ئێمە ئەوە مەرجێک نیە بۆ ئەوەی رفراندۆم ئەنجام بدرێ یاخود رفراندۆم پەسەند بکەین. پێمان وایە کە خەڵکی کوردستان دەبێ ئەم خواستەی سەربەخۆیی و مافی رفراندۆمی بکاتە ئەمری واقیع و فشار بۆکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێنن کە بیسەلمێنن.

### رفراندۆم بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانە

باسێکی تری هاوڕییان ئەوەیە کە رفراندۆم بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانە. ئاشکرایە کە دەسەڵات هەمیشە دەیەوێ ناڕەزایەتیەکان کپ بکاتەوە و لەم مەسەلەیەی رفراندۆم و سەربەخۆییەشدا هەمان پروپاگەندەی فریودان بەکاردەهێنێ و دەڵێ کە هەموو شت بکەینە قوربانی ئایندە و ئەمە یاریەکە تایبەت نیە بە رفراندۆم. خەڵک ناڕەزایەتیەکانیان بەرامبەر بەدەسەڵات نابێت دوابخەن و پەکبخەن و بکەونە دوای ئەم فریودانە ناسیونالیستیانەوە. بەڵام بۆ دەبێ پێمان وابێ درێژەدانی بریاری فیدرالی حزبە دەسەڵاتدارەکان ناڕەزایەتیەکان ناکام ناکاتەوە و ئایا ئەم ٢٦ ساڵە ئەم ناڕەزایەتیانە بەهۆی رفراندۆمەوە کپکراونەتەوە یاخود بەهۆی مانەوەی فیدرالیەتی دەسەڵاتەوە. بۆچی ئەگەر ئەم فیدرالیە بگۆڕێ بە بڕیاردانی خەڵک لە رفراندۆمێکدا دەنگی ناڕازی خەڵک کپ دەبێتەوە؟ ئایا ناتوانێ ئەم حسابکردنە بۆ دەنگی خەلک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی بگۆڕین بە بەرزکردنەوەی دەنگی خەڵک بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی ئابوری و ئیداری کوردستانیشدا. بێگومان ئەمەیان بەرفراندۆم ناکرێ بەڵام ئەگەر کۆمۆنیستەکان لەم پرۆسەی رفراندۆمەدا هانی خەڵک بدەن کە نەک بەتەنیا ڕۆژی دەنگدان بچن دەنگێک بدەن و دواتر بچنە ماڵەکانی خۆیان بەڵکو لەهەموو ئەم جەدەل و کۆڕو کۆبونەوە سیاسی و جەماوەریانەی ئێستا چالاکانە بەشداربن بۆ پیداگری لەسەر پیویستی دەوری خەلک لە سەرپەرشتی رفراندۆم و جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی و فشارهێنان بۆ دەسەڵاتداران و ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی عێراق ودەوڵەتانی دراوسێ و فشارهێنان بۆ کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی ئەوکات خەڵک نەک دنگی ناڕەزایەتیەکانی کپ نابێ بەڵکو لە جێگەیەکی بەهێزتردا دەبن لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بۆ سەرجەم داخوازیە ئابوری و سیاسیەکانی تریشیان. ئەمە سیاسەتی کۆمۆنیستی و

## ئاسۆ کەماڵ

جیاوازی لە هەڵوێستی پاسیڤیستی ڕەتکردنەوەی رفراندۆمە بەناوی ئەوەی دەسەڵات بە رفراندۆم ناڕەزایەتیەکان کپ دەکاتەوە. ئەمە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە لە ڕوداو و ئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا کرێکار و خەڵک بهێننە مەیدان و بیکەنە هێزی فشار بەسەر دەسەڵاتەوە.

### دەوڵەتی پارتی

لە کۆتاییدا ئەم هاوڕێیانە دەڵێن ئێوە بەرپرسن لەوەی کە پارتی دەکەن بە دەوڵەت و جیاوازی ئەم دەوڵەتەی پارتی چیە لەگەڵ دەسەڵاتی ئێستایدا؟

سەیر لەوەدایە کە ٢٦ ساڵە پارتی دەسەڵاتە لای ئەمان کێشە نیە و جێگای پرسیار نیە بەڵام کە بو بەدەوڵەت کێشەیە و جێگای هەڵوێستە! جیاوزای چی یە کە پارتی کە ٢٦ ساڵە بەبێ دەوڵەت حوکمڕانی دەکا لەگەڵ ئەوەی دوای رفراندۆم بەناوی دەوڵەتەوە حوکمڕانی بکا؟ ئایا هەمان پارتی نیە. بۆچی مانەوەی پارتی وەک ئێستا مەقبولترە و دوای رفراندۆم و بونە دەوڵەت نامەقبولە؟ ئایا ئەوەی ٢٦ساڵە پارتی لەدەسەڵاتدایە خەتای کێیە؟ ئایا ئێمەی کۆمۆنیستەکان یان خەتای رفراندۆم بوە؟ ئایا پارتی ئەگەر رفراندۆم نەکا و دەولەت دروست نەکا دەڕوخێ؟ ئەگەر وایە بۆ ٢٦ ساڵە نە رفراندۆمی کردوە و نەدەوڵەتی دروستکردوە نەڕوخاوە؟

بەلای ئێمەوە ئەگەر پارتیش ببێ بە حزبی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتی سەربەخۆدا جیاوازیەکەی ئەوەیە کە ئیتر ئەوە دەوڵەتێکی ڕەسمیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و پەیوەندی سیاسی و بازرگانی و دیبلۆماسی و هەمو بوارەکانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە هەیە و وەک بەشێک لە سیستەمی نێودەوڵەتی کۆمەڵێک یاسا و فشاری لەسەرە کە چیتر ناتوانێ وەک سیستەمێکی میلیشیایی دو حزبی چەکدار کە هیچ یاسا و ڕیسایەکی ڕەسمی و نێودەوڵەتی نیە و هیچ دامودەزگایەکی ئیعتباری نیە بمێنێتەوە و ناچارە وەک بەشێک لە سیستەمی جیهانی ئەمڕۆ کاروباری دەوڵەت و دامودەزگا و یاسا و ژیانی سیاسی و ئابوری و خوێندن و بوارەکانی تری ڕێک بخا. مافی هاولاتی بون و ململانێی سیاسی و سیستەمی سیاسی و ئیداری دەوڵەتی دەبێ و لەم قاڵبەی حزبی چەکدار و یاسای بەڕیوەبردنی عەشیرەتی و بنەماڵەییە دەرچێ. هاوکات دەوڵەت کێشەی کورد و ململانێی فیدرالی قەومی و هەڕەشەی دەوڵەتانی ناوچەکە لە کۆڵ خەڵکی کوردستان دەکاتەوە و مافی حوکمڕانی و سنورەکانی پاریزراوتر دەبن و دەتوانێ پەنا بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان ببات لە کێشەکانیدا و حسابی پاشکۆی بەغدادی بۆ ناکرێ و چارەنوسی نادرێتە دەست ئەم حکومەتە شۆڤینستانە. ئەمانە ئەو زەمینە و مافانەن کە دەوڵەتی سەربەخۆ فەراهەمی دەکا کە لە بەرژەوەندی ژیان و خەباتی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندایە و فشار دەبێ لەسەر

## کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان

دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی کە لەسایەی بێ دەوڵەتی و فیدرالی قەومیدا ٢٦ ساڵە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرکوتگەریان بەسەر خەڵکی کوردستاندا راگرتوە. کاری ئێمەیە کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەو دەوڵەتە و دەستورەکەیدا نەهێڵین. ئەمە پەیوەستە بەو خەباتی چینایەتی و ڕێکخراوبون کە دەولەت چوارچیوەیەکی لەبارترە و بەراورد ناکرێ بە سیستەمی حزبی چەکداری عەشیرەتی بێ دەوڵەتی.

### دژایەتی رفراندۆم و سەربەخۆیی خزمەت بە چی دەکا؟

هەڵوێستی دژایەتی رفراندۆم و سەربەخۆیی ئەگەر لە ڕوکەشدا دژی پارتی و دەسەڵات بێ بەڵام لەڕاستیدا دژی بەرژەوەندی و مافی خەڵکی کرێکار و ئازادیخوازی کوردستانە وکۆنەپەرستانەیە. لەبەرئەوەی لەلایەک کوردستان وەک پاشکۆی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی و حکومەتێکی شیعەی ئیسلامی سەر بەئێران دەهێڵێتەوە، کە دژی مافی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە و وەک هاولاتی پلەدوو مامەڵەی خەڵکی غەیرە عەرەب و ناموسڵمان دەکا و هەرکات هێزی هەبێ هەمان کارەساتەکانی ڕژێمە شۆڤینستیەکانی پێشوو و هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر خەڵکی کوردستاندا دێنێت. لەلایەکی تریشەوە ، کۆنەپەرستانەیە چونکە درێژە بە فیدرالیزمی قەومی شکستخواردوو دەدا کە هەمیشە خەڵکی کوردستان دەبێتە قوربانی شەڕی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر بودجە و نەوت و سنور و هتد و هاوکات لەسایەی ئەم بێ دەوڵەتیەی کوردستاندا هەمان سیستەمی میلیشیایی و گەندەڵی ئێستا دەهێڵێتەوە. هەربۆیە هیچ گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چونێک لە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەدی نایەت و بەڵکو وەک تەجروبەی ئەم ٢٦ ساڵە درێژەدانی ئەم وەزعە تەنیا بەرەودوا گەڕانەوە و ناکامکردنەوەی خەباتی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز بۆ باشتربونی ژیان و ئازادیەکانی بەدوادوە دەبێ.

### کۆمۆنیستەکان دەبێ ڕێگە بە کلتوری تەخوین نەدەن

بێگومان مەسەلەی رفراندۆم و سەربەخۆیی مەسەلەیەکی ئاڵۆزکاوە لەگەڵ نارەزایەتی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و بنەماڵەیی پارتی و هاوکات گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەم نارەزایەتیەیان کردوتە بارمتەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و مسۆگەرکردنی بەشە دەسەلاتیان، هەربۆیە جەوێکی بەرانبەرکێی توند و جەمسەرگیری حزبی دروست کردوە. ئێمە پێویستە ڕێگە لەم یاری حزبەکان بە رفراندۆم و سەربەخۆییە بگرین و ڕێگە نەدەین بکرێتە قوربانی کێشەی حزبەکان لەسەر

دەسەڵات. پێویستە ئەم پرۆسەیە بگۆڕین بە پرۆسەیەکی سیاسی لەرێگای بەشداری پێکردنی خەڵک لە دایەلۆگ و هەنگاوە عەمەلیەکانی رفراندۆمەکەدا. رەخنە لە کلتوری حزبە چەکدارەکان لە ململانێی سیاسیدا و نیشانیدانی کلتورێکی مۆدێرنی حزبە شاریەکان خزمەت بە سیاسی بونەوەی خەڵکی کرێکار و ئازادیخواز دەکا لەم پرۆسەیەدا و بردنە سەرەوەی چاوەڕوانیەکانیان . دورخستنەوەی جەوی تەنگەنەفەسی تەخوینکردن یارمەتی ئەوە دەدا کە جەماوەری کرێکار و ئازادیخواز ئومێد بە ئایندە و هەوڵەکانیان پەیدا بکەن و پلاتفۆرمی مافەکانیان بێننە مەیدان و مۆری خۆیان لەم پرۆسەیە و دەوڵەتی سەربەخۆ بدەن. دەبی رێگە بە خەڵک لەهەردوو بەرەی "بەڵێ" و "نەخێر" بدرێ یەکسان قسەکانیان بکەن و ئەگەر خەڵک پێویستی بە درێژکردنەوەی ماوەی خۆئامادەکردنە بۆ رفراندۆم ئەم خواستە بەسەر دەسەڵاتدارانداا بسەپێنن. بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێمدا پیویستە دڵنیابین لەوەی کە ئازادی هەموو ئەو کەسانەی لەو شارو شارۆچکەیانەندا دەژین بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازی لەزمان و رەگەز و ناوچەیان دابینکراوە و دۆخێکی ئارام و ئازاد هەیە بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە بەشداری رفراندۆم بکەن.

٦ ئۆگەستی ٢٠١٧



گۆنا سەعید



بەهار مونزیر

# سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

## گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و گۆنا سەعید

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئەم کاتەتان باش هاوڕێیان. پێمان باش بوو لەسەر بابەت و مەسەلەکانی ژنان، کە دیارە زۆر فراوانە ڕەنگە بە گفتوگۆیەکیش تەواو نەبێت، هەندێ باسەکە تاوتوێ بکەین. بەو هیوایەی بۆ ژمارەکانی داهاتوو لەو بارەیەوە بچینە سەر مەسائیلێکی وردتر لەسەر پرسە جیاجیاکان.

هەمووان ئاگادارین کە ژنان لە چ دۆخێکی ناشایستە و نامرۆڤانەدا ژیان بەسەر ئەبەن لە کوردستاندا. بە هەموو شێوەیەک و بە ڕۆشنی ئەبینرێ کە جیاخوازی یاسایی، ئابوری و سیاسی و هەتا یاساییش بەسەر ژناندا سەپێنراوە . ئەبینین لە ناو خێزان و قوتابخانە و فەرمانگەکان و زانکۆکان و تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پلەدوویی و پیاوسالاری بەڵایەکی نەگبەتە بەسەریانەوە. ناهێڵن خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان بن و جارێ قسە لەسەر مافە تاکی و مەدەنیەکانیان نەک هەر نەماوە، مافی ژیانیش پێیان ڕەوا نابینرێ، ئەوە نییە سەندنەوەی ژیان لە ژنان چەند پەرەی سەندووە. توندوتیژی دەرونی و جەستەیی، سوکایەتی، سەیرکردنی ژن وەک کاڵا و

ماشێنی منداڵهێنان و... هتد... بەهەرحاڵ دەسەلاتیش زۆر بە شێوەیەکی مونوەزم لە پشت ئەم مەسەلەیەوەیە... با بێینە سەر ئەوەی کە هەر یەک لە ئێوە بە کورتی هۆکاری ئەم مەسەلانە یاخود ئەم کێشانەی بەسەر ژناندا سەپێنراوە بە چی ئەبینن یا با بڵێین چۆن لێکیئەدەنەوە؟ لەسەرەتاوە بەهار بەکورتی پێتوایە هۆکاری ئەم مەسەلانەی کەباسم کرد یان ئەو سستەمەی کە بەسەر ژناندا سەپینراوە هۆکارەکەی چیە بەهەرحاڵ لیکدانەوەی تۆ چیە لەم بارەیەوە؟

**بەهار مونزیر:**
بەڵێ هەروەک تۆ باست کرد و هێشتاش ئەتوانم بڵێم ساڵ بەساڵ زۆرتر دەبێت. لە دواترین ئامارێکدا کە لەلایەن بەرەنگاربونەوەی توندوتیژییەوە خراوەتەڕوو، دەبینین مەسەلەی (خۆسوتاندن، کوشتن، دەستدرێژی سێکسی)، یەکێکن لە کێشە گەورەکان. هەروەها مەسەلەی بەشوودانی منداڵی کچ، وە مامەڵەکردن و لەشفرۆشی ئەمانەی هەمووی تێدابوو. لەو ڕاپۆرتەدا، کە ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی بڵاویکردۆتەوە، وە دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەک سەیری بکەین، بەڵام ئێمەش زۆرزۆر لەوە زیاتر دەبینین لانیکەم نیمچە دۆکیۆمێنتێکە بەدەستمانەوەیە، کە هەڵیسەنگێنین دۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا چۆنە. لەو ڕاپۆرتەدا  باس لەوە دەکات کە لەو ئامارەی کە وەزارەتی ناوخۆ بڵاوی کردۆتەوە زۆر زیاترە و وەک خۆی بڵاو نەبۆتەوە، چونکە جاران کە وەزارەتی ناوخۆ وەک خۆی ئامارەکانی بڵاویدەکردەوە، بە UN و ڕێکخراوەکانیشەوە، وەکو حاڵەتێکی ترسناک بۆ مەسەلەی ژن سەیری کوردستانیان دەکرد، دیارە ئەم فشارە لەسەر خۆیان دەبینن. ئەمەش جێگای قسەلەسەرکردن وهەڵوێستەکردنە، کە بۆچی ئەم ئامارە وەک خۆی بڵاو ناکرێتەوە. من حەزم کرد لێرەوە دەستپێبکەم کە ئەم دۆکیۆمێنتانەی هەیە چیمان پیدەڵێت ئەوەی تریشی کە بۆ وایە ئەگەر باسێک لەوە بکەین دیارە لە زۆرێک لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانی خۆمان وەک چالاکوانانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوانەمان کە شاهیدی ئەوەین کە لە دوای (٩١) ەوە چۆن بووە، دەتوانین بڵێین بە جۆریک بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە. هەر ئەوەی کە لەسەرەتایترین مافی ژنانەوە سەیرکەین لە مەسەلەی جلوبەرگەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کوردستان لە(٩١)ەوە هەتا ئێستا کۆمەڵگایەکی داپۆشراوە، کۆمەڵگایەکی موحافیزکارە، کۆمەڵگایەکی ناموسپەرستە. ئەم ڕەوتە سیاسییەی کە لە کوردستاندا هەیە بە بەرنامەوە ئەمەی کردووە کە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو دواوە بچێت. مەسەلەی یەکسانی مەسەلەی مافەکانی ژنان نەک هەرپشت گوێ خراوە بە بەرنامەوە بەرەو ئەم دۆخە زۆر خراپە براوە...

**دیدگای سۆشیالیستی:** ببورە بەهار لێرەدا پێت ئەبڕم، بەڵام پێویستە هەڵوێستەیەک بکەین بۆچی ئەم ڕەوتە سیاسیە بە بەرنامە وای کردوە؟ ئەگەر بەکورتی  بڵێیت زۆر سوپاست دەکەم.

## سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

**بەهار مونزیر:**
لەبەر ئەوەی  کە من پێم وایە ئەمانەی لە کوردستان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە هەتا بەو حزبانەشی کە ئێستا پێشیان دەگوترێت ئۆپۆزیسیۆن هیچ بەرنامەیەکیان نییە بۆ ئەوەی ژنان جێگاوڕێگایەکیان هەبێ وە ژنان ببن لەگەڵیاندا. لەسەرەتای دروستبوونی ئەم حزبانەوە  گەر ببینین جێگاوڕێگای ژن لاواز بووە، جێگایەک بووە هیچ کەسایەتیەکی بە ژنان نەداوە. جێگاوڕێگای ژن لەناو حزبە کوردییەکاندا لە بەڕێوەبردنی حزبەکانەوە بگرە، لە ئەجێندای حزبیەکانەوە بگرە لە کۆنگرە و پلینیۆم و هەموو ئەو کۆبوونەوانەی خۆیانەوە بگرە کە هیچ جێگایەکیان بۆ ژنان نەبووە. تەنها  ئەوەی کە  ڕوو بە ڕووی وڵاتانی دەرەوە بیانەوێت بڵێن کە ئێمە ژنامان بۆ گرنگە، ئەوە بوو لەناو پەرلەمان لە دوای ساڵی ( ٩٢) ەوە ژنانیان بەشداری پێکردووە، کە بەشداریەکی لاوازیشە. دەتوانین بڵێین  ئەمەش هەر  بۆ میکیاج کردنی خۆیان بووە بەڕاستی، ئەگینا ژن لە ناو ئەم ئەحزابە کوردیانەدا جێگاو ڕێگایەکی نییە. هەتا  ئەبینین  لەم ناکۆکی و ململانێیەدا کە لەناو حزبەکاندا کاتێک باس  لە دانوستان باس لە کۆبوونەوەکان و ئەگەر مفاوەزاتێکیش  بکرێت هیچ کات ژنی تیانیە ئەگەر بوشبیت ژنێکی کەم،  هەتا ئەو ژنانەشی کە هەبوویێتن  ئەتوانم بڵێم پاشکۆی پیاوانن لە ناو دەسەڵاتی کوردیدا. ئەمە دەتوانم بڵێم ئەوەیە بۆیە  وای کردوە  ئەگەر حزبیک ژنی بۆ موهیم بوبێت  یەکسانی بەرنامەو ئەجێندابێت جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ کەیسی ژناندا دەکا.

**دیدگای سۆشیالیستی:** دەست خۆش ئەگەر گوناش لەم بەشەیاندا قسەیەکی هەبێت.

**گونا سەعید:**
من بە هاوڕایی تەواوم لە گەڵ ئەو قسانەی بەهاردا دەست پێدەکەم، بە تایبەت پێویستی لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامارە ترسناکانەی کە ساڵ بە ساڵ لە هەرێمی کوردستانا ئەیبینین. بە بڕوای من وەڵامێکی سادە وراستەوخۆ بۆ لێکدانەوەی هۆکاری ئەم توندوتیژیانە و ئەم پلە دوویی و بارودۆخەی کە ژنانی تێدایە  ئەوەیە کە هەمووی بگێڕینەوە بۆ ئەوەی کە لە مزگەوتەوە دەست پێئەکا، لە دینەوە دەست پێئەکا، لە یاساکانەوە دەست پێئەکا ، لە کلتوری دواکەوتووی خەڵکەوە دەست پێئەکا ، لەوەش گرنگتر کە بوترێ ئەم دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمەی لە کوردستانا لە نەوەدەکانەوە دەستی کردوە بە هاندان و زیندوو ڕاگرتنی دابونەریت و کلتوری خێڵەکی  لە پێناو بە دەستهێنانی هاوکاری سیاسی خێڵ و هۆزەکان و سەرۆک عەشیرەتەکانا ، هەموو ئەمانە بە بڕوای من هۆکاری جۆراو جۆرن و ئەکرێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەریان ببینرێ لەسەر خراپبوونی بارودۆخی ژنان و توندوتیژی لە سەریان.
بەڵام بۆ لێکدانەوەیەکی قوڵتر و بنەماییتر دەبێت بزانین  کە چی هێزێک وا لەپشتی ئەمانەوەیە، ئەم سیاسەتانەی دەسەڵاتی هەرێم بەرامبەر بە کۆمەڵگە و بە ژنان چ بەرژەوەندیەک دەپارێزن، بۆ نمونە لە کوردستانێک کە دینی ئیسلام نەیتوانیوە بە خەونیش ئەو دەورەی هەبێ کە ئەمڕۆ

هەیەتی کە هەر لە ژێر دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ٢٠ ساڵ لەمەو پێش نەیبووە. بە خەونیش ئەوە نەبینرواوە کە کۆمەڵگەی کوردی وەک ئێستەی بە سەر بێ لە ژمارەی مزگەوتەکانی لە دەسەڵاتی دام ودەزگای دینی، لە توندکردنەوەی یاسای دینی بە سەر ژیانی خەڵکدا، لە توندکردنەوەی دەوری کۆمەڵایەتی بنەما عەشیرەتی و خێڵەکیەکان. چی هێزێک لە پشتی ئەمەوەیە ؟ بە بڕوای من وەک جەمال خۆی ئیشارەتی پێکرد ئەم دەسەڵاتە سیاسیە ئەوەندە بەس نییە بڵێی خۆی لە پشتێتی خۆی ئەیکا کە دروستە ئەم قسەیەو تەواوە ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ چی ئەیکا ؟ هۆکارەکەی چیە؟ ئەم ڕەگ وڕیشەیە لە کوێوە هات ؟ بۆچی ناسیۆنالیزمێکی کوردی لە جیاتی ئەوەی دەسبگرێ بەو پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵگەیەی لە ساڵی ٧٠ کانا بینی لە مافەکانی ژنان، لە ئازادی ژنان ، لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە یا دەسبگرێ بەو سیاسەتی نەوتە ئابوریەی لە ٧٠کانا هاتووە و بینی کە کۆمەڵگەی پێچووە پێشەوە، بۆ دەسناگرێ بەمەوە و، وازی لە پێشخستنی کۆمەڵگە لە باری ماف و ئازادی وئابوریەوە هێناوە و هاتووە دەستی گرتووە بە مەسەلەیەکی ترەوە کە ڕێک پێچەوانەیە، پاشخستنی کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگە، خراپکردنی بارو دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک و مافەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و هتد ..، ئالێرەدا بە بڕوای من، ئیتر پێویست ئەکا کە ئێمە بارودۆخی ژنان وە بارودۆخی هەرێمی کوردستان پەیوەست کەینەوە بەوەی کە لە دونیادا چی ڕووئەدا ؟ لە دونیادا لە سیاسەتی ئابووری و سیاسی نیولیبرالیزمدا چی ڕووئەدا، فۆکۆس لە کوێدایە ؟ وە ژن لە کوێی ئەم موعادەلەتانادایە لەم دونیایەدا؟ ئەگەر زۆر بە کورتی لە سەر ئەمە بڕۆم، وەک جەمال ووتی ئەم بابەتە زۆر زۆری ئەوێ تا بتوانێ تەواوی لایەنەکانی لێکبدەینەوە تا بگەینە بنەوانی سەرەکی، بەڵام بە کورتیەکەی ئەوەیە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانی ئابووری نیولیبرالیزم و بەجیهانی بوونەوەی سەرمایە و بە جیهانی بوونەوەی تەکنەلۆجی و ئەو فرسەتانەی بۆی هەڵکەوتووە بە تایبەت لە سەر مەسەلەی بوژانەوەی ئابووری بە قازانجی نوخبە ی سیاسی دەسەڵات و چینی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستاندا ، پێویستی بەوەیە کە ژنان لەم وەزعەدا ڕاگرێ کە ڕایگرتووە ، پێویستی بەوە بوو کە دین زیندوو بکاتەوە بە سەر سەری کۆمەڵگە و ژناندا ، ئەوەتا خۆتان بینیوتانە پێویستی بەوەیە کە دابونەریتی خێڵەکی زیندوو بکاتەوە ، هەر ڕۆژەی خێڵێک زل ئەکات و باس لە فەهەنگەکەی ئەکات. عەشیرەتێک دێتە پێشەوە بە ئەسپ سواری و لێدانی بووک لە کاتی شایدا و جۆرەها نەریتیان هێناوەتە پێشەوە کە وەک نەریتی کۆمەڵایەتی لە گیانەڵادا بوون، ئەبوایە بمردایە لە چاو پێشکەوتنێک ، لە چاو هۆشیاریەک کە ئینسان بینیویەتی لەم سەردەمەدا. دەبوو ئەم نەریتانە جێگای گاڵتەجاری نەوە تازەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بوونایە. بەڵام هەموو ئەمانە بۆ کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەراگرتنی خواست و ئومێدەکانی نیوەی کۆمەڵگەیە کە ژنانن بۆ ئازادی و مافی یەکسان و کار و بیمەی کار و داواکاریەکانی تری وەک مافی خۆی. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بە جێگا و ڕێگایەک کە بۆ ژن دیاری کراوە لەم سیستەمی ئابووری و سیاسیەی دەسەڵاتی هەرێمدا، ئەویش حساب نەکردنی ژن وەک هێزی بێکار، سپاردنی کاری خزمەتگوزاری ماڵەوە و ئەرکی چاودێری منداڵ و پیری وپەککەوتە و کەمئەندامان و هتد .. ، هەموو ئەمانە بە خۆڕایی و وەک ئەرکێکی

"دینی" و کۆمەڵایەتی ژنان دوبارە بەرهەم دێنەوە. ژن مەوقعێکی پلەدووی هەیە لەم سیاسەتە ئابووریەی هەرێمی کوردستاندا کە ئەم رەوەندە لە جیهانیشدا هەروایە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئێمە باس ئەکەین، لە رێگای ئەمەوە هێزێکی بێکار کە نیوەی ژنانن بێهێز دەهێڵرێتەوە، لە پەیوەندی لە گەڵ خێزاندا ، لە گەڵ کۆمەڵگەدا، لە گەڵ سیاسەتدا، لە پلە دووا دەهێڵرێتەوە هەتا نەتوانێ بەشێک بێ لە هێزێکی ناڕازی و پڕ لە ووزە ، هەتا نەتوانێ بەشێک بێ لە هێزێک کە ئەیەوێ دونیا بگۆڕێ و ئەم سیستەمە بگۆڕێ. واتا ئەو پەیوەندیانەی لەو سیستەمەدا بۆ ژن دروستکراوە بە بڕوای من بە بێ ئەوەی دەسەڵات خۆی سەرکوت بە کار بێنێ، دین و دابە ونەریت و رۆڵی پلەدووی ژن ئەم سەرکوتەی ژنانی بۆ مسۆگەر کردوە. ئەوەتا ئەبینین ئەو سەرکوتانەی ژن ئەیبینێ لەو کۆمەڵگەیە بێوێنە بووە لە مێژوودا، مەسەلەی لێدان و توند تیژی، هەر ئەوانەی کە بەهارئیشارەتی پێدا، یان جەمال خۆت ئیشارەتت پێدا، ئەم توندوتیژیە ی کە زۆرینەی ژنانی بێدەنگ کردووە و کردویەتی بە کائینێکی بێدەنگی لەماڵەوە دانیشتووی بێدەسەڵات. وە ئەمە ئێمە باس لە دوو ملیۆن ئینسان ئەکەین لە هەرێمی کوردستاندا.

واتا لەیەک لەو کۆمەڵگەیە لە بەرامبەر هەژمونی ئەم دەسەڵاتەدا لە بەرامبەر کاروکردەوەکانیدا لە دژی ئازادی لە دژی مافەکان ، لە هەژارکردنی خەڵکدا لە بێکارکردنی خەڵکدا لە نەبوونی ئیش بۆ ئەوانەی کە لە زانکۆکان دەرئەچن، هەموو ئەمانە ژنی والێکردووە کە ئەگەر پیاو بێتە دەنگ لەوانە دوو هەنگاو دوای ئەوە بێتە دەنگ یا ساڵێک دوای ئەو بێتە دەنگ ، بۆ؟ لە بەر ئەوەی ناردویەتیە ماڵەوە کلتوری ئیسلامی، کلتوری عەشیرەت توانیەتی قەناعەت بەم هێزە بێشومارە بکا کە جێگەی ئەو منداڵ دروستکردنە جێگەی ئەو دانیشتنە، وە بەم شێوەیە نابالانسە لە دەوری ژن وە دەوری پیاو لەم کۆمەڵگەیە. ئەم نایەکسانیە وە ئەم نا هاوسەنگیە کە دروست بووە بە دڵنابیەوە نەتیجەکەی ئەوەیە کە توندوتیژی بێشوماری لێئەبێتەوە، پیاو دەسەڵاتی هەیە بە سەر ژندا لە نێو خێزاندا. دین دەسەڵاتی هەیە بە سەر بەها مرۆییەکاندا لەو کۆمەڵگەیە ، یاسای دینی و یاسای نیمچە دینی و نیمچە سیکولار سەری لە خەڵک شێواندوە لەم بارانەوە. ئا ئەوەتا ژن لە دەرەوەیە و لە سیاسەتدایە و بەڵام نا ژن چەوساوەیە و ژن پلە دووە، ژن لە دادگاکانا هیچ کارێکی بۆ ناکرێ ، مافەکانی بە دەسنایەت، توندوتیژی بەرامبەر ئەکرێ، ئەنێردرێتەوە ماڵەوە. هەر ئەو نمونانەی لەمەوپێش بەهار باسیکرد. جا مەبەستم ئەوەیە ئەم موزوعە سەتحی هەیە ، ڕوکەشی هەیە، ڕوکەشەکەی کلتورو دینە، خێڵ و پیاو و ئەمانەیە بەڵام بنەماکەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەیە کە بە هۆی سیاسەتی ئابووری و سیاسی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە ئابووری و سیاسەتێکی نیولیبرالیە و پەیوەستە بەوەی لە جیهاندا چی ڕوئەدا، وایکردووە کە ژن لەو مەوقعەدا بهێڵرێتەوە وە نەک بمێنێتەوە بەڵکو بەردەوام ئەم وەزعەی خراپتر بێ.

**دیدگای سۆشیالیستی:** بەڵێ بەڵام من حەز ئەکەم لێرەدا خاڵێک تۆزێ زیاتر لە سەری ڕابوەستین، لە بەشێک لە قسەکانی سەرەتای بەهاریشدا هات باسی لە مەسەلەی یاسا، کلتور و هەتا فەرهەنگ و ئەم جۆرە مەسەلانە کرا، لەوەی تۆشدا هات. خاڵێک کە جێی سەرنجە لەو مەسەلانەدا باسی

## گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و  گۆنا سەعید

مەسەلەی دەسەڵاتی ئابووری ، سیاسی نیولیبرالیزم و ئەوانە، بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکان باڵکێشانی ئەم جۆرە لە سیاسەت ئەگەر چی لە ساڵانی پێشوترەوە لە غەربدا هەبووە بەڵام باڵکێشانی ئەم سیاسەتە زۆرتر لە دوای ٢٠٠٣ وە لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە ئەبینرێ، خۆ پێشووتر بەو مانا واقعی بەرفراوانەی سیاسەتی نیولیبرالیزم لە کوردستاندا ئیشی نەکردووە ، بۆ چی لەوکاتەوە بۆرژوازی کورد وە دەسەڵاتەکەی هەوڵیدا لە سەرکوتکردنی ئەو نەوعە لە مەوقعیەتدان بە ژن . حەز ئەکەم لە سەر ئەم خاڵە بوەستین جا دوایش مەجال بێ دێینەوە سەر ئەو ڕاپۆرتەی کە بەهار باسیکرد ، من حەز ئەکەم بەهار لە سەر ئەمە شتێک بڵێ وە دوایش تۆش ئەتوانی قسەی لە سەر بکەی، فەرموو.

**بەهار مونزیر:**
ئەوەی کە لە دوای ٢٠٠٣ وە بۆ وایە واقعیە لە بەر تێکەڵاوبوونەوە جارێکی تر لە گەڵ عێراق و هەروەها بوونی کۆمەڵێک ئەحزابی دواکەوتووی شیعی و جیاکردنەوەی عێراق ، وە باڵکێشانی دواکەوتوویی بە سەر عێراقدا کە کوردستانیش لێی بێبەری نەبووە لە بەر ئەوەی تێکەڵاویەکی تەواوی لە گەڵ عێراقدا هەبووە. ئەکرێت بڵێین بۆ نمونە ئەمە یەکێک لە کاریگەریەکانی وولاتانی دواکەوتووی دراوسێی وەک ئێران و بە هێزبوونی ئەم حیزبانە و دروستبوونی کۆمەڵێک ئەحزابی دواکەوتوو لە عێراقدا ئەتوانین بڵێین کاریگەری هەبووە.  بۆ نمونە ئەوەی کە ئێستا لە عێراق شیعارێک بەرزکرایەوە و کۆمەڵێک ژن بەرزیان کردەوە کە فرە ژنی هەبێ بە ڕاستی پێتان بڵێم لێرە کاریگەری هەبووە، لە کۆڕوکۆبونەوە و پرسە و شوێنە جیاوازەکان ئەتوانی بڵێی گوێت لەوە ئەبێ بە پێکەنینەوە خەڵکی باس لەوە ئەکات کە بکرێ لێرەش بەوجۆرە بێ. لە کوردستانیش کۆمەڵێک بەهانەی بچوک بچوک دانراوە کە ناتوانێ ڕێگری لە مەسەلەی فرە ژنی بکات. مەبەستم ئەوەیە بەستنەوەی جارێکی تری کۆمەڵگەی کوردستان بە عێراقەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەرەو دواوە بردووە وە پابەندبوونی ئەمانیش بە کۆمەڵێ یاسا و ڕێساوە. ئێمە جاری وا هەبووە لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی عێراقدا کە قسەمان کردووە لە سەرکۆمەڵێک یاسا، بە هەرێمی کوردستان ئەڵێ ئێوە مەمنون بن کە ئەوە وایە و ڕێک وەک عێراق نییە. کۆمەڵێ یاسا گۆڕدراوە لێرە وەک خەو وایە تۆ بتوانی لە پەرلەمانی عێراقدا باس لەو یاسا و داخوازیانە بکەی. ڕێکخراوەکانی ژنانیان ، ڕێکخراوە لۆکاڵیەکان، چالاکوانان لە کوردستان خوازیاری ئەوە بن ئەمە باشتر بکرێت. لە عێراقدا ئەبینین هەر بەرەو خراپتر ئەچێت. یاسای جەعفەری هاتە پێشەوە کە حەقی بە دایک و باوکەکە ئەدا لە تەمەنی ٩ ساڵیدا منداڵان زەواج بکەن ، کە ئەمانە بە ڕاستی شتێکی تازە بوون بۆ کۆمەڵگەی کوردی.

**دیدگای سۆشیالیستی:** دەستخۆش حەز ئەکەم دووبارە بێینەوە سەر ئەوە کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی جیهانی گلۆبالیزە بوون و دونیای پڕ تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێتدا ئەژین، کە هەمووی کاریگەری

دائەنێن. بەڵام ئێمە تەرکیزمان لە سەر کوردستانە بۆ دەست بەم فەرهەنگ و پیس و دواکەوتوانەوە ئەگرن؟ بۆ ئەیانەوێ ژن لەم جێگەوڕێگەیەدا بێ ؟

**بەهار مونزیر:**
ڕێک وایە، ئەمە مەسەلەیەکی لۆکاڵی نییە تەنها لە کوردستاندا، ئەوەی کە ووتم دەوروکاریگەری ولاتانی دراوسێ مەبەستم لەوەیە هەتا نەک تەنها کوردستان ئەگەر سەیری هەموو شەرقی ئەوسەت بکەین جێگە و ڕێگەی ژن لە هەندێ شوێندا زۆرزۆر لە ئێستا باشتر بووە. ئەوەی کە بەشداری نەکردنی ژن یان با بڵێین بە بەرنامەوە ئێستا دۆخی بەرەو دواوە چوونی کۆمەڵگە داڕێژراوە و هەموو ئەمانە هەوڵێکی جدی بۆ ئەدرێ و تەنانەت سوئ ئیستفادە لەمە ئەکرێ و هەوڵی زیاتر ئەدرێ ئەم وولاتانە بەرەو دواوە بچن. ئەمەی کە ئێستا زلهێزەکانی دونیا ئەبینین بۆ نمونە وولاتانێکی زلهێزی وەک ئەمریکا یان ڕوسیا وەک وولاتانی دراوسێی وەک سعودیە و ئێران ئەوەی کە ئەبینرێ بە بەرنامەوە ئەمەیان داناوە و ئەتوانم بڵێم ئەم وولاتانە جارێکیتر بە ١٠٠ ساڵ بەرەودواوە چوونەتەوە. ئەوەی کە باسمان کرد لە نەوەدەکاندا دەنگێکی تر هەبوو جیاوازیەکی زۆر زۆر گەورە ئەبینرێ. لە کاتێکدا ئەو کاتە باڵی چەپەکان و کۆمۆنیستەکان هەبوو هەوڵی ئەدا کە مەسەلەی ژنان، مەسەلەی یەکسانی لە شوێنێکی تر بێ. ئەم بزووتنەوەیە چارەسەری پێبوو بۆ کۆمەڵگە و بۆ ئەم دواکەوتووییەی کە لە کوردستانا هەبوو لە دوای ٩١ەوە. ئەمەش ترسێکی دروستکرد لە دڵی حزبەکانی کوردستاندا و لە دەوروبەر و لە وولاتانی دراوسێوە سەرکوتکرا و بەجۆرێک کە کۆمەڵگەی کوردستان چاو نەکاتەوە وە سود وەرگرتنی وولاتانی دراوسێ و زلهێزەکان لە دواکەوتویی کۆمەڵگە وە بەرنامە و ئەجێندای خۆیان ئەوەی کە ویستویانە کردویانە چ لە کوردستان و عێراق و چ لە سوریا و لاتانی تر کە شەڕی تیادا هەبووە. ئەمانە زۆر بە ڕۆشنی دیارە کە ئەوان چیان ئەوێ وە بەرنامەکانیان چەند سەرکەوتوو بووە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** لەم بارەیەوە و هەر لە سەر ئەم خاڵە پێمخۆشبوو گونا تۆ ڕای خۆت بدەی .

**گۆنا سەعید:**
زۆر باشە من دوو خاڵم هەیە لەوبارەوە بیڵێم ، یەکێکیان لەو خاڵەوە کە بەهار باسیکرد دەسپێئەکەم. مەسەلەی سیاسەت لەم ناوچەیە ، دەوری ئێران، تورکیا ، سعودیە ، وولاتانیتر لەم ناوچەیە وە لە خۆرهەلاتی ناویندا. ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، ئەم نوخبە سیاسی یەی بۆرژوازی کوردی کە لە شاخەوە هاتنە شار و دەسەلاتیان گرتە دەست، بۆرژوازیەکی بێ تەجروبە بوون، تەجروبەی دەسەلات و حکموتەداریان نەبوو، هیچ شتێکی نەبوو و تەنها میلیشیای چەکداری بوون. ئاشکرایە، ئەوەی خستییە سەرڕێی ئەوەی چۆن کۆمەڵگە بە ڕێوە بەرن و سیستەمێک دامەزرێنن، تەدەخولی ئەمریکا بوو بەردەوام لە گەڵیاندا، لە

## گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و  گۆنا سەعید

لایەکی تر تەدەخولی ئێران بوو بە شێوەیەکی زۆر وە کاریگەری شێوەی حومکڕانی و دەسەڵات لە ناچەکەدا زۆر بوو لەسەریان. ئەمە فێری کردن، ماوەیەکی زۆری برد تا کەوتنە سەر ئەوەی فرسەتیان بۆ هەڵکەوت کە پەیوەست بن بەم ڕەوەندە جیهانیەی ئابووری سەرمایەداری و نیولیبرالیزم. خاڵی دووەم ئەوەیە کە لە نەوەدەکاندا مەسەلەی ژنان ئەگەر لە بیرتان بێ زۆر بە ئاسانی دەتوانرا وەکو مەسەلەیەکی سیاسی باسی بکەی. ئینسان دەیتوانی یەخەی ئەم حزبانە بگرێ وە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارب کات  لە سەری. ئەوکات پێمان دەووتن کە ئەم بار و دۆخەی ژنان بۆڕازیکردنی جمهوری ئیسلامی ئێرانە، بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سعودیەیە، بۆ ڕازیکردنی دابونەریتی خێڵەکی و سەرۆک خێڵەکانە کە بەرامبەر بە ژن ئەم دەسەڵاتە یاسای کۆنەپەرستانە بەرهەم دێنێتەوە، دابونەریتی ئیسلامی زیندوو ئەکەنەوە . لە بەرامبەر ئەمەشدا جولانەوەیەک هەبوو کە سیاسی بوو  کە  حەرەکەیەکی چەپی ڕادیکاڵی کۆمۆنسیتی بوو، وە مەسەلەی ژنانی بە مەسەلەیەکی سیاسی لێکدەدایەوە و خەباتی بۆ دەکرد. لێرەدا دیسانەوە ئەچمە سەر ئەو قسەیەی پێشوو کردم ، لە دوای ٢٠٠٣ ئەم مەسەلەیە زۆر گۆڕاوە لە تەواوی جیهاندا نەک تەنیا لە کوردستان و عێراق دا، مەسەلەی جێندەر( جێندەر بە مانای پێناسی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو بوون)، مەسەلەی ژنان بە ڕادەیەکی زۆر جیاکراوەتەوە و لە ئابوری و سیاسەت دوور خراوەتەوە. بە شیوەیەکی ئامانجدارانە و بە  شێوەیەکی خواستراو لە لایەن ئەم سیستەمی سەرمایەداریەوە کە جیهان بە ڕێوە ئەبات مەسەلەی یەکسانی و مافەکانی ژنان دابڕێندراوە  لە سیستەمی سیاسی و ئابووری، هەروەکو چۆن مەسەلەی هەژاری دابڕاندووە ، هەروەکو چۆن مەسەلەی بێکاری دابڕاندووە لەوەی کە پەیوەستبێ بەم سیستەمەوە کە خۆی بە ڕێوەی ئەبات لە لایەنی ئابووریەوە. مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی مانا بەمە بدەین وەزعی ژن بۆ چی وایە بۆ لە نەوەدەکان وابوو وە بۆ لە ٢٠٠٣ وە وایە ؟ بە بروای من بارودۆخی ژنان هەروەکو خۆی بوو لە ژێر ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ، ئەوەی کە گۆڕاوە ئەوەیە کە دەسەڵاتی بورژوازی پارتی و یەکێتی تەجروبەی پەیدا کردوە و دەرسی لە نیولیبرالیزم وەرگرتوە کە چۆن مەسەلی ژنان بەلاڕیدا بەرێ و دووری خاتەوە لە بەرپرسیارێتی خۆی. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئەم سیاسەتەیان گرتبە بەر بۆ ئەوە بوو هێزەکانی ناوچەکە، وە سیاسەتی خۆیان بەرنە پێشەوەو ئەوان ڕازی کەن بە سیاسەتی خۆیان. ئەگەر بیرتان بێ کاتی خۆی ئێران موحاسەبەی یەکێتی نیشتیمانی ئەکرد لە سەر بوونی ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان لە ناو شاری سلێمانی دا  لە هێز و قودرەت و دەنگمان، ئەگەر بیرتان بێ شوراکان دەنگ هەبوو لە سەر ئەوەی کە ئەمریکا قسەی لە سەر ئەکرد کە ئەم ئاڵا سورانە چیە ؟ مەبسەتم نەوەدەکان ئەوە تێپەڕی، دووهەزارەکان سەردەمێکی جیاوازە کە  بە داخەوە لە لایەک بەشێک لە کۆمەڵگەی پەیوەست کردووە بەم سیاسەتەی خۆیەوە، بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژنان شان بە شانی دەسەڵات مەسەلەی ژنانیان دابڕاندووە لە سیاسەت، دایانبڕاندووە لەوەی کە ئەم دەسەڵاتە بە مەبەست  ژن لەم بارو دۆخەدا ڕائەگرێ کە ڕایگرتووە، مەسەلە ئەوە نییە کە پیاو خراپە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** بەهاریش وتی، بەڵام هەردوکتان نەهاتنە سەر ئەوەی بۆ چی عەمدەن ئەمە ئەکەن؟

**گۆنا سەعید:** قازانجە .

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئەو قازانجە چیە؟

**گۆنا سەعید:**
من ویستم بیڵێم بەڵام مەجبوور بووم قسەکانم تەواو کەم. سەیر کە، فۆکۆسی ئەم دەسەڵاتە لە سەر قازانج و سەرمایەیە، پەیوەست بوونە بەم سیستەمە جیهانیەوە کە بەردەوام فۆکۆسی لە سەر ئەوەیە کە بۆ چینی دەسەڵاتدار قازانج پەیدا بکات ، سەرمایە بخاتە گەڕ، هێزی کار بەردەوام زیندوو کاتەوە و دروست کاتەوە. لە نێو ئەم پەیوەندییە کۆمەلایەتیانەدا جێگەو ڕێگەی داوە بە ژنان لە هاوکێشەسازی ئابووری و سیاسیدا . من پێشتر ئاماژەم پێ د کە لە شەرقی ئەوسەتا وەسیلەی دەستی سیاسەتی سەرمایەداری دونیای ئەمڕۆ ئیسلام و کەلتووری دینی و پیاوسالاری یە ، بۆ چی؟ لە بەر ئەوەی بۆ نمونە جاران لە عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن دا دەوڵەت پێویستی بە سەرکوت هەبوو، هەموو سیاسەتێکی ئیقتیسادی ئەبردە ڕێوە بە دڵی خۆی، بە سەرکوت ئەیبردە پێشەوە . بەلام لە عێراقی سەردەمی ئەمڕۆ دەوڵەت یان دەسەڵات پێویستی بەم سەرکوتە نەماوە، پێویستی بە دیکتاتۆر نەماوە، چونکە دین و جێندەر ڕۆڵ ( پێناسی کۆمەڵایەتی ژنێتی وپیاوەتی ) زۆر بە ئاسانی دوو ئامرازی کاریگەری کۆنترۆڵی پیاوان و ژنانن ، واتە هەموو کۆمەڵگە. وە ئەو سەرکوتە پیویستی بە پۆلیس و دادگاش نییە، تەنها بە هۆی میدیا و مزگەوت و پیاوانی ئایینی و لە ژێر ناوی جیاوازی کلتورەوە ، بە هۆی دواکەوتووی دابونەریتەوە بە تایبەت لە شەرقی ئەوسەتا ملیۆنان خەڵک قەناعەتی پێکراوە کە ئاسایی یە ژنان لە ماڵەوە بن و بێکاریان بکات. هەر ئەم دەسەڵاتە لە قازانجێتی کاتێ هەندێک دەڵێن کە خەتای پیاوە کە ژن لێی ئەدرێ، خەتای کەلتوورە یان خەتای هەڵسوکەوتی ژنان خۆیانە، چونکە بەم جۆرە دەسەڵات شانی خۆی خاڵی دەکاتەوە لە بەرپرسیاریێتی و مەسرەف کردن لە ڕزگار کردنی ژناندا، یان لە دانانی یاسای پێشڕەو و سێکولار بۆ دابین کردنی مافەکانیان . بە هۆی بەکارهێنانی دین و دابونەریتی دواکەوتوو زۆر بە ئاسانی بە بێ سەرکوت ئەم دەسەڵاتە پیاوی کردووە بە پاسەوان بە سەر ژنەوە، دینی کردووە بە حەرەس بە سەر کۆمەڵگەوە، پێویستی بە جەیش نییە بۆ ئەمە، پێویستی بە مەسرەف کردن نییە تیایدا. من هەدەفەکەم ئەمەیە کە بگەم بەم خاڵە، کە تۆ ئەڵێی بۆ چی وا ئەکا لە بەر ئەوەی قازانج بواری بۆ ئەکاتەوە . خاڵێکی تری زۆر گرنگ ئەوەیە کە ژنان لە هێزێکی کۆمەڵایەتی نارازیەوە بکاتە تاک تاکی ژنی ماڵەوە، بەمەش زۆر بە ئاسانی بە مقاوەمەتێکی کەمتر لە لایەن خەڵکەوە کە هێزی ژنانی دابڕاندوە تا ڕادەیەکی زۆر لەم مقاوەمەتە بەرامبەر بە دەسەڵاتەکەی، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، ئابووریەکەی بخاتە گەڕ، خزمەت بە چینی

دەسەڵاتدار بکا، بە قازانج پەیدا کردنی ئەوان بکا . لێرەدا  نمونەی هەرێمی کوردستان زۆر زیندووە بە ڕای من ، بۆ نمونە ساڵانە چەند هەزار قوتابی دەرئە چن لە زانکۆ ؟ لەم ژمارەیە چەندی مێیینەیە؟  ئەوەی کە پیاوە بە هێزی بێکار ئەژمار دەکرێت، کاری پێویستە ، هێزێکی خەتەرناکە بۆ دەسەلات وئەتوانیٚ ئێنرژی نارەزایەتی دروست بکا بەرامبەر بەم دەسەڵاتە، بۆ مێیینەکان ئەم ئێنرژیە زۆر دێتە خوارەوە زۆر کەم ئەبێتەوە لە بەر ئەوەی بە پێی رای گشتی زاڵکراو بەدیل هەیە بۆیان چونکە "ئەرکی سەرەکی" ئەوان ئەوەیە شوو بکەن و منداڵ دروست کەن و مندااڵ بە خێو کەن، وە ئەمە بەدیلێکە تەنانەت ژنان خۆشیان زۆریان بڕوایان پێهێناوە. بۆ نمونە ئەم کچانە ئەبینی بە ١٦و١٧ ساڵی هاوسەرگیری ئەکەن یان یەکسەر لە دوای ئەوەی کە شەهادەیەکی بەرزیان هێناوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەم سیستەمە دا ئەم ژنە هیچ بەشداریەکی ئابووری و سیاسی بۆ دانەنراوە وەک ئەرک و بەرپرسیارێتی، بە دیلەکەی ئەوەیە بڕواتە ماڵەوە وە دەسەلات سەری ڕەحەت ئەبیٚ  لە دەست ئەم کەسە یاخود ئەم هێزە بێشومارەی ژنان کە پێویستی بە ئیشە، پێویستی بە بەشداریە لە ئابوری دا و لە سیاسەتدا.

**دیدگای سۆشیالیستی:** بەڵیٚ ، لێرەدا شتێک بە ئیزافەی لایەنێکی ئەم مەسەلانە نازانم بەهاریش فورسەت ئەبیٚ بێتەوە سەر ئەم بۆ چیە.

**بەهار مونزیر:**
بە دڵنیاییەوە ئەوەی گونا وتی هاوڕام لە سەری. ئەوەی بۆ لە نەوەدەکانا ئەم وڵاتانەی دەوروبەر چیان ویستووە ئەم حزبانەش ئەوەیان کردووە، وە ئێستاش ئەوەی کە ئەمریکا چی ئەویٚ ئەوەیان کردووە، لە وڵاتانی تریش نەک بە تەنها هەرێمی کوردستان، لە بە دواووەچوونی کۆمەڵگە و (سوئ ئیستیفادە)، لە بڵاوبوونەوەی کۆنەپەرستی ئەو کۆمەڵگەیە، وە نەبوونی جێگە و ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ژن، ئەمانە هەمووی جێگەی ئیستیفادە بووە بۆ دەسەڵاتی کوردی و زلهێزەکانی دونیاش. بەرەودواوەچوونی کۆمەڵگە باشترین وەسیلە بووە بە دەست ئەم زلهێز و ئەحزابانەوە، دوای ئەوەش نیوەی کۆمەڵگە کە پەراوێزخستن و چوونە ماڵەوە و بەستنەوەی بە منداڵ بە خێوکردن نسیبیان بووە. بە ڕای من ئەمانە هەمووی بە بەرنامەوە کراوە، بە تەنیا لێرە وا نییە.  تۆ ئەگەر بەراوردی وڵاتانی پێشکەوتووش بکەیت لە گەڵ ساڵانی حەفتاکاندا سەیر ئەکەی کۆمەڵێک لە دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوە مەدەنییەکان و بزووتنەوەی بێکاری و هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە کۆمەڵگەیان بۆ پێشەوە بردووە ئێستا لە ژێر پرسیاردایە، ئەو دەستکەوتانەی کە هەبوو لە ووڵاتانی خۆرئاواشدا جارێکیتر لە ژێر پرسیاردایە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش (سوئ ئیستیفادە) و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەزلهێزەکانی دونیا و پەیوەندییان بە وڵاتانی وەک سعودییە و وڵاتەکانی تر
مەسەلە ئابوورییەکانە.

## سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

**دیدگای سۆشیالیستی:** پێویستە بێینە سەر لایەنێکی تری بە خێرایی، باستان لەوە کرد هەموو ئەو شتانەی کە هەن ڕووکەش یاخود سەرخانێکن. ئەو یاسا ، فەرهەنگ ، پیاوسالاری ، ژنکوشتن و مەسەلانە لە بەرژەوەندی ژێرخانێکن، ژێرخانێک کە لەسەر پایەی نایەکسانی ئینسانەکان دانراون، بۆیە بۆی موهیمە ستەمکێشی لە سەر ژنان هەبێ چونکە ئەبێ بە قازانج و کەڵەکە کردنی پارە. مەسەلەن کاری ناوماڵ هەموو بە خۆڕایی خستۆتە سەر شانی ژن، مناڵ دروستکردن، توندکردنەوەی بەندی کۆیلایەتی و لە مەوقعیەتی نزم ڕاگرتنیان و کردنیان بە پاشکۆی پیاو لە پێناو ئەوەدایە لەشکرێکی گەورەی بێکاری ڕابگرێ کە ژنانن، وە هەمیشە ئەم دوو لەشکرە لە بەرامبەر یەکدان. لایەنەکانیتر کە خۆیان بە فیمینیست و لیبرالفیمینیست ئەزانن نایەنە سەر ئەم لایەنەی مەسەلەکە و لە چوارچێوەی ڕیفۆرمدا ئەمێننەوە. حەز ئەکەم پرسیارێکتان لێبکەم،

لە وەزعێکی ئاوا خراپی ژناندا . من پێموایە هەڵسوڕاوانی ژنان لە دیدگایەکی سۆسیالیستیەوە بێنە سەر ئەم ڕیشەیە کە ئێوەش بەشێکیتان باسکرد بەڵام لە نێو ئەمەشدا چاککردنی وەزعی ژن گرنگە، جیاکردنەوەی ئەم بۆچوونە سۆسیالیستیە لە گەڵ ڕەوت و مەیلەکانی تری فیمینیستی و لیبراڵی و .... هتد ، هەتا ئیسلام فیمینیزمدا ئەگەر بکرێ ناوی بنێی گرنگە. ئەوان ڕووکەشی ئەیکەن ئەڵێن دەسەڵات ئیهتیمامی نەداوە ، دادگاکان باش بە دواداچوون ناکەن، لەم ماوەیدا ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی یاداشتێکیان داوەو

خۆپیشاندانیان کردووە و دوایان کردووە، داوەرەکان ئەکتیڤ بکرێنەوە، نەهێڵن حزبەکان تەدەخول بکەن، ئەمە ڕووکەشیە، ئەمە تەسلیمکردنی ژنانە لە نیوەی ڕێگەدا بە هەمان وەزعیەت. ئێوە لەم بارەوە ئەڵێن چی؟

**بەهار مونزیر:**

من دەڵێم بۆ ئێمە وەکو کەسانێک کە سەر بە بزوتنەوەیەکین ڕۆشنە، ستەم کێشی ژنان و چارەسەرێک بۆ ستەمکێشی ژنان و وەک ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاوا ببێت ئەمە یەکلاییە، بەڵام بە ڕاستی ئەگەر ئێمە موقارەنە بکەین هەتا وڵاتانێک کە نیولیبرالیزم یان دیموکراسی یا هەر شتێک ، ئێرە زەلکاوێکە بەراورد ناکرێ بە هیچ جێگەیەکی تر. ئێستا ئەو هەوڵانەی کە ئەدرێ تۆ یاسایەکی باشت هەبێ نزیکت دەکاتەوە لەوەی کۆمەڵگەکەت وشیارتر بێ، لەوەی کە یاسایەکت هەبێ ئەم هەموو کوشتوبڕ و بێمافیانەی بەرامبەر بە ژنان ئەکرێ بچێتە جێگایەکی ترو ئاسانتر ئەبێ قسە بکەیت لە سەر یەکسانی، لە سەر مەسەلە و پرسەکانی ژنان. یان بۆ نمونە کارکردن لە ناو کۆمەڵگەدا و بڵاوکردنەوەی بیری یەکسانی ئەمانە ڕێگایەکن بۆ ئەوەی تۆ بتوانی نزیک بیتەوە لەوەی باس لە ڕەگوڕیشەی نایەکسانیەکان بکەیت. بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەستمان پێوەی بەستراوەتەوە، مەسەلەی کوشتنە.. من زۆرجار ئەو پرسیارەم لێدەکرێت کە مەسەلەکانی تر فەرامۆش کراوە کە ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە لە سەرەتادا باسکرا . نایەکسانییەکی زۆر لە ئابووریدا، نایەکسانی لە هەلی کار و دایەنگا و هەتا بۆ نمونە کۆمەڵێک لە ژنانی فەرمانبەر و کرێکاریشمان هەیە ، بچوکترین مافی سەرەتاییان نیە کاتێ کە دەچن بۆ کار دەستیان لە سەر

## گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و  گۆنا سەعید

دڵیان نەبێ، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەستمان گیراوە بە ڕاستی مەسەلەی کۆنەپەرستی و عەشایەری و مەسەلەی دواکەوتوویی و یاسای سەدان ساڵ لەمەوپێشە.

**گۆنا سەعید:**
ئاخر بەڵام سیستمێک لە بنەوە دەستی گرتووە بە هەموو ئەم مەسەلانەوە. ئەگەر بۆ نمونە کاری سەرەکی هەڵسوڕاوانی بواری یەکسانیخوازی ژن و پیاو نەیەتە سەر ئەوەی ئەو سیستمە لە بنەوە هەڵتەکێنن سوودی نییە. لە ناو پەرلەنامەوە زۆر سەربەرزانە فرەژنی تێئەپەڕێنن و کەس قسە ناکات. ئەی باشە ژنی لێ نییە لەوێ؟ ئەوەتا چەند لیژنەی ژنان لە پەلەرمان هەیە، چەندین ژنی لێیە. هەربۆیە مەسەلەی ژنان لە نیوەی ڕێگادا جێ ئەهێڵرێتەوە.

**بەهار مونزیر:**
من پێم وایە دەکرێت هەر لەم وەزعەی ئێستادا هەندێک شت باش بکرێت،  چونکە بۆ نمونە گەر ئەم حزبانەی ئێستا یەک تۆز لەمەی ئێستا باشتر بوونایە وەزعی ژن وا خراپ نەدەبوو. بۆ نمونە ئەگەر هەر لە ئەوەڵەوە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، کە دەسەڵاتیان گرت بە دەستەوە، بەم شکڵە عەشایەرییە زۆر زۆر دواکەوتووانەیە نەبوونایە بە دڵنیاییەوە ئێمە ئێستا گیرۆدەی ئەوە نەدەبووین کە هەموو ئەو مەئساتانەی ڕۆژانە ژنان دەرگیری دەبوون لەوێوە دەست پێبکەینەوە جارێکی تر. ئەگەر شتێکیش کرابێ جارێکی تر چۆتەوە دواوە. ئەگەر بەراوردی (٩٠)ە کان بکەین، بە ساڵەکانی دوای( ٢٠٠٣)، بە بڕوای من ئێستا خراپترە. ئەوەی کە باس لە ڕێکخراوبوونی ژنان، مەسەلەی کاری گونجاو بۆ ژن و پیاو و بیمەی بێکاری و ئەو شتانە دەکرا، ئەسڵەن ئێستا پرسێک نییە بە ناوی ئەو شتانەوە. ئەوەی ئێستا هەیە مەسەلەی کوشتن، مەسەلەی قانوون، هەر ئەوەی کە بڵێین لیبراڵەکان یان با بڵێین فیمینیست لیبراڵەکان باسی لێوە ئەکەن لە هەموو دنیادا باشکردنی ئەمە بە ڕێگاچارەیەک دەبینن و ئەم شتانە بوونەتە پرسی ڕۆژ و گیرۆدەبوونی ژنان و هەتا بە ڕاستی بیڵێم یانی لێرە زۆر بە ڕۆشنی نییە کارکردن لەسەر ئەو مەسەلانە. یانی بۆ نمونە ئەو جۆرە هەڵسوڕاوانە بە گشتی ئەڵێن  ژنانی کوردستان و ئەمە جیا ناکرێتەوە. یانی ژنانێکن دیدێکی تریان هەیە، ڕێگاچارەیەکەی تریان هەیە وە ڕەگوڕیشەی مەسەلەکە لە شوێنێکی ترەوە ئەبینن لەگەڵ ژنانێک هەن لەگەڵ مەلایەکدا دادەنیشن و ئەیانەوێ لە ڕێگەی دینەوە چاکی بکەن... بەهەرحاڵ من قسەکەم ئەوە بوو، دەکرێت هەر لەم سیستمەدا کاری لەسەر بکرێ و هۆشیاری کۆمەڵگا بە دوای خۆیدا بهێنێ. من ناڵێم هوشیارییەکی ڕیشەکێشی، بەڵام بە ڕاستی ئەوەی کە ئێستا هەیە کارەسات دەخوڵقێنێ لە ژیانی ڕۆژانەدا.

**دیدگای سۆشیالیستی:** بەهەرحاڵ ئەوە ئەبێ بە ریفۆرم و گەر ئەمەش بە قازانجی باشکردنی ژیانی ژنانەوە بێ پۆزەتیڤە بەڵام ئەبێ لەوە فراوانتر لێی بڕوانین. گۆنا تۆ لەم بارەیەوە ئەڵێی چی؟

# سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

**گۆنا سەعید:**
بەڵێ لەو بارەیەوە منیش هەروا ئەڵێم، سەیر کە ڕیفۆرم لە ئەخیردا کارە، ئاکشنە، کێ داوای ئەکات؟ وە ڕیفۆرم لە چیدا؟ بە بڕوای من ئەم سیستمە ئابوری و سیاسیەی کە هەرێمی کوردستان بەڕێوە ئەبات بۆ ئەوەی خەڵک باس لە ڕەگ وڕیشەی ئەم چەوسانەوەیە نەکات هاتووە سەرنج و فۆکەسی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان، ڕێکخراوەکانی ژنان، خەڵکانی ئازادیخوازی بەلاڕیدا بردوە بەرەوە جیگایەکی تر، لەگەڵ چەندین بەربەستی تر بەرەورووی کردونەتەوە ، بۆ نمونە بیانووی دەسەڵات ئەوەیە کە ناتوانن یاسایەکی سێکیولار و مەدەنی باری کەسێتی دانێن لەبەرئەوەی دینی زۆرینەی خەڵک ئیسلامە و زۆرینەی خەڵک قبوڵیان نیە ، ئەمە لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە هەر خۆشی هێز و پارە و مینبەری داوەتە دەست مەلا و پیاوە ئاینیەکان تا بە ناوی هەموو خەڵکەوە ئەم قسانە بکەن . دەسەڵات دەڵێ دابونەریتی خێڵەکی لە کوردستاندا زاڵە، خەڵک ژن ئەکوژێ، بۆ نمونە ئەم دەسەڵاتە ئەڵێ من پێم باشە ژن نەکوژرێ بەڵام چی بکەم خەڵک ئەیکوژێ؟ کەچی هەرخۆی مەکتەبی کۆمەلایەتی سولحی خێڵەکی و یاد و فیستڤاڵی خێڵ بەڕێوە دەبات.

ئینێرژیەکی نارەزایەتی کە ئەمڕۆ لە نێو بزووتنەوەی ژناندا هەیە ئاراستە کراوە بەرەوڕووی شەڕ لە دژی بەهای دینی و خێڵەکی و پیاوسالاری ، وە پشتی کردۆتە دەسەڵات . هەر ئەوەی کە چەند ساڵە بینیومانە ڕێکخراوەکان ئەیکەن، ئەبێ بڕۆن لەبەرامبەر دادگا، لەبەرامبەر دادوەردا نارەزایەتی بکەن. ئەبێ بڕۆن لەبەرامبەر پۆلیسدا بیکەن، لەبەرامبەر مزگەوتدا بیکەن. لە کاتێکدا ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە لە سەری سەرەوەی ئەم دەسەڵاتە کە سیاسەت دەرئەکرێ، کە ڕێنوێنیەکان بۆ ئابوری و قازانج دەرئەکرێ ، هەرلەوێ بڕیار لە چارەنوسی ژنانیش دەدرێ . کەچی ئەمە یان دەستی بۆ نابرێ و کەس ناچێتە سەری. لە راستیدا ئەمەندە شاخ و بەردەڵانیان دروستکردووە لەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا کە ئەبێ چەندین ساڵ لەگەڵ دین و کولتور چنگەکرێ بکەی. ئەبێ لەگەڵ پیاوسالاری شەڕ بکەی. لە کاتێکدا هەموو ئەم شتانە بەرهەمی سیستمەکە خۆیەتی. کەوابێ دەبێ ئەبێ چنگەکرێ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بکەی . لە ٢٠٠٣ بە دواوە سیاسەتێکی جێبەجێکراو هەیە کە من پێشتریش ئاماژەم پێدا و باسێکی زۆر هەڵئەگرێ، بە بڕوای من مەسەلەی ژنان دوورخراوەتەوە لە سیاسەت. بۆیە سەیر بکەن ژمارەیەکی بێشومار ئێن جی ئۆ و ریکخراوی کۆمەڵی مەدەنی دروست کراوە کە بە حساب ئەرکی چاککردنی وەزعی ژنان خراوەتە ئەستۆی ئەو، بەلام لە جیاتی ئەوەی بتوانن ژنان ڕێکبخەن و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان دامەزرێنن، فریا ناکەون بگەن بە ڕزگارکردنی ئەو ژنانەی کە دەکەونە بەردەم توند تیژی، ئەو ئەرکەی کە دەبوو دام و دەزگای دەوڵەت بیکات خراوەتە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوانە. هەروەها ئەم ژمارە بێشومارە لە ڕێکخراو و خەڵک بێدەسەڵات کراون بە هۆی فەند و مەرجەکانی پشتیوانی مادی لێیان. کێ پارەی پێئەدا، کێ بەڕێوەی ئەبات، کێ بەرنامەکانی ئەباتە پێشەوە، وە تەنانەت کێ پلانەکەی بۆ دائەنێ، یان دەسەڵات خۆیەتی یان ڕێکخراوی جیهانی کە ئەوانیش خۆیان مەرجیان بۆ دانراوە. زۆر دەمێکە ئەم کارە هەیە ئەوەی کە بزووتنەوەی جەماوەری و سیاسی ژنان نەماوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و  گۆنا سەعید

به شێوەیەک نەماوە کە زیاتر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵی مەدەنی نەرم و نیان، جۆرێک ناڕەزایەتی ئەکات، ئیمزا کۆئەکاتەوە، ئەچێتە بەردەم دادگا. بەم مانایە ئەوەی کە پێی ئەڵێن بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بە جۆرێک پاشەکشەی پێکراوە چونکە ئەوە ئەتوانێ هێزی خەڵک کۆکاتەوە بۆ ڕیفۆرم. ئەگەر باسەکەمان لە ڕیفۆرمە. لە کۆتاییدا کێ ئەتوانێ ڕیفۆرم داوا بکات؟ بە بڕوای من ڕیفۆرم لە جادەوە دەست پێ ئەکات، لە خۆپیشاندانەوە، لە ڕێکخراوبوونەوە .

**دیدگای سۆشیالیستی:** نا ئەسڵەن باسەکەی من ئەوە بوو کە چۆن لە ڕیشەوە ئەم ستەمەی سەر ژنان کۆتایی پێ بێ، یەکسانی واقعی بەرپابکرێ. بەڵام لە ڕێڕەوی ئەمەدا ڕیفۆرم پێویستە، ڕێک هەرئەوەی کە ئەمەش بە جووڵانەوە ئەکرێ، بە یەخەگرتن ئەکرێ. بۆ نمونە ئەبینی لە ئەفغانستان ژنێک ئەکوژرێ، ئەوەی کە سووتێنرا، خەڵکێکی زۆر دێتە سەر جادە. کەچی لە کوردستان ئاماری ژن کوشتن هەر هەڵئەکشێ بەرەو سەرەوە جووڵەیەک بەڕێ ناکەوێ..

**گۆنا سەعید:**
باشە، بەڵام سەیرکە لە هەمان کاتدا لە حەرەکەی ناڕەزایەتی مامۆستایاندا تۆ ئاگات لێ بوو کە ژن چەند بەشدار بوو. بۆچی ئەمە وایە؟ بۆچی بۆ مەسەلەی ژنان ئەوەندە ژن بەشدار نییە بەس بۆ مەسەلەی ئابوریەکەی، موچەکەی، ژیانەکەی بە هەزارەها لە پێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەکانەوەیە. ئەمە ئەو ناکۆکیەیە کە من باسی ئەکەم.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئاخر ئەوەش ناکۆکی نییە. ئەوە باسێکی ترە و دەروازەیەکی تر ئەکاتەوە کە ئێستا کاتی ئەوەمان نییە. بەڵام خۆ ئەبێ ئینسان بژێوی خۆی تەئمین بکات بۆ ئەوەی بپەرژێتە سەر شتی تر. بەڵام منیش لەو خاڵەدا لەگەڵ تۆدام کە بە ئەندازەی نان خەڵک ئەبێ بیری لێ بکاتەوە کە مەسەلەی ژنانیش سیاسی و جدیە و یەخەی کۆمەڵگای گرتووە.

**گۆنا سەعید:**
مەسەلەی ژنان ئیندیڤیجواڵیزە کراوە، یانی کراوە بە مەسەلەی تاک. مەسەلەیەکی تایبەت لەماڵەوە. تایبەت بە ژنێکی ئەودیو تایبەت بە ژنی گەڕەکەکەی تر. مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە لە کاتێکدا کە مەسەلەی موچە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیە، مەسەلەی هەموو کۆمەڵگایە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** کەوایە چی بکرێ بۆ ئەوەی دووبارە ئەم مەسەلانە بهێنرێنەوە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و جموجۆڵێک بەرپێبخرێ؟ من پێم وایە ئەبێ مەسەلەی ژنان لەم ڕوانگەیەوە بجولێنرێ. چی بکرێ و ئەرکی کێیە؟

## سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

**بەهار مونزیر:**

دیارە ئەم باسانە گفتووگۆی زۆر زیاتری پێویستە. ئەوەشی کە لەم ماوەیەدا ئەم مەسەلانەمان وروژاندووە و زۆر قوڵ نەچووینەتە ناو مەسەلەکانەوە خۆی مەسەلەیە. بەڵام ئەوەی کە چی بکرێ لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان هەر ئەوەی کە باس کرا بۆ نمونە مەسەلەی موچە بۆچی ئەو هەموو ژنەی لەگەڵدا بوو. ئەوەی کە هەیە بە ڕاستی پرسی ژن تایبەت کراوەتەوە. جاری وا هەیە ڕووداوێک ئەبێ دائەبارن بەسەر ئێمەدا. ئەوەندە مەسەلەکە بچوکراوەتەوە بۆ مەسەلەی فلان و فیسار، بە مەسەلەیەکی سیاسی نازانرێ. بە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری و دینی و ئەمانە نازانرێ. ئەمانە هەموو ڕەگوڕیشەی مەسەلەکانە، بە مەسەلەیەکی چینایەتی نازانرێ. ئەوەی کە ئەزانرێ ئەوەیە کە ڕووداوێک دەبێت دائەبارن بەسەر ڕێکخراوەکانی ژناندا لە کاتێکدا کە هەتا ئەگەر ئەمەش کە ئێستا ئەکرێ لە هاوکێشەکانی کوردستان دەربهێنی کە دیارە هێشتا جێگای ڕازی بوون و خواستی ئێمە نییە، ئەمەش دەربهێنی بڕواتان هەبێ بە تەواوەتی تاریک ئەبێ. ئەوەشی کە ئێمە کەمێ هێز وەرئەگرین قسە ئەکەین، لە ڕاگەیاندنەکانەوە قسە ئەکەین ڕووبەڕووی ئەو هەموو قورساییەی کۆمەڵگا دەبینەوە، وەڵامی مەلا و فلان ئەدەینەوە. گەر ئەمەشی تیا نەمێنێ وەکو وتم، هێشتا ڕەگوڕیشەی مەسەلەکانیش نییە، ئەم تروسکاییەی ئێستاش نامێنێ. بە بڕوای من ئەبێ مەسەلەی ژنان بکرێتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، چۆن بۆ پرسەکانی تر خەڵک کۆدەبێتەوە لە دەوری یەک. دیارە زۆر لاوازە، خۆ من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو ناڕەزایەتیانەش کە هەیە ڕێکخراو و کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام مەسەلەی ژنانیش ئەبێ وەکو مەسەلەکانی تری وەک ئاو و کارەبا و جادە بان و خزمەتگوزاریەکانی تری لێ بێت. کاتێک ژنێک دەکوژرێت هەزاران ژن بۆی کۆنابێتەوە، ئێمە گیرۆدەین کە هەر لە ناو نوخبەیەکدا ئەمێنێتەوە. هەتا ئەوەی کە لە کوردستانیشدا پێی دەڵێن نوخبە نەبۆتە مەسەلەی ئەویش. دەدرێت بەسەر شانی دەیەها کەسدا نەک ئەوەی بدرێ بەسەر شانی هەزارەها کەسدا.

بە بڕوای من ئەوەی کە نەبوونی یان لاوازی ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازییە لە کوردستاندا، وایکردووە کە مەسەلەی ژنان ئەوەندە تاک بکرێتەوە و بدرێ بەسەر شانی چەند کەسانێکی کەمدا. ئەبێ بکرێتە مەسەلەی کۆمەڵگا، ئەبێ کۆمۆنیستەکان، چەپەکان، خەڵکانی مەدەنی بە مەسەلەی خۆیانی بزانن و ئیشی لەسەر بکەن. بە بڕوای من ئێستا فەراغێکی گەورە لە کوردستاندا دەبینرێت و ساڵ بە ساڵیش ئەم فەراغە زۆر زیاتر دەبێت. خەڵکانی مەدەنیش لێی بێدەنگن. جاری وا هەیە تۆ دەیبینیت ئەوانەی کە قەناعەتیشیان لەگەڵ مەسەلەکەدایە، نایەن و بەشداری ناکەن لە هەڵسوڕانێکدا یان چالاکیەکدا. بە ڕاستی کەمپین سازکردن و ئیمزاکۆکردنەوە ناتوانێت وا بکات کە بەردێک بخاتە سەر بەردێک لە کۆمەڵگادا. هەروەکو هەڵوێستێکی لێ دێت. مەسەلەن هەیە وەک (کچ بە دوای سەیارەدا ڕادەکێشرێت، بە ١٣ ساڵی دەدرێت بە شوو، لاقە ئەکرێ...) کۆمەڵگا ڕناچڵەکێنێت. هۆکاری ئەمە ئەو هێزەیە کە ڕێکنەخراوە. بۆ نمونە گەر بە هەزارەها کەست هەبێت کە ناڕازییە بەڵام پەرشوبڵاوە و ڕێکنەخراوە. ئەوەی کە چۆن ڕێکخراوی دەکەیت و چۆن لەدەوری مەسەلە و پرسەکان کۆی دەکەیتەوە بە ڕوای من ئەمە مەسەلەکەیە. نەک ئەوەی کە بە تەنها دانیشین بەدیار

ئەوەوە کە شۆڕشێک دەبێت. ئەمە ناتوانێت چارەی ئەم حاڵەتەی ئێستا ئەم حاڵەتە ئیمێرجنسیە بکات کە هەموو کاتێک وەک مەترسیەک بینیومە لەسەر کۆمەڵگا و ژن. هیچ کاتێکیش پێم سەیر نییە کوشتنەکان بگۆڕدرێت بە بەرگی جیاوازەوە، بە دەستدرێژییە زۆرەکانەوە کە دەکرێت، وای لێهاتووە هیچ ڕۆژێک ڕاناچڵەکێیت، بەجۆرێک کە ئیهانە و سوکایەتی و پەراوێزخستنی ژنان لە کۆمەڵگادا ببینی. هەتا ئەم هێزە ڕێکخراو نەکرێت و کاری لەسەر نەکرێت و حزبی سیاسی کاری لەسەر نەکات و، ڕێکخراوی خۆی جیانەکاتەوە و دەست نەخاتە سەر گرێ ئەسڵی و ڕیشەییەکان لە کۆمەڵگادا بە بڕوای من ناتوانم بڵێم لەوانەیە بڵێم جێگەی ئومێدێک بێت، ڕەنگە ماوەیەک کەمێک باشتر ببێ.. بۆ نمونە ئێمە زۆر جار باس لە وڵاتی تونس دەکەین، خۆ لەوێ شۆڕشێکی سۆشیالیستی ڕووی نەداوە و هەموومان ئەوە دەزانین، بەڵام ئەوەی کە سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کە زۆر جار نمونەی باشی وەک باکوری ئەفریقا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنرێتەوە بەڵام لەم وڵاتە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر ئەبێ و لەوێش شتی جیاواز ئەبینی. دەکرێت وەک ئەوەی گۆنا وتی ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین بۆ نمونە سیستمی سێکیولاری خۆ خواستی بە تەنها ئێمە نییە بەڵام ئەبێ کار بکەین گۆڕانکاریەک لە کۆمەڵگادا بکرێ. مەلاکان و مزگەوتەکان نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ڕۆژانە ئیهانە و سوکایەتی بە ژنان بکەن، کەچی بەرەی بەرامبەر ناکەوێتە خۆ.

**گۆنا سەعید:**

من تەواو هاوڕای قسەکانی بەهارم . پێش هەموو شتێک بە پێی ئەو شیکاریەی کردمان لەم قسانەدا وتمان سەرچاوە ئەسڵیەکە دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی کۆمەڵگایە کە ئەم بارودۆخەی دروست کردووە. بۆیە چارەسەرەکەش ئەوەیە کە بەرامبەر بەم سەرچاوە، بەم ڕیشەیە بوەستینەوە. بەڵام چۆن. بە ڕای من کێشەی ئێمە ، کێشەی کۆمۆنیستەکان، وە ڕابەری کۆمۆنیستی لە کوردستاندا ئەو وەڵامەیە کە چۆن بەرامبەر بەو سەرچاوەیە بوەستینەوە. لەسەر مەسەلەی ژنان با باس بکەین.

یەکەم بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوبوون وە گەڕانەوەی مەسەلەی ژنان بۆ ناو سیاسەت. بڵاوکردنەوەی ئەم هوشیاریە لە نێو ژناندا. وە دەست بردن بۆ ڕێکخراوکردنی ژنان لەو شوێنە کە کێشەیان هەیە. بە دڵنیایی توندوتیژی گەورەترین کێشەی ژنانە لە کوردستاندا، کوشتن، لێدان، بە زۆر بەشوودان، خەتەنەکردن و هەموو ئەمانە. بەڵام توندوتیژی ئەنجامە تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە ، ئەو پلەدووی یەیە، ئەو یاسایانەیە، ئەو ستەمەیە کە لەسەر ژنان دروستکراوە. ئەگەر ئێمە بڕۆین ژنان بە دەوری توندوتیژیدا ڕێکبخەین ئەنجامەکەی ئەوە ئەبێ کە بینیومانە. من ناڵێم ئەمە نەکەین، ئەمە بەشێک بێ بەڵام ڕێکخراوکردنی ژنان بۆ نمونە ژنانی مامۆستا بۆ موچەکانیان یان ئەوەی کە هەزارەها ژن کێشەی هەیە بە دەست نەبوونی دایەنگاوە، یان تەحەروشی جنسی لەسەر کاردا. ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە ئەتوانێ ژن بە دەوری خۆیاندا ڕێکخراو بکەن، ژنی کارمەند، ژنی کرێکار، تەنانەت ژنی ماڵەوە. گەر دیقەت بدەن ئێستا ژنانێکی زۆر لەم وەزعیەتی بێکاری و قەیرانەی کوردستاندا دەستیان داوەتە کاری سەربەخۆ. نازانم

## سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

ئەبینن یان نا چەند کارگەی بچوک دروستکراوە لە ئێستادا. ژنان ئەچن پێکەوە کۆمەڵێک ژن کارگەیەکی نان دروستکردن ئەکەنەوە، چێشتخانە دروست ئەکەن. ئەمە ئەو جێگایانەیە کە ژن تایدا بەشداری لە ئاکتیڤیتی ئابوریدا ئەکات، بەم مانایە جێگەورێگایەکی هەیە لە سیستمەکەدا کە ئەم کۆمەڵگایە بەڕێوە ئەبات وە ئەوانە شوێنێکی باشن بۆ هێنانیان لە دەوری مەسەلەی توندوتیژیش، لە مەسەلەی بێمافی، مەسەلەی هەژمونی دین، مەسەلەی کولتوری دواکەوتوو. بەڵام بە تەنها بەدەستەوەگرتنی توندوتیژی و کولتور و دین و هەموو ئەمانە ناتوانێ ڕیفۆرمەکە بەدەستبهێنێ. ئەبێ بە دەوری ئەوەدا کە پێویستیان بە دەست بێ ڕێکخراویان بکەین.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئێوە هەندێ مەسەلەتان ژمارد لەسەر هوشیارکردنەوە و ڕێکخراوکردن و ... هتد. بە ئیزافەی ئەوانە ئەڵێم ڕێکخراوێکی خەباتکارانە کە خاوەنی مەیلێکی ڕادیکاڵ یانی ئاسۆیەکی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی بێ جیاواز لە هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا ڕەخنەکانیان ڕووی لە شتی لاوەکیە، بە واتایەکی تر یەکسانیخوازی سەرهەڵباتەوە. بەڵام پێتان وا نییە بۆ ئەم کارە پێویستمان بەوەیە کە دەست بکەین بە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە و فراوان لە هەموو ئەو نەریت و بۆچوونە سازشکارانەی ناو بزووتنەوەی ژناندا کە بە شتی لاوەکیەوە خۆیان بەستۆتەوە؟

**بەهار مونزیر:**
بە دڵنیاییەوە ئەمە زەمینەسازی دەوێت. یانی ئەمە کەسانێکی دەوێت لە دەوری بن، بزووتنەوەیەکی دەوێت کە بتوانێ پشتیوانی لێ بکات وەکو ساڵانی( ٩٠)ە کان کە بەڕاستی جیاواز بوو. ئەمە زەمینەسازی دەوێت تاکو ڕەواج پەیدا بکات. زۆرمان باسکرد، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان ڕەواجی هەیە کۆنەپەرستی و باڵکێشانی عەشایەری و ئەو شتانەیە. ئەوەی کە ئێستا گرنگە بکرێ بە دڵنیاییەوە ڕەخنەیە لە هەموو ئەو جۆرە کارکردن و تەنانەت هەندێ کاریش کە خۆمان دەیکەین، لەوایە لە سەدا سەد لەگەڵی نەبین بەڵام ئێمە ئومێدێکمان بەوە هەیە کە بتوانین شتێک بگۆڕین لە ناو کۆمەڵگادا. بەڵام گەر تۆ بێیت زەمینەسازی بۆ ئەوە بکەی ڕەخنە لە هەموو ئەم کارانەی کە ئەکرێ وە بتوانی لە ڕەگوڕیشەوە باس لە مەسەلەکان بکەی، باس لە یەکسانی ژن و پیاو بکەی ئەمانە هەموو ئەتوانێ دەوروکاریگەری باشی هەبێ.

**دیدگای سۆشیالیستی:** نا من مەبەستم لە ڕەخنە لە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی تری بەناو ژنان و یان ئەو مەیل و بۆچوونانەیە. هەروەک تۆ پێشووتر وتت بزووتنەوەی ژنان ئەکاتەوە بە کۆشی مەلاکاندا. پێت وانییە ڕەخنەیەکی قوڵی ڕادیکاڵانە پێویست بێ؟

**بەهار مونزیر:**
منیش هەرئەوە دەڵێم ڕەخنە لە جۆری ئەم کارکردنانەی کە هەیە لە کوردستان. ئەوەی کە چەندێک هۆشیاری ئەدەین. وە بەڕاستی من بیڵێم شتێکی قورسیش نییە تۆ ژنانێک قانع بکەی بە

مەیل و دید و بۆچوونێکی تر. بەڵام وجودی خۆشت گرنگە وەک بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی لە کوردستان. ئەم بزووتنەوەیە لاوازیەکی زۆری پێوە دیارە، ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئەیڵێم ژنانێکی زۆر لەد ەوری یەکسانیخوازی کۆدەبێتەوە و بە بڕوای من نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوونە ئەوەی کە ژن پێی وایە کە بچێت بۆ لای مەلایەک یان بچێت بۆ لای دادوەرێک کێشەکەی چار دەبێ.. ئەمانە یانی ئەم ئیشە بچووکانە کە دەکرێت غیابی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازییە کە بتوانێ بە تەواوەتی بچێتە سەر پرسە گرنگەکان و فیکرەی یەکسانی لەناو کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە.

**گۆنا سەعید:**

من لەگەڵ قسەکەی تۆدام، جەمال، کاتی ئەوەیە کە ڕەخنەی جدی بگیردرێ لە بەلارێدابردنی مەسەلەی ڕزگاری ژنان. لە ئێستادا کوردستان کۆمەڵگایەکی تازە گەشەکردووە لەباری فیکری و سیاسی و هەموو بارێکەوە. بزووتنەوەی ژنان تیایدا وە بە تایبەتی فیمینیست لیبراڵیزم شتێکی زۆر تازەیە تەنانەت قسەکەری ناسراوی نییە لە کوردستان. بۆ نمونە ئێستا شتێک هەیە باس لە بەشداری واقعی سیاسی ژنان ئەکات. من لە دژی ئەمە ناوەستمەوە وەکو کۆمۆنیستێک یان وەکو سۆشیالیستێک بەڵکو باس لە کەم وکورتیەکانی ئەم حەرەکەیە ئەکەم کە ناتوانێ دەستبەرێ بۆ کێشە ئەسڵیەکەی ژنان لە کوردستان یاخود کێشەی ژنانی کرێکار ژنانی زەحمەتکێش و ئەم مەسەلانە. ئەم ڕەخنە فیکریە، ئەوەی کە تۆ ڕیزی خۆت جیابکەیتەوە لە فیمینیزمی لیبراڵ لە هەموو ئەمانەی تر دروست ئێستا کاتیەتی. لە هەمان کاتیشدا ئەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بەجۆرێک ئەم حەرەکە فیمینیزمیە لە کوردستان هێشتا ئەویش شتێکی هاوردەیە، هێشتا ئەویش لە قۆناغێکدایە کە تازە قسەی خۆی ئەکات و تازە فیکری خۆی بڵاوئەکاتەوە. وە ئەوەمان بیر نەچێ ئەو بەشێکە لە حەرەکەیەکی جیهانی تر. بۆ نمونە مەسەلەی ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوەکانی ژنان کە باس لە بەشداری سیاسی ئەکەن و باس لە هەژاری و لە خەتەنەی ژنان و چی و چی ئەکەن بە شێوەی جۆراوجۆر بەشێکن لە حەرەکەیەکی فراوانتری جیهانی کە ئەمڕۆ لە دنیادا ڕابەری مەسەلەی ژنان بە دەست ئەم فیمینسیتە لیبرالیەوەیە. مەبەستم لەوەیە ئەوان پشتگیری مادی ئەکرێن و پارەیان پێ ئەدرێ. ڕێکخراوێکی وەکو بانکی نێودەوڵەتی، یونیسێف، یوئێن. ئەمانە هەموو پشتی ئەوە ئەگرن کە ژنان با بەشداری بکەن با لە سیاسەتدا بن با یارمەتی بدرێن. یانی ئەم حەرەکە لاوازە بچوکە ناتوانێ وەڵام بداتەوە بە مەسەلە ئەسڵیەکانی ڕزگاری ژنان حەرەکەیەکی جیهانی ترە وە لە کوردستانیشدا سەریهەڵداوە. وە بەشێکە لە سیاسەت، لەوەی کە ڕوودەدات لەو سیستمی سیاسی و ئابوریەی کوردستاندا. ئەبێ ئێمە هوشیار بین بەوەی بەرامبەر بە چی ئەوەستینەوە و ڕەخنە لە چی و کێ ئەگرین. من لەگەڵتام لە سەدا سەد کە ئێستا کاتی ئەوەیە کە بنەما فیکری و سیاسیەکانی مەسەلەی ڕزگاری ژنان باس بکەینەوە، هوشیاری لەسەر بڵاوبکەینەوە. شەڕ لەگەڵ ئەو مەسەلە فیکریانە بکەین کە مەسەلەی ژنان ئەسپێرن بە ئێن جی ئۆ و کۆمەڵی مەدەنی و دووری ئەخاتەوە لە بزوتنەوەی سیاسی و جەماوەری و لە ڕەخنە لە سیستمی سیاسی و ئابوری.

## سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان

**دیدگای سۆشیالیستی:** ڕاستە، وەکو ئەوەی تێریسا مەی و ئەنجێلا مێرکل لە کایەی سیاسیدا نەبن. لایەکی زۆرینەی کۆمەڵگا بە دەست ئەوانەوە ئەناڵێنێ.

**گۆنا سەعید:** بە دڵنیاییەوە وایە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** دەستتان خۆش بێ فرسەت نەماوە. بەڵکو بتوانین بۆ کاتی تر لەسەر ئێن جی ئۆ و ئەو مەسەلانە کە زۆر شت ئەگرێتەوە بێینەوە سەری.

خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

## (6) کۆتا بەش

## "نەناوەندێتی".. ترس لەدیکتاتۆری و وەهمەکانی ناسیونال ڕیفۆرمیزم!

**پێشەکی:**

"پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرئاستی پارێزگاکان" ناونیشانی دوایین بەشە لەپرۆگرام کە لەکۆتا بەشی ئەم باسەدا هەوڵدەدەین لەسەر ناوەڕۆک و تەوەرەکانی ڕاوەستین. بەڵام وەک ئەوەی کەپرۆگرام عەزمی گرتووە ڕەوتی چاکسازیەکانی خۆی، تاسەر ئاستی بردنی کوردستانی عێراق بەرەو "هەرێمێکی بەهێز" بەرێت، ناچارە بەوەی کە "پارێزگا و شارەوانیەکان" وەک دوایین ئەڵقەکانی ئەم ئامانجە بەدەستەوە بگرێ، چونکە گەرەکیەتی وانیشان بدات کە پرۆسەی چاکسازی لەئاستی "هەرێمایەتی"دا ڕاناوەستێ و بۆ بەشی خوارەوەی جوگرافیایەک شۆڕدەبێتەوە، کەلەلایەن چەند حزبێکی میلیشیایی ناسیونالیزمی کوردەوە، بەڕێوەدەبرێ. بەڵام ئەو خاڵەی کەئەم بەشەی پرۆگرام لەبەشەکانی تر جیادەکاتەوە، ترس و کۆمەڵە وەهمێکە کە ڕەوتی

ناسیونال ڕیفۆرمیزم گیرۆدەیەتی. یانی ترس لەدیکتاتۆریەت و گیرۆدەبوونە بە وەهمەکانی بەرینکردنەوەی دیموکراسی لەڕێگای "چەمکی نەناوەندێتیەوە"، ئەویش بەمانای دەستبردن بۆ "دیموکراسی کارگێڕی" و "دیموکراسی جوگرافی" و ناساندنیان وەک هەنگاوگەلێکی ڕیفۆرمیستانە، کەهەم لە قازانجی خەڵکە و هەم ئاڵوگۆڕێک لەسیستەمی حوکمڕانی ئێستادا بەدیدێنێ! دیارە ئەمەش بەدوای تەجروبەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەک لەحوکمڕانی بۆرژوازی کورد، کەسەرانی بزووتنەوەی گۆڕان تێیدا هاوبەشن.
لەلایەکی تریشەوە ئەم بەشەی پرۆگرام ئەگەرچی سێ تەوەرەی لەخۆ گرتووە بەناونیشانەکانی: "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"، "کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان"، "پلانسازی بەگوێرەی تایبەتمەندی پارێزگا و شارەوانیەکان".. وە بۆهەریەک لەم تەوەرانەش چەندین خاڵ وەک وەعدە و بەڵێن ڕیزکراون، بەڵام لێرەشدا دیسانەوە چەمکی "نەناوەندێتی" ڕایەڵە و پشتێنەیەکی پێکەوە بەستنەوەی تەواوی تەوەرەکان و خاڵەکانی ئەم بەشەیە و هەرلێرەشەوە باسی "پارێزگا و شارەوانیەکان و پلانسازی" مانا و سەنگیان پێدەدرێ. هەربۆیە ئێمەی ناچار بەوەکردووە کە بەر لەهەر شتێک لەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە و ئامانج لەبەکاربردنی ڕاوەستین. کەوایە واتای چەمکی نەناوەندێتی/لامرکزیەت، چیە؟ پێشینە و زەرورەتی سەرهەڵدانی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

## نەناوەندێتی، پێشینە و زەرورەتی سەرهەڵدانی:

سەرەتا ئەگەر کەمێک لەو پێناسە لەفزیەی کەبزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی "نەناوەندێتی"، لەپرۆگرامەکەیدا کردویەتی، دوورکەوینەوە و هاوکات ئەو دابەشکردنە دووجەمسەریەش ڕەتکەینەوە کەدڵخوازانە لەنێوان "ناوەندێتی و نەناوەندێتی- مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت"دا پێکیهێناوە، "مەرکەزیەت" بۆتە شەیتانێک و "لامەرکەزیەت"یش کراوەتە "ئامانجێکی پیرۆز"، ئەوا لەدونیای واقعدا، ناوەندێتی و نەناوەندێتی دوو ڕووی سیستمە سیاسی و کارگێڕیەکانە و بگرە لەهەندی وڵاتدا، وەک تەواوکەری یەکتر لەژێر کاریگەریی چەند فاکتۆرێکدا جێگایان بۆکراوەتەوە. لەئاستێکی تردا نەناوەندێتی واتا و مەودایەکی یەکلایەنەی نیە و بەتەنها لەبواری کارگێڕیدا ڕاناوەستێ. هەربۆیە پێناسە و مەوداکەشی دەگۆڕدرێ و سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێ. بۆنموونە باسی نەناوەندێتی لەبواری ئابووری و مالیدا، پێناسە و سنوورەکانی جیاوازە، لەنەناوەندێتی سیاسی و حوکمداریدا، ئەمیش دووبارە لەگەڵ نەناوەندێتی یاسایی و کارگێڕی و دابەشبوونە ئیقلیمی و لۆکاڵیەکاندا جیاوازی هەیە. بەڵام خاڵی هاوبەش وەک ئەوەی ئەکادیمیست و لێکۆڵیارەکانی بواری سیستەمە کارگێڕیەکان لەپەیوەند بەپێناسەی چەمکی نەناوەندێتیەوە بۆ هەموو بوارەکان، ئاماژەیان پێکردبێ، مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بڕیاردان و دابەشکردنی ئیمکاناتەکان و دیاریکردنی سنوورەکانی بەڕێوەبردنە (پلانسازی)، لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا، بەمجۆرەش نەناوەندێتی ناکەوێتە سەرووی خودی دەوڵەتەوە، وەک ئەوەی بونیادێک و دامەزراوەیەکی یەکجێیە. کەوایە مادام دەوڵەت خۆی ئۆتۆریتەیەکی ڕەها و جێگیر و باڵادەستە بەسەر هەرجۆرە دابەشکردنێکی دەسەڵاتە مەحەلیەکان و

ناوەندەکانی بڕیار و دابەشکردنی سامانەوە، مادام کەدەوڵەت خۆی وەک هێزێکی قەهری وسەروو خەڵکی لەگۆڕدایە و قانون و سوپا و پۆلیس و زنیدان و سزا و ئاین و زمان و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی و دەیان فاکتۆری تری بەدەستەوەیە، نەناوەندێتی ناتوانێ لەحوکمەکانی مەرکەزیەت دەرچێ و ڕێچکەیەکی ڕەهای هەبێ، تەنانەت ئەگەر لەوپەڕی دوورمەوداشدا واتا و سنوورەکانی بۆ دیاریکرابێت. بەڵام خودی پێشینەی ئەم باسە لەکوێوە هاتوە و چۆنە وا ڕەوتێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان بەعەشقێکی دێوانەوە لێی دەڕوانێ و کردویەتیە بنەمایەک بۆ بەرنامە چاکسازیەکەی؟

وەک زاراوەیەک چەمکی نەناوەندێتی لەپاڵ ناوەندێتیدا، مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی بۆرژوازیدا، لەئەمریکا و ئەوروپادا بەکار براوە، بەڵام زەروورەتی ئەم بەکاربردنەش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەرکەزی و کۆکردنەوەی دەسەڵاتە محەلی و ئیقلیمیەکان بووە، لەیەک کیانی سیاسی و سەراپاگیری ئیداریدا. بەواتایەکی تر پەنابردن بۆ نەناوەندێتی سیاسی و کارگێڕی و یاسایی، لەئەوروپادا، پێداویستیەک بووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان و دەسەڵاتدارێتی پاشایەتی و حوکمی محەلی دەرەبەگەکان و کۆکردنەوەی ئەم یەکانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و موتەمەرکزدا، دەوڵەتی فیدراڵ/ ئیتحادی، لەئەمریکا و سویسرا و ئەڵمانیا و نەمسا، تا دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی بەرۆشنی پێمان دەڵێن کەنەناوەندێتی وەڵامێک نەبووە بۆ بەرگرتن بەسەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان باسی دەکات، تەنانەت بۆ بەرینکردنەوەی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا نەبووە، بەڵکو بەپلەی یەکەم و لەبنەڕەتەوە بۆ قایمکردن و زاڵکردنی دەوڵەتی موتەمەرکیز و یەکپارچەبووە بەسەر واقعیەتی چەند پارچەیی و لێکدابڕانە ناوچەییەکان کەوەک پاشماوەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و ناوچەییەکان لەئارادابوون. لەڕوانگەی ئابووریەوە ئەم کردەیە ڕووی لەئامانجی دامەزراندنی بازاڕی ناوخۆ و بەرینکردنەوەی سنوورەکانیەتی، تا ئابووری سەرمایەداری قەوارەیەکی سیاسی نوێ لەخۆی بگرێ. بەمجۆرەش باسی نەناوەندێتی لەیەک زەروورەتی مێژوویی و سیاسی و ئابووریەوە و لەپەیوەند بەمەرکەزیەتەوە کاری پێکراوە.

بەڵام باسی نەناوەدێتی لەپەیوەند بە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقاوە، ڕەوەندێکی تری هەیە، کەزیاتر وەک پێداویستیەکی سیاسی لەچوارچێوەی پرۆژەی بەدیموکراسی کردنی ئەم وڵاتانەوە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە لەدەورەیەکی دیاریکراودا، بەدەستەوە گیراوە. بەدیاریکراوی چەمکی نەناوەدێتی وەک چەمکێکی بەپیرۆزکراو کەهەموو پرۆسە و کردە دیموکراسیەکانی پێوە گرێدرابێتەوە، لەناوەڕاستی دەیەی هەشتا بۆسەرەوە، بەفراوانی هێنرایە ناو ئەدەبیاتی کارگێڕی و سیاسی و مالیەوە و وەک کەمپینێک بۆ بەشەیتانکردنی مەرکەزیەتی دەوڵەت و سیستمە کارگێڕیەکان بەدەستەوەگیرا. کەمپینێک کەسەدان و بگرە هەزاران نووسەر و لێکۆڵیار و ئەکادیمیست لەمەڕ ناساندنی چەمکی نەناوەندێتی و لایەنە باشەکانی ملیۆنەها لاپەڕەیان ڕەشکردەوە تا زەمینە زەینیەکانی ڕاکێشانی "پرۆژەی دیمکراسی" ڕۆژئاوایی بۆ وڵاتانێک کەلەبازنەی ئابووری و سیاسەتی "ڕوسیای کۆمۆنیست"دا قەراریان گرتبوو هەڵخات. بەتایبەتی

## پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەدوای ڕووخانی بلۆکی شەرق و سەرهەڵدانی دونیای یەکقوتبی بەڕابەری ئەمریکا، "دەورانی گوێزانەوەی دیموکراسی" بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات، "نەناوەندێتی کارگێڕی و سیاسی، مالی و ئابووری، ناوچەیی و ئیقلیمی.." بە هەموو بوارەکانیەوە، بووە یەکێک لەپێداویستیەکانی "تیۆری دەوران" بۆ ڕەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی فۆرمێکی تازە کەپەیوەندیەکانی نێوان کار و سەرمایە لەبازاڕی ناوخۆی ئەم وڵاتانەدا، لەپەیوەند بە سەرمایەی ئیمپریالیستی و کارتیلەکانیەوە دەیخوازێت، کردە یەکێک لەپێداویستیەکانی سەردەم کەدیارە بەبێ پێناسەکردنەوەی فۆرمی دەوڵەت و ئارایشتدانەوەی سیستمی کارگێڕی و یەکە جوگرافیەکانی مومکین نەبوو. بەواتایەکی تر لەدەورەیەکدا کەکۆلۆنیالیزم کۆتایی دێ و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی "دەوڵەتانێکی سەربەخۆ" دەکرێتەوە، شکڵگرتنی دەوڵەتانێکی موتەمەرکز و چەقبەستووی دەسەڵات، لەدەستی تاکە حزبێک و بنەماڵەیەکدا، یانی دەسەڵاتی "حزبی قائید"، دەوڵەتی ئیستبدادی و سەرکوتگەر، بووە یەکێک لەپێداویستیە سەرەکیەکانی جێخستنی ئابووری سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان و حەوزەی وەبەرهێنانی سەرمایەی ئیمپریالسیتی و لەپەیوەند بەکاردابەشکردنی جیهانی و هاوسەنگی نێوان هەردوو بلۆکی شەرق و غەربەوە، بەم پێیەش مەرکەزیەت و ناوەندێتی لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئیداریدا، وەک پێداویستی ئەم دەورەیە جێگای گرت. ئەوا بەدوای هەڵوەشانەوەی دونیای دوقوتبی و بەتایبەتی هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆڤیەت کەپشت و پەنا ئابووری و سیاسیەکانی ئەمجۆرە دەوڵەتانە بوو، مەسەلەی ئارایشتدانەوەی نەزمی سیاسی و ئیداری و ئابووری لەلایەن ئەمریکاوە وەک ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانی سەری هەڵدا، بەدیموکراسی کردنی ئەم "دەوڵەتە موتەمەرکز و دیکتاتۆر و ئیستبدادیانە" کرانە بازنەی ئاڵوگۆڕێک کە سەرمایەداری ئیمپریالیستی و جیهانی لەدەورانی یەک جەمسەریدا دەیخواست و لەم پەیوەندەشدا "چەمکی نەناوەندێتی" وەک پاشکۆیەک بۆ دیموکراسی کردنی ئەم دەوڵەتانە و فۆرمە سیاسی و ئیداریەکانی تاسەرئاستی پێناسەکردنەوەی دەستور و یاساکانی ئەم وڵاتانە بەدەستەوە گیرا. بەڵام خودی ئەوەی کە "گوێزانەوەی دیموکراسی" بۆ ئەم وڵاتانە لەبنەڕەتەوە پشتی بەستبوو بە هەڵوەشانەوەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان، دەستی برد بۆ دروستکردنی ناسنامە ئسنیکی و ئاینی و دابەشبوونە قەومی و تایەفەییەکان و لێرەشەوە "دیموکراسی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتەکان" خرایە بری مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان. لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی "تایبەتمەندیە جوگرافیەکان، تەقدیسکردنی بەرژەوەندی تاک، تایبەتمەندی گروپی و کلتوری و ئاینیەکان" بەمەبەستی لێدان لەبەرژەوەندی گشتی و ژیانی هاوبەش و چوونیەکی.. لەم چوارچێوەیەشدا چەمکی نەناوەندێتی وەک بنەمایەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر ئەم ناسنامە دروستکراوانەدا و کۆکردنەوەیان لەدەوڵەتی تازەی "فرە حزبی، فرە نەتەوەیی و ئاینی و تیرەگەری"دا بەناوی دیموکراسیەوە، وەک قاعیدەیەک پەیڕەوی لێکرا. تەنانەت وەک تیۆریەک بۆ دابینکردنی "ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان"، واتای پێدرا. لۆکاڵی کردنەوەی حکومەت و سیستمی کارگێڕی لەسەر بنەمای جوگرافیایەک کە ئەم "پێکهاتانە و ئەم ناسنامە دروستکراوانە" تیا جێگیرن، وەک دوایین ئەڵقەکانی ئەم پرۆژە سیاسیە خۆی دەرخست.

## خەسرەو سایە

کەدیارە ئامانجی کۆتایی لەگشت هەنگاوەکان و پرۆسەیەک کەئەم ستراتیژە چەمکی نەناوەندێتی تیا پیرۆز کردوە، شتێکی زیاتر لەوە نییە کە دەوڵەتی تازە دیموکراسی بتوانێ سیستمێکی سیاسی و ئیداری وابێت کە دەخاڵەتی نوێنەرانی سیاسی بەشەکانی سەرمایە لەم وڵاتانەدا زامن بکا و لەدەولەتدا کۆیان بکاتەوە، تالەم ڕێگەیەوە "کۆمەڵگایەکی ئارام" لەبەردەم ڕەوتی وەبەرهێنان و بازاڕ و جولەی سەرمایەکاندا زامن بکات. بەڵام دیارە بەدەستەوەگرتنی ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکانی بەبێ پاساو و پروپاگەندە لەتوانادا نییە و لەم پەیوەندەشدا سەدان دەزگای بەدواداچوون و چاودێری و لێکۆڵینەوە، لەلایەن نەتەوە یەککگرتووەکانەوە، پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئەوروپایی، ناوەندەکانی ئەکادیمیا و زانکۆکان.. خراونەتە گەڕ و چەمکی نەناوەدێتیان بۆ فریودانێکی بێسنوری جەماوەر برەوپێداوە. بەڕادەی ئەوەی کە "نەناوەندێتی ترسی گەڕانەوەی دیکاتۆریەت ناهێڵێ"، نەناوەندێتی زامنی دیمکراسی و ئازادیەکانە" ، "نەناوەندێتی بیرۆکراسی و گەندەڵی ناهێڵێ" " نەناوەندێتی لەبەرژەوەندی گشتیدایە"... ئەمانە هەموویان کەرەسەکانی بەدیموکراسی کردن و گوێزانەوەی بوون بۆ ڕۆژهەلات، بەڵام نموونەکانی دەوڵەتی تازەی عێراق* و لوبنان کەلەسەربنامەی نەناوەندێتی سیاسی و کارگێڕی دامەزرانەوە و لەدەستوری ئەم دوو وڵاتەدا بەڕۆشنی جێگیر کراوە، پێچەوانەی هەموو ئەم پروپاگەندانەمان نیشان دەدات. لەم نموونانەدا، کەگۆماوی خوێن و کارەساتە تراژیدیەکان لەکوشتار و کاولکاری و شەڕی نەبڕاوەی نێوان "پێکهاتەکان"دا خۆی دەرخستووە، ژیانی هاوڵاتیانی بردۆتە تونێلێکی تاریکەوە. تونێلێک کە نەک هەر ماف و ئازادیەکان بەهەمان شێوەی سەردەمانی دیکتاتۆریەت لەژێر پرسیاردایە، بەڵکو "نەناوەندێتی" بۆتە سیمایەک بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتە حزبی و میلیشیایی و تیرەگەری و قەومیەکان، کەدیاردەی گەندەڵی بۆ سەر ئاستی دزی و تاڵانچێتی بێسنور هەڵکشاندووە و نائارامی کۆمەڵایەتیش بۆتە حاڵەتێکی بەردەوام. بەڵام بۆئەوەی هەم ڕاستیەکانی ئەم بۆچونانە لەپەیوەند بەحزبی گۆڕانەوە بسەلمێنین و هەم بزانین ترس و خۆشخەیاڵیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەپەیوەند بەناوەندێتی و نەناوەندێتیەوە، بەکوێ گەیشتووە و دەیەوێت چ ئاستێک لەچاکسازی ئیداریان لەسەر بینا بکات، باشترە ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ خودی پرۆگرام خۆی.

*/ یەکێک لەوخاڵانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامەکەیدا لەسەری ڕاوەستاوە" بەیاسایی کردنی نەناوەندێتی کارگێڕی و چەسپاندنی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا." گوایە لەم ڕێگایەوە هەم دیموکراسی پەرەدەسێنێ و هەم بەرژەوەندی "پێکهاتەکان" مسۆگەر دەکرێ و هەمیش "تایبەتمەندی ناوچەکان" لەبەرچاودەگیرێ.. بەڵام ئەو واقعیەتەی کە لەنموونەی عێراقدا دەیبینین، شتێکی تەواو پێچەوانەیە. ئەوەتا دەستوری عێراق بەڕۆشنی نەناوەندێتی کارگێڕی لەمادەی 116دا جێگیرکردوە:

" العراق دولة اتحادية فيدرالية واحدة مستقلة ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها

جمهوري نيابي برلماني ديمقراطي"، " يتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من عاصمة و أقاليم و

محافظات لامركزية و ادارات محلية".. بەڵام تراژیدیایەک کەلەم نموونەیەدا نەناوەندێتی پێشکەشی کردووە مەودا خوێناوی و کارەساتبارەکانی بۆ خەڵکی ئاشکرایە.. ئایا ئەم نموونەیە بەڵگەیەک نیە بۆ ناوەڕۆکی هەڵخەڵەتێنەرانە و تەوەهوم ئامێزی هەموو ئەو سیاسەت و بۆچوونانەی کەبزووتنەوەی گۆڕان لەپشتی "نەناوەندێتی کارگێڕیەوە" بەناوی چاکسازیەوە بەگوێی خەڵکیدا دەیدات؟

## "نەناوەندێتی".. چاکسازی بەتامی ترس و بەرامەی وەهمەوە:

پرۆگرام سەرەتا لەیەکەمین تەوەرەی ئەم باسەدا بەناوی "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"ەوە دەکەوێتە مەدح و سەنایەکی بێسنووری نەناوەندێتیەوە و بەرامەی وەهمێک پەخش دەکاتەوە و دەڵێت:

" بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە هاوتەریب لەگەڵ دنیای شارستانیدا گەشە بکا، بەبێ چەسپاندنی نەناوەندێتی (لامەرکەزیەت)ی کارگێڕیی کارێکی ئاستەمە. سەرەکیترین مەرجی دیموکراسی هاوچەرخ بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرکەکان؛ بەڵام ئەو دابەشکردنە تەنها لەنێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دابەشکردن لەنێوان دەسەڵاتی یەکە کارگێڕییە جیاوازەکان و دەسەڵاتەکانی پایتەخت و پارێزگا و شارەوانیەکانیش.

ئەوەی لەم دەربڕینانەدا بەرجەستەیە ئەوەیە کە:
یەکەم: حوکمی ئەوەی کەبەبێ "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی"، "بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستان..." بەئەستەمدەکات! جگەلەوەی کە پێچەوانەکردنەوەی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان و تیۆری کۆمەڵناسیە، کە سیستەمە سیاسیەکان وەک بەرئەنجامێک لەفاکتۆری سیاسەت و ئابووری و زاڵبوونی فۆرمە ئابووریەکان وەک دەرهاویشتەیەکی کێشمەکێشمە کۆمەڵایەتیەکان، چاولێدەکات، نەک لایەنی کارگێڕی. لەهەمانکاتدا فاکتۆری کارگێڕی لەسەروو ڕۆڵی سیاسەت و خودی دابەشبوونە چینایەتیەکان و جێگای جەماوەر و بزاوتە سیاسیەکانی دادەنێ. لەکاتێکدا لایەنی کارگێڕی بەهەربارێکدابێت، واتە ناوەندێتی بێت یان نەناوەندێتی، خۆی پاشکۆ و بەرئەنجامی تەوازنی فاکتۆرەکانی سیاسەت و ئابووری و ڕۆڵی جەماوەر و بزاوتە سیاسیەکانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا، بەتایبەتی لەدەورەیەکدا کە ئارایشتدانەوەی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی مەترەح بووە. بەڵام حوکمێکی ڕەهای بەوجۆرە کەکوردستان بەبێ نەناوەندێتی کارگێڕی ناتوانێ " هاوتەریب لەگەڵ دنیای شارستانیدا گەشە بکا "، بێ مەبەست نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە چاکسازیە ئیداریەکانی حزبی گۆڕان لەدەرەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی سکیولاری ڕاوەستاو لەسەر دەخاڵەتی خەڵک و مافەکانیان، بەخەڵک بناسێنێ و هەواڵەی گۆڕانکاریەکی تەکنیکی و ئیداریان بکات.

دووەم: ئەو بۆچوونەش کە "دیموکراسی هاوچەرخ" بەمەرجی دابەشکردنی ئەرک و دەسەلاتەکان، بۆسەر ئاستی "یەکە کارگێڕیەکان" دینێتە خوارەوە، ڕوانگەیەکی تەکنیکی و ئیداریە بۆ "دیموکراسی هاوچەرخ" کەلەم سالانەی دواییدا پۆستمۆدیرنیزمەکان پوچترین و بێناوەڕۆکترین جۆری مانا و واتایان بۆ "دیموکراسی" داهێناوە و دەلێن کە ئەگەر دابەشکردنی دەسەلات و ئەرکەکان بۆ سنوورەکانی کارگێڕی تائاستی کوێرە گوندێک نەڕوا و شۆڕنەبێتەوە، ئەوا دیموکراسی بەرقەرار نابێ و "تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆریەت" شانسی مانەوەیان هەر دەمێنێ! بێگومان لەبۆچوونێکی وادا، جوگرافیا، ئیدارە، بەبنەما وەردەگیرێ و ماف و ئازادیەکان، هاولاتی بوون و دەخالەتی جەماوەر لەبەڕێوەبردنی ولات و بڕیارداندا، شوێنێکی بۆنامێنێتەوە!

بەلام ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت بەتایبەتی کەپرۆگرام لەدرێژەی خۆیدا لەمبارەوە دەنووسێت:

"چەسپاندنی <u>نەناوەندێتی کارگێڕی ڕێگری دەکا لە</u> <u>دروستبوونی دیکتاتۆریەت و گردبوونەوەی دەسەلات لە تەنها شوێنێکدا</u>، هەروەک ڕێگری دەکا لە چڕبوونەوەی ئەرک و فەرمان لە دەستی تاکە هێزێکدا. پێڕەوکردنی "نەناوەندێتی" <u>ڕێگری دەکا لە بیرۆکراسی و ڕۆتین</u>، کارئاسانی بۆ هاولاتیان دەکا لە فەرمانگە حکومیەکاندا، هەورەک کارئاسانی بۆ حکومەت و پەرلەمانیش دەکا، وەزارەتەکان دەتوانن زیاتر خۆیان بۆ پرۆژەی نیشتمانی سەرتاسەری تەرخان بکەن و سەرقال نەبن بەو کارانەی کە دەکرێ ڕاستەوخۆ لە پارێزگاکانەوە بێ گەڕانەوە بۆ دیوانی وەزارەتەکان ئەنجام بدرێن."

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە! بۆ قەلەمێک کەوێراویەتی "<u>نەناوەندێتی کارگێڕی</u>" بەو هەموو پێداهەلدانەوە بخاتە وەسف و ستایشەوە و وەک فاکتۆرێک بۆ "ڕێگرتن لەدروستبوونی دیکتاتۆریەت" و بۆ "ڕێگرتن لەبیرۆکراسی و ڕۆتین" بەخەلکی بناسێنێ! گوایە دیکتاتۆریەت و بیرۆکراسی و کاری ڕۆتین بەرهەمی فاکتۆری جوگرافی و دابەشبوونی ئیدارین"! لەکاتێکدا ڕاستیەکانی کۆمەلگای هاوچەرخی ئەوروپایی بەو هەموو پێشکەوتنەوە کەهەیانە، تەنانەت بەوەشەوە کەلەبالاترین ئاستدا پەیڕەویان لە"نەناوەندێتی کارگێڕی" کردووە، بەدەرنین لە "دیکتاتۆری دیموکراسی" و "بیرۆکراسی و کاری ڕۆتین"، چونکە تەواوی نیزامەکە لەسەر بنەمای ئابووری سەرمایەداری و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی هێزی کار و کالا دەڕوا بەڕێوە کەدەسەلاتی چینە دارا و خاوەن کۆمپانیاکان بەڕێوەی دەبەن. ڕاستە لەم نیزامەدا ئیستبدادێکی ڕوت لەگۆڕنیە و ماف و ئازادیەکانی تاک بەڕادەیەک لەدەستور و یاسادا سەلمێنراوە، بەلام دەولەت دیکتاتۆری ئەو چینەیە کە لەئابووریدا جێگای هەیە، بەرامبەر بەزۆرینەی کۆمەلگا کەلەدەرەوەی دەسەلاتی مادی و ئیمکاناتی کۆمەلگا وەک خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش ژیانی خوارەوەیان پێسپێردراوە. لەلایەکی ترەوە "دروستبوونی دیکتاتۆریەت" بەمانای حکومەتی ئیستبدادی، ئاکامی سیستەمە کارگێڕیەکان نیە، بەلکو سەرخانێکی سیاسیە کە زەرورەتە ئابووری و چینایەتیەکان لەدونیای سەرمایەداریدا، دەیهێنێتە کایەوە. ترسێکیش کەبزووتنەوەی گۆڕان لە "دروستبوونی دیکتاتۆریەت" هەیەتی تەنها بۆئەویە کەماهیەتی دەسەلاتدارێتی چینەداراکان لەبەرامبەر خەلکی کرێکار و زەحمەتکێشدا پەردەپۆش بکا و پێیان بلێ "مەترسن چاکسازیەکانی ئێمە لەڕێگای نەناوەندێتی کارگێڕی"یەوە

دیکتاتۆریەت دەباتە قەبرەوە"!

بەڵام پرۆگرام لەمەدح و سەنای خۆی بۆ "نەناوەندێتی کارگێڕی" ناوەستێ و درێژە بەباسەکەی دەدات:

> لەڕووی سیاسیەوە، نەناوەندێتی پێشمەرجی دیموکراسی هاوچەرخە، چونکە دیموکراسی سیاسی بەبێ دیموکراسی کارگێڕی تەنها دروشمێکە و لە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیدا ڕەنگ ناداتەوە. نەناوەندێتی لەڕووی کارگێڕییەوە حکومەتێکی چوست دروستدەکا، کە تیایدا فەرمانگە و یەکە کارگێڕیەکان ئەرک و دەسەڵاتەکانی خۆیان دەزانن و ڕاستەوخۆ کاری هاوڵاتی ڕایی دەکەن. لەڕووی داراییەوە دادپەروەریی زیاتر دابین دەکا، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیدارن بە کۆکردنەوەی باج و رسومات و سەرفکردنی داهاتەکانیان لە سنووری پارێزگا و شارەوانیدا. لەڕووی کۆمەڵایەتی و گەشەی مرۆییشەوە "نەناوەندێتی کارگێڕی" هاوئاهەنگی و پەیوەندی مرۆڤانەی نێوان هاوڵاتی و فەرمانبەر بەهێزتر دەکا، گیانی ناوچەگەری و شارچێتی لاواز دەکا و کێبڕکێی شارستانی لەنێوان پارێزگا و شارەوانیە جیاوازەکاندا دروست دەکا.

سەیرکەن!.. و ببینن چۆن نەناوەندێتی پیرۆزکراوە! هێندە پیرۆزکراوە کەنەک هەر لەڕووی سیاسیەوە کراوەتە پێشمەرجی دیموکراسی! بگرە وەک دیاردەیەکی خەوشهەڵنەگر و بێعەیب وێناکراوە، بەڕادەی ئەوەی کە "دیموکراسی هاوچەرخ"، ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان"، "حکومەتێکی چوستوچالاک"، "دادپەروەری دارایی"، "گەشەی مرۆیی"، "هاوئاهەنگی و دوورکەتنەوە لەشارچێتی".. هەمووئەمانە بە نەناوەندێتی کارگێڕیەوە بەستراوەتەوە. ئەمە ئیتر ئەوە دەگەیەنێ کە نەناوەندێتی کارگێڕی بۆتە عەسایەکی سیحری بەدەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیەکان لەسیستمی حکومڕانی کوردستاندا، بەڵام بەسەرنجدانێکی سادە بەئەدەبیاتی سیاسی و کارگێڕی ئەمڕۆدا دەتوانرێ بەسانایی پێچەوانەی ئەم دەربڕینانە لەبارەی نەناوەدێتیەوە بەدەستبێت:

یەکەم؛ سەرەتا بەپێچەوانەی مەدح و سەنای بزووتنەوەی گۆڕانەوە، نەناوەندێتی ناتوانێ بەدەربێت لەعەیب و کەموکوڕی. ئەم چەمکەش وەک ناوەندێتی لایەنی ئیجابی و مەنفی هەیە. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان دیسانەوە بۆئەوەی ئەم چەمکە شیرین و پیرۆز بکات لەبەرچاوی خەڵک بەلای هیچ یەک لەکەموکوڕیەکانیدا، نەچووە. ئەمە لەکاتێکدایە نەناسراوترین نووسەر و پسپۆڕی بواری زانستی کارگێڕی، بەسادەیی ئاماژە بەوە دەکات کە مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت وەک دوو سیستمی جیاوازی کارگێڕی، جگەلەوەی لایەنی تێکەڵاویان پێکەوە هەیە هەریەکەشیان هەڵگری لایەنی سلبی و ئیجابی خۆیەتی. بۆنموونە:

*/ نەناوەدێتی کارگێڕی پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری پێرسونەل و پسپۆڕ و بەڕێوەبەر هەیە کەدەبێ لەئاستی یەکە ئیداریەکان زامن بکرێ و بەدوای دابەشکردنی دەسەڵاتە ناوچەیی و محەلیەکان ڕۆڵبگێڕن. ئەم حاڵەتەش جگەلەوەی بەفیڕۆدانی هێزی زیادەی مرۆیی بەدواوە دەبێت لەڕووی مالیەوە مەسرەف گەراشە.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی کەدەسەڵاتی مەرکەزی هەڵدەوەشێنێتەوە، هاوئاهەنگی لەنێوان یەکە

کارگێڕیەکاندا لەئاستی سەراسەریدا لاوازدەکا و "بەش دەخاتە ناکۆکەوە لەگەڵ گشتدا"، بەمجۆرەش ئیقرار و جوڵەی سەراسەری سیستم کز و لاواز دەکات.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی، بەوپێیەی سەربەخۆی یەکە ئیداریەکان ڕەهادەکات، دووبارەبوونەوەی کردە مالّی و ئیداری و چاودێری و تەنانەت ئەمنیەکان بەرەوسەرەوە دەبات. کە دیارە ئەمەش بەنرخی مەسرەفکردنی زیاتری هێزی ئینسانی و تێچوونی زۆرتر تەواودەبێ.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی پەیوەندی و هاوسەنگی یەکەئیداریەکان هەڵدەوەشێنیتەوە و پشت بەتایبەتمەندیە ناوچەییەکان دەبەستێ، بەم پێیەش ژیانی هاوڵاتیان گیرۆدە بە لۆکالیزم و تەقدیس کردنی تایبەتمەندیەکانی خۆ دەکات و ڕەهەندی ئینتگراسیۆن و هاوبەشێتی سست دەکات.

*/ نەناوەندێتی کارگێڕی سیستەمەکانی چاودێری مەرکەزی، بوژانەوەی لێکچونیەکان، هاوبەشێتی و گەلێ سیفاتی ئیجابی تر لەبەین دەبات..

دووەم: دیسانەوە بەپێچەوانەی ئەوەوە کەبزووتنەوەی گۆڕان نەناوەدێتی کارگێڕی کردۆتە پێشمەرجی دیموکراسی، ئەم چەمکە پاشکۆی سیاسەت و ئابووری و هەڵسوکەوتی حزب و هێزە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانە، دیموکراسی بەمەفهومی باو لەلای هەر کەسایەتیەکی سادەی دیموکراسی خواز، پێشمەرجەکانی بەم فاکتۆرانە دیاری دەکات: ئامادەگی پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک بۆ نوێنەرایەتی کردنی دەنگی خەڵک، دەنگدان و سندوقەکانی دەنگدان، پلورالیزمی سیاسی و پەیوەستەگی لایەنەکان بە گوێزانەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەڕێگای ئەنجامی دەنگدانەوە، پێکهێنانی حکومەت بەپێی ئیستحقاقاتی دەنگەکان، ئیقراری هەموو ئەمانە لەدەستور و یاسای وڵاتدا.. ئەمانە پێشمەرجی دیمکراسین و بڕیاردان لەسەر نەناوەندێتی دوایین هەڵقەیەکە کە وەک پاشکۆی ئەم ڕەوەند و پرۆسەیە لەڕووی سیاسیەوە لەدیموکراسیدا بەم یان بەو ئاستە شوێن دەگرێ. تەنانەت لەهەر وڵاتێکدا ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای ئەوجۆرە لەنەناوەندێتی دامەزراوبێت کەگۆڕان دڵخوازانە کەوتۆتە وەسفکردنیەوە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە ئەم مەرجانە دەستەبەر نەکرابێ، دیموکراسی هیچ مانایەکی بۆنامێنێتەوە و لایەنی کارگێڕی ناتوانێ ڕەوتی سیاسی دیموکراسی دەستەبەربکات.

لەدوا وێستگەی مەدح و سەنای نەناوەندێتیدا، پرۆگرام سەر لەڕەخنەکردنی سیستەمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان دەردەهێنێ و بەعەینەکی نەناوەندێتیەوە دۆخەکە بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێ:

"ئەو سیستەمە کارگێڕییەی کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێدەکرێ تێکەڵەیەکە لە دەسەڵاتی مەرکەزی و حزبۆکراتی، لەو شوێنانەدا کە پێویستە پارێزگاکان دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن چەندین ڕێگریی مەرکەزیی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و یەکە کارگێرییەکان دروستدەکرێ، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان چەندین کۆسپی بیرۆکراتی بۆ پارێزگاکان و چەندین کەند و ڕۆتینیش بۆ هاوڵاتیان دروست دەکەن. لەو شوێنانەشدا کە پێویستە هەرێم پرۆژەی نیشتمانی خۆی لەسەر ئاستی هەموو هەرێم پیادەبکا و بودجەی نیشتمانی لە پەرلەماندا پەسەند بکرێ، دەسەڵاتی هەردو حزبی حوکمڕان سەرهەڵدەدا و ڕێگریی سیاسی و کارگێڕی بۆ یەکتر دروستدەکەن و بودجە بەگوێرەی

## پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کانتۆنی حزبی دابەش دەکەن، لە کاتێکدا قەڵەمڕەوی هەردو حزبی دەسەڵاتدار بەپێی دابەشبونی یەکە کارگێڕیەکان نیە، بەڵکو بەپێی ئەو سنورەیە کە پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای هەولێری جیاکردۆتەوە لە پارێزگای دهۆک و بەشەکەی تری پارێزگای هەولێر، بەبێ بوونی هیچ سەنەدێک کە شەرعیەت ببەخشێتە ئەو دوو قەڵەمڕەوە حزبیە.
چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی و فراوانکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان، زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆتایی بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەتی بێبەرهەم بێت، هەروەک زەمانەتی ئەوەش دەکا کۆتایی بەو دو قەڵەمڕەوە حزبیەی هەرێم بێت کە دەسەڵاتی راستەقینەیان نە بۆ پارێزگاکان، نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهێشتۆتەوە"

ئەم دەربڕینانە جگەلەوەی واقعیەتەکانی "سیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێم" ئاوەژوو دەکاتەوە، هاوکات ڕاستیەکان بەجۆرێک دەشێوێنی تا بتوانرێ لەگەڵ ئارەزووەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و چەمکی نەناوەندێتیدا بێتەوە. لەم پەیوەندەدا لەسەر چەند خاڵ ڕادەوەستین:

1/ بەپێچەوانەوە. "ئەو سیستمە کارگێڕییەی کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێدەکرێ" دەسەڵاتێکی "حزبۆکراتیە"، بەڵام لەواقعدا ئەم سیستمە نە مەرکەزیە و نەتێکەڵەیەکە لەم دوانە. ئەمە بەچ مانایەک؟

بەمانای ئەوەی کەیەکەم: سیستمی کارگێڕی بەبێ بوونی دەوڵەت نەواقعیە و نەمەوزوعیەتی هەیە، چونکە ئەوە دەوڵەتە دەسەڵاتەکان لەباڵاترین ئاستدا یەکجێ دەکاتەوە و بەپێی ویستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و هاوکێشەی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان دابەش دەکا و قەوارەدەگرێ و بەقانون ڕێکی دەخات. بەڵام سەیر لەوەدایە پرۆگرام باس لەبوونی دەوڵەتێک لەکوردستان ناکا و بگرە دەسەڵاتی هەرێم بە "حزبۆکراتی" و دەسەڵاتی ناوچەیی حزبەکان لەقەڵەم دەدات، تەنانەت ئاماژە بۆ دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بەپارێزگا و قەزا و ناحیەکانەوە، وەک دوو ناوچەی جیاوازی کارگێڕی کە دوو حزب باڵادەستن تیایاندا، دەکات، کەچی هەرئەم واقعیەتەش دەخاتە خانەی مەرکەزیەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەدەوڵەتێک لەکوردستان بوونی نیە تا حوکمی مەرکەزیەتی ئیداری بەسەردا بسەپێندرێت.

دووەم: لەئاستی حکومەتیشدا دیسانەوە بەمەرکەزیەت ناساندنی سیستمی کارگێڕی هەرێم، بۆچوونێکی ناڕاست و دوورە لەواقعەوە. چونکە دەسەڵاتی ناوچەیی حزبی وجودی حکومەتێکی یەکجێ و سەراسەری کەلەسەر بنەمای سیستمێکی کارگێڕی مەرکەزی راوەستابێت لەنێو بردووە. خودی ئەوەی کەپرۆگرام بەگلەیی کردنەوە لەدەسەڵاتی "حزبۆکراتی" دەڕوانێ و پێمان دەڵێت: "هەرحزبە بەپێی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکانی ژێردەستی خۆی بەڕێوە دەبا و دەسەڵاتیان پێدەدات"، وەیان ئەوەی کە "ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی نیشتمانی خۆی لەسەر ئاستی هەمو هەرێم پیادە ناکات"، وەیاخود ئەوەی کە "بودجە بە گوێرەی کانتۆنی حزبی دابەش دەکرێ" .. هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆئەوەی کەحکومەتێکی یەکجێ لەئارادانیە تا سیاسەتی مەرکەزی لەئاست یەکە کارگێڕیەکاندا بەڕێوەبەرێ. بەمجۆرە ئەوەی واقعە دەسەڵاتی میلیشیایی

**خەسرەو سایە**

ئەحزابە کەلەسەر پاشماوەکانی سیستمی کارگێڕی بەعس قاچەکانی ڕاگرتووە و بەپێی دەسەڵاتی ناوچەییان، لەغیابی دەوڵەت و دەستوردا، یەکە ئیدارییەکان بەڕێوەدەبەن. بێگومان لەوەها حاڵەتێکیشدا، باسی "مەرکەزیەت و لامەرکەزیەت" لەسیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێمدا نەک هەر بابەتی نیە و لەگەڵ واقعدا گرێ ناخوا، بگرە ڕێگا ونکەرە و ناتوانێ بکرێتە بنەمایەک بۆ بەدەستهێنانی کەمترین ئاڵوگۆڕ لەسیستمی ئیداریدا. تەنانەت ئەگەر سەرنج لە هەموو ئەو پێکهاتوە ئیداریانە بدەین کەلەئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێکخراون وەیا بەپێی تەوافقی حزبی دانراون، لەنموونەی "ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، قایمقامیەت و بەڕێوەبەرانی ناحیەکان".. کەچی ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن لەدیاریکردنی بەکردەوەی فۆرمی سیستمی کارگێڕی ئێستای هەرێمدا. هۆکاری ئەمە چیە جگەلەوەی کەدەسەڵاتی ئەحزابی ناوچەیی شوێنی دەوڵەت و حوکمەتی سەراسەری گرتۆتەوە و هەرئەم حزبانەش هەموشتێک بەپێی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی خۆیان ڕەنگرێژ دەکەن. کەسێک گەربیەوێت باس لەگۆڕینی سیستمی مەرکەزی بۆ لامەرکەزیەت بکات، وەیا بیەوێت نەناوەندێتی ئیداری جێبخات، ئەوا دەبێت بەر لەهەر شتێک کۆتایی بەدەسەڵاتی ناوچەیی حزبەکان بهێنی و لەجێگەیدا دەوڵەتێک و حکومەتێکی یەکپارچە دامەزرێنێ.

2/ لەوانەش زیاتر کەلەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد پرۆگرام زێدەڕۆییەکانی بەوئاستە دەگات کە "چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی" زەمانەتە بۆ " <u>کۆتاییهێنان بەو دوو قەڵەمڕەوە حزبیەی هەرێم کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان نە بۆ پارێزگاکان، نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهێشتۆتەوە</u>".. بەڕاستی موبالەغەیەکی ئاوا جورئەتێکی زۆری ویستوە و پێدەچێت نووسەرانی ئەم ڕستە و دەستەواژانە کون لەجەرگیاندا نەبێت، ئەگینا لەکوێ و لەچ زەمەنێکدا بووە و بینراوە کە "کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیای ئەحزاب" لەڕێگای گۆڕینی سیستمی کارگێڕیەوە مەیسەر بووبێت! ئایا دەسەڵات، دەوڵەت و حوکمەت، ڕەنگرێژی باری کارگێڕی وڵاتە یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا لەواقعدا چەمکی نەناوەندێتی لەدەرەوەی بوونی دەوڵەت دەتوانێ چۆن کۆتایی بەفۆرمی دەسەڵاتە حزبیە ناوچەییەکان بهێنێ؟.. سەرەنجام ئەگەر وا فەرزکەین کەنەناوەندێتی کارگێڕی " <u>زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆتایی بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەتی بێبەرهەم بێنێت</u>"، بەڵام ئایا لەحاڵەتی نەبوونی دەوڵەت لەکوردستان و زاڵبوونی دەسەڵاتی حزبیدا، نەناوەندێتی ئیداری، نابێتە مایەی دابەشبوونی زیاتری حزبیانەی کوردستان بەسەر ئەو ناوچانەدا کەهەرحزبە نفوزی تێدایە؟ ئایا حاڵەتێکی ئاوا لەبەریەک ترازاندنی کۆمەڵگای کوردستان نیە؟.. بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەداتەوە و تەنانەت لەدەرەوەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیانی خەڵکی کوردستان، بەفەرامۆشییان بسپێرێ، بەڵام خودی ئەوەی کە چەمکی نەناوەندێتی کراوە بەکلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی کوردستان، بەڕادەی ئەوەی کە بیرۆکراسی، گەندەڵی، شارچێتی، تەنانەت دەسەڵاتی دوو ئیدارەیی حزبی... ناهێڵێت، نیشانەیەکە لەگێرۆدە بوونی بزووتنەوەی گۆڕان و ڕەوتی ناسیونال ڕیفۆرمیزم بە وەهم و خەیاڵاتێک، کەبەقەد سەرەدەرزیەک ڕێگەی بەکردەوە دەرهاتنی لەبەردەمدا نیە. بەمجۆرەش ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە

## پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کەبۆ پاساودانی "چەمکی نەناوەندێتی"، جارێک پەنا بۆ "ترس لە دیکتاتۆریەت" دەبا و جارێکی تریش پەنا بۆ وەهمی چاکسازیکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی دەبات.
لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا ئاماژەدان بەخاڵێک بەپێویست دەزانین ئەویش ئەوەیە کە:
پرۆگرام وەک بەرئەنجامێک لەم تەوەرە و لەباسی "نەناوەندێتی کارگێڕی"دا چەند خاڵێکی ڕیزکردووە کەڕووی لە "دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانە لەنێوان یەکە کارگێڕیەکاندا".. ئەم خاڵانە بەوپێیەی کەمانەوەی دەسەڵاتی ئێستا و حکومەتی حزبی بەفەرز وەرگرتووە و لەدەرەوەی بوونی دەوڵەت خراونەتەڕوو، جگەلەوەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکی و دڵخوازانەی دوور لەواقعیان هەیە، لەهەمانکاتدا و لەباشترین حاڵەتی جێبەجێ بوونیاندا، ناتوانێ کەمترین گۆڕانکاری لەژیان و بژێوی خەڵکدا بەدواوە بێت. سەرەنجام دەبێت ئەوەش بڵێین: لەهەر وڵاتێکدا سیستمی کارگێڕی هەرچیەک بێت، ناوەندێتی بێت یان نەناوەندێتی.. ئەو فاکتۆرە کامەیە کەئەتوانێ پێوەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی خەڵک لەو سیستمەدا زامن بکات؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ڕاستگۆیی بزووتنەوەی گۆڕان و هەرحزبێکی سیاسی لەمەحەک دەدات:
زامن کردنی جێگاو ڕێگای خەڵک (هاولاتیان) لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، یانی فاکتۆری خەڵک چ لەبڕیاردان و دەرکردنی ڕێسا و یاساکاندا و چ لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسا و ڕێسایانەدا.. ئەمە ئەو فاکتۆرەیە کە ناسنامەبەخشی هەر سیستمێکی سیاسی –دەوڵەت و حکومەت- و کارگێڕیە. هەرلایەنێک بەقەد ئەوەی لەبەرنامەی خۆیدا پشتی بەم فاکتۆرە بەستووە بەو قەدەرەش لەبەرژەوەندی خەڵک و هاولاتیاندا تێدەکۆشێت. بەپێچەوانەشەوە دوورکەوتنەوەی هەر لایەنێک لەفاکتۆری ڕۆڵی خەڵک لەدەسەلات و بەڕێوەبردندا، بەهەمان ڕادە لەدژی خەڵک و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ڕاوەستاوە. بزووتنەوەی گۆڕان کەعەشقی نەناوەندێتی بووە و تەواوی گۆڕانکاری و چاکسازیەک کە "سیستمی کارگێڕی هەرێم" و "گەشەی مرۆیی" بەم چەمکەوە بەستۆتەوە و لەولاشەوە بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆ ڕۆڵی خەڵک ناکات و لەتەواوی برگە و بەندەکانی پرۆگرامەکەیدا جێگایەکی بۆ ڕۆڵی ڕاستەوخۆی خەڵک لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، نەکردۆتەوە، بەپێویست هەموو هەوڵەکانی بۆ جوانکردنی دەسەڵاتی ئێستا و مانەوەیەتی بەسەر سەری خەڵکەوە، بەڵام دیارە بۆ ئەم کارەی پەنای بۆ "ترس لەدیکتاتۆر و وەهمەکانی پشتی نەناوەندێتی کارگێڕی" بردووە.

### شارەوانیەکان، خزمەتگوزاریەکان و ڕیفۆرمەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:

لەتەوەرەیەکی تردا بەناوی "کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان" پرۆگرام چەمکی نەناوەندێتی کارگێڕی دەباتە ئاستێکی ترەوە کەئەویش شارەوانیەکان و مەسەلەی خزمەتگوزاریەکانە، بەڵام پێکەوە بەستنەوەی ئەم دوانە، واتە "تایبەتکردنی شارەوانیەکان بۆ پرسی خزمەتگوزاریەکان"، بە چ ئەندازەیەک "سیستمی کارگێڕی نەناوەندێتی" دەخاتە گرەوی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئەو چاکسازیانەی لەم ڕووەوە کەحزبی گۆڕان بەدواوەیەتی، ئەو خاڵە سەرەکیەیە کەلێرەدا لەسەری ڕادەوەستین. لەم پێوەندەشدا سەرەتا پرۆگرام دەنووسێت:

"وەک چۆن کاراکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیوە کارگێرییەکەی دیموکراسی دەستەبەر دەکا، کاراکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کولتوریەکەی سیمای شار و کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا."

ئەم پێناسەیە کەبۆ ڕۆڵی شارەوانیەکان لەسیستمی نەناوەندێتی کارگێڕیدا کراوە وەک ئەوەی کە "دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کلتوریەکەی سیمای شار و کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا"، دوو مەسەلەی سەرەکی بەرجەستەدەکاتەوە: یەکەمیان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردنە لەنێوان پارێزگا و شارەوانیەکاندا. بەپێی ئەم ئاراستەیەش پارێزگاکان "دیوی کارگێڕی واتە بڕیاردان و چاودێری و پلانسازی لەئەستۆیانە و شارەوانیەکانیش وەک لایەنی جێبەجێکار قەوارە و ئاستی خزمەتگوزاریەکانیان لەئەستۆیە. لەحاڵەتێکی ئاواشدا نەناوەندێتی دەگۆڕێ بۆ یەکەیەکی ستوونی کەبەسەر شارەوانیەکانەوە باڵادەستە! واتە بەپێی ئەو پێناسەیەی پرۆگرام بۆ ڕۆڵی پارێزگا و شارەوانیەکان کردویەتی، هەردووکیانی لەدەرەوەی پەیوەندی ئاسۆییدا لە ئاست بڕیاردان و جێبەجێکردندا داناوەتەوە، ئەمەش ئیتر جۆرێک لە مەرکەزیەتی پارێزگاکان لەبەرامبەر شارەوانیەکاندا جێدەخا و وەک "مونەفزی" بڕیار و پلانی پارێزگاکان شوێن دەگرن. لەلایەکی تریشەوە خودی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانان لەدەسەڵاتی جێبەجێکار بەپێویست شارەوانیەکان وەک پاشۆیەک بۆ پارێزگا دەهێڵێتەوە چونکە لەپەیوەندێکی ستوونیدایە لەگەڵی و هەردووکیان چ لەڕووی بڕیارەوە و چ لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە وەک یەک نین و لەپەیوەندێکی ئاسۆییدا قەراریان نەگرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەنجومەنی شارەوانیەکان وەک نوێنەرانی خەڵک لەهەر جوگرافیایەکدا، بێدەسەڵات دەکا لەئاست پارێزگاکاندا، لەهەمانکاتدا توانای بڕیاردانی تەواویان بۆدەستبردن بۆ خزمەتگوزاریەکان دەسێنێ و سەرەنجام قەوارەی ئەو ئەرکەی کەبۆ ڕاپەراندنی خزمەتگوزاریەکان بەرتەسک دەکاتەوە. بەم پێیەش ئەو خۆشخەیاڵی و وەهمەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ڕۆڵی شارەوانیەکان لەئاست خزمەتگوزاریەکاندا دەیبەخشێتەوە، وەک پێچێک بەسەردا دێت و دەڕوا. چونکە لەحاڵەتی لەسەرکار بوونی حکومەتی ئەحزاب و دەسەڵاتی ناوچەییاندا، شارەوانیەکان و ڕۆڵی تەنفیزییان لەئاست خزمەتگوزاریەکاندا، هەرچی زیاتر سنووردار و پاشکۆی حزبەکان شوێندەگرن. خاڵی دووەمیش ئەوەی کەدەڵێت "شارەوانیەکان دیوە خزمەتگوزاری و شارستانی و کلتوریەکەی سیمای شارو کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا" قسەیەکی یەکجار ناڕاست و بێبنەمایە، چونکە شارەوانیەکان خۆیان وەک یەکەیەکی کارگێڕی لەدەرەوەی ناسنامەی دەسەڵات و سیاسەت و بەرنامە و بەرژەوەندی ئەو دەستە و تاقم و جوڵانەوەیەدا نین، کە زاڵن بەسەرکۆمەڵگادا و حوکمڕانییان بەدەستە. لەکۆمەڵگایەکدا کە گروپێکی مافیای چەکدار دەسەڵاتدار بێت و خۆی بەبەرپرسیار نەزانێت لەئاستی ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی هاولاتیانی بندەستیدا، شارەوانیەکان خۆیان لەخۆیاندا دەتوانن چ "دیوێکی خزمەتگوزاری و شارستانێتی" نوێنەرایەتی بکەن! لەکۆمەڵگایەکدا کلتوری باو کلتوری بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕابەران و حزبە قەومیەکانی بێت، شارەوانیەکان چۆن ئەتوانن لەسەرو شەپۆلەکانی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و سەرکوتگەریەکانی گروپی دەسەڵاتدارەوە، سیمایەکی مەدەنی

## پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لەخۆیان نیشان بدەن!

پرۆگرام، لەدرێژەی باسەکەیدا لەپەیوەند بەڕۆڵی شارەوانیەکانەوە بۆئەوەی بۆچوونە ناڕاست و پێچەوانەکەی خۆی ڕەواج پێبدات، دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی بەعس و دەڵێت:

"بەدرێژایی حوکمی بەعس، لەپاڵ وێرانکردن و داگرتنی گوند و ناوچە کەناریەکاندا، شار و شارۆچکەکانیش ڕووبەڕووی هەڵمەتی وێرانکاری، شێواندنی سیمای شارستانی و تێکدانی باری دیموگرافی بوونەتەوە... سەرەنجام لەنێوان تێکدانی گوند و تێکدانی شاردا کلتورێکی کرچ و نەریتێکی تێکەڵ و شێوێندراو دروستبوە کە نە کلتوری شار بووە نەکلتوری لادێ."

دواتریش ئاماژە بۆ شارەوانیەکان لەسەردەمی دوای ڕاپەڕین دەکا و دەڵێت:

" پاش ڕاپەڕینیش، نابوتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوە فەرمیەکان، تۆخکردنەوەی دەسەڵاتی مەحەلی حزب لە شار و شارۆچکەکاندا، پەنابردن بۆ مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزب و دادگای خێڵەکی و حزبی، شەڕی ناوخۆ و سەرلەنوێ بەمیلیشیا کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، داگیرکردن و بەپاشکۆکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەلایەن حزبەوە...، کۆمەڵێک دیاردەی مەترسیدار بوون کە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و کۆمەڵگەی شارییان بەتایبەتی بە شێوێندراوی هێشتەوە." شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، وەک شارەوانی هەموو ئەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە سیخناخن بە نەریتی مەرکەزی، پەراوێزخراون و کراون بە پاشکۆی دیوانی وەزارەتی شارەوانی و دەسەڵاتی مەحەلی حزبە دەسەڵاتدارەکان. ئەرک و دەسەڵاتی شارەوانیەکان کورتکراوەتەوە بۆ هەندێ کاری بێرۆکراتی، وەک پێدانی مۆڵەتی خانووبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەر شەقام و کۆڵانەکان، لەپاڵ هەندێ وردەکاری ڕۆتینی تردا کە ناچێتە ئاستی شکۆی شارەوانی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا".

هەردوک ئەم پەرەگرافەی سەرەوە لەمەڕ شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵە ڕاستیەکی زۆر دەخەنە بەرچاو، کە لەواقعدا سەلمێنەری ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد و حزبە چەکدارەکانی، جوڵانەوە و حزبگەلێک نەبوون و نین، لەڕاستای دەوڵەتداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانی و سیستمێکی مەدەنی و سەرەنجام بردنی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێشڕەویەک کەنوێنەرەوەی لانیکەمی ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیانی کوردستانی تیا دەستەبەرکرابێت. ڕاستیەکانی نێو ئەم پەرەگرافانەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە تەجروبەی 25 ساڵی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانی، بەڕادەیەک دژی ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستانە، بەڕادەیەک قاچەکانی لەگەندەڵی و کۆنەپەرستی و جیاوازی چینایەتی و دەیان دیاردەی قێزەوندا چەقیوە، کەنەک هەرگیز شایستە بەخەڵکی کوردستان نین تا لەژێر سایەیدا ژیان بکەن بەڵکو دەبێ، ڕیشەکێش بکرێ و وەک بەڵایەکی سەر سەری خەڵک لاببرێت. بەڵام بەم ڕاستیە دانپێدانراوەوە، بابزانین بزووتنەوەی گۆڕان چۆن هەڵوێست دەگرێ:

" بزووتنەوەی گۆڕان بروای وایە، کە پێویستە ڕۆڵی شارەوانیەکانی کوردستان بەجۆرێک

## خەسرەو سایە

<u>کارا بکرێ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و حزبی و کارگێڕی لە سنووری شارەوانیدا نەچێتە سەرو دەسەڵاتی شارەوانیەوە</u>، چونکە کاراکردنی ڕۆڵی شارەوانیەکان مەرجی تەواوکاری دابەشکردنی دەسەڵات و بەدامەزراویکردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە."

بەڵێ بەڕاستی بڕوایەکی جوانە! زۆر بەسادەیی "کاراکردنەوەی ڕۆڵی شارەوانیەکان" لەڕێگای ئەوەوە کە "هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و حزبی و کارگێڕی لەسنووری شارەوانیدا نەچێتە سەرو دەسەڵاتی شارەوانیەوە"!! ئاخر چۆن ئەم کارە مەیسەر دەبێ؟ چۆن دەکرێ لەدۆخێکدا کەدەسەڵاتی ئەحزاب بڕیاردەرە لەهەر ناوچەیەکدا؟ .. وەڵام هەمان تاس و هەمان حەمامە.. "جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب لەحکومەت".. دیسانەوە چۆن؟ ئایا بەبێ کۆتایی بەدەسەڵاتی داسەپاوی حزبی و نفوزی ناوچەیی حزبە چەکدارەکان، دەتوانرێ نەک هەر شارەوانیەکان بگرە کام دامەزراوە و پێکهاتەی سیاسی، ئابووری، کارگێڕی، تەنانەت ئەگەر فەرهەنگی و سەرگەرمی بێت لەنموونەی "لیژنەی ئۆلۆمپیاد"، لەدەستی حزبەکان دەربهێنرێ؟ ئایا لەدۆخێکی ئاوادا کە فەرهەنگ و ئەخلاقیات و سیاسەت و دەسەلاتی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی سەپاندووە بەسەر ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە و هەموو موقەدەراتی خەڵکی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەقاڵب دابێ، دەتوانرێ شارەوانیەک بهێندرێتە کایەوە کە "سیمای شارستانیەت و مەدەنیەت" و ڕاپەڕێنەری خزمەتگوزاری بێت بەقازانجی خەڵک؟ ئایا ئەوە خۆشخەیاڵی نیە کەبکرێت شارەوانیەکان بەمانەوەی ئەم دەسەڵاتە لەدەخاڵەتی حزبی بپارێزرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان یەکجار سادەیە، چونکە بەخۆلادانێکی ئۆپۆرتۆنیستانە، لەژێر ناوی ئەوەدا کە "حکومەتی هەرێم دەستکەوتی گەلی کوردستانە"، ڕایگەیاندووە کەحزبی ناوبراو بەشوێن کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ئێستاوە نیە، بەڵکو لەخەمی ڕیفۆرمەکردنیدایە!!

بەلام پرۆگرام کاتێک بەگلەییەوە لە شارەوانیەکانی هەرێم دەڕوانێ ئاماژە بەوەدەکات کە: "ئەرک و دەسەلاتی شارەوانیەکان کورتکراوەتەوە بۆ هەندێ کاری بێرۆکراتی،.." لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەشیدا 25 خاڵی ڕیز کردووە تا "شکۆی شارەوانیەکانی هەرێم" بگەیەنێتە هاوشانی "شارەوانی وڵاتە پێشکەوتوەکان"! وە هەرئەمەشی بەچاکسازیکردن لەخزمەتگوزاریەکاندا بە خوێنەر ناساندووە، بەلام بەسەرنجدانێکی خێرا لەسەراپای خاڵەکان، ئەوە دەردەکەوێت کە "چاکسازیەکان لەم بوارەشدا" نەیتوانیوە بەگشتی لەهەنگاوگەلێکی ڕووکەشی و تەکنیکی دەرچێت. بەواتایەکی تر ئەو خاڵانەی کەلەم تەوەرەدا وەک "خزمەتگوزاری" ڕیزکراون جگەلەوەی لەجەوهەردا دووبارەکردنەوەی هەمان بابەتەکانی "مۆڵەتی خانووبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەر شەقام و کۆڵانەکان، لەپاڵ هەندێ وردەکاری ڕۆتینی تر"، لەخۆ دەگرێت، لەهەمانکاتدا گەلێک خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، پەیوەندگرتن، سەرگەرمی.. کەلە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بەخۆڕایی لەسەر ئەرکی دەوڵەت و شارەوانیەکان دابین کراون، خۆپارێزی کردووە و بەلایدا نەچووە.. ئێمە لێرەدا لەبەر درێژنەبوونەوەی باسەکەمان نەمانویست خاڵە تەکنیکی و تکراریەکان بخەینەبەر سەرنجەوە. خوێنەر بەگەڕانەوەی بۆ بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێ ڕاستی ئەم بۆچوونانەی ئێمە سەرنجبدات.

## پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

**پلانسازی و تەقدیسکردنی "تایبەتمەندی ناوچەیی" لە پێناوی چیدایە!**

پرۆگرام لەدوایین تەوەرەدا بەناوی "پلانسازی بەگوێرەی تایبەتمەندیی پارێزگا و شارەوانیەکان"، مەسەلەی پلانسازی و چۆنیەتی دابەشکردنی داهات و بودجە بەسەر پارێزگا و شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستاندا دێنێتەکایەوە، بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان ئەم پلان و دابەشکردنە لەسەر بنەمای چ پرەنسیپێک و بەپێی چ زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات، لەکاتێکدا باسەکە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی کۆمەڵگای شارستانی و مەدەنیە؟.. لەمبارەوە پرۆگرام دەڵێت:

> "پارێزگا و شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی خاڵی هاوبەشیان هەیە و لە چوارچێوەی هەرێمدا هەموویان کۆدەبنەوە، خاڵی جیاوازیشیان هەیە و تایبەتمەندی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە... بۆیە پێویستە ڕێز لەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە بگیردرێ، بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە پاکتاو نەکرێن و غەدر لە هیچ شار و شارۆچکە و ناوچەیەک نەکرێ."

ئێستا ئیتر ڕۆشنە کەبنەمای سەرەکی و پرەنسیپێک کەبزووتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە گرتووە بۆ دانانی پلانسازی لەسەر ئاستی پارێزگا، قەزا و ناحیە، گوندەکانی هەرێم، ئینسان و بەرژەوەندی هاوڵاتیان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و ئارامی و بژێویەکی شایستە و ستاندارد نیە. تەنانەت بەپێچەوانەی دەوڵەتانی دنیاوە، کە مەسەلەی پلانسازی بەپێی ئەولەویاتی هەردەورەیەک لەدۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک مەبدەئێک لەبەرچاو دەگیرێ، بزووتنەوەی گۆڕان ئەم میتۆدەشی بەدەستەوە نەگرتووە، بۆنموونە کۆمەڵگایەک کە ڕووبەڕووی جەنگە، وەیا لەگەڵ قەیرانی ئابووری و سیاسی بەرەوڕووە، ئەولەویاتی پلانسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا جیاوازی هەیە کەلەقۆناغی ئارامی سیاسی و پەرەسەندنی ئابووریدایە. تەنانەت کۆمەڵگایەک کە تازە کەوتۆتە ژێرباری کارەساتی سروشتی و کەمی داهات و دەرامەتەوە دووبارە دانانی پلان تێیدا جیاوازە لەکۆمەڵگایەک کەلەگەڵ حاڵەتێکی ئاوا بەرەوڕوو نەبۆتەوە. گریمان بزووتنەوەی گۆڕان ئەم ئەولەویاتانەی بەفەرز وەرگرتووە بەڵام هێشتا لەو پرسیارە قوتاری نابێت کەدەڵێت چ بنەمایەک بۆ دانانی پلان بەئەسڵ وەرگیراوە؟ پرۆگرام لەوەڵامدا دەڵێت "تایبەتمەندی و بەرژەوەندی ناوچەیی"!! و "پێویستیشە ڕێز لەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە بگیردرێ، بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە پاکتاو نەکرێن"!! بەڵام ناوەڕۆکی ئەم بنەمایە ڕووی لەچیە و سەرچاوەدەباتەوە بۆ کوێ؟

لەڕاستیدا ئەم دەربڕین و پێوانەیەی حزبی گۆڕان دواکەوتووترین جۆری بنەما و دەربڕینە لەڕاستای پلانسازی و مامەڵەکردن بەداهات و بودجەی وڵاتەوە، کە بەئاشکرا و هوشیارانە ڕووی لە هەڵوەشاندنەوەی چەمکی هاوڵاتی بوونی یەکسان و ژیانی هاوبەشێتی ئینسانەکانە، ئەمە تەقدیسکردنی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە لە ئاکامی گەشەی ناهاوسەنگی هەرکۆمەڵگایەکدا و لەژێر کاریگەریی کارکردی جوڵانەوە سیاسیەکان و ڕەوتی کوێرانەی ئابووریدا وەک بۆماوەیەک ماونەتەوە. پەرستن و تەقدیسکردنی ئەم تایبەتمەندیانەش جگەلەوەی پەرەدانە بە گیانی

## خەسرەو سایە

ناوچەگەریتی پەیوەستکردنی هاوڵاتیان پێیانەوە، بەیەکجاری بەزیانی ئەساڵەتی ئینسانی و ئینتگراسیۆن و ژیانی هاوبەشێتی و دوورکەتنەوە لەو خسوسیاتانەی کەدەست وپێگیرن لەبەردەم هێنانەکایەوەی شکۆفایی چونیەکی و هەڵدانی کۆمەڵگایەکی پێشڕەو کەعەکسکەرەوەی ژیانی هاوبەشێتی و چونیەکیە.
هەرلەمبارەوە پرۆگرام تەقدیسکردنی تایبەتمەندیەکان لەپەیوەند بە دانانی پلانسازیەوە دەباتە شوێنێکی تر و دەڵێت:

> "هەر یەک لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، هەروەها ئیدارە تایبەتەکان و ئەو قەزایانەی کە لە پلاندایە بکرێنە پارێزگا.. تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، بازرگانی و فەرهەنگی خۆیان هەیە، کە دەبێ لەپاڵ بنیاتنانی قەوارەی نیشتمانی هەرێمدا ڕێز لەو تایبەتمەندیانەش بگیردرێ و نەبنە قوربانی دروشمی نیشتمانی قەبە و بێ ناوەرۆک."

بێگومان لەنێوان پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیدا، لەنێوان دهۆک و کەرکوکدا، جیاوازی و تایبەتمەندی هەیە، تەنانەت هەریەک لەقەزا و ناحیەکان خاسیەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەمانە ئەبەدی و سروشتی نین، ئەمانە بەشێک نین لەخاسیەت و تایبەتمەندیە ئەزەلییەکانی هاوڵاتیان و دانیشتوانی ئەم ناوچانە، بەڵکو ئەمانە بەرهەمی ڕەوتی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ناهاوسەنگی پەرەسەندنەکەیەتی و بەشی هەرەزۆریان لەئاکامی کارکرد و ڕۆڵی ئەحزاب و هێزە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا دروست بوون تەنانەت سنووری جوگرافیشیان کەئەم لەوی تر جیا دەکاتەوە بەرهەمی کردەی سیاسی و قانونی و هەڵسوڕانی خەڵکەکە خۆیەتی و بەردەوامیش لەگۆڕاندایە. ئەم تایبەتمەندیانە نەک لەمەسەلەی دانانی پلانسازیدا نابێ بکرێتە بنەما و تەقدیس بکرێن بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە دەبێ دانانی پلان بەجۆرێک بێت بەدەر لە توندوتیژی کار بکات بۆ هەڵگرتنی ئەم کەندوکۆسپانە، تا هاوڵاتیان شارێی شارستانی و نزیکبوونەوە لە ستاندارده جیهانیەکان بگرێتەبەر. بەتایبەتی ڕەوتی دانیشتوانی کوردستان بەهەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە کەبزووتنەوەی گۆڕان تەقدیسی دەکا و دەیکاتە بنەمای دانانی پلان و بەناوی دادی کۆمەلایەتیەوە دەرخواردی خەڵکی دەدات، زیاتر ڕووی لەبەدەستهێنانی ژیانێکی چونیەکیە کە لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتنی جیهانیدا بێتەوە. تائەوجێگەیەی دانانی پلانسازی بە خزمەتگوزاریەکان دەگەڕێتەوە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا بڕیاردان لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاریە فەرهەنگی و تەرفیهیەکان بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندیە ناوچەییەکان بەچ بارێکدا دەشکێتەوە کاتێک ناوچەیەک ئارەزووی گوێگرتنن لە حەیران و مەقام، و ئەویتریان لەگۆرانی بیانی بێت؟ ئایا چۆن پلانسازی دادەنرێ کاتێک ناوچەیەک لەژێرکاریگەری ئیسلامدا دروستکردنی مزگەوتی پێخۆشە و یەکێکیتر مەلەوانگە و کەنیسە؟ ئایا سپاردنی پلانسازی

لێرە بەدواوە هەموو هێلەکانی تەئکید لەلایەن ئێمەوە زیاد کراون ولەدەقی پرۆگرامدا نین

و داهات و بودجە بەم تایبەتمەندیانە بەمانای هەڵوەشاندنەوەی ژیانێکی ستاندارد و ستانداردکردنی فەرهەنگ و ئابووری و خزمەتگوزاریەکان نیە لەلایەن دەسەڵاتە سەراسەریەکانەوە و سەرەنجام هەڵوەشانەوەی هاوڵاتی بوونی یەکسان و چونیەک نیە؟ ئایا ئەمە گیانی ناوچەگەریتی و دابوشبوونە نەریتی و دەمارگیریەکان برەو پێنادا و بەم پێیەش هاوڵاتیان ناخاتە بەرامبەر یەکەوە؟

بەڵام بەجیا لەوەی وەڵامی حزبی گۆڕان بەم پرسیارانە چیە، سەرەنجام پرۆگرام بەڕاوەستان لەسەر تایبەتمەندیەکان، دانیشتوان هاندەدات بۆئەوەی لەبودجەی هەرێم داوای بەرکەوتەی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن، تەنانەت بەپێی ئەو تایبەتماندیەی کەهەر گەڕەک و ناوچەیەک هەیەتی، هەقیەتی شوێنی بەرژەوەندی خۆیان بکەون!!.. لەمبارەشەوە پرۆگرام دەڵێت:

"دانیشتوانی هەموو پارێزگا و شار و قەزا و ناحیە و گوندەکانی هەرێم، بۆیان هەیە داوای بەرکەوتی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن لە بودجەی هەرێم و پرۆژە نیشتمانیەکان، پێویستە لە دانانی دەروازە و سێکتەرەکانی بودجەی نیشتمانیدا پرۆژە و پێشنیازی پارێزگاکان بەهێند وەربگیردرێ، مافی بەرگریکردن لە بەرکەوتی مەحەلی بۆ هەموو پارێزگا و شارەوانی و ناوچەیەک پارێزراو بێت... پێویستە کار بەو نەریتە بکرێ کە هەموو هاوڵاتیەک بۆی هەیە بەرگری لە بەرژەوەندی خۆی و خێزان و ناوچە و شار و گەڕەکەکەی بکا، چونکە ئەو بەژەوەندیە تایبەتانە ناکۆک نین لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا، بەڵکو تەواوکەری بەرژەوەندی نیشتمانین و پرۆڤەن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیە باڵاکان."

ئەوەی لەم دەربڕینانەی سەرەوەدا وەک ئەنجامێک بەرجەستەدەبێتەوە ئەوەیەکە: یەکەم، "پرۆژە نیشتمانیەکان"، دەکەونە بەر حوکمی داوای "بەرکەوتی محەلی پارێزگا، شارەوانی، ناوچەکان" تەنانەت دەکەوێتە بەرامبەر بە "بەرژەوەندی تاکی هاوڵاتی، بەرژەوەندی خێزان، شار و گەڕەک"ەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەمجۆرە پرۆژانە، مادام سیفەتی "نیشتمانییان" لێنراوە سەراسەرین و بەپێی ئەولەویات و ستراتیژی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی شارەکان، دادەنرێ، هەربەم ئیعتبارەش وەڵام بە "بەرکەوتەی یەکەکانی خوارەوە" دەداتەوە. ئایا سپاردنی ئەمجۆرە پرۆژانە بە بەرکەوتە مەحلی و ناوچەییەکان و گرێدانەوەی بە بەرژەوەندیە تەیبەتەکانەوە، بەمانای هەڵوەشانەوەیان نیە؟ ئایا وەڵامدانەوە بەکۆی "بەرکەوتە محەلیەکان و بەرژوەندیە تایبەتەکان" یەکسانە بە مسۆگەرکردنی "بەرژەوەندی گشتی" و بەکردەوە دەرهێنانی "پرۆژە نیشتمانیەکان"؟ بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بەرکەوتنی ئەم دولایەنەی پلانسازی چارەسەردەکات؟

دووەم: بەرژەوەندی گشتی دەخاتە بەرامبەر بەرژەوەندی تاک و تایبەتەوە. بەتایبەتی ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وەک مەبدەئێک لەدانانی پلاندا وەربگرین، یانی پلانسازی کەوتۆتە دوای وەڵامدانەوە بە ویست و پێداویستیەکانی گشتەوە، کەهەموو تاکێک لێی بەهرەمەندە و تێیدا هاوبەشە، بۆ حاڵەتێکی ئاواش ئیتر "لەبەرچاوگرتنی" بەرژەوەندی تایبەتی تاک و بەرکەوتەی ناوچەیی گەڕەک و مەحەلی مانایەکی نابێت. بەڵام ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان زەقی کردۆتەوە و

## خەسرەو سایە

وەک "پرۆڤە" چاوی لێدەکات داکۆکی کردنە لە بەرژەوەندی تاک لەبەرامبەر بەبەرژەوەندی گشتیدا، هەروەها داکۆکی کردنە لە بەرکەوتەی محەلی و گەڕەک لەدژی ویستی گشتی و سەراسەری. ئەمە ئیتر نەک هەر گیانی ناوچەگەریێتی و شارپەرستی پەرە پێدەدا و تائاستی خۆناساندن بەگەڕەکەوە دەیهێنێتە خوارەوە، هاوکات خۆپەرستی و تاکپەرستی لەبەرامبەر ئنتیگراسیۆن و کۆمەلایەتی بوونەوەی هاولاتیان و چونیەکی لەهاولاتی بووندا دادەنێ و هەڵیان دەوەشێنێتەوە. لەڕاستیدا بڕوا و بۆچوونێکی ئاوا، لەنموونە هەرە دواکەوتووەکانی ناسیونالیزمە، ناسیونالیزمێک کەلەسەر بنەمای "تایبەتمەندی" و خەسڵەتە تایبەتەکانی "نەتەوە" لەجۆری جیاوازی زمان، فەرهەنگ، مێژوو، هەڵسوکەوت.. خۆی پێناسە دەکات، ئەم ناسیونالیزمە فیزۆکراتیزمێکی دواکەوتووانەیە کەلەسەر بنەمای تایبەتمەندی ناوچە و ناوچەگەریێتی و "تاکی تایبەتمەند" ئینسانەکان لەیەک دادەبڕێنێ و تاکەکانیش ئایزۆلە دەکات، تەنانەت تائەو ئاستە فیزۆکراتیزم بۆ تەقدیسی تایبەتمەندیەکانی خۆ وەیا نەتەوە و ڕەگەز و دینەکەی بەدەستەوە دەگرێ، کە سروشتی ئینسان و خودی خاسیەتە سروشتیەکان کە هاوبەشێتیان هەیە، ئینکاردەکات. لەنموونەی ئەوەی خوێنی کورد، ئاو و هەوای خاکی کوردستان، ڕەسەنایەتی ڕەگەزی کورد، مێژوو و فەرهەنگی شێرانەی کورد.. هەموو ئەمانە پێکهاتەیەکی فیزیکی جیایان هەیە لەهەر نەتەوە و پێکهاتەیەکی تر.. جوڵانەوە و بۆچونێکی ئاوا قەومی کەبەرژەوەندی تایبەتی تاک لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتیدا بەڕادەیەک تەقدیس بکات کە بەکۆمەڵگا بڵێ "بەرژەوەندی گشتی لەڕێگای مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی تایبەتی تاکەوە دابین دەبێ"، هاوکات ڕەوتێک کەبەئاشکرا لەپرۆگرامەکەیدا ڕابگەیەنێ کە دابینکردنی "بەرژەوەندی تایبەتی تاک" پرۆڤەیەکە بۆ پەیڕەوکردن لەبەرژەوەندی گشتی، ریفۆرم و سیاسەتە چاکسازیەکانی ئەتوانێ خزمەت بەکێ بکات جگەلە سەرمایەداران و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیا و بازرگانانێک کە خاوەنی "بەرژەوەندی تایبەت و تاکن" و لەپێناو "بەرکەوتەی تایبەتی خۆیاندا" دەستیان داوەتە تالانچێتی! بزووتنەوەی گۆڕان کە بەم بۆچوون و بەرنامە سیاسیەوە دەیەوێت پلانسازی بۆ هەرێمی کوردستان بەدەستەوە بگرێ و گوایە چاکسازی لەقازانجی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکات، بییەوێت و نەیەوێت وەک هەر ڕەوتێکی بۆرژوایی تر "بەرژەوەندی تایبەتی" ئەبەدی و هەمیشەیی دەکاتەوە و دەیخاتە بەرامبەر بە بەرژوەندیە گشتی و هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستانەوە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان تەجروبەی چەندین ساڵەی ئەو حکومەت و دەسەلاتە دەبینن کە چۆن بۆرژوازی کورد و حزبە قەومیەکانی لەسەر بنەمای "تایبەتمەندێتی ناوچەیی" و "بەرژوەندی تایبەتی" دایان مەزراندووە، بوونەتە خاوەنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و ژیانێکی فرعەونانە، کەچی زۆرینەی کۆمەڵگاش، هەژار و دەستکورت و مەمرەومەژی کراوەتە نەسیبیان. بزووتنەوەی گۆڕان کە لەسەر مەبدەئی تایبەتمەندی تاک و بەرژەوەندی تایبەتی ناوچە و گەڕەکەوە باس لەپلانسازی دەکات، جیاوازیەکی جەوهەری لەگەڵ واقعیەتی مەوجود و کارنامەی تائێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی تر کەدەسەلاتیان بەدەستەوەیە پێکناهێنێ. تەنها جیاوازیەک کەهەبێت لەوەدایە ئەم ڕەوتە لەژێر پەردەی ریفۆرم و چاکسازیدا کەوتۆتە شوێن دووبارە سازدانەوەی دۆخی ئێستای هەرێم و ئەو جیاوازی و جیاکاریە چینایەتیەی کەلەگۆڕدایە.

# پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

**دوایین ووتە:**

بەدوای تەواوبوونی باسی" **ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا**"، شوێنی خۆیەتی ئەوە بەخوێنەرانی ئەم باسە ڕابگەیەنم کەئامانج لەم باسە، پەردەهەڵماڵینە لەسەر ناوەرۆکی چینایەتی بزووتنەوەی گۆڕان وەک ڕەوتێکی بۆرژوا ناسیونالیستی، کەبەرگی چاکسازی لەخۆی ئاڵاندووە و گەرەکیەتی بەزمانێکی جیاواز بدوێ و لەمەوقعی ڕەخنەگری دەسەڵاتی ئێستاوە دەرکەوێ، تا وانیشان بدات کەداکۆکیکاری خواست و ئاواتەکانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی کوردستانە. بەتایبەتیش بۆئێمە کۆمۆنیستەکان هەڵدانەوەی پەردە لەسەر هەقیقەتە سیاسی و چینایەتەکانی ڕەوتێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان لەو ڕووەوە گرنگی هەیە، کەکاریگەری هەیە بەسەر ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە و فاکتۆریکی سەرەکیشە لەخۆشخەیاڵ کردنی هەڵسوڕاوانی ئەم ناڕەزایەتیانە و بەرتەسک کردنەوەی ئاسۆی سیاسی و خەباتکارانەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش بەدرێژایی هەر 6 بەشی ئەم باسە هەوڵدراوە کەبزووتنەوەی گۆڕان لەڕێگای شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی بەند و بڕگە و تەوەرەکانی پرۆگرامە سیاسیەکەیەوە، ڕوانگەی سیاسی و هەموو ئەو چەمک و مەفهومانەی کەپشتی پێبەستوە بۆ سەرنجدان لەکۆمەڵگای کوردستان و کێشە و گرفتەکانی، وەک ڕوانگە و تێگەیشتنێکی بۆرژوازیانە دەرخەین. هەروەها هەوڵدراوە ناوەرۆک و مەودای سیاسەتە چاکسازیخوازیەکانی، وەک ڕیفۆرمەکردنێکی بەرتەسکی بۆرژوازیانەی بۆ دەسەڵات و سیستمی حوکمڕانی و ئابووری هەرێم نیشان بدەین. تەنانەت هەوڵدراوە، ناوەرۆکی بۆرژوازیانەی ئەو چاکسازیە کرچ و کاڵانە دەرخەین کەلەپەیوەند بە مەسەلەکانی ئازادی، مەسەلەی ژنان، لاوان و خوێندکاران، مەسەلەی دادی کۆمەڵایەتی و بیمەکان، خزمەتگوزاریە و زۆر لایەنی تر..

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە تەنها هەوڵێکە و ڕەخنەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەمە زیاتر دەخوازێ، بەتایبەتی کەئەم نووسینە بەتەنها لەسەر پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان فۆکوسی کردووە و خۆی بەدوور گرتووە لەدەور و کارکردە سیاسی و عەمەلیەکانی ڕۆژانەی ئەم حزبە کە چ لەبەرامبەر حزبەکاندا و چ لەبەرامبەر دەسەڵات و جوڵانەوەی جەماوەریدا گرتویەتیەبەر..

ماوە بڵێم ڕەنگە زەروور بێت کە لە کۆتایی ئەم نووسینەدا قسەیەکیش بکرایە لە چارەنوسی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو ستراتیژە سیاسیەی کە بۆ گەیشتن بەچاکسازی، بەدەستیەوە گرتووە. بەتایبەتیش وەڵامی ئەو پرسیارە بدرایەتەوە، کەئایا سیاسەتی چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو مەسەلانەی کەلەپرۆگرامەکەیدا تۆماری کردووە بۆ گۆڕانکاری لەسیستمی سیاسی و ئابووری ئێستای کوردستاندا، لەڕێگای خەباتی پەرلەمانی و سندوقەکانی دەنگدانەوە و بەشێوەی قانونی ئیمکانی هەیە؟ ئایا ئیستراتیژی، حزبی پەرلەمانی و ڕێگای دیموکراسیەک کە لە کوردستاندا هەیە بوار بۆ بەدیهاتنی ئەو ڕیفۆرمانە دەهێڵێتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێنیەوەیەتی؟ یان وەک وەهمێکی بۆرژوایی دەمێنێتەوە؟.. لەڕاستیدا ئەمە کارێکی ئەستەم نەبوو بەڵام بەدەلیلی زیاتر

درێژنەبوونەوەی ئەم بەشەی باسەکە خۆم بەزەرووورم نەزانی. لەلایەکی تریشەوە پێم وابێت خودی ڕوداوەکانی دوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی بنکە فراوان و داخستنی دەرگای پەرلەمان و وەدەرنانی وەزیرەکانی گۆڕان و کاردانەوەیەک کەلەخۆی نیشاندا، وەڵامی بەکردەوەی ئەم پرسیارانەی تاڕادەیەکی زۆر داوەتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا نەچوە بچێ و هێشتا فرسەت لەبەردەمدا کراوەیە..

20 جولای 2017



جەمال موحسین

# چاوخشاندنێک بەسەر کتێبی هەژاریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

**بەرایی:**

هەژاریی فەلسەفە، وەڵام بە فەلسەفەی هەژاری پرۆدۆن، ناوی تەواوی کتێبێکە لە لایەن کارڵ مارکسەوە نووسراوە [لێرە بە دوا تەنها بە هەژاری فەلسەفە ناوی ئەبەم]. ئەم کتێبە وەڵامێکە بە کتێبی سیستمی ناکۆکیە ئابوریەکان، یان فەلسەفەی هەژاری کە لە لایەن پیەر جۆزیف پرۆدۆنەوە نووسراوە و ناوبراو یەکێکە لە بیرمەندە بنەڕەتیەکانی ئانارکیزم (فەوزەویەت) [لێرە بە دوا ناوی کتێبەکەی پرۆدۆن تەنها بە فەلسەفەی هەژاری ئەبێت، کە پێویستی کرد]. لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم ئەو مێژوو و سەردەمەی تێیدا نووسراوە و گرنگترین باس و مەسەلەکانی نێو کتێبەکە بە خوێنەران بناسێنم. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێم کە ئامانج لەم وتارە خستنە بەردەستی تەواوی وردەکاریەکانی کتێبەکە نیە، واتە دانە دانەی بەشەکانی بە دوورودرێژی وەک خۆی دابنێینەوە یاخود شیبکەینەوە. بەڵام لەو شوێنەی کە پێویستە تێکست لە باسەکان ڕاستەوخۆ وەرئەگرم. کارێکی لەو بابەتە بۆیە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا جێی نابێتەوە چونکە ئەوە تەنها خودی مارکس خۆیەتی کە ئەتوانێ ئەو باسانە و ئەو شیکردنەوە وردانە بەو شێوەیەی کە خۆی ویستویەتی بیخاتە بەردەم. ئەمەش بە کردەوە بە واتای وەرگێڕانی کتێبەکە دێت بۆ سەر زمانی کوردی. بەڵام ئەم وتارە زۆرتر هەوڵ ئەدات بیرۆکە گشتی و سەرەکیەکانی هەژاریی فەلسەفە بخاتە بەردەست و هانی کرێکارانی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوانی کرێکاری بدات کە بە هەر زمانێک بۆیان ئەکرێ

بیخوێننەوە و بۆ تێگەیشتن  لە بنەماکانی دونیایەک کە تێیدا دەژین، سەرچاوەکانی چەوسانەوە و هەژاری  بتوانین بە دەستیەوە بگرین. بە دەستهێنانی تێگەیشتنی دروست لە دنیایەک کە پێچەوانەیە و بە پێویست ئەبێ بگۆڕدرێ، هەنگاوەکانی کە بۆ ئەو گۆڕانکاریە  پێویستن ڕۆشنتر ئەخاتە بەردەمی هەموومان. بەو هیوایەش بەم زووانە کتێبەکە بە کوردی بکەوێتە بەر دەستی کۆمەڵگا. ئەو تێکستانەی وەرئەگیرێ و لێرەدا ئاماژەیان پێ ئەکرێ، لە ڤێرژنی زمانی ئینگلیزی کتێبەکەوەیە و بەپێی پێویست بەراورد لەگەڵ دەقە عەرەبیەکەشدا کراوە.

### مێژووی نوسینی هەژاریی فەلسەفە:

کارڵ مارکس لە کاتێکدا کە لە مەنفا بوو لە پاریس و بروکسل چەندین مەسەلەی گرنگ کەوتبوونە بەر باس و ئارگیومێنتیان (جەدەل) لەسەر بوو، لەوانە مەسەلە فەلسەفی و ئابوریەکان. ئەو سەردەمە کە چینی کرێکاری پیشەسازی و مۆدێرن هاتبووە بوون و ناڕەزایەتیەکان و رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازیدا کرێکاران (وە لە ڕاستیدا جوتیاران و تەواوی توێژە مەحروم و ناڕازیەکان و وردەبۆرژوازی) لە مەیدانی خەباتدا ڕاگرتبوو. چەندین تیۆریسیۆن و بیرمەندان بە ناوی جیاجیاوە بەشدار بوون لەو تێکۆشان و تەنانەت باسانەدا کە لە دەوری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا تەوەریان بەستبوو. لە نێویاندا کەسانێک ناویان بە ''سۆشالیست'' دەرکردبوو وە یاخود هەڵسوڕاوی ناو کرێکاران بوون و مەیلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان نوێنەرایەتی ئەکرد. کەسێکی بەرچاو لە نێو ئەوانەدا پیەر جۆزیف پرۆدۆنی فەڕەنسی بوو. مارکس کاتێک لە پاریس بوو توانی ئەم بناسێت و پەیوەندی پێوە بکات. سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی شەخسیان زۆر نەبوو، مارکس توانی  بە نووسینەکانی ئاشنا بێت و زۆر کاتیش لەگەڵ ئەم و میخایل ئەلێکساندرۆڤیچ باکۆنینی ڕوسیدا جەدەل و مشتومڕی جدی سەبارەت بە کۆمەڵگای بۆرژوازی، کۆمەڵگا چی لێدێت و بەرەو کوێ ئەڕوات و ئەبێ چی بکرێ... هتد لە نێوانیاندا ئەهات و ئەچوو.

پرۆدۆن بە یەکێک لە بیرمەندان و تیۆریسیۆنانی ئانارکیزم دائەنرێت. ئەو بە گشتی پێی وابوو کە کۆمەڵگا نابێ دەسەڵاتی سیاسی هەبێ و پێویستی بە دەوڵەت نییە چونکە دەوڵەت دەزگایەکی ناشەرعیە و ڕەسمیەت بە توندوتیژی ئەدات و لە بنەڕەتدا ڕێگرە لەبەردەم هەوڵی تاکەکاندا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی عادلانە. لێرەوە پەیوەندی تاکەکانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن لەگەڵ یەک و هەرەوەزی کردن پێناسە ئەکرد، کە پێویستی بە هیچ دەوڵەتێک نییە و بگرە ئەبێ دەوڵەت هەڵوەشێتەوە. وە هەرجۆرە جوڵانەوە و بزاوتێکی سیاسی چینی کرێکاری وەک چینێکی ڕێکخراوی سیاسی ڕەت ئەکردەوە. بۆ پرۆدۆن مەسەلەیەکی بنەڕەتی ئەوە بوو کە ''دەسەڵاتی سیاسی نەگیرێت، بگرە ڕەتبکرێتەوە... چونکە لە چاوی ئەوەوە دەسەڵاتی سیاسی ئەوانەی کە بەکاری دێنن پیس و گەندەڵ ئەکات..'' (پۆڵ تۆماس، ل ١٧٨). لەبەرامبەردا و بە جەخت کردنە سەر هەرەوەزی لە بنەوە و هەوڵی ئابوری  تەواوی تێکۆشانی چینی کرێکاری بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی چینایەتی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەبەستەوە بە ''کردەی ئابوری''ەوە. ئەوەش دواتر نیشانی ئەدەین کە مەبەستی لە چ جۆرە کردەیەکی ئابوری بووە.

# چاوخشاندنێک بەسەر کتێبی هەژاریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

لە دیدگای پرۆدۆنەوە، چینی کرێکار لە سروشتی خۆیدا مۆراڵی متمانە بەیەکبوون و شەرافەت و ئابڕو و ڕێزلەخۆگرتن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تیایدا بەهێزە، بە پێچەوانەشەوە ئەم تایبەتمەندیە مۆراڵیانە لە نێو سەرمایەداران و خاوەنانی پیشەسازی و بازرگان و هاوشێوەکانیاندا بوونی نییە. کردەی سیاسی و ئابوریش کە لەم بەشەی دواییان ئەوەشێتەوە جگە لە گەندەڵی و ناشەرعیبوون هیچی تر نیە. هەربۆیەشە ئەمان ناتوانن و نایانەوێ ئەم ڕێز و متمانەیە بە خەڵکی هەژار بکەن و وەڵام بە داوای ئەوان بۆ عەدالەت بدەنەوە. وە بەم مانایەش زۆر بە توندی دەسەڵات و سەروەری دەوڵەتی ڕەتئەکردەوە. ناوەڕۆکی ئەو بیرکردنەوەیەی لەوەدا کورتئەکردەوە کە "هەر کەسێک بیەوێت بە ئامانجی حوکمکردن دەست بخاتە سەر سەرم، زاڵم و چەوسێنەرە و بە دوژمنی خۆمی دائەنێم" ( لە نوسراوی دانپیانانەکانی شۆڕشگێڕێکی پرۆدۆنەوە).
بەهەرحاڵ ئەوەی جێگەی ئەم باسەیە هەموو لایەنەکانی بیرکردنەوە و مەنهەجی پرۆدۆن و وەڵامەکانی مارکس کە لە نامە جیاجیاکانی و لە باسەکانی سەبارەت بە مەسکەن یان مەسەلەکانی تردا هاتووە نییە، کە لە کتێبەکانی خێزانی پیرۆز و دەستنوسە ئابوری و سیاسیەکان.. هتدا هەن. تەواوی ئەو مەسەلانە لە ململانێی نێوان مارکس و ئەنگلس لە لایەک و ئەنارکیستەکان لەلایەکی ترەوە ڕەنگی دایەوە.
پرۆدۆن، بە تایبەتی لە کتێبی فەلسەفەی هەژاریدا، لە نێوان بەهای بەکاربردن و بەهای گۆڕینەوەدا نێوەنجیگەرێتی ئەکات و چمکێکی تر بەکاردێنێ کە "بەهای پێکهێنراو یان دروستکراو"ە. ئەو پێی وایە کە بەهای گۆڕینەوە کە پەیوەست ئەبێتەوە بە بازاڕەوە زەرەر لە کرێکاران وهەژاران ئەدات، وە ئەو خەڵکە تەنها پێویستیان بە بەهای بەکاربردن هەیە. بە واتایەکی تر ئەو ئەیەوێ شتومەک و کاڵا ئەبێ بەقەدەر هەمان ئەو ڕادەیە لە کار کە تیایاندا سەرفکراوە بگۆڕدرێنەوە و بەمجۆرە نەخرێتە بەردەم هەڵبەز و دابەزی بازاڕەوە. وە بەمجۆرەش پێی وایە کە ئەتوانرێ پێداویسیەکانی عەدالەت دەستەبربکرێن. هەژاری فەلسەفە تەواوی بۆچوونە کرچوکاڵەکانی پرۆدۆن لەپەیوەند بە بنەما ئابوریەکانی نایەکسانی و چەوسانەوەوە لە جێی خۆیدا دائەنێتەوە. لەبەرامبەردا مارکس بۆچونی زانستی و لێکدانەوەی دروست ئەداتە دەستمان و ئەو خەیاڵە ڕەت ئەکاتەوە کە پرۆدۆن و بەشێک لە بەناو سۆشیالیستەکانی ئەو سەردەمە پێیان وابوو هەر کۆمەڵە کرێکارێک (یان تەواوی ئەو چینە) بەو متمانە و باوەڕ و ڕێزەی لە نێوانیاندا هەیە ئەتوانن "بەهەشتی عادلانە و یەکسان" بۆ خۆیان دابمەزرێنن و نەهێڵن دەوڵەت حوکمیان بکات یاخود دەست بگرێت بەسەر سەروەت و کاڵاکانیاندا کە لەناو خۆیاندا بەشی ئەکەن. وە گوایە ئەمەش کارێکە لە ڕێگەی ڕێکخستنی کار و دابینکردنی کار و هەرەوەزی لە نێوان کرێکاراندا مەیسەر ئەبێ و چیتر ئەم جۆرە لە ڕێکخستن پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی ئەم چینە نییە و نابێ.
دوای خوێندنەوەی فەلسەفەی هەژاری پرۆدۆن کە لەساڵی ١٨٤٦ دا دەرچوو، مارکس لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی بە ناوی پی. ڤی. ئانینکۆڤ لە ٢٨ ی دیسێمبەری ١٨٤٦ دا باسی هەندێک لە خاڵە سەرەکیەکانی ڕەخنەی خۆی بۆ کتێبەکەی پرۆدۆن ئەکات، لەوێدا مارکس ئەڵێ: "هەرچەند کتێبەکەم زۆر بە پەلە خوێندۆتەوە و ناتوانم زۆر بچمە وردەکاریەوە بەڵام ئەمەوێ ئەو ئینتباعەی

پێی داوم بە گشتی بۆت بنووسم...'' (نامەی مارکس بۆ ئانینکۆڤ) . سەرنجراکێش ئەوەیە کە سەرباری ئەم قسەیەی کەچی زۆر مەسەلە لە نامەکەدا ئەوروژێنێت. مارکس باس لەوە ئەکات کە کۆمەڵگا بە جیاواز لەوەی چ شێوەیەکی هەیە بریتیە لە کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و ئازاد نین لەوەی شێوەی کۆمەڵگا هەڵبژێرن. هەر گەشەیەکی تایبەتی هێزی بەرهەمهێنانی مرۆڤەکان سەرئەنجام شێوازێکی تایبەت لە بازرگانی و بەکاربردن، تەنانەت خێزان و چینەکان و هەلومەرجی سیاسی و هتد بە دەستدێنێت. یانی بۆنمونە ئەو پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستدا بوو جۆرێک لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی پێویست بووە و بە دوادا هاتووە کە بێگومان جیاوازە لەوەی کە لە دوای گەشەی سەرمایداریدا و یان کۆمەڵگای مۆدێرنی سەردەمدا هەبوو و هەیە (نامەی مارکس بۆ ئانینکۆڤ). پرۆدۆن، بە پێی قسەی مارکس، هزر و شت تێکەڵ ئەکات و لە پرۆسەی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگای بەشەری تێناگات یاخود نایەوێ بیسەلمێنێ. لای مارکس ڕاستە کە مرۆڤ دەستبەرداری دەسکەوتەکانی نابێ، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە دەستەبەرداری شێوازێکی کۆمەڵایەتی نابێ کە لێیەوە هێزێکی بەرهەمهێنەری دیاریکراوی بەدەستهێناوە. بە واتایەکی تر ناچارن ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەیان کە ناگونجێ لەگەڵ هێزە بەرهەمهێنەرە بەدەستهاتووەکانیاندا، بگۆڕن. وە بەمجۆرەش لەگەڵ هێزە بەرهەمهێنەرە تازەکانیاندا شێوازی بەرهەمهێنانیش ئەگۆڕن. ئەمەش جوڵەی واقعی مێژووە کە لای مارکس پرۆدۆن ناتوانێ ئەمە وەک خۆی ببینێ و هەربۆیەشە جیهان و کۆمەڵگا لە دیدی ئەودا لە ''مەملەکەتێکی خەیاڵی تەمومژاوی'' زیاتر هیچی تر نییە. وە مارکس لای وایە ئەمجۆرە ڕوانینە هیچ پەیوەندیەکی بە دیالەکتیکەوە نییە. هەروەک مارکس خۆی لەو نامەیەدا ئەڵێ: ''ئەوە مێژوو نییە، ئەوە هەمان زباڵەکەی هیگڵی کۆنە. ئەوە مێژووی دونیەوی نییە، واتە مێژووی مرۆڤ، بگرە ئەوە مێژووی پیرۆزە، مێژووی هزرەکانە. لە ڕوانگەی ئەوەوە مرۆڤ هیچ نییە جگە لە ئامێرێک کە هزر یان مێشک بەکاریئەهێنێ تاکو بتوانێ خۆی بدۆزێتەوە. وە ئەو گەشەسەندنەی پرۆدۆن باسی ئەکات وا دەرک ئەکرێت کە گەشەیەکن لە ڕەحمی ڕۆحانی هزری موتڵەقەوە''. ئەمەش ئەو مەملەکەتە خەیاڵیەیە کە مارکس باسی ئەکات.

هەر لەم نامەیەدا مارکس باس لەوە ئەکات کە پرۆدۆن هەرچەندە باسی دابەشکردنی کاری کردووە بەڵام لێی تێنەگەیشتووە چونکە پەیوەستی ناکاتەوە بە بازاڕەوە. بۆ نمونە دابەشکردنی کار لە هەر سەردەمێکدا مۆرکی ئەو سەردەمەی پێوە بوو. لە سەدەی چواردە و پانزەدا کە هێشتا کۆلۆنیەکان نەبوون یان ئەمریکا هێشتا نەدۆزراوەتەوە (کە هەموو ئەمانە بازاڕی نوێی بە ڕوی سەرمایەدا کردۆتەوە)، دابەشکردنی کار زۆر جیاوازتر بووە لە دوای ئەو کاتەوە کە کۆلۆنیەکان پەیدا بوون و گەشەیان کردووە. هەر بۆیە مارکس ئەڵێ کە پرۆدۆن لە بنەڕەتدا لە کێشەی دابەشبوونی کار تێنەگەیشتووە و ناتوانێ جیابوونەوەی نێوان لادێ و شار ببینێ و پێی وایە ئەوە شتێکی ئەبەدیە و ئەو شێوازە لە بەرهەمهێنان هەتا کۆتایی زەمەن هەر بەردەوام ئەبێ. ئەمەش مارکس ناوی ئەبات بە وتنەوەی ڕووکەشیانەی ئەوەی کە پێشتر ئادەم سمیث وتوویەتی. ئەمە و جگە لەوەی کە پرۆدۆن نەیتوانیوە پەیوەندی گەشەی ئمێریش بە دابەشبوونی کارەوە ببینێ. لە

سەردەمێکدا مرۆڤ شتی بە دەست دروست کردوە و بەمجۆرە شێوازێکی تری لە دابەشکردنی کار پێویست بووە، بەڵام کاتێک کە مەکینە و ئامێرەکان دروست بوون و گەشەشیان کردوە بە پێی ئەو گەشەیە شێوازی بەرهەمهێنان گۆڕاوە و هەربەوجۆرەش دابەشکردنی کار گۆڕاوە.
زیاتر لەوەش مارکس باس لەوە ئەکات کە ئەگەرچی پرۆدۆن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نالێت کە ژیانی بۆرژوازی حەقیقەتێکی ئەبەدیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی هزرەوە تەماشای پەیوەندیە بۆرژوازیەکان ئەکات، ئەمەش ناڕاستەوخۆ ئەکاتە ئەو ئەبەدیەتە. لەبەرئەوەی پرۆدۆن لای وایە کە بەرهەمەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی بوونەوەری ئەبەدین کە لە شێوەی هزردا لە مێشکی ئەودا دەرئەکەون، ئیتر پێی وایە ئەبێ لە نێوان ئەم بوونەوەرانەدا هاوسەنگی پێکبهێنرێ یان دروستبکرێ، لێکئاشتکردنەوەیەکی ئاشکرای هێزە دژ بەیەک و ناکۆکەکانی کۆمەڵگا (دوو چینی دژ و بەرامبەر بەیەک). بە واتایەکی تر ئەو دوو بەشە کە ئەتوانن دوو پێکهاتەی ئەبەدی کۆمەڵگا بن پێکەوە و لە پاڵ یەکدا درێژە بە بوونی خۆیان بدەن. بە بێ ئەوەی ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئەو هەلومەرج و ژنیگەیەی کە ئەو ناکۆکیانەی تیا سەوز بوون چۆن لەناوببرێت وهەڵبوەشێنرێتەوە. ئەمەش بە پێی مارکس خەیاڵە و بگرە خەیاڵێکی عەقیدەییانە. هاوکاتیش هەر ئەوەیە کە بیرمەندانی بۆرژوازی باسیان لێ کردووە و شێوازی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیان وەک شتێکی مێژوویی و ڕاگوزەر نەبینیوە، هەروەک ئەوەی کە فیودالیەت هەبووە سەرئەنجام وەک سەردەمێکی مێژووی خاوەنی شێوازێکی بەرهەمهێنان و بەمجۆرەش جۆرێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی گوزەراوە و تێپەڕیوە و زەرورەتی نەماوە. ئەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە پرۆدۆن وەک وردەبۆوژوایەک لە دژی چەوسانەوە و شەڕانگێزی سەرمایەداری بووە، لە خەیاڵی خۆیدا گەیاندوویەتی بەو باوەڕەی کە ئەبێ لایەنە خراپەکانی سەرمایەداری فڕێ بدرێت و لایەنە باشەکەی هەر ئەو سیستەمە بهێڵرێتەوە یاخود بپارێزرێت (مایکڵ جۆزیف رۆبەرتۆ، ل ٢٤).
دواتر مارکس لە مانگی جانیوەری ١٨٤٧ وە لە شێوەی کتێبدا کار لەسەر ئەم وەڵامانەی ئەکات و بەرهەمی هەژاری فەلسەفەی لێ دەردێت، کە لە بەهاری هەمان ساڵدا چاپ و بڵاوئەکرێتەوە. شایانی وتنە کە مارکس کتێبەکەی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە بە ئامانجی ئەوەی کە بتوانێ زۆرترین کاریگەری لە فەزای کۆمەڵگای فەڕەنسیدا دابنێ کە لەوکاتەدا بۆچونەکانی پرۆدۆن تا ڕادەیەک برەوی هەبووە. هاوکاتیش لە یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا کۆمەکێکی گەورەی کرد بە هاوخەتی دان بە پرۆگرامی خەتی مارکس. مارکس هەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا شێوازێکی ڕەخنەی بێبەزەییانە لە پرۆدۆن ئەخاتە بەردەم: ''لە بێبەختی پرۆدۆن لە ئەوروپادا لەگەڵ بەدتێگەیشتنێکی فراواندا ڕووبەڕووبۆوە. لە فەڕەنسا مافی ئەوەی پێ ئەدەن ئابوریناسێکی خراپ بێ، لەبەرئەوەی ناوبانگی بەوە دەرکردوە کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانی باش بێ. لە ئەڵمانیاش مافی ئەوەی پێ ئەدەن کە فەیلەسوفێکی خراپ بێ، لەبەرئەوەی بە بەتواناترین ئابوریناسی فەڕەنسی ناوبانگی دەرکردووە. وەک ئەڵمانیەک و هاوکات ئابوریناسێک، ئەمەوێ ناڕەزایەتی لە دژی ئەم هەڵە دوولایەنەیە دەرببڕم. ئیتر خوێنەر ئەتوانێ لەوە تێبگات کە ئێمە لەم ئەرکە قورسەماندا ناچار بووین لە ڕەخنەمان لە پرۆدۆن خۆبەدوور بگرین تاکو ڕەخنە لە فەلسەفەی ئەڵمانی بگرین و

هاوکاتیش هەندێ سەرنج لەسەر ئابوری سیاسی بە دەستەوە بدەین.'' (پێشەکی مارکس بۆ هەژاری فەلسەفە، ١٥ ی جونی ١٨٤٧).
ئێستا با پێکەوە چاو بەسەر بەشەکانی هەژاری فەلسەدا بخشێنین و بیرۆکە بنەڕەتیەکانی ببینین.
ناوەڕۆکی کتێبەکە دوو بەندی (چاپتەری) سەرەکیە، بەمجۆرە:
بەندی یەکەم: دۆزینەوەیەکی زانستی
بەشی یەک: ناکۆکی (دژ بە یەکیی یاخود ئەنتی تێزی) نێوان بەهای بەکاربردن و بەهای ئاڵوگۆڕکردن
بەشی دوو: بەهای پێکهێنراو یان بەهای دروستکراو
بەشی سێ: بەکارهێنانی (کارپێکردنی) یاسای ڕێژەییبوونی بەها
لقی ئەلف: دراو
لقی  با: کاری زیادە
بەندی دووەم: میتافیزیکای ئابوری سیاسی
بەشی یەک: میتۆد، ئەم لقانە ئەگرێتەوە:
سەرنجی یەک
سەرنجی دوو
سەرنجی سێ
سەرنجی چوار
سەرنجی پێنج
سەرنجی شەش
سەرنجی حەوت
بەشی دوو: دابەشبوونی کار و ئامێر (الات)
بەشی سێ: پێشبڕکێ و قۆرخکاری (احتکار یان مۆنۆپۆلی)
بەشی چوار: موڵک یان بەکرێدان
بەشی پێنج: مانگرتن و یەکگرتنی کرێکاران
ئەگەرچی نانونیشانی کتێبەکەی مارکس هەژاری فەلسەفەیە، بەڵام سەبارەت بە ئابوریش و فەلسەفەشە. هەم  لێکدانەوەیەکی ئابوریانەیەی زانستیە بۆ کۆمەڵگا و ڕەخنەشە لە ئابوری سیاسی و هەم وەڵامە فەلسەفیەکانی مارکسە بە هەندێ مەسەلە. ناونیشانەکە بە جۆرێکە کە لە خودی ئەو دوو وشەیەدا هەڵگری مشتومڕێک و دنیابینیەکە. مشتومڕێک هەر سەرەتا ئەو مۆرە ئەدات لە پرۆدۆن کە لە لێکدانەوە و هەوڵەکانیدا بۆ نیشاندانی هۆکارەکانی نەبوونی  وهەژاری (تا ئەو ئاستەی خۆی ئەو ئیدعایە ئەکات) ئەسڵەن فەلسەفەیەک بوونی نییە یاخود فەلسەفەیەکی لاواز و هەژارە.
لە بەندی یەکەمدا کە لە سێ بەش پێکهاتووە، مارکس بە دورودرێژی ڕەخنەی خۆی لە دیدە ئابوریەکانی پرۆدۆن خستۆتەڕوو. لەم بەندەدا مارکس دێتە سەر باسی پەیوەندی نێوان کار، کاری

زیادە، درا و بەها (بەهای بەکاربردن و گۆڕینەوە). ئەبێ بووترێ کە لەم بەندەدا مارکس ڕوانگەیەکی زانستی و ڕەخنەی سۆشیالیستیانە لە سیستمی سەرمایەداری بە دەستەوە ئەدات و هاوکاتیش بە ڕوونی تێگەیشتنێکی ماتریالیستیانە لە مێژوو ئەخاتەڕوو.
لە پەیوەند بە بەهای بەکاربردن و گۆڕینەوەوە پرۆدۆن وا باس ئەکات کە پێداویستیەکان و بەرهەم لە سروشتدا فەراهەم بووە و هەرئەوەندەی کە بتوانرێ تاکەکان لە ناو خۆیاندا ڕێک بکەون بۆ ئەوەی بیگۆڕنەوە پێکەوە کافیە. هەروەها بە پێ ئەو بەشێکی زۆری بەرهەم لە سروشتدا بەدەست نایەت و بگرە بەرهەمی پیشەسازیە و ئەمەش بە پێویست دابەشکردنی کار ئەهێنێتە ئاراوە. کاتێکیش پێویستی دێتەپێشەوە ئاڵوگۆڕیش بەدوایدا دێت و بەمپێیەش بەهای گۆڕینەوە دێت. لە کاتێکدا مارکس وا باس ئەکات بۆ ڕوونکردنەوەی بەهای گۆڕینەوە ئەبێ ئاڵوگۆڕمان هەبێ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاڵوگۆڕ ئەبێ دابەشبوونی کارمان هەبێ و بۆ ڕوونکردنەوەی دابەشبوونی کار ئەبێ پێویستیمان هەبێ کە دابەشبوونی کار ئەکاتە زەرورەتێک. وە بۆ ئەوەش کە پێویستی ڕوونبکەینەوە ئەبێ بە پێشمەرجیان دابنێین. واتە تەسەلسولێک کە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی پرۆدۆنە. بەپێی مارکس پرۆدۆنێک کە دابەشبوونی کار لای زانراو نییە، ناشتوانێ بەهای گۆڕینەوە لێکبداتەوە. ''ئاڵوگۆر هەر خۆی خاوەنی مێژووی خۆیەتی و بە قۆناغی جیاوادا تێپەڕیوە. کاتێک هەبووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە تەنها شت زیادە لە پێویست، واتە زیادەی بەرهەم لەچاو بەکاربردندا ئاڵوگۆڕی پێکراوە. بەڵام کاتیش هەبوو کە نەک تەنها شتی زیادە بگرە تەواوی بەرهەمەکان و و تەوازی پیشەسازی مەوجود خراوەتە بازرگانیەوە...... ئایا ئەو قۆناغەی دووەمی ئاڵوگۆڕ، واتە بەهای بازاڕ کە وەک هێزێکی دووەمیەتی، چۆن لێکئەدرێتەوە؟'' (چاپی ئینگلیزی، ل ١١٣). وەک مارکس ئەڵێ بەپێی وەڵامە ئامادەکانی پرۆدۆن بۆ هەموو شتێک کە مادام مرۆڤەکان لەگەڵ یەک ڕێکئەکەون و داوا لەیەک ئەکەن، هەموو پێداویستیەکانیان بۆ یەکتر دەبر ئەکەن، لە ئەخلاق و چاکە و خۆشەویستی و هەموو شتێکەوە بگرە تا شتی ماددی. کەوایە ئەبێ ئاڵوگۆڕ وەک ئاکتێکی ئەنجامدراوقبوڵ بکەین (بە پێی پرۆدۆن). مارکس هەر لێرەدا باس لەوە ئەکات لەبەردەستا بوونی شت (واتە وفرە) کە پەیوەستە بە بەهای بەکارهێنانەوە، وە بە مانایەک داوا لەسەر ئەو شتە زیاد ئەکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەهای گۆڕینەوەوە هەیە. بەرهەمێک کە بۆ ئەوەی زۆر نەبێ تاکو نرخەکەی (یاخود بەهاکەی) نەشکێ، بۆرژوازی بەرهەمهێنانەکەی ڕائەگرێ یان کەمی ئەکاتەوە (واتە ندرە) تاکو پێویستی و داوا لەسەری زۆر بێ و دوبارە بەهای گۆڕینەوەکەی بچێتە سەر. ئەمەش شتێکە کە پرۆدۆن بۆی لێکنادرێتەوە چونکە پێی وایە ئەو شتەی کە زۆر بەسوودە ئەبێ نرخی زۆر نزم بێ یاخود بە خۆڕایی بێ لەبەرئەوەی ئەسڵەن ئەوە نابینێ کە مرۆڤ بەرهەمی ئەهێنێ. وە ئەسڵەن بەهای بەکارهێنان بە دابینکردن (عرض) و بەهای گۆڕینەوە بە داوا (طلب) تەشخیس ئەکات. پرۆدۆن هەموو پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکاربردن ئەبەستێتەوە بە ''ئیرادەی ئازاد'' ی تاکەوە و وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی نایبینێ. هەربۆیە عەرز و تەڵەب فۆرمێکی موناسەباتین (سێرمۆنیاڵ) کە ئەبنە مایەی ناکۆکبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی بەهای بەکارهێنان و گۆڕینەوە. ئەمەش ئەیگەیەنێت

بە داتاشینی زاراوەی ''بەهای دروستکراو یان پێکهێنراو''.
لێرەدا مارکس قسە و تێگەیشتنی ڕیکاردۆ ئەهێنێتەوە، تاکو دواتر بەراوردی بکات بەوەی کە پرۆدۆن شتێکی تازەی نەوتووە و هیچی پێ زیاد نەکردووە. هەروەک مارکس خۆی ئەڵێ:''ڕیکاردۆ هەوڵ ئەدات ئەوە بسەلمێنێت کە خاوەندارێتی زەوی، واتە بە کرێدانەکەی (موڵکانە) بەهای نیسبی کاڵاکان ناگۆڕێ و کەڵەکەی سەرمایە تەنها کاریگەریەکی گوزەر و بچڕبچڕی هەیە بەسەر ئەو بەها نیسبیەدا کە بەو برە نیسبیەی کار لە بەرهەمهێنانیاندا بەکارهاتووە پەیدا بووە. هەر لەسەر ئەم تێزەشیەوەیە کە تیۆریە بەناوبانگەکەی سەبارەت بە کرێی خانو (موڵکانە)، شرۆڤە کردنی سەرمایە دێنێتە دەرەوە و سەرئەنجام جگە لە کاری کەڵەکەبوو شتێکی تر نابینێ. دواتریش گەشە بە تەواوی تیۆریەکەی ئەدات سەبارەت بە کرێ و قازانج، و ئەیسەلمێنێ کە کرێ و قازانج بە پێچەوانەی نیسبەتی یەکەوە بەرز و نزم ئەکەن بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەهای نیسبی بەرهەمەکە دابنێن. ئەو کاریگەری کەڵەکەی سەرمایە و بوارە جیاجیاکانی (سەرمایەی نەگۆڕ و سەرمایەی وەگەڕکەوتوو)، بە هەمان شێوەش ڕادەی کرێ، لەسەر بەهای تەناسوبی بەرهەمەکان پشتگوێ ناخات. لە ڕاستیشدا، ئەمە کێشە سەرەکیەکانی ڕیکاردۆیە'' (مارکس، چاپی ئینگلیزی، ل ١٢٢).
''ڕیکاردۆ حەرەکەی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازیمان نیشان ئەدات کە بەها پێکئەهێنێ، بەڵام پرۆدۆن، بە حساب نەکردن بۆ ئەم حەرەکە ڕاستەقینەیە خۆی بەوە قەلەق کردووە کە پرۆسەیەکی نوێ دابهێنێ و جیهانێکی دی بەدەستبهێنێ گوایە لەسەر شێوازێکی نوێ. بەڵام ئەم شێوازە جگە لە دەربڕینێکی تیۆری بۆ جوولە ڕاستەقینەکە کە خۆی بوونی هەیە و زۆر باش لەلایەن ڕیکاردۆوە وەسف کراوە هیچی تر نییە''. واتە پرۆدۆن ئەسڵەن شتێکی تازەی نەووتووە. بگرە مارکس وتەنی تیۆری بەهاکەی پرۆدۆن تێگەیشتنێکی یۆتۆپیانەیە لە تیۆریەکەی ڕیکاردۆ (ل. ١٢٨) کە مارکس باسی پەیوەندی کات و بەهای کار ئەکات و ئەڵێ شتێکە کە پرۆدۆن ناتوانێ ببینێ. لێرەدا مارکس جەخت لەسەر کاڵابوونی کار ئەکاتەوە کە ئەکڕدرێ و ئەفرۆشرێ. وە بۆیەشە ئەفرۆشرێ بە هۆی ئەو بەکارهێنانەی یان ئەو سوودەی کە هەیەتی. هەر لێرەوە مارکس باس لەوە ئەکات کە ئارگیومێنتەکانی پرۆدۆن بەوەوە بەرتەسک ئەبێتەوە کە کار وەک شتێک کە بە فەوری سەرف ئەکرێ نافرۆشرێ، بگرە وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان یان ئامێرێک، واتە کاڵایەکە کە بەهای هەیە بەڵام بەرهەمناهێنێ. بەمجۆرەش کار وەک کاڵایەک نایبینێ چونکە لای ئەو کاڵا تەنها لەبەر هەندێ مەبەستی بەکارهێنان پێویستە نەک ئەوەی هەر خودی خۆی کاڵایەکە. کەوایە بە پێی پرۆدۆن کار کاڵا نییە و ناتوانێ بەهای هەبێ (ل. ١٣٠).
وەک مارکس ئەڵێ بە پێی پرۆدۆن، ''بەرهەم لە داهاتوودا بە هەمان ئەندازەی کاتێک کە چۆتە کار ئەگۆڕدرێتەوە... وە ئەو کاتەی کە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک پێویستە ڕێک هەمان ڕادەی بەکاربردنەکەی دیاری ئەکات و پەیوەندیە ڕێژەییەکەی بە تەڵەبەوە ئەنوێنێ. لەم حاڵەتەدا ئەگەر کاڵایەک بە نرخێک بفرۆشرێ یەکسان بێ بە تێچووی بەرهەمهێنانەکەی ئیتر بەمپێیە عەرز و تەڵەب بە شێوەیەکی یەکسان باڵانس ئەبنەوە چونکە تێچووی بەرهەمهێنان وا دێتە بەرچاو کە

پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان عەرز و تەڵەب دەربپڕن. وە گوایە ئەو شتانەی کە زۆر بەکارئەهێنرێن کەمترین کاتیان پێویستە بۆ بەرهەمهێنانیان و بەمجۆرەش کۆمەڵگا کاتێکی باش پاشەکەوت ئەکات بۆ بەدەستهێنانی خۆشبژێوی. هەروەک مارکسیش پێداگری لەسەر ئەکات ئەمە تێنەگەیشتنە لە دیالەکتیکی مێژوویی. ئەوە ئەو نرخەی کالآیەک نییە کە بە پێی تێچووی بەرهەمهێنانەکەی پێی ئەفرۆشرێ کە پەیوەندی ڕێژەییانەی نێوان عەرز و تەڵەب دیاری ئەکات بگرە ئەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەی عەرز و تەڵەبە کە بەرهەمهێنەر وادار ئەکات چ ڕادەیەک لە کالآ بەرهەمبهێنێ. وە ڕوودانی بەردەوامی ئەمەی دواییشیانە کە جوڵەی سەرمایە لە پیشەسازیە جیاوازەکاندا دیاریئەکات.

هەر لەم بەندەدا و لە بەشی پارەدا، مارکس باس لەوە ئەکات کە بە پێی تیۆریەکەی پرۆدۆن کە بەهای هەر بەرهەمێک وابەستە ئەکاتەوە بەو کاتی کارەی لە بەرهەمهێنانەکەیدا بەرجەستەبۆتەوە، بەڵام زێڕ و زیو وەک کالآ نابینێ، بگرە وەک پارە ئەیانبینێ. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی لە پرۆسەی گۆڕینەوەدا ئەم دوو کالآیە جیاوازترن و ئەم فەنکشنە تایبەت و جیاکەرەوەیە چییە دراوە بە زێڕ و زیو؟ کە ئەمەش شتێکە ئابوری سیاسی نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە. پرۆدۆن پێی وایە کە ئەم دوو کانزایە کە نایابیەکی زۆریان هەر لە مێژووەوە هەبووە و بەرهەمێهنانیان قورسایی زۆری هەبووە و دەوڵەت سەروەری بەسەریدا پەیدا کردووە و بەم پێیەش ئەم بەها تایبەتەی بۆ پێکهێنراوە.

مارکس لێرەدا باس لەوە ئەکات کە پرۆدۆن بۆیە باسی زێڕ و زیوی لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕپێکردندا هێناوەتە گۆڕێ تاکو ئەوە بسەلمێنێ کە هەر کالآیەک بە پێی تێچووی بەرهەمهێنانەکەی هەڵبەسنگێندرێ ئەوا تایبەتمێندێتی پارە وەئەگرێ. لە کاتێکدا کە لە نێو هەموو کالآکاندا زێڕ و زیو، وەک پارە، تاکە کالآیەکن کە بە تێچووی بەرهەمهێنان دیاری ناکرێن و هەربۆیەشە لە پرۆسەی چەرخاندا ئەتوانرێ کاغەز جێیان بگیرێتەوە. ئەمەش ئەم تایبەتمەندێتیەی بە پارە داوە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن لە ئاستی جیهانیدا. لای مارکس: " کاتێک کە ڕێژەیەکی دیرایکراو ئەبینرێ لە نێوان پێداویستیەکانی سووڕ و ئەو بڕە پارەیەی دەرکراوە، جا لە فۆرمی پارەی کاغەزدا بێ یا زێڕ یا پلاتین یا مسدا، ناتوانرێ بڕێک ببینرێ لە نێوان بەها ئەسڵیەکە (واتە تێچووی بەرهەمهێنان) و ئەو بەهایەی پارە کە هەر بە ناو هەیەتی. گومانی تێدا نییە کە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا، پارە وەک هەر کالآیەکی تر بە کاتی کارکردن دیاری ئەکرێ. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەش ڕاستە کە زێڕو زیو لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا ئامرازی ئاڵوگۆڕن وەک بەرهەم نەک وەک پارە. بە واتایەکی دی، ئەو تایبەتمەندێتیە 'نەگۆڕی و ڕەسەنێتی'ەی 'پیرۆزکردنی سەروەرکراو'، کە لای پرۆدۆن، ئەو تایبەتمەندێتیەی [زێڕ و زیو] پێکدێنێ" (ل ١٥٠). ئیتر ڕۆشن ئەبێتەوە کە ئەم دوو کانزایە لە بنەرەتدا تایبەتمەندێتیەکی نەگۆڕ و ڕەسەنیان نییە وەک پرۆدۆن تێیگەیشتووە بگرە لە ئاڵوگۆڕی جیهانیەوە ئەم جێگەوڕێگایە پەیدا ئەکات.

## جەمال موحسین

### بەشی سەبارەت بە زێدەیەک کە لە کار ئەمێنێتەوە:

پرۆدۆن بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەموو کارێک زێدەی هەیە، کۆمەڵگا بە شەخسی ئەکاتەوە، بە واتایەکی دی ئەیکات بە کۆمەڵگایەک کە بە هیچ جۆرێک کۆمەڵگایەک نییە بۆ کەسەکان و سەربەخۆ یاسای خۆی هەیە و هیچ پەیوەندیەکی نییە بە خودی کەسەکانەوە کە کۆمەڵگاکەیان پێکهێناوە. ئەم کۆمەڵگایە ''زیرەکی خۆی'' هەیە کە ئەمەش زیرەکی هاوبەشی مرۆڤەکان نییە، بگرە زیرەکیەکە کە خاڵیە کە مانای هاوبەش (ل. ١٥٣). یانی زێدەیەک کە لە کارەوە ئەمێنێتەوە تەنها ئەتوانرێ لە کۆمەڵگای کەسەکانەوە لێکبدرێتەوە و ژیانی ئەم کەسەش بەو یاسایانە بەرەوپێش ئەچێ کە پێچەوانەن لەگەڵ ئەوانەی کۆنترۆڵی چالاکی مرۆڤ ئەکەن وەک تاکێک (ل. ١٥٣). لە کاتێکدا وەک مارکس ئەڵێ ئەم مەسەلەیە تەنانەت لە لایەن ئابوریناسە بۆرژوازیەکانیشەوە پێشتر وەڵامی وەرگرتوتەوە.

لێرەدا مارکس تێگەیشتنی پرۆدۆن لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەهێنێتەوە کە نووسیویەتی: ''پێش هەر شتێک پرۆمیسۆڤ [خواوەندێکی ئەفسانەی یۆنانی کۆنە کە ئەووترێ بەرپرس بووە لە خوڵقاندنی مرۆڤ و دواتر دزینی ئاگر کە وەک سەرچاوەی گەشە و شارستانیەت دانراوە_جەمال] کە لە ئامێزی سروشتەوە دەرئەکەوێت ژیانی لە سستی و تەمەڵیەکی خۆشەوە وە دەستپێئەکا و... هتد. پرۆمیسۆڤ دەست ئەکات بە کار و لەم یەکەم ڕۆژی کارەوە، کە یەکەم ڕۆژی خوڵقاندنی دووەمە، بەرهەمەکانی ئەو واتە سەروەتەکەی و باشبژێویەکەی یەکسانە بە ١٠. لە ڕۆژی دووەمدا، پرۆمیسۆڤ کارەکەی دابەش ئەکات و بەرهەمەکەی یەکسان ئەبێ بە ١٠٠. لە سێیەم ڕۆژ و هەموو ڕۆژەکانی دواتردا ، پرۆمیسۆڤ ئامێر دائەهێنێ و، بەکارهێنانی تازەی جەستەکان و هێزی تازە لە سروشتدا ئەدۆزێتەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی چالاکیە پیشەسازیەکانیدا، ژمارەی بەرهەمەکانی زیاد ئەکات و ئەمەش ئەبێتە مایەی ئاسودەیی بۆی. وە سەرئەنجام لەبەرئەوەی بۆ ئەو بەکاربردن بە واتای بەرهەمهێنان دێت، ئیتر ڕۆشنە کە بەکاربردنی هەر ڕۆژێک تەنها بەرهەمی ڕۆژی پێشووترە و بەرهەمێکی زیادە ئەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی دواتر'' [وەرگێردراو لە هەژاری فەلسەفەی مارکس بە زمانی ئینگلیزی، ل ١٥٧]. لێرەدا وەڵامی مارکس بەم بۆچوونە خەیاڵی و دوور لە زانستیە پرۆدۆن زۆر سەرنجراکێشە. هەر بۆیە پێم باش دەقی قسەکانی مارکس هەر لێرەدا بهێنمەوە: ''بۆ ئەو [پرۆمیسۆڤ] بەکاربردن واتە بەرهەمهێنان و ئەوەی کە ڕۆژی پێشتر بەرهەمی هێناوە ڕۆژی دواتر بەکارئەبات و بەمجۆرەش ئەو هەمیشە ڕۆژێک لە پێشەوەیە ئەو ڕۆژەش ''زێدەیەکە کە لە کارەکەی ماوەتەوە''. بەڵام ئەو ئەگەر شتێک کە ڕۆژی پێشتر بەرهەمی هێناوە بەکارییبەرێت، کەواتە ئەبێ لە یەک ڕۆژدا کە هیچ ڕۆژێکی لە پێشەوە نەبووە، ئیشی دوو ڕۆژی کردبێ تاکو بتوانێ دواترڕۆژێک لەپێشەوە بێ. ئایا پرۆمیسۆڤ ئەم زێدەیەی لە یەکەم ڕۆژدا چۆن بە دەستهێناوە لە کاتێکدا کە نە هیچ دابەشکردنێکی کار، نە ئامێر و نە تەنانەت هەر زانیاریەک دەربارەی هێزی جەستەیی بوونی نەبووە جگە لە ئاگر؟ بەمجۆرە مەسەلەی ئەوەی کە شتەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ '' یەکەم ڕۆژی خوڵقاندنی دووەم'' یەک هەنگاوی بەرەو پێش نەخستوتە بەردەم. ئەم شێوازی ڕۆشنکردنەوەیە تامی یۆنانی کۆن و عیبری ئەدات و ئەمەش هەم نهێنی و هەم

هێماییە (مەجازیە) ''، (ل.١٥٨) ئەمە ئیتر تیۆریەکەی پرۆدۆنە کە هەموو کارێک ئەبێ زێدەیەکی لێ بمێنێتەوە و لێرەدایە کە مارکس ڕەخنەی لێ ئەگرێ کە گوایە سەروەت کۆبوونەوە بەرهەمێکی سروشتی کۆمەڵگایە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە مێژووییەی کە زێدە یاخود سەروەت تیایدا بەرهەم دێ، لەوانە دابەشبوونی کار و گەشەی ئامێر وتەکنەلۆجیای بەرهەمهێنان و کێبڕکێ و سیستمی کرێ.. وهتد بە واتایەکی دی: ململانێی چینایەتی. وە هەموو ئەمانە پێداویستی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەمجۆرەش کەڵەکەی زێدەیەکن کە لە کارەوە بەرهەم دێن، مارکس وتەنی هەر لەو هەلومەرجە مێژووییەی سەرمایەداریەوە، ''ئەبوایە چینێک هەبوایە قازانجی ببردایە و چینێکیش کە بپوکایەتەوە'' (ل.١٥٩).

بەندی دووی کتێبەکە کە سەبارەت بە میتافیزیکی ئابوری سیاسیە و لە بەشی یەکیدا کە مارکس ڕەخنە لە میتۆدی فەلسەفیانەی پرۆدۆن ئەگرێ، کە پێی وایە وابەستەیە بە فەلسەفەی هیگڵەوە، و حەوت سەرنجدانی ڕیزبەدنی کردووە. من لێرەدا هەوڵ ئەدەم کورتە و پوختەی هەر سەرنجدانێک بخەمە ڕوو.

لە سەرنجدانی یەکدا، مارکس باس لەوە ئەکات کە چۆن لە لێکدانەوە فەلسەفیە هیگڵیەکاندا مەسەلەکان پەیوەست ئەکرێتەوە بە عەقڵەوە (لۆجیکەڵ کاتیگۆری)، ئاوهاش پرۆدۆن مەسەلەکان پەیوەست ئەکاتەوە بە شتێکی ئایدیاڵیەوە بە ناوی (کاتیگۆری ئابوری). بە پێی ئەم میتۆدە فەلسەفیە عەقڵی پەتی لەسەروو شتەکانەوەیە و ئەو خۆی ئەسەپێنێ و دژەخۆی پێکدێنێ و دوبارەش خۆی پێکئەهێنێتەوە و بە مەفهومی فەلسەفی هەر خۆی تێز و ئەنتی تێز و سەنتێزە و گوایە ئەمەش سەرچاوەی جووڵە و دیالەکتیکە. هەر عەقڵ ئەرێ و نەرێشە، ئەرێ ئەبێ بە نەرێ و نەرێ ئەبێ بە ئەرێ و ئەرێ ئەشبێ بە ئەرێش و نەرێش و نەرێش ئەشبێ بە ئەرێش و نەرێش و ئەوە ئەم تێکەولێکەیەیە کە جوڵە و دیالەکتیک دروست ئەکات و ئەم دوو دژبەیەکیە بیری نوێ دروست ئەکات (واتە سەنتێز) و هەر ئەمیش دوبارە هەڵئەوەشێتەوە و ئەبێتەوە بە دوو بیری دژ بەیەک و بەمجۆرەش سەنتێزی نوێ دروست ئەبێتەوە...ئیتر کۆمەڵێک بیر دێنە ئاراوە کە دیسان وابەستەی هەمان جوڵە و دیالەکتیکن. بەمجۆرەش لە بەشێک گروپێک دروست ئەبێ و لە گروپێک زنجیرەیەک و لە زنجیرەیەکیش سیستمێک. ئەمە میتافیزیکی فەلسەفیە و ئەمە شتێکە کە لە مێشکی فەلسەفیانەی هیگڵ و پرۆدۆنیشدا ئەگوزەرێ کە ئەمەی دواییان تەنها کاتیگۆریەکەی گۆڕیوە بە ئاوری و سیستمێیکی ئابوری لە زەهنی خۆیدا دروست کردووە.

لە سەرنجی دوودا مارکس دیسان جەخت لەوە ئەکاتەوە کە پرۆدۆن پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە وابەستەن بە هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە نابینێ. بۆ بەدەستهێنانی هێزی بەرهەمهێنەی نوێ مرۆڤ شێوازەکانی بەرهەمهێنان ئەگۆڕێ و بۆ ئەمەش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەگۆڕێ، ئاشی دەستی کۆمەڵگایەکت ئەداتێ بە بوونی ئاغاکانەوە و ئاشی هەڵمیش سەرمایەدارێکی پیشەسازی. هەر ئەمانیش لەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەدا بیروڕا و ئەندێشە و کاتیگۆریەکانی دی بەرهەمدێنن کە ملکەچی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن و هەموو ئەمانەش بەرهەمی مێژوویی و ڕاگوزەرن. ئەم مەسەلەیە لە میتۆدی پرۆدۆندا ونە.

لە سەرنجی سێدا، دێتە سەرئەوەی کە  پرۆدۆن قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگا نابینێ و هەربۆیەشە پەیوەندی نێوان دابەشبوونی کار و کێبرکێ و.. هتد نابینێ. بە پێی میتۆدی عەقڵی پەتی پرۆدۆن کە باس لە هاتنە ئاراوەی هەر قۆناغێک ئەکات، وەک "کۆرپەی تازە لە دایکبوو" مامەڵەی ئەکات و ئەوە لە بیر ئەکات کە تەمەنی ئەمانە وابەستەی تەمەنی ئەوەی پێش خۆیەتی. لە فۆرمۆلەکەیدا بۆ داڕشتنەوەی بەها، کە بۆ پرۆدۆن بناغەی هەموو گەشە ئابوریەکانە، بەبێ دابەشبوونی کار و کێبەرکێ و ... هتد ئەم کارەی بۆ ناکرێ. بەڵام لە تێگەیشتنی پرۆدۆندا ئەم پەیوەندیانە پێشتر هێشتا بوونیان نەبووە.

مارکس لە سەرنجدانی چواردا ئەوە ڕوونئەکاتەوە کە پرۆدۆن کە هەمان مەنتقی هیگڵی لە بواری ئابوریدا جێبەجێ کردووە، وای ئەبینێ کە هەر کاتیگۆریەکی ئابوری لایەنی باش و لایەنی خراپی هەیە. هەروەک چۆن وردەبۆرژوازیەک  تەماشای پیاوە مێژووییەکانیان کردووە. ناپلیۆن پیاوێکی مەزن بووە، شتی زۆر باشی کردووە، بەڵام شتی زۆر خراپیشی هەبووە. ئەمە جێبەجێ بکە بەسەر لێکدانەوەکانی پرۆدۆندا ئەگەی بەو هاوکێشەیەی کە لایەنە باشەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بپارێزە و خراپەکانیشی وەلابنێ.

مارکس لێرەدا نمونەی کۆیلەداری کە ئەویش کاتیگۆریەکی ئابوریە ئەهێنێتەوە. باس لە کۆیلەداری ڕاستەوخۆ ئەکات کە بە هەمان شێوەی ئامێر و قەرز و شتەکانی تر تەوەرێکی سەرەکیە بۆ پیشەسازی بۆرژوازی. "بێ کۆیلەداری لۆکە بوونی نەئەبوو، بێ لۆکەش پیشەسازی مدێرن بوونی نەئەبوو. ئەوە کۆیلەداری بوو کە بەهای دا بە موستەعمەرەکان، و ئەوەش موستەعمەرەکان بوون کە بازرگانی جیهانیان خوڵقاند وە ئەوەش بازرگانی جیهانیە کە پێشمەرجی پیسەشازی فراوان بوو. وە بەمجۆرەش کۆیلەداری کاتیگۆریەکی ئابوریە کە گرنگیەکی زۆری هەیە " (ل. ١٦٧). ئێستا با بێینە سەرئەوەی بەپێی ئەو مەنتقەی پرۆدۆن ئەو کێشەیە چۆن چارەسەرئەکرێ کە لایەنە خراپەکانی کۆیلەداری نەهێڵرێ و باشەکانی بپارێزرێ؟ کەوایە بەپێی هەمان مەنتقیش باج ئەتوانێ لە خراپیەکانی ئیحتکاری (مۆنۆپۆلی) کەم بکاتەوە و هاوسەنگی بازرگانی ڕابگرێ و کاریگەری لەسەر قەرز هەبێ و... هتد.

سەرنجی پێنج باس لەوە ئەکات کە پرۆدۆن دیالەکتیک لە ڕیزبەندی بیروڕاکاندا ئەبینێ. ئەمە ئەو دیالەکتیکەیە کە مارکس وتەنی لەوپەڕی ئەخلاقگەرایی پەتیدایە، بینینی دنیا لە ڕوانگەی ئەخلاقی و عەقڵی پەتیەوە. دیسان ئەمە نەبینینی مێژووە لە ڕوانگەیەکی ماتریاڵیەوە.

دواتر مارکس سەرجنمان ئەخاتە سەر خاڵی شەشەم کە بە پێی پرۆدۆن گریمانەی ئەوەی کە هەرچی شتی خراپی سیستمێکە بیخەرەلاوە تاکو هچ شتێک نەمێنێتەوە بە غەیری باشەکان نەبێ و ئەم شتە زۆر زۆر باشەش کە ئامانجێکی کردەییە ئەگات بە یەکسانی. بە خەیاڵی پرۆدۆن دابەشبوونی کار و قەرز و کاری هاوبەش و هەموو پەیوەندیە ئابوریەکان لە پێناو یەکسانیدا خوڵقاون بەڵام هەڵگەڕێنراونەتەوە و ئەمەشە کە ناکۆکیەکەی دروستکردووە. بەڵام مارکس وتەنی ئەمە پێچەوانەی ڕەوڕەوەی مێژووە و تەنها خەیاڵی پرۆدۆنە. لایەنە باشەکانی پەیوەندیە ئابوریەکانی سەرمایەداری جەخت لە یەکسانی ئەکەنەوە و لایەنە خراپەکانیش نایەکسانی. ئەمەیە

# چاوخشاندنێک بەسەر کتێبی هەژاریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

خەیاڵپڵاویەکەی پڕۆڕۆدن بۆ تێگەیشتن لە ناکۆکیەکانی سیستمی سەرمایەداری.
سەرنجی حەوت و کۆتایی لەم بەندەدا جگە لەوەی دیسان مارکس ڕەخنەی خۆی لە ئابوریناسان نیشان ئەدات هاوکاتیش لێرەدا چەند تێگەیشتنێکی خۆی لەسەر هەندێ لە مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگا ئەخاتەڕوو. لە ڕەخنە لە میتۆدی ئابوریناساندا ئەڵێ کە ئەوان دوو جۆر پێکهاتە ئەبینن، دروستکراو و سروشتی، فیوداڵی بۆ ئەوان دروستکراوە و بۆرژوازیش سروشتی. ئەمەش ئەچوێنێ بە ئایناسەکان کە سەرچاوەی ئاینەکەی خۆیان بە خودا و هی کەسانی تریش بە دروستکراوی دەستی مرۆڤ ئەزانن. جێبەجێکردنی ئەمە بۆ کۆمەڵگای بۆرژوازی بەوجۆرەیە کە ئابوریناسەکان پێیان وایە کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی سروشتین و هەربەوجۆرەش سەروەت و هێزەکانی بەرهەمهێنان ملکەچی یاسا سروشتیەکانن. ئەو پەیوەندیانە هەر خۆیان یاسا سروشتیەکانن و سەربەخۆن لە کات، یانی مێژوو پێشتر هەبووە چونکە دامەزراوە فیوداڵیەکان هەبوون بەڵام ئیتر نییە چونکە خودی ئەو پەیوەندیانە نەماون کە جیاوازن لە پەیوەندیە سەرمایەداریەکان، ئەمەش یانی ئەبەدی بوونی سەرمایەداری.
لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئەم بەشە لە ڕەخنەی مارکس ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەوە بهێنمەوە: ''فیوداڵیزمیش (دەرەبەگایەتی) پرۆلیتاریای خۆی واتە جوتیار (کۆیلەی زەوی) هەبووە و هەموو تۆوەکانی بۆرژوازی تیا بووە. بەرهەمهێنانی فیوداڵیش دوو توخمی بەرامبەر یەکی هەبووە و بە هەمان شێوە بە ناوەکانی لایەنی باش و لایەنی خراپی فیوداڵیزم ناوبراون، بێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە هەمیشە ئەوە لایەنی خراپە لە کۆتایدا بە سەر لایەنی باشدا سەرئەکەوێ. ئەوە لایەنی خراپە ئەو جوڵەیە بەرهەمئەهێنێ کە مێژوو دروست ئەکات، ئەویش بەوەی کە ململانێیەک دەستەبەرئەکات. ئەگەر لە سەردەمی باڵادەستی فیوداڵیزمدا، ئابوریناسەکان لەگەڵ ئەوەی حەماسەتیان هەبوو بۆ چاکەی کەڵەسواران، سازانی ڕێکوپێکی نێوان مافەکان و ئەرکەکان، ژیانی پیاوسالارانەی شارەکان، هەلومەرجی تێروتەسەلی پیشەسازی ناوماڵ لە لادێکاندا، گەشەی پیشەسازی کە لە شێوەی کۆمپانیادا ڕێکخران، نەقابە و کۆڕەکان، و بە کورتی هەموو ئەو شتانەی کە لایەنی باشی فیوداڵیزم پێکئەهێنن، خۆیان بخستاتەیە بەردەم پرسیاری ئەوەی هەموو ئەو شتانە هەڵبوەشێننەوە کە سایەی هەبوو بەسەر ئەم وێنایەدا_کۆیلەداری و ئیمتیازاتەکان و ئانارکی (فەوزا)، ئەوا چی ڕوویئەدا؟ هەموو ئەو توخمانەی کە ئەبوونە مایەی هاتنەکایەوەی ململانێکە تێکئەشکێندران و بەمجۆرەش گەشەی بۆرژوازی هەر بە کۆرپەلەیی لەناوئەبرا. ئەو کەسە خۆی ئەخستە کێشەی بێمانای هەڵوەشانەوەی مێژوووەوە'' (ل. ١٧٥_١٧٦). وە لێرەوە مارکس ئەگات بەوەی کە کۆمەڵگای بۆرژوازی لە هەناوی ئەم ململانێیەوە هاتۆتە دەرەوە، ململانێیەکی چینایەتی کە مایەی سەروەت بووە بۆ چینێک و چەوسانەوە بۆ چینەکەی تر کە بەربەرەکانی کردووە. ئەوەی ئەبێ بە سەروەت و پارەی کەڵەکەبوو بە هۆی ئەوەوەیە کە زۆرینە لە لایەکی ترەوە نوقمی هەژاری و نەداری ئەبنەوە.
ئابوریناسەکان نوێنەری زانستیانەی چینی بۆرژوازین، بە هەمان شێوەش کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان تیۆریسیۆنی چینی پرۆلیتاریان. بەڵام لێکدانەوەی هەژاری و دەرخستنی ململانێی

## جەمال موحسین

چینایەتی ناکرێ و ناتوانێ تەنها لە ئاستی لێکدانەوەیەکی زانستیدا بمێنێتەوە و ئەم ڕەخنەیە ئەبێ سیمایەکی سیاسی بە ململانێی پرۆلیتاریا لەگەڵ بۆرژوازیدا بدات و ئەو چینەی یەکەمیان ڕێکبخات و سازی بدات بۆ هەڵگێڕانەوەی سیستمی کۆن. هەر ئەمەشە کە تایبەتمەندێتی شۆڕشگێڕانە ئەدات بە لێکدانەوەی زانستیانەی کۆمۆنیستی.

### بەشی دابەشبوونی کار و ئامێر:

مارکس لێردا باس لەوە ئەکات کە پرۆدۆن دابەشبوونی کار بە یاسایەکی ئەبدی دائەنێت و تەنهاش وەک کاتیگۆریەکی سادە و موجەڕەد ئەیبینێ نەک لە مەفهومێکی مێژوویانەی قۆناغەکانی کۆمەڵگای بەشەریدا. وە هەر بۆیە پرۆدۆن پێی وایە کە دابەشبوونی کار لە شەئنی کرێکار کەم ئەکاتەوە و ئەم کەمکردنەوەیەش پەیوەستە بە ڕۆحێکی بەدڕەوشتەوە و ئەمەش هاوتایە لەگەڵ کەمکردنەوەی هەمیشەیی کرێدا. بەمجۆرەش هەژاری ئەنجامی دابەشبوونی کارە.  وە ئامێریش یاخود ۆرکشۆپی مۆدێرن ئەنتی تێزی مەنتیقیانەی دابەشبوونی کارە. ئەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەبێ بە ڕەتکردنەوە یان نەهێشتنی هەژاری. ناوەڕۆکی تێگەیشتنی پرۆدۆن ئەوەیە کە وایدائەنێت کەسێک کە تێبینی ئەوەی کردووە کە بە هۆی دابەشبوونی کارەوە بۆ چەند بەشێکی جیاواز کە هەریەکەیان کرێکارێک ئەنجامی ئەدات، هێزەکانی بەرهەمهێنان ئەبن بە چەند ئەوەندە واتە زیاد ئەکەن. ئەم کەسەش کە ئەم بیرکردنەوەیەی هەیە بە خۆی ئەڵێ کە ئەگەر گروپێکی هەمیشەیی کە خۆی دیاریئەکات و بۆ ئامانجێکی تایبەت دایانئەنێ ئەتوانێ بەرهەمێکی زیاتر کە قابیلی پاراستنە بەدەستبهێنێ. وە هەر ئەم کەسەش پێشنیار ئەکات بە کەسانی تر کە بیرۆکەکەی ئەم قبوڵ بکەن. ئیتر ئەم کەسە لە سەرەتای پیشەسازیەکەیەوە لەگەڵ هاوکارەکانیدا کە دواتر ئەبن بە کرێکاری خۆی بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵە ئەکات. بەڵام بەپێی لێکدانەوەی پرۆدۆن ئەم 'یەکسانیە ڕەسەنە' هەر زوو بە هۆی جێگەوڕێگەی قازانجپەرستی بەرپرسەکە و پشت بەستن بە کرێکاری بەکرێوە نامێنێ. ئیتر ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە جگە لە زەهنگەرایی پرۆدۆن خۆی و نەبینینی ڕەوتی دیالکەتیکانەی مێژوو هیچی دی نییە. مارکس ئەڵێ کە گەشەی بازاڕ و کەڵەکەی سەرمایە و گۆڕینی جێگەوڕێگەی چینەکان بە جۆرێک کە زۆرینەی کۆمەڵگا بێبەشکراون لە سەرچاوەی داهاتیان و هەموو ئەو شتانە پێشمەرجی دروستبوونی مانیفاکتۆرەکانن. بازرگانەکان بوونە خاوەنی ۆرکشۆپە نوێکان و کرێکاران لەژێر سەقفی فەرمانی سەرمایەدا کۆکرانەوە (ل. ١٨٦). ئیتر ئەمە ئەو ڕێکەوتنە یەکسانە هاوڕێیانەیە نییە کە پرۆدۆن لە مێشکیدا دایناوە.

پرۆدۆن پێی وایە کە چڕبوونەوەی ئامێرەکانی کار ڕەتکردنەوەی دابەشبوونی کارە. لەکاتێکدا مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە: ''هەر کە چڕبوونەوەی ئامێرەکان گەشە ئەکات، دابەشبوونی کاریش گەشە ئەکات و بە پێچەوانەشەوە. هەربۆیە هەر داهێنانێکی مەزنی میکانیکی دابەشبوونێکی مەزنی کار بە دوای خۆیدا ئەهێنێ و هەر زیادبوونێکیش لە دابەشبوونی کاردا لەبەرامبەردا ئەبێتە هۆی داهێنانی نوێی میکانیکی'' (مارکس، ل. ١٨٧).

## چاوخشاندنێک بەسەر کتێبی هەژاریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

### بەشی پێشبڕکێ و قۆرخکاری:

لە بینینی شتەکان لەو ڕووەوە کە لایەنی باش و لایەنی خراپی هەیە، پرۆدۆن داکۆکی لە ئەبەدی بوونی پێویستی پێشبڕکێ ئەکات و لە ئاستێکی شەخسیدا مەسەلەکە ئەبینێتەوە. پێی وایە پێشبڕکێ پێچەوانەی قۆرخکارییە و هەربۆیەشە ناتوانێ پێچەوانەی کۆمەڵە بێ. ئەوەی لێرەدا مارکس پێداگری لێ ئەکات ئەوەیە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستا لەسەر پێشبڕکێ دامەزراوە و بتەوێ کۆتایی بەمەی دووەمیان بهێنی ئەبێ ئەوەی یەکەمت هەڵوەشاندبێتەوە.

لایەنی خراپی پێشبڕکێش ئەوەیە، لای پرۆدۆن، کە چاوچنۆکی ئەخوڵقێنێ، شەڕی ناوخۆ هەڵئەگیرسێنێ، خێزان تێکئەدا، نەتەوەکان تێکەڵ ئەکات بە یەکدا، هوشیاری گشتی ئەشێوێنێ، موفهومی یەکسانی و عەدالەت و ئەخلاق ئەشێوێنێ و لەوەش خراپتر بازرگانی ئازاد و سەرڕاستانە تێکوپێک ئەدات. قۆرخکاریش ئەنجامێکی حەتمی پێشبڕکێیە. لای پرۆدۆن قۆرخکاری شتێکی باشە چونکە کاتیگۆریەکی ئابوریە کە لە 'مەنتقی ناکەسێتی مرۆڤایەتی'ەوە سەرهەڵئەدات. وە پێشبڕکێش شتێکی باشە چونکە ئەویش کاتیگۆریەکی ئابوریە، بەڵام ئەوەی باش نییە حەقیقەتی پێشبڕکێ و و حەقیقەتی قۆرخکاریە.

بەڵام مارکس ئەڵێ کە ئێمە لە ژیانی واقعیدا تەنها پێشبڕکێ و قۆرخکاری و ململانێی نێوان ئەم دوانە نابینین، بگرە سەنتێزی ئەم دووانەش ئەبینین، بەڵام ئەم شتە داڕێژراوە شتێکی فۆمۆلەکراو نییە، بگرە جوڵانەوەیە. لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی پێشبڕکێ لە قۆرخکاری و بە پێچەوانەشەوە قورخکاری لە پێشبڕکێوە، پێشبڕکێ لە نێو کرێکاراندا زیادئەکات و هەرچەندێکیش جەماوەری پرۆلیتاریا زیادبکات لە دژی قۆرخکارانی نەتەوەیەک، پێشبڕکێی نێوان قۆرخکارانی نەتەوە جیاوازەکان بێئومێدتر ئەبێ. کەوایە لێرەدا سەنتێز ئەوەیە کە قۆرخکاری تەنها لە کاتێکدا ئەتوانێ خۆی بپارێزێ کە بچێتە نێو ململانێی پێشبڕکێکانەوە (ل. ١٩٦).

لێرەدا ڕۆشن ئەبێتەوە کە پرۆدۆن تەنها لەلایەنی شەخسی و ئەخلاقیەوە تەگیشتنی لەم مەسەلانە داوە بە دەستەوە و هەربۆیە گەیشتووە بەوەی کە باج بخرێتە سەر بەکاربردن و بەمجۆرە هەلی ژیانی باشتر بۆ کۆمەڵگا دابین ئەبێ. لە کاتێکدا مارکس بە ڕۆشنی لەم بەشەد اباسی لەوە کردووە کە باج لەسەر بەکاربردن شتێکە کە تایبەتە بە تازەسەرهەڵدانی بۆرژوازی کە لۆردەکان (خاوەن زەویەکان) جگە لە بەکاربردن هیچی تریان نەئەکرد. ئەم بۆچوونەی پرۆدۆن ئیتر هیچ پەیوەندیەکی بە ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا و یەکسانیەوە نییە.

### بەشی موڵک یان بەکرێدانی زەوی:

لێرەشدا مارکس دووبارە جەخت لەوە ئەکاتەوە کە موڵکیش لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا وابەستەیە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە و ناتوانرێ وەک شتێکی تەنیا و موجەڕەد سەیری بکرێ. پرۆدۆن پێی وایە کرێی خانوو و موڵک پەیوەندی بە لێووردبوونەوەی دەروونی و ئەخلاقیەوە هەیە، نەک بەرهەمهێنانی سەروەت. مارکس ئەوە ڕوونئەکاتەوە کە زەویش وەک هەر موڵکێکی تر ملکەچی یاسا و پەیوەندیە سەرمایەداریەکانە، کاتێک زەویەک بۆ نمونە

ئەکیڵرێت و بەرهەمێکی ئەبێ، ئەوەی کە چ هێزێکی کاری تێچووە و چەند بەرهەمی هەیە و لە بازاڕدا چۆن ساغ ئەبێتەوە نرخی کرێی ئەو زەویە دیاریئەکات، نەک ئەوەی کە چ ڕیکاردۆ و چ پرۆدۆن لێکیئەدەنەوە کە گوایە کرێی زەوی فائیزێکە کە لەبەرامبەر موڵکێکی هەمیشە پارێزراودا (واتە زەویەکە) ئەبێ بدرێ. واتە خاوەنی موڵکێکی زەوی وەک سەرمایەدارێک زەویەکەی ئەدات بە کرێ نەک وەک خاوەن زەوی.

مارکس ئەڵێ: ''خودی زەوی تا کاتێک وەک ئامرازێکی بەرهەمهێنان بەکارنایەت، خۆی سەرمایە نییە. زەوی وەک سەرمایە ئەتوانرێ وەک هەر ئامێرێکی تری بەرهەمهێنان زیادبکرێ. بەمجۆرەش زەوی وەک سەرمایە لە هیچ سەرمایەیەکی تر ئەبەدیتر نییە. زەوی وەک سەرمایە سەرمایەیەکی نەگۆڕە، بەڵام سەرمایەی نەگۆڕیش بە هەمان ئەندازەی سەرمایەی گۆڕاو ئەتوانرێ بەکاربهێنرێ...'' ( ل. ٢٠٥)

لەمەش زیاتر مارکس باس لەوە ئەکات کە: ''نوێنەری زەوی وەک سەرمایە خاوەنەکەی نییە، جوتیارەکەیە. ئەو داهاتانەی بەدەستهاتووە لە زەویەکە وەک سەرمایە فائیز و قازانجی پیشەسازین، کرێ نییە. زەویگەلێک هەن کە ئەو فائیز و قازانجە بەدیدێنن بەڵام هیچ کرێیەک بەدیبناهێنن. بە کورتی، مادام زەویەک فائیز بەدەستئەهێنێ سەرمایەی زەویە، وەک سەرمایەی زەویش هیچ کرێیەک بەدەستناهێنێ و بەمجۆرەش موڵکدارێتی زەوی نییە. کرێ لەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەوە بە دەستدێ کە تیایاندا بەکارهێنانی زەویەکە ڕووئەدات. ناتوانێ ئەنجامی سروشتی بەپیتی یان نەرمی یان ڕەقی خاکەکەی بێ. کرێ بەرهەمی کۆمەڵگایە، نەک خاکەکە'' (مارکس، ل. ٢٠٥). دیارە ئەمەش پێچەوانەی لێکدانەوە و بۆچوونەکانی ڕیکاردۆ و پرۆدنە لەبارەی زەوی و موڵکدارییێتی زەویەوە.

## بەشی مانگرتن و یەکگرتنی کرێکاران:

پرۆدۆن پێیوایە بەرزبوونەوەی کرێ ئەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و ئەمەش ئەبێتە هۆی کەم وکرتهێنانی شتومەک و بڵاوبوونەوەی برسێتی. لە کاتێکدا مارکس باس لەوە ئەکات کە بەرزبوونەوە یان دابەزینی کرێ و قازانج تەنها دەربڕی ڕێژەیەکە کە سەرمایەدار و کرێکار لە بەرهەمی ڕۆژێکدا بەشیان تێیدا هەیە، بەبێ ئەوەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کاربکاتە سەر نرخی بەرهەمەکە بەتایبەتی لەو پیشەسازیانەدا کە ئامێری زۆر تێدا بەکاردێ چونکە خۆی وتەنی ئامێر کرێ وەرناگرێ.

لەم بەشەدا مارکس بەراوردێکی نێوان ئابوریناسان و سۆشیالیستەکانی ئەو سەردەمەدا ئەکات. هەر وەک لە بەراییەکەدا ئاماژەمان پێکرد، پێویستە ئەوە بڵێین کە چەند ترێند و هەڵسوڕاوانێک هەبوون لە بزووتنەویە کرێکاریدا کە خۆیان بە ناوی سۆشیالیستەوە ناو نابوو بەڵام وەک لێرە و لە بابەتەکانی سەبارەت بە ئەنتەرناسیۆنالی یەک و مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست و چەندین وتار و بابەتی تردا مارکس ئەم مەیلە بەناو سۆشیالیستیانەی داوەتە بەر ڕەخنە. مارکس ئەڵێ کە هاوکات ئابوریناسەکان و سۆشیالیستەکان بە کرێکاران ئەڵێن مەکەن و کۆبوونەوە و یەکگرتن مەکەن.

## چاوخشاندنێک بەسەر کتێبی هەژاریی فەلسەفەی کارڵ مارکسدا

ئابوریناسان بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە بە قازانجی ڕەوتی چوونەپێش و گەشەی مونەزەمی پیشەسازی نییە و ئەبێتە هۆی گەشەی کتوپڕی ئامێرەکان و بەمجۆرەش بەشێک لە کارەکەتان بێ سوود ئەمێنەتەوە و کرێش لە ئاستێکی نزمدا. سۆشیالیستەکانیش بە بیانوی ئەوەی کە هەتا گەر بەرزبوونەوەیەکی کەم لە کرێدا بەدەستبهێنن لە درێژماوەدا کرێ نزم ئەبێتەوە و جاخۆ کرێکار هەر بە کرێکاری ئەمێنێتەوە و سەرمایەداریش هەر بە سەرمایەداری، بۆیە سیاسەت مەکەن. لە کاتێکدا کە ئەمانە هەوڵێکن بۆ دوورخستنەوەی کرێکاران لە سیاسەت، مارکس چەندین نمونەی یەکێتی و ڕێکخراوە و کۆمەڵە کرێکاریەکان ئەهێنێتەوە و ئەڵێت کە زۆربەیان لە مەسەلە سیاسیەکانیشادا بەشدارن و تەنانەت لە ئینگلاند، بزووتنەوەی چارتیستەکان وەک حزبێکی سیاسی گەورەی کرێکاران لەو کاتەدا ئاماژە پێ ئەکات. وە بە پێچەوانەوە مارکس پێداگری لەسەر بەرێخستن و سازدان و ڕێکخستنی سیاسی و  یەکگرتووی چینی کرێکار ئەکات، وەک چینێکی یەکگرتووی خاوەن بەرەوەندیەکی چینایەتی. چینێک کە لە خەبات و ململانێدایە لەگەڵ چینی بەرامبەردا و ئەم ئاستەش لە خەبات ئاستێکی سیاسیە. ئەم خەباتەش ئەبێ ڕوو لە ڕزگاری چینی چەوساوە بێ. هەروەک لێرەدا مارکس ئەڵێ: ''مەرجی ڕزگاریی چینی کرێکار هەڵوەشانەوەی هەموو چینەکانە... لە کاتێکدا کە ململانێی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ململانێی چینێکە لە دژی چینێک، ململانێیەک کە لە دوادەربڕینیدا شۆڕشێکی سەراپاگیرە... هەرگیز مەڵێن کە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی جوڵانەوەی سیاسی وەدەرئەنێ. هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی نییە کە هاوکات کۆمەڵایەتی نەبێ...'' (مارکس، ل. ٢١٢).

بەمجۆرە بینیمان کە مارکس لەم کتێبەدا ئەگەرچی ڕەخنەی بێبەزەییانەی لە بۆچوونە خەیاڵاوی و ناواقعی و نادیالێکتیکیانە پرۆدۆن گرتووە هاوکایش ڕوانگەی خۆی لە ڕووی زانستی بۆ ناساندنی کۆمەڵگای چینایەتی لە لایەک و مێژووی ماتریاڵانەی گەشەسەندی کۆمەڵگای بەشەری بە دەستەوە داوە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم بیرۆکانەی مارکس لێرەدا هێناویەتی دواتر بە شێوەیەکی چڕوپڕ و ورد لە کتێبی سەرمایەدا هاتۆتە سەری. منیش هاوڕای زۆر کەسم کە گەر کەسێک بیەوێت لە دنیابینی مارکس تێبگات، ئیمکانی نییە هەژاری فەلسەفە نەخوێنێتەوە. بەو هیوایەی ئەم وتارە تێگەیشتنێکی سەرەکی و پوختی لەسەر هەژاری فەلسەفە بەدەستەوە دابێت و هاندانێک بێت بۆ کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیسی ناو چینی کرێکار لە کوردستان بۆ خوێندنەوەی تەواوی کتێبەکە.

### سەرچاوەکان:

کارڵ مارکس، هەژاری فەلسەفە: وەڵام بە فەلسەفەی هەژاری پرۆدۆن. بەرهەمە کۆکراوەکانی کارل مارکس و فرێدریک ئەنگڵس، بەرگی ٦ (بە زمانی ئینگلیزی)، چاپخانەی پێشکەوتنی مۆسکۆ ساڵی ١٩٨٤. (لاپەڕەکانی ١٠٥ بۆ ٢١٢)

کارل مارکس، بوس الفسلفه: رد علی فلسفه البوس لبرودون. نقله الی العربیه محمد مستجیر

مستەفا.چاپخانەی الفارابی_التنویر، بیروت ٢٠١٠
ڕۆبێرتۆ، مایکڵ جۆزێف، قەیران، شۆڕش و مانای گەشەسەندن: هەژاری فەلسەفە و پەوەندیدارەکانی سەردەم. ئوتروحە، ساڵی ٢٠٠٩.

# بەڵگەنامەکان

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەبارەت بە: ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

ستەم و سەرکوتی نەتەوەیی لە مێژینەی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەوڵەتە سەرکوتگەرە نەتەوەپەرستەکانی عێراقەوە، نارەزایەتی فراوانی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێناوە. هاوکاتیش بووەتە بنەمای شەڕو کێشەیەکی سیاسی درێژماوەی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. نەبونی ڕێگاچارەیەکی کارساز بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیەی لەئاکامی کارکردی هەردوو ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردەوە لە نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمان دروست کراوە و پەرەی پێدراوە ، تا هاتوە ئەم کێشەیە قوڵتر بۆتەوە تا ڕادەی ئەوەی کە پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی عێراقی دژوار کردووە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ یشەوە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئیداریەوە کوردستان بەکردەوە ڕێرەوێکی جیاوازی گرتۆتە پێش. لەسەردەمێکدا سەرگەردانی سیاسی و لە دوای ٢٠٠٣شەوە ڕاپێچکردنی ئەم کۆمەڵگایە بۆ ناو گێژاوی فیدراڵیزمی

## بەیاننامە سەبارەت بە ڕیفراندۆم

کۆنەپەرستانەی قەومی، تا هاتووە ناکۆکی قەومی و نەهامەتی زیاتری پەرەپێداوە و بە ناچاری کوردستانی خستۆتە سەر ڕێگای جیابونەوە .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردوە کە ڕێگاچارەی گونجاوو کارساز گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا دەربارەی ئەوەی کە دەیانەوێ جیاببنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن یان دڵخوازانە و دوور لە هەرجۆرە هەڵاواردنێک لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە. دوای تێپەڕبوونی٢٢ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئەم ڕێگاچارەیە کە لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٩٥ دا لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە بە بڕیارنامەیەک ڕاگەیەندرا، ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیۆنالیزمی کورد، هاتنە پای ملدان بە ڕیفراندۆم. هەر لەو بڕیارنامەیەدا لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە عێراقدا ڕژێمێکی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرستی عەرەبی لەسەر کارە و خەڵکی کوردزمان بە هاولاتی پلەدوو چاولێدەکات، پێشنیاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەیە خەڵکی کوردستان لەو ڕیفراندۆمەدا دەنگبدەن بە جیابونەوە لە عیراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هاوکات پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ ئەوەی دەوڵیتێکی پێشکەوتو بێت و دوور لە ناسنامەی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی هەموو هاولاتیانی کوردستان بە یەک چاو تەماشا بکات، پێویستە دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سیکولاربێت. لەم ٢٢ ساڵەدا حزبی ئێمە بەردەوام لەو پێناوەدا خەباتی کردووە.

ماوەی ئەم ٢٢ ساڵە لە درێژەی سیاسەتی پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، حزبە بورژوازیە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان نەک هەر بەرگرییان لەم مافەی خەڵکی کوردستان نەکردوە، بەڵکو ڕێگریان بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دروست کردوە لە سازدانی خەڵکی کوردستان لەدەوری ئەو مەسەلەیە و تەنانەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو پێشنیارەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەبیانووی ئەوەی کە "ئاسایشی نەتەوەیی کورد "دەخاتە مەترسیەوە لەساڵی ٢٠٠٠دا بەزۆری چەک هەڵسوڕاوانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی قەدەغەکرد !هەر لەمبارەوە سەرانی ناسیۆنالیستی کورد لەوانە جەلال تاڵەبانی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی لە کوردستان بە خەون ناوبردوە.
بەم جۆرەش سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی بورژوای کورد و حزبەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ٢٢ ساڵ کۆمەڵگای کوردستان لە دەست بردن بۆ هەنگاوێکی لەم جۆرە دوابکەوێت. لەم ٢٢ ساڵەدا ئەم حزبانە خەڵکی کوردستان و پرسی ڕیفراندۆمیان کردە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان و بۆماوەی زیاتر لە دوو دەیە کۆمەڵگای کوردستانیان لەناو گێژاوی سیاسی و شەڕ و بارگرژی

ناوخۆ و دەستتێوەردانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو جیهان و فیدراڵیزمی قەومی و دەسەڵاتی میلیشیایدا ڕاگرت. قڵشت و دووبەرەکی قەومیان پەرەپێدا و مەترسی شەڕی قەومیان کرد بە هەڕەشەیەکی پرمەترسی.

ئێستاش کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد هاتونەتە پای ئەوەی کە ڕۆژی ٢٥ی سەپتەمبەری ئەم ساڵ ڕیفراندۆم لە کوردستان ئەنجام بدرێت. ئێمە سەرباری ئەوەی پێمانوایە ئەوماوەیە کورتە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و فرسەتی گونجاو بۆ خەڵک نارەخسێت تا وەکو پێویست بە بەرنامە و پێشنیاری سیاسی حزب و لایەنە سیاسیەکان ئاشنابن، بە تایبەتی لەهەلومەرجی ئێستادا کە دەسەڵات و پارە و میدیای زەبەلاح لەدەستی ئەواندا کۆبوەتەوەو قۆرخ کراوە، لەکاتی خۆیدا ڕامانگەیاندووە کە ماوەیەکی ٦ مانگی پێویستە پێش لە ئەنجامدانی رایفراندۆم، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە پێناو بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکدا کە خەڵکی کوردستان بتوانن بەدوور لە هەر جۆرە زەخت و زۆرێک و بە بەرچاوڕۆشنیەوە ڕۆڵێکی چالاک و کارسازی تێدا بگێڕن بۆ دروستکردنی بڕیار دەربارەی ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە، پێداگری لەسەر ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە دەکات و هەموو هەوڵی خۆشی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم بەپێی ئەم پرەنسیپانە بەڕێوە بچێت. بەم پێیەش بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان دەکەین بۆ هەوڵدان لە پێناو چەسپاندنیان. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ گفتوگۆ و هاوکاری لەگەڵ هەر لایەنێک کە خۆی بە لایەنگری ئەم پرەنسیپانە دەزانێ:

١ /ڕیفراندۆم بۆ راپرسی خەڵکی کوردستان دەربارەی ئەوەی کە دەیانەوێ جیابنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان پێکبێت، یان مانەوە لەگەڵ عێراق بەمافی یەکسانەوە، لەهەموو ناوچە کوردنشینەکان، واتە "هەرێمی کوردستان و "ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان "پێکەوە ئەنجام بدرێ.

٢ /ڕیفراندۆم لەژێرچاودێری دەزگایەکی نێونەتەوەیی وەکو "نەتەوە یەکگرتوەکان"دا بەڕێوەبچێت.

٣ /ڕیفراندۆم پێویستە لە دۆخێکی ئارامدا بەڕێوەبچێت کە لە سایەیدا بوارێکی گونجاو برەخسێت بۆ بەشداری هاوڵاتیان لە کەش وهەوایەکی سیاسی دوور لە زەخت و زۆر، پێویستە جگە لە هێزە ئەمنیەکان، هەموو میلیشیا و هێزە سەربازیەکان لە شارەکان و جێگای ژیانی خەڵک دووربخرێنەوە .

٤ /دەبێ هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان فرسەتی یەکسانیان هەبێت بۆ پروپاگەندەی سیاسی خۆیان سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم.

٥ /دوای تەواوبوونی دەنگدان و دەرکەوتنی ئاکامەکەی، ئەگەر بڕیار لەسەر جیابونەوەی کوردستان درا، پێویستە دوای ئەوە ڕیفراندۆمێکی دیکە لە ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی هەرێم "ناکۆکی لەسەرەکان "سازبکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە و دەنگدان لەسەر

## بەیاننامە سەبارەت بە ڕیفراندۆم

ئەوەی کە دەیانەوێ بچنە پاڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یان دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە.

ئەمە سیناریۆیەکی باش و کارسازە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و کەرکوک و ناوچەکانی دیکەش دور لە زەخت و زۆر بڕیاری خۆیان بدەن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسێکی زۆر هەستیار و پڕ گرێ و گۆڵەی عێراق، بەجۆرێک کە دەرگا لەبەردەم ئەگەرە نەخوازراوەکان و مەترسی شەڕ و کێشەی قەومی دادەخات!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بەشداریەکی چالاکانە لە پرۆسەی ڕیفراندۆم دا. هاوکات رایدەگەیەنین کە ئەنجامی ڕیفراندۆم هەرچیەک بێت دەبێ وەک بڕیاری خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسرێت و جێبەجێ و پیادە بکرێت. دژی هەرجۆرە یاریکردنێک بە ئەنجامی ڕیفراندۆم و بەکارهێنانی بۆ مەرامی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕادەوەستین. هاوکات لەبەرامبەر هەر زەخت و زۆر و ملهوریەکدا دەوەستینەوە کە حکومەتی عیراق و لایەنە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و میلیشیاییەکانی عێراق یان دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، دژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرنەبەر.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات کە لە ڕیفراندۆمدا دەنگ بدەن بە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمە کۆمەڵگا لە مەترسی شەر و کێشەی قەومی دوور دەخاتەوە، کۆسپیکی گەورە لەبەردەم خەباتی چینایەتی چینی کرێکار دژی سەرمایەداری لادەبات، کۆتایی بە چەواشەکاریی هاوچارەنوس نیشاندانی کرێکار و بورژوازی کورد دەهێنێت. هاوکات لە ئێستاوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێویستە دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سیکولاربێت. واتە دەوڵەتی هەموو دانیشتوانی کوردستان بێت و هەموو هاوڵاتیان بەدەر لە ناسنامەی قەومی و تائیفی و دینی ، لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون لە بەرامبەر یاسادا مافی یەکسانیان هەبێت و هەرجۆرە هەڵاواردنێک لە نێوان هاوڵاتیاندا لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تائیفی و جنسی و...قەدەغە بێت.

ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠١٧

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker - communist Party of Kurdistan
SEVENTH Issue, August 2017